حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی

كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان

بەشی جوگرافیا

# هەڵسەنگاندنی گەشەی گەشتیاریی و لێكەوتە ئابوورییەكانی لە شاری سلێمانی دا

(توێژینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار)

نامەیەكە خوێندكار:

ئارام احمد عزیز

پێشكەشی ئەنجوومەنی كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی كردووە، وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیا دا

بەسەرپەرشتی:

پ.ی.د.شیروان عمر رشید

2721 كوردی 2022 زاینی 1443 كۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

# ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ...﴾

العنكبوت: آية (20)

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

نامەی خوێندکار (ئارام احمد عزیز) بە ناونیشانی (**هەڵسەنگاندنی گەشەی گەشتیاریی و لێکەوتە ئابوورییەکانی لە شاری سلێمانی دا**) بەسەرپەرشتی ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە، بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیادا، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د.شێروان عمر رشید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: 22 / 11 / 2021

بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د.سۆران حەمەامین احمد

سەرۆکی بەشی: جوگرافیا

پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: 22 / 11 / 2021

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ئەم نامەیەی خوێندكار (ئارام احمد عزیز) بەناونیشانی (**هەڵسەنگاندنی گەشەی گەشتیاریی و لێکەوتە ئابوورییەکانی لە شاری سلێمانی دا**) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و تەواوی لایەنەكانی تری نامەكە كردووە، بڕیارماندا بەپلەی (            ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (جوگرافیا) پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: د.احمد جلیل اسماعیل
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆكی لیژنە
ڕێكەوت: 27/ 1/2022

واژۆ:
ناو: د.بەیان علی حسین
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت: 28/ 2/2022

واژۆ:
ناو: د.بحری سالم فتاح الصفار
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت: 27 / 1 /2022

واژۆ:
ناو: د.شیروان عمر رشید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێكەوت: 27/ 1 /2022

لەلایەن ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی سلێمانی _ پەسەند كرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان
ڕێكەوت: 11 / 4/ 2022

## پێشکەشە بە:

- ❖ هەموو ئەوانەی دڵسۆزانە دەیانەوێت چرای ڕوناکی و زانست و پێشکەوتن هەڵبکەن و مرۆڤایەتی لە تاریکی و ئازار ڕزگار بکەن...

- ❖ هەموو ئەوانەی دۆستی وشە و کتێب و زانستن...

- ❖ هەموو خوێنەرێکی کورد زمان...

توێژەر

## سوپاس و پێزانین

- بۆ بەدیهێنەری گەردوون...

- بۆ بەڕێز پ.ی.دکتۆر (شیروان عومەر ڕەشید) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی و هاوکارمان بووە لە ماوەی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا...

- بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە پیتێك، ووشەیەك، زانیارییەك، کتێبێك، ڕێنماییەك هاوکاری و کارئاسانیان بۆ کردووم...

- بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەرکیان کێشاوە و لەکاتی خۆیان بەخشیوە پێمان...

- بۆ هەموو ئەو کەسانەی یارمەتیدەر بوون بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرەکەم...

توێژەر

# پوختە

## (هەڵسەنگاندنی گەشەی گەشتیاریی و لێکەوتە ئابوورییەکانی لە شاری سلێمانی دا)

دیاردەی گەشتوگوزار لە ئەمڕۆدا بە بابەتێکی گرنگ و نوێ سەیر دەکرێت، لە ئەنجامی باشبوونی دۆخی گوزەران و پێشکەوتنی ئامرازەکانی هاتووچۆ و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان و بوونی کاتەکانی بەتاڵی و گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا و فراوان بوونی هۆیەکانی پەیوەندی هاتووەتە ئاراوە، کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام ئەوەندە هەیە کاریگەرییە ئەرێنیەکانی زۆر زیاترە بەراورد بە لێکەوتە نەرێنیەکانی، بەتایبەتی لێکەوتەی لەسەر گەشەی ئابووریی وڵاتان، وەکو بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و ڕاکێشانی دراوی بیانی و ڕەخساندنی هەلیکار و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووریی و گەشەپێدانی وەبەرهێنان و زیادبوونی چالاکی بازرگانی و جوڵەی بازاڕ.

ساڵی 1950 تەنها (25) ملیون گەشتیاری نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهاندا هەبووە لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە لەساڵی 2019 بەرز بووەتەوە بۆ (1500) ملیون گەشتیار، ئەمە لە کاتێکدا داهاتی گەشتیاری لە (2.1) ملیار دۆلارەوە گەشەی کردووە بۆ (1700) ملیار دۆلار، بەتەنیا وڵاتی فەڕەنسا لەساڵی 2019 پێشوازی کردووە لە (89.9) ملیون گەشتیار ئەمەش بەرزترین ڕێژەی هاتنی گەشتیارە لەو وڵاتەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پشکی داهاتی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی بڕی (214) ملیار دۆلاری دەستکەوتووە، هەروەها وڵاتی مالدیڤ لە (80%)ی داهاتی نیشتیمانی لە گەشتوگوزارەوە دەستدەکەوێت، سەبارەت بەڕەخساندنی هەلی کار لە دورگەی هاوای کەرتی گەشتوگوزار توانییویەتی هەلی کار بۆ (21%)ی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە برەخسێنێت، هەرچی گەشتوگوزارە لە مالیزیا وەکو سێیەم کەرتی ئابووریی گرنگ ئەژماردەکرێت لەو وڵاتەدا، هەروەها لە (40%)ی دراوی بیانی کینیا لە ڕێگەی گەشتوگوزارەوە دێتە ناوخۆی وڵاتەکە، هەموو ئەم ئاماژانە پێمان دەڵێن کەرتی گەشتوگوزار لە ئەمڕۆدا بە کەرتێکی ئابووریی گرنگ و پڕبایەخ ئەژمار دەکرێت و ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبینێت لە گەشەی ئابووریی بەشێك لە وڵاتانی جیهان.

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش شوێنێکی جوگرافی بایەخدارە چونکە بازنەی پەیوەندی نێوان ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە بە ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجەوە بەتایبەتی ناوچە گەشتیارییەکانی هەورامان و ئەحمەدئاوا، کە بەشی هەرەزۆری گەشتیارانی خوارووی عێراق بەشاری سلێمانی دا تێدەپەڕن بۆ ئەو ناوچە گەشتیارییانە، هەروەها بوونی سنورێکی زۆری وشکانی لەگەڵ وڵاتی ئێران و تێپەڕبوونی گەشتیارانی ئێرانی بەشاری سلێمانی دا و بەپێچەوانەشەوە تێپەڕبوونی بەشێك لە گەشتیارانی پارێزگاکانی خوارووی عێراق بەم شارەدا هێندەی تر لە گرنگی شوێنی جوگرافی ئەم شارە بۆ گەشتوگوزار زیاترکردووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی کاریگەرییەکانی گەشەی گەشتیاریی لە شارەکەدا و دواتریش ئەو لێکەوتە ئابوورییانەی کە دێنەئاراوە، هەر لەگەشەسەندنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی وەك هۆتێل و ریستۆرانت و پارك و یاریگا و کافتریا و شاری یاری و شوێنی حەوانەوە وهتد...، لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەریی لە گەشەپێدانی وەبەرهێنانی گەشتیاریی و نەهێشتنی بێکاری و هاتنە ناوەوەی سەرمایە بۆ شارەکە و فراوان بوونی جوڵەی بازاڕ.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکەوتە ئابوورییانەی بە هۆی گەشەی گەشتیارییەوە لە شاری سلێمانی دا پەیدابوون، ئامانجیشمان دەرخستنی کاریگەریی گەشەی گەشتیارییە لەسەر کەرتی ئابووریی بەگشتی، بەتایبەتیش لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی سامان لە کەرتی گەشتیاریی و ئاستی بەشداری کردنی لە ڕەخساندنی هەلی کاردا. لە پێناو گەشتن بە دەرئەنجامی زاستی و دروست میتۆدی پەسنی (شیکاری، بەراوردکاری) بەکارهاتووە، لەم پێناوەشدا سود لە سەرچاوە زانستیەکان وەرگیراوە، هەر لە پەرتووك و نامەی ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی و سەردانی مەیدانی و فۆڕمی ڕاپرسی و نەخشە و شێوە و هێڵکاری و بەرنامەی کۆمپیوتەری تایبەت بە شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ لایەنی تیۆری، باسی یەکەم تایبەتە بە لایەنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە کە تیشك خراوەتە سەر شوێنی جوگرافی، پێکهاتەی دانیشتوان و ئاووهەوا، چونکە ئەم سێ بوارە کارلێکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە گەشتوگوزارەوە، باسی دووەم ڕوونکردنەوەی ئەو چەمك و زاراوانەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەتەوەری سەرەکی ناونیشانی توێژینەوەکەمانەوە هەیە. سەبارەت بە بەشی دووەم تایبەت کراوە بە جوڵە و چالاکی گەشتیاریی لەگەڵ ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی دا. هەرچی بەشی سێیەمە لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم تیشك دەخاتە سەر خەرجی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی بەشیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی کە بەگوێرەی بەرنامەی (spss) پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان خەرجی گەشتیاران و گەشەی ئابووریی لە ناوچەی توێژینەوە، باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ بابەتی ڕۆڵی گەشتوگوزار لە گەشەپێدانی وەبەرهێنانی گەشتیاریی و ڕەخساندنی هەلی کار لە ناوچەی توێژینەوە.

بەگوێرەی توێژینەوەکە دەتوانین تیشك بخەینە سەر هەندێك دەرئەنجام لەوانە، ژمارەی گەشتیاری ساڵانە بەردەوام زیادیکردووە لە ماوەی نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2019 کە ژمارەی گەشتیار لە (77933) گەشتیارەوە بەرز بووەتەوە بۆ (1.140.760) گەشتیار، داهاتی گەشتیاریی لە ساڵی 2019 دا کە زۆرترین ژمارەی گەشتیار سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە نزیك بووەتەوە لە (150) ملیون دۆلاری ئەمریکی، سەبارەت بە ئاستی وەبەرهینانی گەشتیاریی لە شارەکەدا سەرووی (1) ملیار دۆلاری ئەمریکی تێپەڕاندووە، زۆرترین وەبەرهێنانیش لە کەرتی مانەوە واتە لە هۆتێلەکان کراوە، بەگوێرەی توێژینەوەکەمان شاری یارییەکان بە تایبەتی شاری یاری چاڤی لاند ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی، چونکە زۆرترین سەردانی گەشتیاران بۆ شاری یارییەکان بووە. سەبارەت بەدەستی کار لە کەرتی گەشتیاری شارەکەدا بەهەموو خزمەتگوزارییەکانەوە توانیوویەتی هەلی کار بۆ (17564) کەس دابین بکات.

## پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناوەڕۆک |
|---|---|
| I | ئایەتی قورئان |
| II | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| III | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ |
| IV | پێشکەشە |
| V | سوپاس و پێزانین |
| VI | پوختە |
| VIII | پێڕستی ناوەڕۆک |
| XI | پێڕستی خشتەکان |
| XIII | پێڕستی نەخشەکان |
| XIV | پێڕستی شێوەکان |
| XV | پێڕستی وێنەکان |
| XV | پێڕستی هێڵکاری |
| **1** | **پێشەکی** |
| 2 | گرنگی توێژینەوە |
| 2 | هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە |
| 2 | ئامانجی توێژینەوە |
| 3 | کێشەی توێژینەوە |
| 3 | گریمانەی توێژینەوە |
| 4 | میتۆدی توێژینەوە |
| 5 | توێژینەوەکانی پێشووتر |
| 6 | گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە |
| 6 | پلانی توێژینەوە |
| **64_7** | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** |
| 42_7 | **باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە** |
| 12_7 | یەکەم: شوێن و جێگە و ڕووبەری شاری سلێمانی |
| 7 | 1. شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی |
| 9 | 2. شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی |
| 11 | 3. شوێنی کارگێڕی و ڕوبەری شاری سلێمانی |

| | |
|---|---|
| دووەم: دانیشتوانی شاری سلێمانی | 20_13 |
| 1. ژمارەی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە | 13 |
| 2. پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە | 15 |
| سێیەم: ئاووهەوای شاری سلێمانی | 31_21 |
| 1. تیشکی خۆر | 22 |
| 2. پلەی گەرمی | 25 |
| 3. شێی ڕێژەیی | 27 |
| 4. با | 28 |
| 5. دابارین | 29 |
| چوارەم: ڕۆڵی ئاووهەوا لە چالاکی گەشتیاریی بە گوێرەی پۆلێنی تیرجنج | 42_31 |
| **باسی دووەم: چەمك و زاراوەکان و لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و هەرێمی کوردستان** | 64_43 |
| یەکەم: چەمك و زاراوەکان | 54_43 |
| دووەم: گەشەی گەشتیاریی و لێکەوتە ئابوورییەکانی لەسەر ئاستی جیهان، عێراق و هەرێمی کوردستان | 64_54 |
| 1. لێکەوتەی ئەرێنی | 57 |
| 2. لێکەوتەی نەرێنی | 62 |
| **بەشی دووەم: جوڵەی گەشتیاریی، خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی** | **98_65** |
| **باسی یەکەم: جوڵەی گەشتیاریی لە ماوەی نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2020 لە شاری سلێمانی** | 69_65 |
| یەکەم: ژمارەی گەشتیاران لەسەر ئاستی هەرێم، عێراق، دەرەوە، بەراوردکاری | 65 |
| **باسی دووەم: خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی** | 98_70 |
| یەکەم: شوێنی مانەوە (هۆتێل و موتێل و کۆمەڵگای گەشتیاریی و کابینەی گەشتیاریی) | 72 |
| دووەم: ڕیستورانت و خواردنگەی خێرا | 77 |
| سێیەم: کافتریا و گازینۆ و یانەی شەوانە | 78 |
| چوارەم: پارك و باخچە گشتییەکان | 79 |
| پێنجەم: شاری یاری | 84 |
| شەشەم: پەرستگا و مەزارگە | 85 |
| حەوتەم: شوێنە ڕۆشنبیری و کلتوری و مێژوویی و زانستی و فەرهەنگیەکان | 87 |
| هەشتەم: پێشانگا و کۆڕبەندە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان | 88 |
| نۆیەم: ناوچە بازرگانییەکان (مۆڵەکان) | 89 |
| دەیەم: نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان | 91 |

| | |
|---|---|
| یانزدەیەم: فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی | 92 |
| **بەشی سێیەم: شیکردنەوەی خەرجی ڕاستەقینەی گەشتیاران و لێکەوتە ئابوورییەکانی** | **158_99** |
| **باسی یەکەم: شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی لە سەر خەرجی گەشتیاران بە بەرنامەی spss** | 144_99 |
| **باسی دووەم: ڕۆڵی گەشەی گەشتیاریی لە گەشەسەندنی پرۆژە گەشتیارییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار لە ناوچەی توێژینەوەدا** | 158_145 |
| یەکەم: ڕۆڵی گەشەی گەشتیاریی لەسەر وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزار لە شاری سلێمانی | 149_145 |
| دووەم: ڕۆڵی گەشتوگوزار لە ڕەخساندنی هەلی کار لە شاری سلێمانی | 158_150 |
| دەرئەنجام | 159 |
| پێشنیار | 163 |
| لیستی سەرچاوەکان | 165 |
| پاشکۆکان | 179 |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | 185 |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | 187 |

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1_1 | دووری و سنوری هاوبەشی شاری سلێمانی لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکانی هاوسنوری | 11 |
| 2_1 | گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی و ڕێژەی بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی(1977–2020) | 14 |
| 3_1 | ڕۆڵی گروپە تەمەن جیاوازەکان لە چالاکی گەشتوگوزاردا | 16 |
| 4_1 | زانیاری لەسەر وێستگەی کەشناسی سلێمانی | 21 |
| 5_1 | تێکڕای ژمارەی ڕۆژەکانی باران بارین و هەور و تەم و خۆڵبارین لە شاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (2011_ 2020) | 23 |
| 6_1 | تێکڕای مانگانە و ساڵانەی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا (تیشکی خۆر، پلەی گەرمی، شێ، با، باران) لە شاری سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (2011_ 2020) | 24 |
| 7_1 | پلەی گەرما و کاریگەری لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ | 25 |
| 8_1 | بڕی بەفری باریوی ساڵانە (سم) لەگەڵ تێکڕای ساڵانەی ڕۆژەکانی بەفر بارین | 31 |
| 9_1 | هێما و چەمکەکانی ئاماژەی حەوانەوەی تێرجنج | 34 |
| 10_1 | هێماکانی ئاماژەی حەوانەوەی ئاوێتە (شەو ورۆژ) بەگوێرەی یاسای تێرجنج | 35 |
| 11_1 | هێما وئاماژەی کاریگەریی ساردکەرەوەی با وجۆری هەستەکان | 38 |
| 12_1 | ئاماژەی ئاوێتە (ڕۆژانە)ی کاریگەریی با | 39 |
| 13_1 | ئاماژەی حەوانەوە و کاریگەریی ساردکەرەوەی با لە شاری سلێمانی بەگوێرەی پۆلێنی تێرجنج | 40 |
| 14_1 | جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی و کاریگەری لەسەرچالاکی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی | 42 |
| 15_1 | کۆی داهاتی گەشتیاری لە تەواوی جیهان لە ماوەی ساڵانی 1950 بۆ 2019 | 49 |
| 16_1 | خەرجی گەشتیاریی چەند وڵاتێك بۆ ساڵی 2019 | 50 |
| 17_1 | ژمارەی گەشتیاری نێودەوڵەتی لە ساڵی 1950 بۆ 2019 | 55 |
| 1_2 | ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆشاری سلێمانی و دەوروبەری لە ماوەی نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2020 | 66 |
| 2_2 | ژمارەی هۆتێلەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020 | 74 |
| 3_2 | جۆر و ڕێژەی مۆتێلەکانی شاری سلێمانی بە گوێرەی ئاماری ساڵی 2020 | 76 |
| 4_2 | ژمارەی ڕیستۆرانت و خواردنگەی خێرای گەشتیاریی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020 | 78 |
| 5_2 | ژمارەی کافتریا و گازینۆ و یانەشەوانەکان لە شاری سلێمانی لە ساڵی 2020 | 79 |
| 6_2 | شوێن و ڕووبەری چەند پارکێکی سلێمانی | 82 |
| 7_2 | ژمارەیەك مۆڵی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی | 90 |

| | | |
|---|---|---|
| 8_2 | ژمارەی گەشتیاری هاتوو و ڕۆشتوو لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە ماوەی ساڵانی 2005 بۆ 2020 | 94 |
| 9_2 | بەراوردی گەشەی چەند خزمەتگوزارییەکی گەشتیاریی لە نێوان ساڵانی 2010 و 2020 لە شاری سلێمانی | 96 |
| 1_3 | شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاری هاتوو بۆ شاری سلێمانی | 101 |
| 2_3 | پەیوەندی نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیار و چەند بارەکردنەوە، ماوەی مانەوە و خەرجی شوێنی مانەوە | 102 |
| 3_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیار بە گوێرەی ڕەگەز | 103 |
| 4_3 | پەیوەندی نێوان ڕەگەز و دوبارەکردنەوە، ماوەی مانەوە، خەرجی مانەوە وخەرجی گەشتیاریی | 104 |
| 5_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیار بە گوێرەی گروپی تەمەن | 106 |
| 6_3 | پەیوەندی نێوان تەمەن و بڕی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە | 107 |
| 7_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی ڕەگەزنامە | 109 |
| 8_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی باری کۆمەڵایەتی | 110 |
| 9_3 | پەیوەندی بەهای بەڵگەداری باری خێزانی بە گۆڕاوەکانی ترەوە | 111 |
| 10_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەگوێرەی پیشەکانیان | 113 |
| 11_3 | ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی پیشە و داهاتی مانگانە (دیناری عێراقی) | 114 |
| 12_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی هەڵگری بڕوانامە و ئاستی زانستی | 115 |
| 13_3 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕەزامەندی لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان | 116 |
| 14_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی داهاتی مانگانە | 118 |
| 15_3 | پەیوەندی داهاتی مانگانەی گەشتیار بە گۆڕاوەکانی خەرجی گەشتیارییەوە | 120 |
| 16-3 | پەیوەندی ڕەگەز وڕێژەی دووبارە بوونەوەی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەی توێژینەوە | 121 |
| 17_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی ماوەی مانەوەیان | 122 |
| 18_3 | ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی وەرزەکان | 124 |
| 19_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بۆنە جیاوازەکان | 125 |
| 20_3 | شوێنی مانەوەی گەشتیاران | 127 |
| 21-3 | ژمارە وڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە | 128 |
| 22_3 | پەیوەندی خەرجی گەشتیاران لە شوێنی مانەوە و داهاتی مانگانە (دیناری عێراقی) | 129 |
| 23_3 | بڕی خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن | 131 |
| 24_3 | پەیوەندی ڕەگەزی گەشتیار بە خەرجی ڕۆژانەی بۆ خواردن | 131 |
| 25_3 | پەیوەندی تەمەن بە خەرجی ڕۆژانەی گەشتیار بۆ خواردن | 132 |
| 26_3 | پەیوەندی داهاتی مانگانەی گەشتیار بە خەرجی ڕۆژانەی بۆ خواردن | 132 |

| | | |
|---|---|---|
| 3_27 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بڕی خەرجی ڕۆژانە بۆ کافتریا و گازینۆ و یانە | 133 |
| 3_28 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بازاڕپیکردن لە شاری سلێمانی | 134 |
| 3_29 | بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل لەلایەن گەشتیارانەوە لە شاری سلێمانی | 136 |
| 3_30 | ڕێژەی خەرجی گەشتیاران لە شاری یاری (دیناری عێراقی) | 137 |
| 3_31 | پەیوەندی بڕی داهاتی گەشتیار بە خەرجی شاری یاری | 138 |
| 3_32 | بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە (دیناری عێراقی) | 139 |
| 3_33 | چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت لە لایەن گەشتیارانەوە | 140 |
| 3_34 | چالاکی گەشتیاریی پەسەند لای گەشتیاران | 141 |
| 3_35 | هۆکاری هەڵبژاردنی شاری سلێمانی لە لایەن گەشتیارانەوە | 142 |
| 3_36 | ئاستەنگەکانی بەردەم هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی | 144 |
| 3_37 | ژمارە و ڕێژە و سەرمایەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گەشتیاریی بە گوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2006 بۆ 2020) | 147 |
| 3_38 | پرۆژەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (2006_ 2020) | 149 |
| 3_39 | ژمارەی دەستی کار لە هۆتێلەکانی شاری سلێمانی | 151 |
| 3_40 | ژمارەی دەستی کار لە مۆتێلەکانی شاری سلێمانی | 151 |
| 3_41 | ژمارە و ڕێژەی دەستی کار لە ریستۆرانتە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020 | 152 |
| 3_42 | ژمارەی دەستی کار لە کافتریا و گازینۆ ویانە و سەیرانگا و کۆشکە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020 | 153 |
| 3_43 | ژمارەی دەستی کار لە شاری یاری و مۆڵ و نوسینگە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020 | 154 |
| 3_44 | ژمارەی دەستی کار بە گوێرەی ڕەگەزنامەیان | 156 |
| 3_45 | دەستی کار بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و دانیشتوانی چالاک لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان لە ساڵی 2020 | 158 |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژمارە | ناونیشانی نەخشەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1_1 | شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی | 8 |
| 1_2 | شوێنی شاری سلێمانی بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق | 10 |
| 1_3 | سنوری شارەوانی شاری سلێمانی بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی | 12 |
| 2_1 | دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی | 98 |

# پێڕستی شێوەکان


| ژمارە | ناونیشانی شێوەکان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1_1 | پێکهاتەی گروپە تەمەن جیاوازەکان لەشاری سلێمانی | 17 |
| 2_1 | بەراوردی گەشەی داهاتی گەشتیاریی و ژمارەی گەشتیاران لەسەر ئاستی جیهان لە ماوەی سالآنی 1950 بۆ 2019 | 49 |
| 3_1 | ژمارەی گەشتیاری نێودەوڵەتی لەساڵی 1950 بۆ 2019 (ملیون) | 55 |
| 4_1 | داهاتی گەشتیاریی ولآتانی دراوسێی عێراق لە ساڵی 2018 _ ملیارد دۆلار | 58 |
| 1_2 | بەراوردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێم و سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی 2007_ 2020 | 69 |
| 2_2 | ڕێژەی گەشەی سالآنەی گەشتیار بۆشاری سلێمانی لەماوەی نێوان سالآنی 2007_ 2020 | 69 |
| 3_2 | گرنگی رووبەری سەوزایی لە شاردا | 80 |
| 4_2 | ژمارەی گەشتیاری هاتوو و ڕۆشتوو لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە ماوەی سالآنی 2005 بۆ 2020 | 95 |
| 5_2 | ژمارەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان لە شاری سلێمانی | 97 |
| 1_3 | ژمارەی گەشتیار بە گوێرەی ڕەگەز | 103 |
| 2_3 | ڕێژەی گەشتیار بەگوێرەی گروپی تەمەن | 106 |
| 3_3 | پەیوەندی نێوان تەمەن و بڕی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە | 107 |
| 4_3 | ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی ڕەگەزنامە | 109 |
| 5_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی باری کۆمەلآیەتی | 110 |
| 6_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەگوێرەی پیشەکانیان | 113 |
| 7_3 | ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی پیشە و داهاتی مانگانە | 114 |
| 8_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی ئاستی زانستی | 116 |
| 9_3 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕەزامەندی لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان | 117 |
| 10_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی داهاتی مانگانە | 119 |
| 11_3 | ڕێژەی دووبارە بوونەوەی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەی توێژینەوە | 121 |
| 12_3 | ماوەی مانەوەی گەشتیاران | 123 |
| 13_3 | ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی وەرزەکان | 124 |
| 14_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بۆنە جیاوازەکان | 125 |
| 15_3 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی جۆری شوێنی مانەوەیان | 127 |
| 16_3 | بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە | 129 |

| | | |
|---|---|---|
| 17_3 | پەیوەندی خەرجی گەشتیاران بە شوێنی مانەوە و داهاتی مانگانە (دیناری عێراقی) | 130 |
| 18_3 | بڕی خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن | 131 |
| 19_3 | پەیوەندی گەشتیاران و بازاڕی کردن لە ناوچەی توێژینەوە | 134 |
| 20_3 | ڕێژەی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ شاری یاری | 137 |
| 21_3 | ڕێژەی و ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت | 140 |
| 22_3 | هۆکاری هەڵبژاردنی شاری سلێمانی لە لایەن گەشتیارانەوە | 142 |
| 23_3 | ئاستەنگەکانی بەردەم هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی | 144 |
| 24_3 | ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی جۆری ڕێستۆرانتەکان | 152 |
| 25_3 | ژمارە و ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان | 154 |
| 26_3 | ژمارەی دەستی کار بە گوێرەی ڕەگەزنامە | 157 |


## پێڕستی وێنەکان


| ژمارە | ناونیشانی وێنەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1_2 | هۆتێل سلێمانی پالاس | 75 |
| 2_2 | هۆتێل شاری جوان | 75 |
| 3_2 | باخی گشتی سلێمانی | 82 |
| 4_2 | پارکی ئازادی سلێمانی | 83 |
| 5_2 | شانۆی ڕۆمانی لە پارکی هەواری شار | 83 |
| 6_2 | شاری یاری سلێمانی | 84 |
| 7_2 | شاری یاری چاڤی لاند | 85 |
| 8_2 | پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی | 89 |
| 9_2 | فامیلی مۆڵ لە شاری سلێمانی | 91 |
| 10_2 | فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی | 95 |


## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکاری | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1_1 | هێڵکاری ئاماژەی حەوانەوەی تیرجنج | 33 |
| 2_1 | هێڵکاری تیرجنج بۆ کاریگەریی ساردکردنەوەی با | 37 |

# پێشەکی

# پێشەکی

لە دنیای ئەمڕۆدا گەشتوگوزار و کەرتی گەشتیاریی بە یەکێك لە پایە گرنگەکانی کۆڵەکەی ئابووریی زۆرێك لە وڵاتانی جیهان ئەژمار دەکرێت، هەروەها وەکو یەکێك لە سەرەکیترین چالاکیە ئابوورییەکان لە کەرتی ئابووریی جیهانیی لەم ساڵانەی دواییدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە و پێشبینی دەکرێت لە بیست ساڵی داهاتوودا ببێت بە یەکێك لە هەرە کاریگەرترین و بەسودترین و گرنگترین بنەما ئابوورییەکانی دەوڵەتان، ئەمەش لە ئەنجامی باشبوونی دۆخی گوزەران و پێشکەوتنی ئامرازەکانی هاتووچۆ و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان و بوونی کاتەکانی بەتاڵی و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و فراوان بوونی هۆیەکانی پەیوەندی هاتووەتە ئاراوە، کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە کاریگەری و لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام ئەوەندە هەیە لێکەوتە ئەرێنیەکانی بەراورد بە لێکەوتە نەرێنیەکانی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.

گرنگی گەشتوگوزار لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی و کلتورییەوە، هانی زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهانی داوە هەموو توانا مادی و مەعنەوییەکانی خۆیان بەکار بێنن، لە پێناو ناساندن و گەشەپێدانی ئەم کەرتە وەکو دیاردەیەکی جیهانیی، تەنانەت کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی (27)ی سێپتەمبەری هەموو ساڵێکی وەکو ڕۆژی جیهانیی گەشتوگوزار دیاریکردووە. ئەوەی بایەخی لەڕادەبەدەری بەخشیووە بە کەرتی گەشتوگوزار لە جیهان دا، تەنها لایەنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆحی و دەرونییەکەی ئەم چالاکیە نیە، بەڵکو ئەو لێکەوتە ئابوورییانەیە، کە دواجار کاریگەریی سیاسی و کلتوریی گەورە لە پاش خۆی بەجێدەهێڵێت، هەر لە ڕەخساندنی هەلی کار، خستنەگەڕی سەرمایەی نیشتیمانیی، زیادکردنی سەرچاوەی داهاتی نەتەوایەتیی، ڕاکێشانی دراوی بیانیی، ڕێکخستنەوە و دووبارە دابەشکردنەوەی داهات، گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی وڵات و لە ئەنجامیشدا گەشەی ئابووریی و نەهێشتنی بێکاریی و هەژاری و بەدیهاتنی ئارامی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتیی.

گەشەی گەشتوگوزار لە جیهان و بایەخی کەرتی گەشتیاریی لە وڵاتان، گرنگیی و لێکەوتە ئابوورییەکانی ئەم کەرتە لە سەر وڵاتان هاندەر و پاڵنەرە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی تایبەت بەم بابەتە لەسەر شاری سلێمانی ئەنجام بدەین، شاری سلێمانی ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاریی دەبێت لە داهاتوودا بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی، کە دەکەوێتە باکووری عێراق بەمەش دەتوانێت ببێتە ڕووگەی سەدان هەزار گەشتیار لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیەوەوە، جگە لەوەش کەرتی گەشتوگوزار لەتواناییدا هەیە هەلی کار بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی شارەکە برەخسێنێت ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی ئابوورییانە ئەم کەرتە گرنگیی پێبدرێت، ئەمەش دواجار لێکەوتەی ئابووریی گرنگیی دەبێت لەسەر دانیشتوانی شارەکە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی کاریگەرییەکانی گەشەی گەشتیاریی لە شارەکەدا، هەر لە ئاستی خەرجی گەشتیاریی و گەشەسەندنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی وەك (هۆتێل و ڕیستۆرانت و پارك و یاریگا و کافتریا و شاری یاری و شوێنی حەوانەوە وهتد...)، لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەریی لە گەشەپێدانی وەبەرهێنانی گەشتیاریی و نەهێشتنی بێکاریی و هاتنە ناوەوەی سەرمایە بۆ شارەکە و گەشەی جوڵەی بازاڕ.

**گرنگی توێژینەوە:**

بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی، دەتوانێت ببێتە ڕوگەیەکی گرنگی گەشتیاریی لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیەوە، بۆیە هەر گەشەیەکی گەشتیاریی دەتوانێت ببێتە فاکتەری گەشەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریی و فەرهەنگیی لەم شارەدا، کە دواجار سودی زۆری بۆ دانیشتوانی شارەکە دەبێت و دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و ڕۆشنبیری و بتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، لە ئەنجامیشدا سەقامگیری و ئارامی لێدەکەوێتەوە بۆ دانیشتوانی شارەکە. هەروەها گرنگی دیکەی ئەم توێژینەوە خۆی لە هەڵسەنگاندنی ئاستی گەشەی گەشتوگوزار و بەشداری لە کەرتی ئابووریی شارەکەدا دەبینێت، چونکە زۆربوونی ژمارەی گەشتیار و گەشەکردنی کەرتی گەشتیاریی یارمەتیدەرە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و کەموکورتیانەی لە کەرتە ئابوورییەکانی دیکەدا دروست دەبێت، وەکو دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی شارەکە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:**

گرنگترین ئەو هۆکارانەی پاڵنەربوون بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتی بوون لە:

1. لە سۆنگەی گرنگی کەرتی گەشتوگوزار لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە کۆڵەکەی ئابووریی زۆر وڵات پێکدەهێنێت ناونیشانی توێژینەوەکەمان دیاریکردووە.

2. ئەو دەرئەنجام و لێکەوتە ئابوورییانەی بەهۆی کەرتی گەشتیارییەوە لەشاری سلێمانی دا پەیدابوون، ئەوە دەخوازێت توێژینەوەیەکی زانستی ئەکادیمی لە بارەیەوە ئەنجام بدرێت.

3. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری خراپی گەشەی خێرا و لە ناکاوی دانیشتوانی شاری سلێمانی، کە بووەتە هۆی نەبوونی هەلی کاری گونجاو بۆ ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی شارەکە.

4. ئارەزوو و حەزی تایبەتی توێژەر بۆ توێژینەوە لەبواری گەشتوگوزار و ئابووریی‌دا، کە بابەتی گرنگی ئەمڕۆن لەسەر ئاستی جیهانیی و هەرێمی و ناوخۆیی.

5. کەمی توێژینەوەی هاوشێوە بەزمانی کوردی لەم بوارەدا هاندەر و پاڵنەرە بۆئەوەی ئەم بابەتە هەڵبژێرم بۆ ناونیشانی توێژینەوەکەمان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

1. دەرخستنی کاریگەری گەشەی گەشتوگوزار لە سەرکەرتی ئابووریی لە شاری سلێمانی.

2. شیکردنەوەی جوڵەی گەشتیاریی و ڕۆڵی لە گەشەکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان لە شاری سلێمانی.

3. دەرخستنی ڕۆڵی گەشتوگوزار لە ڕاکێشان و وەبەرهێنانی سامان لە کەرتی گەشتیاریی و ئاستی بەشداری کردنی لە ڕەخساندنی هەلی کاردا.

4. شیکردنەوەی خەرجی گەشتیاران بە گوێرەی ئەو چالاکیانەی ئەنجامی ئەدەن لە ماوەی مانەوەیان لە شاری سلێمانی.

5. دەرخستنی ئاستی گۆڕانکاری لە ژمارەی گەشتیاری هاتوو و گەشەی گەشتیاریی لە ماوەی توێژینەوەکەدا.

**کێشەی توێژینەوە:**

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە دادەنرێت بە قۆناغێکی گرنگ و سەرەتایی لە کرداری توێژینەوەی زانستیدا، کە زیاتر پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە پرسیار لای توێژەر دەوروژێنن. کێشەی توێژینەوە لەم توێژینەوەی ئێمەدا لەسەر بنەمای ئەم پرسیارە سەرەکیە داڕێژراوە: (ئایا گەشەی گەشتوگوزار لە شاری سلێمانی توانیوویەتی لێکەوتەی ئابووریی هەبێت بۆ شارەکە؟)، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پرسیارەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند پرسێکی لاوەکی بکەین، کە ئەبنە بنەمای کێشەی توێژینەوەکەمان.

1. گەشەی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی لە چ ئاستێکدایە.
2. گەشەی گەشتیاریی تا چەند ڕۆڵی لە بوژانەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی دا هەیە.
3. گرنگترین لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشەی گەشتیاریی کامانەن لە شاری سلێمانی.
4. گەشەی گەشتیاریی تا چەندە بووەتە هۆی ڕاکیشانی سامان لە وەبەرهێنانی خزمەتگوزاریی گەشتیارییدا.
5. گەشەی گەشتیاریی تا چەند بووەتە فاکتەری کەم کردنەوەی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوان.
6. بنەما خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شارەکەدا چەندە لە ئاست پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی گەشتیاراندان.

**گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانە بریتیە لە بۆچونێکی پێشوەختە کە ڕاستی و دروستی ئەم بۆچونە پشتڕاست نەکراوەتەوە و بەرپەرچیش نەدراوەتەوە، ژیری ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینێت بۆ گەشتن بە زانیاری. یان دادەنرێت بە پێشبینیکردن و بیروڕا و بۆچونی ژیرانە کە توێژەر بەمەبەستی گەشتن بەچارەسەری کێشە و گرفتەکان پێشوەختە پێشکەشی دەکات، وە نابێت گریمانە بەرهەمی خەیاڵی توێژەر بێت، بەڵکو دەبێت لەئەنجامی شارەزایی و بەدواداچون و لێهاتووی توێژەرەوە سەرچاوەی گرتبێت، ڕاڤەیەکی شیاو و واقیعی بخاتەڕوو کە گوزارشت بێت لەو هەلومەرج و فاکتەرانە کە توێژەر بەدوایدا دەگەڕێت بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان.

لە ژێر ڕۆشنایی ڕوونکردنەوەی سەرەوەدا دەتوانین گریمانەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەی لای خوارەوە دابڕێژین:

1. گەشەی گەشتوگوزار لەشاری سلێمانی لێکەوتەی ئابووری ئەرێنی هەیە لە سەر دانیشتوانی شاری سلێمانی.
2. خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لەشاری سلێمانی گەشەکردنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە.
3. گەشتوگوزار ڕۆڵی گرنگی لە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی کاری ناوچەی توێژینەوە هەیە.
4. گەشەسەندنی خزمەتگوزارییە گەشتیاریەکان لە ئەنجامی زۆربوونی ژمارەی گەشتیار و زیادبوونی خەرجی گەشتیارانەوەیە.
4. گرنگی دان بەکەرتی گەشتوگوزار و گەشەکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان دەبێتە فاکتەری زۆربوونی داواکاری گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە.
6. وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریی لە ئاستی وەبەرهێنان لە کەرتە ئابوورییەکانی دیکەدا نیە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی توێژینەوە دادەنرێت بە کۆمەڵێ هەنگاو کە توێژەر بەمەبەستی گەشتن بە دەرئەنجامێکی زانستی ورد دەیگرێتەبەر، واتە ئەو ڕێباز و شێواز و ڕێگا و کردارانەن لە لایەن توێژەرەوە بەکار دەهێنرێن بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان، وە شیکردنەوە و لێکدانەوە و باسکردن و پێشبینیکردن و هەڵسەنگاندیان بە مەبەستی گەشتن بە دەرئەنجامێکی دروست و زانستی بۆ بابەتی توێژینەوەکە. هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدی تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەها هەر توێژینەوەیەکی زانستی وا دەخوازێت  کە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی پەیڕەو بکات بەمەبەستی بەرچاوو ڕوونی لە هەنگاو نان و سود گەیاندن بە قۆناغەکانی توێژینەوەکە.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی ئوسوڵی (شیکاری، بەراوردکاری)، چونکە میتۆدی ئوسوڵی گرنگە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی گەشتوگوزار لەسەر لایەنە ئابوورییەکان، هەروەها تایبەتمەندییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

میتۆدی هەرێمیش بەکارهێنراوە، چونکە لە توێژینەوە جوگرافیەکاندا ناوچەی توێژینەوە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە بابەتی بەراوردکاری و هەڵسەنگاندن لەسەرئاستی ناوخۆیی و هەرێمی، هەروەها ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان ناوچەی ڕاکێشان واتە پێشوازی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری خۆی هەیەتی.

میتۆدی شیکاری بەراوردکاری بەکارهاتووە، بەچەند هەنگاو و قۆناغێك کە بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

1. کۆکردنەوەی زانیاری و داتای تایبەت بە بابەتەکە لەڕێگەی پشت بەستن بە کتێب و سەرچاوە فەرمیەکان، ئامار و داتاکانی فەرمانگە حکومی و ڕێکخراوە جیهانیەکان، بەکارهێنانی سەرچاوەی ئینتەرنێت، سەردانی ڕاستەوخۆی توێژەر بۆ بەشەجیاجیاکانی ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی بینین و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویست لەسەر دیاردە جوگرافیەکان و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، بەستنەوە و شیکردنەوە و بەراوردکردنیان بە زانیارییەکانی دیکە.

2. بەکارهێنانی پێوەر و هاوکێشە و ڕێگای ئاماری بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان.

3. بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری تایبەت بە گەشتیاران وەکو خەرجی گەشتیاران، ماوەی مانەوەیان لە ناوچەی توێژینەوە، کاریگەرییە ئابوورییەکانی چالاکیە گەشتیارییەکان لەسەر ناوچەی توێژینەوە.

4. نیشاندانی داتا و زانیاری و ئامارەکان لەسەر کۆمەڵێ نەخشە و خشتە و شێوە و وێنە، بەمەبەستی شیکاری و بەراوردکاری و دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی بابەتی توێژینەوەکە.

**توێژینەوەکانی پێشووتر:**

هەروەك ڕوونە توێژینەوەکانی تایبەت بە گەشتوگوزار لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق زۆرن، ئەمەش یەکەم توێژینەوە و کۆتا توێژینەوە نیە لە سەر گەشتوگوزار دەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەم توێژینەوە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەوڵدراوە بابەتەکانی گەشتوگوزار و ئابووری و شار پێکەوە گرێ بدرێت، چونکە ئەم سێ بابەتە لە بابەتە هەرە زیندووەکانی ئەمڕۆن، سەرەڕای ئەوەی ناونیشانی توێژینەوەکە تایبەتە بەشاری سلێمانی، و توێژینەوەی هاوشێوە تا ئێستا لە شاری سلێمانی دا ئەنجام نەدراوە، بۆیە لێرەدا وەکو بەرپرسیارێتی مێژوویی و زانستیی و ئەخلاقی ئاماژە بەچەند توێژینەوەیەك دەکەین، کە لە پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراوە لەسەر بوارە جیاوازەکانی گەشتوگوزار:

1. (بنەماکانی جوگرافیای سروشتی دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی) ، نامەیەکی ماستەرە لە لایەن توێژەر شیروان عمر رشید نوسراوە و پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە لەساڵی 2006، گرنگی دەدات بە بنەما جوگرافیە سروشتیەکانی پارێزگای سلێمانی و چۆنێتی سود بینین لەو بنەمایانە و بەکارهێنانیان لە بواری گەشتیاریدا.

2.( واقع العرض والطلب السياحيين في المحافظة السليمانية)، نامەیەکی ماستەرە لە لایەن توێژەر ژیان محمد احمد نوسراوە و پێشکەشی کولێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانی کراوە لە ساڵی 2009، هەڵسەنگاندن دەکات بۆ واقیعی خستنەڕوو و داواکاری گەشتیاریی لە پارێزگای سلێمانی.

3.( بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، تێزێکی دکتۆرایە لە لایەن توێژەر شیروان عمر رشید نوسراوە و پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە لە ساڵی 2011، تیشك دەخاتە سەر گرنگترین بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی و ڕۆڵی ئەو بنەمایانە لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکەدا.

4. Tourism Sector And Its Impact On Economic Development In Sulaymaniyah Province: An Economic Study Of The Period (2007–2016).

نامەیەکی ماستەرە لەلایەن توێژەر سەنگەر عبدالله بابەکر نوسراوە و پێشکەشی بەشی ئابووری زانکۆی سیرتی کردووە لە ساڵی 2018، تایبەتە بەڕۆڵی گەشتوگوزار لە گەشەی ئابووری پارێزگای سلێمانی، کە توێژەر زیاتر ڕۆڵی بنەما سروشتیەکان شیدەکاتەوە لە گەشەی ئابووری ئەو ناوچانەدا.

5.(دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانیەکان لە شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی GIS)، نامەیەکی ماستەرە لە لایەن توێژەر گەشاو فازیڵ فەتاح نوسراوە و پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە لەساڵی 2021، کە تایبەتە بە دابەشبوونی خزمەتگوزاری گەشتیاریی و خۆشگوزەرانی لە شاری سلێمانی، کە توێژەر پشتی بە سیستمی زانیاری جوگرافی بەستووە بۆ شیکردنەوەی دابەشبوونی ئەو خزمەتگوزارییانە و ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی بە گوێرەی پێداویستی دانیشتوان و گەشتیاران.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە:**

گرنگترین ئەو گیروگرفت و ئاستەنگانەی لە ماوەی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووەتە ڕێگەمان ئەمانەن:

1. وەکو تەواوی توێژەرانی تر گەورەترین و کاریگەرترین کۆسپ کە هاتووەتە ڕێگەمان نەبوونی داتا و زانیاری ورد و دروستە، کە زۆرجار بۆ پشتڕاست کردنەوەی زانیارییەك یان ژمارەیەك چەندین ڕۆژ و هەفتە سەردانی مەیدانیمان کردووە بۆ فەرمانگە و دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

2. لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی گەشتیاران خۆپارێزی زۆریان دەکرد لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بۆیە ئەمەش گرفتی بۆ توێژەر دروستکردبوو، بەناچاری کاتێکی زۆرمان لەگەڵ گەشتیاران بەسەردەبرد تاوەکو بابەتەکەی بۆ ڕوونبکەینەوە.

3. گرفتی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا لە ماوەی نوسینی توێژینەوەکەمان یەکێکی دیکە بوو لە گرفتە سەرەکیەکان، چونکە بارودۆخێکی نەخوازراوی دروستکردبوو چالاکی گەشتیاریی سنوردار کردبوو، هەروەها دەوامی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بچڕبچڕ بوو زۆر کات ماوەی چەند هەفتە لە چاوەڕوانیدا بووین بۆ ئەوەی فەرمانبەری پەیوەندیدار دەوام بکات و داتا و زانیاری لێ وەرگرین.

**پلانی توێژینەوە:**

پلانی توێژینەوەکەمان بەم شێوەی لای خوارەوە داڕشتووە:

**بەشی یەکەم:** باسی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە، لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە ئەوانیش:

باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

باسی دووەم: چەمك و زاراوەکانی توێژینەوەکە و لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی جیهان، عێراق و هەرێمی کوردستان

**بەشی دووەم:** جوڵە و چالاکی گەشتیاریی و خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان لە شاری سلێمانی، کە دابەشبووە بۆ دوو باسی سەرەکی ئەوانیش:

باسی یەکەم: جوڵەو چالاکی گەشتیاریی لە ماوەی نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2020 لە شاری سلێمانی.

باسی دووەم: خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی.

**بەشی سێیەم:** لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشەی گەشتیاریی بەشیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و ڕۆڵی گەشتوگوزار لە گەشەسەندنی پرۆژە گەشتیارییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوان.

باسی یەکەم: شیکاری فۆرمی ڕاپرسی بە بەرنامەی spss

باسی دووەم: ڕۆڵی گەشتوگوزار لە گەشەسەندنی پرۆژە گەشتیارییەکان و وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریدا و ڕەخساندنی هەلی کار.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجام و پێشنیار خراوەتەڕوو بەمەبەستی بەرچاو ڕوونی خوێنەر و لایەنەپەیوەندیدارەکان.

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

**باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە**

یەکەم: شوێن و جێگە و ڕووبەری شاری سلێمانی

دووەم: دانیشتوانی شاری سلێمانی

سێیەم: ئاووهەوای شاری سلێمانی

چوارەم: رۆڵی ئاووهەوا لە چالاکی گەشتیاریی بە گوێرەی پۆلێنی تێرجنج

**باسی دووەم: چەمك و زاراوەکان، لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی جیهان، عێراق و هەرێمی کوردستان**

یەکەم: چەمك و زاراوەکان

دووەم: گەشەی گەشتیاریی ولێکەوتە ئابوورییەکانی لەسەر ئاستی جیهان، عێراق و هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

### 1. 1. 1. شوێن و جێگە و ڕووبەری شاری سلێمانی:

شوێن گرنگی و کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەزانستی جوگرافیادا، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی شوێنی ئەسترۆنۆمی، جوگرافی و کارگێڕیی هەر شار و ناوچە و هەرێم و دەوڵەتێك بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر تەواوی ڕەگەزە جوگرافیە سروشتی و مرۆیی و ئابوورییەکانی ناوچەکە. جوگرافیا پێناسە دەکرێت بە زانستی شوێن، ناسینی تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەرێمە جیاوازەکانە لە هەموو ئاستەکان[1].

شوێنی جوگرافی هەر ناوچەیەك بایەخی گەشتیاریی ئەوناوچەیە دیاریدەکات، نزیکی ئەو ناوچەیە لە ڕێڕەوی گەشتیاریی یان لە ناوچەی داواکاری گەشتیاریی دەبێتە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتوگوزار یان بە پێچەوانەوە شوێنی کەناری یان پەراوێزخراو لە بایەخی گەشتیاریی ئەو ناوچەیە کەم دەکاتەوە، بۆنمونە شوێنی فەڕەنسا لە ناوەڕاستی قارەی ئەوروپا کەخۆی لە بنەڕەتدا ناوچەیەکی گەشتیارییە و ساڵانە ملیونان گەشتیار سەردانی ئەو وڵاتە دەکەن، لە هەمان کاتیشدا ڕێڕەوێکە بۆ پەڕینەوەی ملیونان گەشتیار لە باکووری کیشوەرەکەوە بۆبەشی باشووری یان بەپێچەوانەوە، کە لە ساڵانی 2017 و 2018 و 2019 فەڕەنسا لەسەر ئاستی جیهان ژمارەی پێوانەیی ڕاکێشانی گەشتیاری تۆمار کردوە ئەویش دوابەدوای یەك (86.9) و (89.1) و (89.9 ) ملیون گەشتیار بووە[2]، هەروەها نزیکی تونس و مەغریب لە کیشوەری ئەوروپا بەتایبەتی فەڕەنسا و ئیسپانیا بووەتە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیار لە ئەورووپاوە بۆ ئەم دوو وڵاتە، کە ڕێژەی هاتنی گەشتیاری فەڕەنسی بۆ تونس (38%) و بۆمەغریب (23%)یە، شوێنی جوگرافی تایوان و کۆریا و تایلەند و هۆنگ کۆنگ و سەنگافۆرە بەهۆی نزیکی لە ژاپۆن وایکردووە لە (61%)ی کۆی گەشتیاری ژاپۆنی ڕوویکەنە ئەم ناوچانە، هاوسنوری کەنەدا و مەکسیك لە ئەمریکاوە وایکردووە (95%) و (80%)ی کۆی گەشتیارانی ئەم دوو وڵاتە سەرچاوەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت، هەروەها (60%) گەشتیارانی ئوسترالی ڕوودەکەنە نیوزلەندا بەهۆی نزیکی شوێنی جوگرافی، بەپێچەوانەوە نیوزلەندا و ئەرجەنتین و ئەفریقیای باشوور فاکتەری دووری، زەحمەتی گەشتکردن و تێچووی خەرجی زۆر بوونەتە کۆسپ لە بەردەم گەشتیاراندا [3]، سەبارەت بەشوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاریدەکەین:

#### أ. شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی:

مەبەست لە شوێنی ئەسترۆنۆمی دیاریکردنی ناوچەیەکە بە گوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژیی، ناوچەی توێژینەوەلە ڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هەر دوو بازنەی پانی (55= 28¯ 35°) و (49= 39¯ 35°) باکوور و هەردوو هێڵی درێژی (52= 18¯ 45° ) و (19= 30¯ 45° ) ڕۆژهەلات، نەخشەی (1_ 1).

---

(1) جمال حمدان، شخصية مصر دراسة في عبقرية المكان، الجزءالأول، مطبعة دارالهلال، بدون ذكر مكان و سنة الطبع، ص 11_ 13.

(2) www.unwto.org, unwto tourism data dashboard, 21/February/2021.

(3) هاشم محمد صالح، الجغرافية السياحية، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2014، ص40 و41.

نەخشەی (1_1)

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2021.

**ب. شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی:**

شوێنی جوگرافی بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی جوگرافیا دادەنرێت، کە مەبەست لێی دیاریکردنی ناوچەیەکە بە گوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی(1). گرنگی شوێن لەوەدا دەردەکەوێت کە چوارچێوەیەکی جوگرافی بۆ هەر ناوچەیەك دیاریدەکات کە کۆمەڵێ خەسڵەتی سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە شوێنی جوگرافی ماوەی نێوان ناوچەی دەرچوون و پێشوازی گەشتیار و کاتی پێویست بۆ گەشتن پێی دیاریدەکات. لەم ڕوانگەیەوە هەرچەندە ناوچەیەك نزیك بێت لەشوێنی دەرچوونی گەشتیار و گەشتیار بتوانێت بە کەمترین ماوە و کەمترین ماندووبوون و کەمترین تێچوون پێی بگات، ئەوا ئەو ناوچەیە لە ڕووی جوگرافیای گەشتوگوزارەوە بایەخی خۆی دەبێت و دەبێتە ناوچەیەکی گرنگی پێشوازی گەشتیاریی(2). شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، نەخشەی (1_2)، ئەمەش شوێنێکی جوگرافی بایەخدارە، چونکە بازنەی پەیوەندی نێوان ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە بەناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجەوە، بەتایبەتی ناوچەی گەشتیاریی هەورامان و ئەحمەدئاوا کە بەشی هەرەزۆری گەشتیارانی خوارووی عێراق بەشاری سلێمانی دا تێپەڕدەکەن بۆ ئەو ناوچە گەشتیاریانە، هەروەها بوونی سنورێکی زۆری وشکانی لەگەڵ وڵاتی ئێران و تێپەڕبوونی گەشتیارانی ئێرانی بەشاری سلێمانی دا و بەپێچەوانەشەوە تێپەڕبوونی بەشێك لە گەشتیارانی پارێزگاکانی خوارووی عێراق بەم شارەدا هێندەی تر لە گرنگی شوێنی جوگرافی ئەم شارە بۆ گەشتوگوزار زیاترکردووە. شاری سلێمانی دەورە دراوە بەهەردوو چیای گوێژە و ئەزمەڕ لە بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات(3)، لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە دەشتی شارەزوور هەیە(4)، لە بەشی باشوور و باشووری ڕۆژئاواش زنجیرە چیاکانی بەرانان و گڵە زەردە دەوری شارەکەی داوە(5)، لە ڕۆژئاواشەوە شارەکە پەیوەندی هەیە بە بەرزاییەکانی تاسڵوجەوە(6)، هەرچی بەشی باکووری شارەکەیە بریتیە لە چیاکانی پیرەمەگرون(7)، شوێنی جوگرافی و دەورەدانی بە شاخە بەرزەکان دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی داوە بە شارەکە، کە دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاریی لەو شاخانە بایەخی گەشتیاریی شارەکە زیاد دەکات.

---

(1) هاوڕێ یاسین محمدأمین، گۆڕانکاری ئاووهەوا و کاریگەری لەسەرژینگەی سلێمانی و دەوروبەری، لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی لەجوگرافیای ژینگە، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2012، لا46.

(2) بهزاد حلمی حسین، الموقع الجغرافي وعلاقتها بالجذب السياحي، گۆڤاری توێژەر، ژمارەی تایبەت بەکۆنفرانسی جوگرافی، 2019، لا 216.

(3) ئاوێستا خالد محمد، پەیوەندی جیمۆرفۆلۆجیای شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبوونەوە، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2009، لا88.

(4) حسين اسماعيل على، النموالحضري في مدينة السليمانية، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية، 2006، ص21.

(5) بەيان على حسين، سكان مدينة السليمانية دراسة جغرافية، رسالة ماجستر(غيرمنشورة)، جامعة بغداد، كلية الاداب، 2001، ص11.

(6) بەختیار احمد حسین، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2010، لا45.

(7) كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضري دراسة في جغرافية المدن، أطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية، 2011، ص20.

نەخشەی (1_2)

شوێنی شاری سلێمانی بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2021.

**ج. شوێنی کارگێڕی و ڕووبەری شاری سلێمانی:**

شاری سلێمانی لە ڕووی کارگێڕییەوە ناوەندی قەزای سلێمانی و پارێزگای سلێمانیە، ڕووبەری ئەم شارە (127.78) کم$^2$، کەدەکاتە (12.778) هکتار و نزیکەی (1%)ی کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت[1]. قەزای سلێمانی هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە قەزاکانی دوکان لە باکوور، شارباژێڕ لە باکووری ڕۆژهەڵات، چەمچەماڵ لە ڕۆژئاوای قەزاکە، سەیدسادق لە ڕۆژهەڵات، قەزای شارەزووریش دەکەوێتە بەشی باشووری قەزای سلێمانی و قەرەداغیش لەبەشی باشووری ڕۆژئاوا، قەزای سلێمانی درێژترین سنوری لەگەڵ قەزای قەرەداغ دا هەیە بەدرێژایی (61) کم و کەمترین سنوریشی لەگەڵ قەزای شارەزووردا هەیە بەدرێژیی (26) کم، بڕوانە خشتەی (1_1) و نەخشەی (1_3). ژمارەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی (162) گەڕەکە، ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بە گوێرەی خەملاندنی ساڵی 2020، کە نوێترین ئاماری بەردەستە (911176) کەسە. ماوەی دووری شاری سلێمانی کە ناوەندی پارێزگای سلێمانیشە لەگەڵ هەریەکە لە شارەکانی دوکان (68) کم، چوارتا (30) کم، چەمچەماڵ (66) کم، سیدصادق (52) کم، قەزای شارەزوور (40) کم، قەرەداغ (46) کم، خشتەی (1_1)، هەروەها دووری شاری سلێمانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەڵەبجە (81) کم و کەرکوک (109) کم و هەولێر (202) کم و بەغداد (331) کم[2].

شوێنی ناوەندی شاری سلێمانی بە گوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی دەوروبەری و کۆبوونەوەی بەشێکی زۆری فەرمانگە کارگێڕییەکان و دامەزراوە خزمەتگوزارییە جیاوازەکان بە خزمەتگوزاری گەشتیاریشەوە ڕۆڵێکی گرنگی داوە بەشارەکە، چونکە ناوەندی کۆبوونەوەی زۆرێك لە دامەزراوە حکومی و گەشتیارییەکانە، کە ئەمەش پاڵنەرە بۆ هاتنی بەردەوامی ڕێبواران و سەردانیکەران و گەشتیاران. لەلایەکی دیکەشەوە نزیکی شاری سلێمانی لە ناوەندی پارێزگاکانی کەرکوك و هەڵەبجە کە دوورییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نیە، یارمەتیدەرە بۆ هاتنی گەشتیاریی ڕۆژانە بۆ شارەکە، لە لایەکی دیکەوە شاری سلێمانی بازنەی پەیوەندی نێوان پارێزگای هەولێر و ناوچەگەشتیارییەکانی پارێزگای هەڵەبجەیە، کە بەشێکی زۆری گەشتیاران لە کاتی هاتنیان بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بەشاری سلێمانی دا تێدەپەڕن، بە پێچەوانەشەوە بازنەی پەیوەندی ناوچەکانی گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکەوەیە.

خشتەی (1_1)

دووری و سنوری هاوبەشی شاری سلێمانی لەگەڵ شارەکانی هاوسنوری

| شار | دوکان | چوارتا | چەمچەماڵ | سیدصادق | قەزای شارەزور | قەرەداغ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دووری/ کم | 68 | 30 | 66 | 52 | 40 | 46 |
| سنوری هاوبەش/کم | 47 | 46 | 43 | 37 | 26 | 61 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتاوزانیاری بلاَونەکراوە، 2020.

(1) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتاوزانیاری بلاَونەکراوە، 2020.

(2) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتاوزانیاری بلاَونەکراوە، 2020.

نەخشەی (1_3)

سنوری شارەوانی شاری سلێمانی بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2021.

### 1. 2. 1. دانیشتوانی شاری سلێمانی

بابەتی دانیشتوان بایەخێکی زۆری لە توێژینەوە جوگرافیەکاندا هەیە، چونکە دانیشتوان بە یەکێك لە بنەما و کۆڵەکە سەرەکیەکانی هەر شار و هەرێم و وڵاتێك دادەنرێت، کە بناغەی چالاکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی هەر ناوچەیەکە. گرنگی بابەتی دانیشتوان لەم باسەی ئێمەدا لە گەشە و پێکهاتەی ڕەگەز و تەمەن و ئابوورییدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی هەریەکە لەم لایەنانە بەشێوەیەك لە شێوەکان کارلێکی ڕاستەوخۆیان لەسەر کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان بە تایبەتی کەرتی گەشتوگوزار هەیە کە تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

1. 1. 2. 1. ژمارەی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە

گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە دیارترین و گرنگترین بابەتەکان لە ئەمڕۆدا، چونکە کێشەیەکی گەورەیە بۆ وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، کە دانیشتوان بەشێوەیەکی خێرا زیاد دەکات بە پێچەوانەشەوە گەشەی ئابووریی لە زۆرێك لەم وڵاتانە سست و لەسەرخۆیە[1].

گەشەی دانیشتوان بریتیە زیاد بوونی سروشتی کە جیاوازی نێوان لە دایك بوون و مردنە لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی دیاردەی کۆچ[2]. سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی 1977 بریتی بووە لە (175413) کەس، بەم پێیە ڕێژەی (25.5%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە هەمان ساڵدا پێکهێناوە. لە ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوان بەرزبووەتەوە بۆ (364096) کەس، بەڕێژەی (38.2%) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە و گەشەی دانیشتوان لە ماوەی ئەو دوو سەرژمێرییەدا (7.5%) بووە، هۆکاری زۆربوونی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەراورد بە کۆی پارێزگاکە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی سروشتی و هەروەها ئەو ڕووداوە سیاسی و سەربازییانەی بوونە هۆکاری وێرانکردن و چۆڵکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان و نیشتەجێکردنی دانیشتوانیان لە سەنتەری شارەکان، بەتایبەتی شارە گەورەکان پشکی گەورەیان لەم پرۆسەیەدا بەرکەوت. لە ساڵی 2002 ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (569123) کەس بووە کە ڕێژەی (45.5%) کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەو ساڵەدا پێکهێناوە، هۆکاری ئەم گەشەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی هاتوو لە تەواوی ناوچەکانی پارێزگاکە بۆ سەنتەری شارەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی پێگەی کارگێڕی وبازرگانی و بوونی دەرفەتی کار لە شارەکەدا، سەبارەت بەساڵی 2009 ژمارەی دانیشتوانی شارەکە (588652) کەس بووە و گەشەی دانیشتوان بە ڕێژەی (0.42%) بووە، ڕێژەی (32.2%) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە هۆکاری نزمی گەشەی دانیشتوان لەم ساڵەدا بۆ کەمی ماوەی وەرگیراو دەکات لەگەڵ سەرژمێری پێشووتری، هەروەها کەمی کۆچی هاتوو بۆ سەنتەری پارێزگا لەو ماوەیەدا، بەهۆی هاتنە ئارای بارودۆخێکی ئابووری تا ڕادەیەك جێگیر لە تەواوی قەزا و ناحیە و گوندەکانی پارێزگاکە. ئەوەی تایبەت بێت بە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی 2020 بە گوێرەی پێشبینیەکان بریتی بووە (3%)، واتە ژمارەی دانیشتوان لەو ساڵەدا گەشتووەتە (911176) کەس بەڕێژەی (56%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، خشتەی (1_2)، هۆکاری زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەراورد بە کۆی پارێزگاکە لە ساڵی 2020 دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بەردەوامی

---

(1) ابراهیم احمد سعید، أسس الجغرافیة البشریة و الإقتصادیة، مدیریة الکتب و المطبوعات الجامعیة، جامعة حلب، 1997، ص28.

(2) سروه جلال حەمە، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(1977_ 2012) لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای دانیشتوان، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2019، لا25.

دانیشتوانی قەزا و ناحیەکانی پارێزگاکە بۆ سەنتەری پارێزگاکە بە هۆی نەبوونی دەرفەتی کار لە قەزا و ناحیەکان و هەبوونی هەلی کاری زیاتر لە سەنتەری پارێزگاکە، هەروەها نا ئارامی لە باشووری عێراق و هاتنی ئاوارەی شارەکانی باشوور و نیشتەجێ بوونیان لە شاری سلێمانی. ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە ماوەی ساڵانی 1977 بۆ 2020 بە بەردەوامی زیادیکردووە، ئەمەش دەخوازێت کەرتە ئابوورییەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە کەرتی گەشتوگوزار بایەخێکی زۆری پێبدرێت، چونکە ئەم کەرتە لەتوانایدا هەیە ژمارەیەکی بەرچاوی هەلی کار بۆ دانیشتوانی شارەکە بڕەخسێنێت.

خشتەی (1_2)

گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی و ڕێژەی بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی (1977–2020)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان % (*) | ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ڕێژەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە پارێزگا % |
|---|---|---|---|---|
| 1977(1) | 175413 | – | 690557 | 25.5 |
| 1987(2) | 364096 | 7.5 | 951723 | 38 |
| 2002(3) | 569123 | 3 | 1249824 | 45.5 |
| 2009(4) | 588652 | 0.42 | 1825311 | 32 |
| 2020(5) | 911176 (**) | 3 | 1637087 (***) | 56 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

(1). وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان، 1977، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي، بغداد، ص35.

(2). وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي، بغداد، ص 81–83.

(3). مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية واالبني الخدمية والارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002، بدون رقم الصفحات.

(4). حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی(الحصر والترقيم)، 2010، بەبێ ژمارەی لاپەڕە، داتای بلاْونەکراوە.

(5). حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان، 2020، لا 33.

---

(*) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەی لای خوارەوە دەرهێندراوە:

$$R = \left(T\sqrt{\frac{p1}{p2}} - 1\right) \times 100$$

R= ڕێژەی گەشەی ساڵانە  T= ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێری  P1= ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری

P2= ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم، بڕوانە ئەم سەرچاوەی خوارەوە:

(سروە جلال حەمە، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆدابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای شارباژێڕ(1957_2009)، نامەی ماستەر(بلاْونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، سلێمانی، 2012، لا24).

(**) ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانیە کە سنوری هەرچوار شارەوانی سلێمانی، بەکرەجۆ، ڕاپەڕین و تاسڵوجە دەگرێتەوە، بەتەنیا ژمارەی دانیشتوانی سنوری شارەوانی سلێمانی (791099) کەسە بە بێ سنوری شارەوانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و تاسڵوجە.

(***) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، کە هەریەکە لە پارێزگاکانی هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیانی لەگەڵدا نیە.

1. 1. 2. 2.پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە

پێکهاتەی دانیشتوان بە خەسڵەت و تایبەتمەندییە سروشتی و بایۆلۆجیەکانی دانیشتوان وەکو ڕەگەز و تەمەن، لەگەڵ تایبەتمەندییە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و شارستانیەکانی دانیشتوان دادەنرێت، گرنگیدان بە پێکهاتەی دانیشتوان بایەخێکی زۆری لە توێژینەوەکانی تایبەت بەدانیشتوان هەیە، چونکە خەسڵەتەکانی دانیشتوان لە ڕووی توانای ئیشکردن و بەرهەمهێنان و بەشداریکردنیان لە چالاکیە ئابوورییەکاندا دیاریدەکات[1].

أ.پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی دانیشتوانی شاری سلێمانی

پێکهاتەی ڕەگەز و تەمەنی دانیشتوان بایەخێکی زۆری لە چالاکیە ئابوورییەکان بە تایبەتی چالاکی گەشتیاریی دا هەیە، چونکە بەیەکێك لە بنەما کاریگەر و ئەرێنیەکانی بەشداریکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی و داواکاری گەشتیاریی دادەنرێت.

1.پێکهاتەی تەمەن :

پێکهاتەی تەمەن بریتیە لە پۆلێن کردنی دانیشتوان بە گوێرەی ساڵی تەمەنیان و بەرواری لە دایك بوونیان، ئەمەش بە یەکێك لە گرنگترین و کاریگەرترین جۆرەکانی پۆلێن دادەنرێت لە هەر ناوچەیەکدا، چونکە ئاماژەی گرنگی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و هێزی دانیشتوانە[2]، پێکهاتەی تەمەن دابەشدەبێت بۆ سێ گروپ، ئەوانیش گروپی منداڵ یان خواروو ی(15) ساڵ، گروپی مام ناوەند یان (15 بۆ64) ساڵ و گروپی پیر یان سەرووی (65) ساڵ[3].

ئەوەی پەیوەندیدارە بە بابەتی تەمەن و کاریگەری لەسەر گەشتوگوزار نایەکسانیەکی زۆر تێبینی دەکرێت، بەگوێرەی توێژینەوەیەك لە بەریتانیا ئەنجامدراوە گروپی خوارووی تەمەنی (24) و سەرووی (65) ساڵ کەمترین ڕۆڵیان لە چالاکی گەشتیاریی دەرەکیدا هەیە، لە گروپی یەکەمدا کەمی داهات و نەبوونی سەربەخۆیی و لە گروپی دووەمیشدا باری تەندروستی هۆکارە بۆ کەمی چالاکی گەشتیاریی، بەڵام گروپی (35_54) ساڵ زۆرترین گەشتی دەرەکیان ئەنجام داوە ئەمە لە کاتێکدا گروپی خانەنشینانی سەرووی (65) ساڵ زۆرترین گەشتی ناوخۆییان ئەنجام داوە. هەر سەبارەت بە پەیوەندی گروپی تەمەن بە چالاکی گەشتیارییەوە توێژینەوەیەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوە بە ڕوونی ڕۆڵی تەمەن دەردەخات لە ئەنجامدانی گەشتدا، بەگوێرەی توێژینەوەکە (53%)ی ئەوانەی گەشتدەکەن تەمەنیان لە نێوان (15 بۆ 45) ساڵدایە، لە (16%) تەمەنیان لەنێوان (45 بۆ65) ساڵدایە، واتە تەمەنی (15 بۆ 65) ساڵ لە (69%)ی سەرجەمی گەشتیاران پێکدەهێنن، توانای جەستەیی و دەروونی و دارایی و سەربەخۆیی لە بڕیاردان گرنگترین فاکتەرەکانی پشت ئەم ڕێژە زۆرەی گەشتکردنن لە ناو ئەم توێژەی کۆمەڵگای ئەمریکی دا[4].

سەبارەت بە گروپی تەمەن منداڵ بە تەواوەتی لە ژێر ڕکێفی خێزاندان و توانای گەشتکردن و بڕیاردانی گەشتکردنیان نیە، و تەنها بە دوای شاری یارییەکی بچوك دەگەڕێن لە گەڕەکەکان یان لە ناوشارەکان بۆئەوەی لەگەڵ خێزانەکانیان کات

(1) فتحى محمد أبوعيانة، جغرافية السكان أسس و تطبيقات، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر، 1993، ص289.

(2) کامەران تاهیر سەعید، قەزای کۆیە لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008، ل168.

(3) سحرعبدالهادي حسين الشريفي، التركيب التعليمي لسكان محافظة بابل دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستر(غيرمنشورة)، جامعة بابل، كلية التربية، 2009، ص21ـ23.

(4) سروه دشتى وهاب، الإمكانات الجغرافية للتنمية السياحية المستديمة في محافظة حلبجة، أطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، أربيل، 2020، ص157.

بەسەربەرن، ئەوەی پەیوەندیدارە بەگروپی (16 بۆ 24) ساڵ لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ نین و نەبوونەتە خاوەن کار و وەزیفەی سەربەخۆ یان بەتازەیی بوون بە خاوەن کاری خۆیان هێشتا دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە بەشداری کارا لە چالاکی گەشتیاریدا بکەن، سەبارەت بەگروپی سەرووی (24) ساڵ تا تەمەنی خانەنشینی ئەمانە بە گروپی چالاکی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێن، لەبەر ئەوەی هەم لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەن کار و پرۆژەی سەربەخۆی خۆیانن و هەمیش توانای جەستەییان ڕێگەیان پێ دەدات و لەڕووی خێزانیشەوە سەربەخۆن و خاوەن هاوبەشی ژیانن و هەندێ جار لەگەڵ هاوژین و هەندێ جاریش بەتەنها گەشت دەکەن، سەبارەت بەگروپی سەروو (70) ساڵ یان ئەوگروپەی دەڕواتە چوارچێوەی خانەنشینییەوە، ئەم توێژە ڕاستە ئیش و کاریان نەماوە لەڕووی خێزانیشەوە ئەرکی زۆریان لەسەر نەماوە و زۆربەی کاتەکانیان بەتاڵن، بەڵام لەڕووی توانای جەستەیی وتەندروستی ودەروونییەوە زۆر جار ناتوانن گەشت بکەن وە ئەگەر گەشتیش بکەن تەنها ناوچە نزیکەکان هەڵدەبژێرن یان زیاتر گەشتی ناوخۆیی ئەنجام دەدەن[1]. خشتەی (1_3) ڕونکەرەوەی پەیوەندی گروپی تەمەنە لەگەڵ چالاکی گەشتیاریی لە ئەوروپا و ئەمریکای باکور.

خشتەی (1_3)

ڕۆڵی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن لە چالاکی گەشتوگوزاردا

| قۆناغ | تایبەتمەندی | چالاکی گەشتیاریی |
|---|---|---|
| منداڵ | بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی خێزاندایە | هەڵبژاردنی ئەو شوێنانەی شوێنی یاری و جوڵە وچالاکی تێدایە |
| هەرزەکار | کاریگەری دادەنێت لەسەر بڕیاری خێزان بەڵام ناسەربەخۆیە | شوێنی حەوانەوەی 24 کاتژمێری، چالاکی نیمچە سەربەخۆ، کات بەسەربردن بەگروپ |
| لاو | گەنج، سەڵت، سەربەخۆ | گەشتکردن بەگوێرەی ئاستی داهات وبوونی کات، چالاکی سەرکێشی، گەشتی دەرەوەی شارەکان |
| ژیانی هاوبەش | ژیانی تازەی هاوبەش، سەرقاڵی زۆر بەئیش وکار، کەمی کات | چالاکی گەشتیاریی کورت خایەن لەسەر بنەمای حەزی هاوبەش |
| سەرەتاکانی خێزانداری | قەرەباڵغی خێزان، خوێندنی منداڵ، کەمی داهات | سەردانی خزم وئاشنایان و دۆستان گرنگترین چالاکی ئەم قۆناغەیە |
| قۆناغی گەورە بوونی منداڵ | پاڵپشتی دارایی خوێندنی منداڵ | حەزی منداڵەکان بۆ نیمچە سەربەخۆبوون، چالاکی گەشتوگوزاری ناوخۆیی |
| جیابوونەوەی منداڵ لە خێزان | خێزان باری دارایی باش دەبێت، کات و دەرفەتی گونجاو دەڕەخسێت | حەزو وتوانا وکاتی گونجاو دەبێت بۆ بەشداری کردن لەزۆربەی چالاکیە گەشتیارییەکان بە تایبەتی لەپشووەکان |
| خانەنشین بوون | داهات جێگیر وباش، کات و دەرفەت زۆر، تەندروستی وتوانای گەشتی دوور کەمە | هۆکاری پیری و کەم توانایی و بێتاقەتی تەنها ئاستەنگی بەردەم چالاکی گەشتیاریی دەرەکی، گەشتی سنوردار و تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆییە |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: ستیڤن پیچ و جوان کنیل، گردشگری ترکیبی نو، ت.فضیله دادور خانی و همکاران، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1394، ص146.

سەبارەت بە پێکهاتەی تەمەن لە شاری سلێمانی دەتوانین کۆی تێبینی وسەرنجەکانمان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

(1) ستیڤن پیچ و جوان کنیل، منبع قبلی، ص143.

1_ گرووپی تەمەنی (0_14) ساڵ کە بەگرووپی منداڵ ئەژمار دەکرێت ژمارەیان (273661) کەسە، کە دەکاتە ڕێژەی (30%) سەرجەمی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە. ئەم گرووپە نە لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆن، نە لەڕووی بڕیار و نە توانای جەستەیی و هزری ڕێگەیان پێدەدات لە چالاکی گەشتیاریی بەشداربن، هەم وەکو دەستی کار هەمیش وەکو بەشداری لە جوڵەی گەشتیاریی. ئەم گرووپە بەتەواوەتی لە ژێر ڕکێفی خێزاندان، بۆیە لەڕووی چالاکی گەشتیارییەوە کاریگەری کەمتریان لەسەر کەرتی گەشتوگوزاری شارەکە هەیە، چونکە زیاتر لەگەڵ خێزانەکانیان گەشت دەکەن.

2_ گرووپی تەمەنی (15 بۆ 65) ساڵ یان گرووپی لاو و پێگەیشتوو کە ژمارەیان لە ناوچەی توێژینەوە (592666) کەسە، کە دەکاتە ڕێژەی ( 65%) کۆی دانیشتوانی شارەکە، ئەم گرووپە زیاتر ئەوانەن کە بەدەستی کار ناسراون، خاوەن داهاتی خۆیانن، سەربەخۆن لەبڕیاردان، توانای جەستەیان هەیە، حەز و ئارەزووی گەشت و گەڕانیان هەیە، ئەگەر دەرفەتی گونجاویان بۆ بڕەخسێت و باری داراییان ڕێگەیان پێبدات دەتوانن ببنە فاکتەری جوڵەی گەشتیاریی لە هەمان کاتیشدا دەتوانن ببنە سەرچاوەی ناوخۆیی دەستی کار لە دامەزراوە و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە.

3_ گرووپی تەمەن (65) ساڵ بەرەوسەر یان گرووپی پیر و خانەنشین کراو، کە ژمارەیان لەشاری سلێمانی دەگاتە (44849) کەس و ڕێژەیان (5%) سەرجەمی دانیشتوانی شارەکەیە، ناوچەی توێژینەوە بەشارێکی پیر ئەژمار ناکرێت، چونکە بەگوێرەی پێوەرە جیهانییە باوەکان ڕێژەی بەتەمەنەکان لەسەروی (12%) وە بێت ئەوکات دانیشتوانی ناوچەکە بە دانیشتوانێکی پیر ئەژماردەکرێن(1). ئەم گرووپە لەچەند ڕوویەکەوە ناتوانن بەشداری چالاك بکەن لە جوڵەی گەشتیاریی و هەروەها وەکو دەستی کاریش لە چوارچێوەی هێزی کار ئەژمار ناکرێن و ڕۆڵیان لە گەشەی ئابووریی شارەکەدا لاوازە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ژمارە و ڕێژەیان، توانای جەستەیی و دەرونیان بەراورد بەگرووپەکانی دیکە کەمترە، شێوەی (1_1).

شێوەی (1_1)

پێکهاتەی گرووپە تەمەن جیاوازەکان لەشاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،داتای خەملاندنی دانیشتوان، زانیاری بلاونەکراوە، 2020.

(1) شنومنوچهری، نقش گردشگری بربهبود اوضاع اقتصادی شهرستان پاوه با استفاده ازمدلSWOT، پایان نامه کارشناسی ارشد(منتشر نشده)، دانشگاه آزاد اسلامی، دانشکده تحصیلات تکمیلی، کرمانشاه، ایران، 1394، ص74.

2.پێکهاتەی ڕەگەز:

پێکهاتەی ڕەگەزی کاریگەریی هەیە لەسەر چالاکیە ئابوورییەکان، ئەم کاریگەرییەش لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە یان وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە، یان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە، هەروەها بەگوێرەی چالاکیە ئابوورییەکان کاریگەرییەکانیش دەگۆڕێن. بۆ نمونە بەگوێرەی توێژینەوەیەك کە (پێرس) ئەنجامی داوە لە ساڵی 1978 دەرکەوتووە کە ڕێژەی بەشداری نێرینە بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەندێ وڵاتدا زیاترە لە مێینە لە چالاکیە گەشتیارییەکاندا[1]. هەروەها بە گوێرەی توێژینەوەیەکی دیکە کە لە کەرتی گەشتیاریی عێراقدا ئەنجام دراوە جیاوازی بۆشایی نێوان بەشداری نێر ومێ لە چالاکییە گەشتیارییە جیاوازەکاندا گەشتووەتە (56%) لە ساڵی 2011، واتە ڕێژەی بەشداری مێ بەراورد بە نێر لە چالاکی ئابووریی گەشتیاریدا کەمی کردووە بەراورد بەساڵی 2005 کە ئەم ڕێژەیە (50%) بووە[2].

تاوەکو ئەم ساڵانەی دوایی ئەوەی جێگەی بایەخی توێژەران بوو تەنها بەشداری ڕەگەزی نێر بوو بەشێوەیەکی فراوان لەچالاکی گەشتیاریدا، ڕۆڵی ڕەگەزی مێ کورت دەکرایەوە لە دەستی کار لە ناوچە گەشتیارییەکان وەکو کرێکار و خزمەتگوزار و کارمەندی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، وەك هۆتێل و میوانخانە و ڕیستۆرانت و یانە و کافتریاکان، وە ڕەگەزی مێ وەك فاکتەری خستنەڕووی گەشتیاریی نەك داواکاری گەشتیاریی دەناسرا، ئەویش لەبەر سروشتی ڕەگەزی مێ کە کەمتر دەرفەتی گەشتی هەبوو، بەهۆی ناسەربەخۆیی دارایی بەتایبەتی لەوڵاتانی جیهانی سێیەم یان تازەپێگەیشتوو، سەرەڕای کەمی کات بەهۆی بەخێوکردنی منداڵ و سەرپەرشتی کەسە بەتەمەنەکان، کە بەگوێرەی ئاماژەکان (70% بۆ 80%)ی سەرپەرشتی و چاودێری گروپی بەتەمەن و نەخۆش و پەککەوتە دەکەوێتە ئەستۆی ڕەگەزی مێ. بەڵام ئەمڕۆکە بەهۆی گۆڕانکاری لەسیستمی ژیانی ئابووریی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی گەلان و کرانەوەی دنیا، ئاسانکاری گەشت، نەمانی کۆت و بەندەکانی پێشووتر لە ڕووی هاتووچۆ و هەروەها باشبوونی لایەنی دارایی و سەربەخۆبوونی ڕەگەزی مێ لەڕووی داهات و ڕەخساندنی هەلی کاری یەکسان بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەشێوەیەکی هاوسەنگ، ڕەگەزی مێ بەشدارییەکی چالاکی هەیە لە کەرتی گەشتیاریی ناوخۆیی و دەرەکیش هەم وەکو دەستی کار و هەمیش وەك داواکاری لەسەر گەشتوگوزار.

بەگوێرەی ئامارەکانی بەردەست لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی 2020، ژمارەی نێر (423985) کەسە، کە دەکاتە ڕێژەی (46.7%) و ژمارەی مێ (482794) کەسە، کە دەکاتە ڕێژەی (53.3%)، واتە ڕەگەزی مێ (58809) کەسی لە ڕەگەزی نێر زیاترە واتە بۆ هەر (100) مێ (93) نێر[3]، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بەردەوام و بەلێشاوی ڕەگەزی نێر بۆ دەرەوەی وڵات لەشاری سلێمانی، کەبووەتە هۆکاری کەمبوونی ڕێژەی نێر بەراورد بەرێژەی مێ. ئەوەی

---

(1) شیروان عومەر رشید، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار، تێزی دکتۆرا(بلاۆنەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2011، لا 150.

(2) إلهام خضير شبر و مها عبدالستار عبدالجبار، مؤشرات عن واقع تشغيل المرأة في القطاع السياحي العراقي(دراسة تحليلية)، منشور وقائع المؤتمر العلمي الدولي الأول لكلية الدراسات الإنسانية الجامعة لفترة 19 و 2016/4/20، الجزء الاول، العراق، النجف، ص865.

(3) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای خەمڵاندنی دانیشتوان، زانیاری بلاۆنەکراوە، 2020.

تێبینی دەکرێت بە حوکمی ئەوەی ناوچەی توێژینەوە باکگراوندێکی کلتوری و ئاینی ڕۆژهەلاتی هەیە، بۆیە بەشداری ڕێژەی مێینە لەچالاکیە گەشتیارییەکان چی وەك دەستی کار و هەمیش وەك جولەی گەشتیاریی لە ئاستێکی سنورداردایە.

ب. پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە:

پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوان ڕەگەزێکی گرنگی توێژینەوەی پێکهاتەی دانیشتوانە، چونکە لە ڕێگەی پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوانی هەرناوچەیەکەوە بارودۆخی چالاکیە ئابوورییەکان، هێزی کار، ئاستی بەشداری نێر و مێ لە چالاکیە ئابوورییەکان، ئایندەی گەشەی دانیشتوان و بێکاری، پلانی داهاتوو شیکردنەوەی بۆ دەکرێت[1]. هەروەها جۆری چالاکی ئابووریی و سەرچاوە و داهاتی دانیشتوان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چالاکی گەشتیارییەوە، بەجۆرێك هەتاوەکو چالاکیە ئابوورییەکان زیاتر و داهاتی تاکەکەس بەرزتر بێت خواست لەسەر گەشتوگوزار و چالاکی گەشتیاریی زیاد دەکات[2].

بۆ تێگەشتن لە پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوان پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابووریی و دانیشتوانی ناچالاك لەڕووی ئابوورییەوە. دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە تەمەنی کارکردندان و چالاکن لەڕووی ئابوورییەوە وبەدەستی کار ئەژمار دەکرێن، و بەشێوەیەکی کردارەکی بەشدارن لە بەرهەم هێنانی شمەك و خزمەتگوزاریی، وە بەشێوەیەك لە شێوەکان توانای جەستەیی و هزریی خۆیان بەگەڕ دەخەن لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، بەلأم دانیشتوانی ناچالاك لە ڕووی ئابوورییەوە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە لەبەرهەم هێنانی شمەك و خزمەتگوزاریەکان بەشداری ناکەن و تەنها بەکاربەرن، ئەمەش گروپی تەمەن خوار (15) ساڵ و گروپی تەمەن سەروو (65) ساڵ و ژنی ماڵەوە و خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و پەککەوتە و کەم ئەندام و بەندکراو دەگرێتەوە، هەرچەندە ئەم چین و توێژانەش ئەگەر کاریان دەستبکەوێت و ببنە خاوەن داهاتی سەربەخۆی خۆیان دواجار هەر بە دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوە ئەژماردەکرێن.

بەگوێرەی داتاکانی بەردەست لەناوچەی توێژینەوە بۆساڵی 2020 ئەوانەی بەهێزی کار ئەژمار دەکرێن واتە لەگروپی تەمەنی کارکردن (15 بۆ 65) ساڵ بەم شێوەیە دابەشبوون؛ ڕێژەی بێکاری (12%)، ئەوانەی کار دەکەن (88%) کە لەم ڕێژەیە (42.8%) لەکەرتی گشتی کاردەکەن و ڕێژەی (57.2%) لەکەرتی تایبەت و کەرتەکانی تر کاردەکەن، تێکڕای داهاتی مانگانەی تاك لەشاری سلێمانی لەهەمان ساڵدا (287200) دینار و تێکڕای داهاتی مانگانەی خێزان (842400) دینارە. هەرچی پەیوەندیدارە بەخەرجیەوە ئەوە تێکڕای خەرجی مانگانەی تاك (234000) دینارە و ناوەندی خەرجی مانگانەی خێزانیش (805300) دینارە، هەر بەگوێرەی ئامارەکان ڕێژەی ئەوانەی لە ژێر هێڵی هەژارییەوەن لە ناوچەی توێژینەوە بەرز بووەتەوە بۆ (11.5%) لە ساڵی 2020، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2014 تەنها (4.5%) بووە، دیارە قەیرانی دارایی و بلأوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا و نادادپەروەری کۆمەلأیەتی و گەندەڵی

---

(1) چراخان نصرالدین صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر(بلأونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2015، لا 139.

(2) سيناء صاح مهدي الأحمر، جغرافية السياحة الترويحية في دولة الإمارات المتحدة العربية، رسالة ماجستر(غيرمنشورة)، جامعة بغداد، كلية الاداب، 2004، ص 99.

بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان فاکتەری سەرەکی بەرز بوونەوەی ڕێژەی هەژارین لە سنوری ناوچەی توێژینەوە، ئەمە لە کاتێکدایە بە گوێرەی ئامارەکان لە عێراق ئەم ڕێژەیە لە نێوان (20%_30%) و لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (10%_15%) دایە[1]، هەروەها بەگوێرەی خەملاندنەکانی بانکی نێودەوڵەتی ڕێژەی ئەوانەی لە ژێرهێڵی هەژارییەوەن لەجیهاندا بۆ ساڵی 2020 نزیك بووەتەوە لە (800) ملیون کەس بەڕێژەی (10%) کۆی دانیشتوانی جیهان، بانکی نێودەوڵەتی (1.90 بۆ 2) دۆلار داهاتی ڕۆژانەی وەك سنوری هێڵی هەژاری دیاریکردووە[2].

بەرزی داهات ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگ دەگێڕێت لە گەشەی چالاکی گەشتیاریی، هەم لەسەر ئاستی جیهانیی و هەمیش لەسەر ئاستی ناوخۆیی، چونکە بەرزی داهات واتە زۆربوونی ژمارەی گەشتیاران بەمەش داواکاری گەشتیاریی زیاد دەکات، زۆربوونی داواکاری گەشتیاریش بەمانای دامەزراندن و گەشەپێدانی خزمەتگوزاریی نوێ و لە ئەنجامیشدا وەبەرهێنانی زیاتر و ڕاکێشانی سەرمایەی زیاتر بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی لێدەکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرزی داهات واتە ئەنجامدانی گەشتی دورتر بەمەش ماوەی مانەوەی گەشتیار درێژتر دەبێت، کە دواجار خەرجی گەشتیار زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە کەمی داهات بەواتای کەمی داواکاری گەشتیاریی دێت، لە ئەنجامیشدا کەمی خەرجی گەشتیاریی لێدەکەوێتەوە.

**1. 1. 3. ئاووهەوای شاری سلێمانی**

مرۆڤ بەردەوام دەکەوێتە ژێرکاریگەریی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا، تیشکی خۆری ڕاستەوخۆ دەکرێت هەندێ کاریگەریی نەرێنیی لەسەر لەشی مرۆڤ بەجێبهێڵێت، پلەی گەرمی تا سنورێك مرۆڤ دەتوانێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت، ئەگەر پلەی گەرمی بەرز هاوکات بێت لەگەڵ ڕێژەی شێی بەرز ئەوا توانای مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی چالاکی بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە، هەروەها دابەزینی پلەی گەرما هاوکات بێت لەگەڵ هەڵکردنی با کاریگەریی لەسەر دابەزاندنی پلەی گەرمی لەشی مرۆڤ هەیە، بەمەش هەست بە پلەی ساردی زیاتر دەکات لەوەی کە هەیە، بەتایبەتی ئەگەر وەرزی سەرما بێت ئەوا کەشێکی بێزارکەر دروستدەکات بەپێچەوانەوە ئەگەر وەرزی گەرما بێت ئەوا با کاریگەریی دادەنێت لەسەر فێنك کردنەوەی لەش، هەروەها دابەزینی پەستان دەبێتە هۆکاری کەمی ئۆکسجین ئەمەش کەشێکی ناڕەحەت بۆ مرۆڤ دروستدەکات، کە چالاکی گەشتیاریی سنوردار دەکات[3].

بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەنجامدراون پەیوەندی ئاووهەوا لەسەر چالاکی گەشتیاریی بەم شێوەیە ڕوونکراوەتەوە، بەگوێرەی توێژینەوەیەك کە ویلتون (Wilton) لە ساڵی 1998 ئەنجامی داوە بەرزبوونەوەی (1) پلەی سەدی پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین دا دەبێتەهۆی زیادبوونی (4%)ی گەشتیاران بۆ کەنەدا، واتە پەیوەندی پلەی گەرمی بە گەشەی گەشتیارییەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە لە کەنەدا. بەگوێرەی توێژینەوەیەکی تر کە لە نێوان

---

(1) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای خەملاندنی دانیشتوان، زانیاری بلاَونەکراوە، 2020.

(2) كريستوف لاكنر و آخرون، التقديرات المحدثة لتأثير جائحة كورونا على الفقر في العالم، تقرير البنك الدولي، www.worldbank.org، 2020/7/10.

(3) عادل سعيد الراوي و قصى عبدالمجيد السامرائي، المناخ التطبيقي، دارالحكمة للطباعة والنشر، بغداد، 1990، ص219.

گەشتیارانی ئەڵمانی ئەنجامدراوە بەرزبوونەوەی (2) پلەی سەدی گەرمی لەگەڵ دابەزینی شێ بە ڕێژەی (15%) و کەمبوونەوەی ڕۆژەکانی دابارین بەڕێژەی (10%) لە وەرزی هاوین دا لەچەند ولاتێکی ئەورووپی وەکو فەڕەنسا، نەمسا، ئیتالیا، ئیسپانیا، یۆنان و بەریتانیا بە ڕێژەی (0.5% بۆ 2.5%) گەشتیاری ئەڵمانی زیاد دەکات، هەروەها بۆ گەشتیارانی بەریتانی بوونی هەتاو و پلەی گەرمای چێژ بەخش جێگای بایەخە، چونکە بە گوێرەی توێژینەوەیەك لە ساڵی 2002 لەمانگەکانی کانونی دووەم، شوبات و ئازار (83%) و لە مانگەکانی نیسان، ئایار و حوزەیران (85%)ی گەشتیارانی بەریتانی ڕوویان لە ئیسپانیا کردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی پلەی گەرما و بوونی هەتاو لە ئیسپانیا لەو کاتانەی ساڵدا بەراورد بە کەشی شێدار و باراناوی لە بەریتانیا[1].

لێکۆڵینەوەی ئاووهەوا و زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بەردەوام جێی بایەخ و گرنگیپێدانی مرۆڤ بووە لەسەر ڕووی زەوی، ئاووهەوا و ڕەگەزەکانی فاکتەرێکی بنچینەین لە چالاکی گەشتیاریی و ئاراستەکردن و جوڵەی گەشتیاریدا، هەرچەندە کۆدەنگی تەواو نیە لەسەر پێناسەیەکی هاوبەش بۆئاووهەوای گەشتیاریی بەلاّم لەم بارەیەوە کلاۆسن ئاووهەوای نمونەیی گەشتیاریی دیاریدەکات بە دانەکردنی باران لە کەژی گەشتیاریی، کەشی فێنك و ئارام بەخش، خۆری پرشنگدار، کەشێك ڕێژەی شێ کەم بێت لەگەڵ شنەبایەکی خۆش[2]. بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی ئاووهەواوە سیفاتی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستی هەیە کە زستانی سارد و شێدارە، هاوینی گەرم و وشکە[3]. لەم باسەی توێژینەوەکەماندا هەوڵدەدەین بە کورتی لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوای شاری سلێمانی بدوێین و پەیوەندی ئەم ڕەگەزانە بەچالاکی و ڕاکێشانی گەشتیارییەوە شیبکەینەوە. بۆ سود وەرگرتن لە داتا و زانیارییەکان پشت بەستراوە بە وێستگەی کەشناسی سلێمانی کە لە خشتەی (1_4) هەندێ زانیاری سەبارەت بە وێستگەکە خراوەتەڕوو.

خشتەی (1_4)

زانیاری لەسەر وێستگەی کەشناسی سلێمانی

| وێستگەی کەشناسی | بازنەی پانی | هێڵی درێژی | بەرزی لەئاستی ڕووی دەریا/م | ماوەی تۆمارکردن |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 36 = 33 ¯ 35 ° باکور | 04 = 27 ¯ 45 ° ڕۆژهەلاّت | 884,4 | 2020_2011 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: شۆخان محەمەد ئەحمەد، وێستگەی کەشناسی سلێمانی(لێکۆڵینەوەیەك لە ئاووهەوای ورد)، نامەی ماستەر(بلاّونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2011، لا13_20.

(1) حسن ذوالفقاری، آب و هواشناسی توریسم، چاپ چهارم، انتشارات سمت، تهران، 1395، ص42_53.

(2) ميسون طه محمود السعدي، الخصائص الحرارية وأثرها على السياحة في العراق، مجلة الأستاذ، المجلد الثاني، العدد 223، سنة 2017م، ص20.

(3) ئیبراهیم جەعفەر پوور، ئاووهەوای گۆی زەوی، و.سعید خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، سلێمانی، 2011، لا 110.

أ. تیشکی خۆر:

گومانی تێدانیە خۆر سەرچاوەی هەموو شێوەکانی ووزەیە لەسەر ڕووی زەوی و بەرگە گاز، گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر، درێژی ماوەی تیشکی خۆر، درێژی ماوەی هاتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە بۆسەر زەوی و بڕەکەی ئەمانە هەموو کاریگەری دروستدەکەن لە سەرچالاکیەکانی مرۆڤ[1]، بەتایبەتی چالاکی گەشتیاریی لەو چالاکیانەی مرۆڤە، کە سیفات و خەسڵەتەکانی تیشکی خۆر ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، تیشکی سەروو وەنەوشەیی مەترسیەکی گەورە لەسەر تەندروستی مرۆڤ دروستدەکات، بۆیە باشترین کات بۆ بەرکەوتنی تیشکی خۆر لە لەشی مرۆڤ بەیانیان زوو یان ئێواران کاتێك کە گۆشەی کەوتنی خۆر ئاسۆییە، بەمەش لەشی مرۆڤ بڕێکی باش ڤیتامین (D)ی لێوەردەگرێت لەو کاتانەدا، تیشکی ژێر سور لەشی مرۆڤ هەڵیدەمژێت و پلەی گەرمی ناو لەش بەرز دەکاتەوە [2].

ئەگەر سەرنجی خشتەی (1_6) بدەین دەردەکەوێت جیاوازی زۆر لە تێکڕای مانگانەی کاتژمێرەکانی تیشکی خۆر بەدیدەکرێت، بۆنمونە تێکڕای کاتژمێرەکانی تیشکی خۆری ڕاستەقینە لەمانگی کانونی دووەم (4.7) کاتژمێرە لە کاتێکدا مانگی تەموز تێکڕای کاتژمێرەکانی تیشکی خۆری ڕاستەقینە دەگاتە (10.6) کاتژمێر، هەروەها تێکڕای کەمترین و زۆرترین کاتژمێرەکانی خۆرەتاوی مانگانە لە ساڵدا بریتیە لە (143) کاتژمێر بۆمانگی کانونی دووەم و (324) کاتژمێر بۆمانگی تەموز، واتە جیاوازییەکی زۆرهەیە لەنێوان وەرزی زستان و هاوین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکار لەوانە:

1. شوێنی جوگرافی بە گوێرەی بازنەکانی پانی.
2. جیاوازی گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر لە نێوان وەرزەکانی ساڵ.
3. جیاوازی لە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی هەور و بارانە یان دیاردەی تەم و خۆڵبارینە.
4. پێکهاتەی بەرگەگاز.
5. جیاوازی ماوەی نێوان خۆر و زەوی.
6. جیاوازی لە ژمارەی کاتژمێرەکانی کەوتنی تیشکی ڕۆژ بە گوێرەی جیاوازی وەرزەکان.
7. جیاوازی بەرزی و نزمی ڕوی زەوی[3].

بەگوێرەی داتا بەردەستەکان لە ناوچەی توێژینەوە کۆتاییەکانی وەرزی پاییز و وەرزی زستان و سەرەتاکانی وەرزی بەهار زۆرترین ڕۆژانی هەور و باران و تەمی بەردەکەوێت، بە پێچەوانەی مانگەکانی مایس بۆ ئەیلول، کە بەدەگمەن کەشی باراناوی تێدەکەوێت. تێکڕای ناوەندی ساڵانەی خۆرەتاوی ڕاستەقینە لە ناوچەی توێژینەوە (7.3) کاتژمێرە و تێکڕای ناوەندی خۆرەتاوی ڕاستەقینەی وەرزی گەشتیاریی لە نێوان نیسان بۆ کۆتایی ئەیلول کە بەوەرزی گەشتیاریی دەناسرێت لە ناوچەی توێژینەوە (9.2) کاتژمێرە، واتە ناوچەی توێژینەوە لە وەرزی گەشتیاریی بڕێکی باش تیشکی خۆری بەردەکەوێت، ئەمەش ئەگەر بەراورد بکرێت بە ناوچەکانی باکور و باکووری ڕۆژئاوای ئەوروپا کە هەژارن لە ڕووی تیشکی خۆرەوە و تێکڕای کاتژمێرەکانی خۆرەتاویان کەمترە لە ناوچەی توێژینەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە بڕی

---

(1) علی موسی، الوجیز في المناخ التطبيقی، ط1، دارالفكر، دمشق، سورية، 1982، ص11و15.

(2) علی أحمد غانم، المناخ التطبیقي، الطبعة الأولى، دارالمسيرة للنشروالتوزيع والطباعة، عمان، 2010، ص85.

(3) أمل بنت حسين بن حسين آل مشيط، عناصر المناخ و تأثيرها على السياحة في منطقة العسير بمملكة العربية السعودية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة الملك خالد، كلية التربية للبنات في أبها، قسم الجغرافيا، السعودية، 2009، ص 50.

تیشکی هاتوو بۆ سەر ڕووی زەوی لە ناوچە گەرمەکان بریتیە لە (220) کیلۆکالۆری گەرمی لەسەر (سم$^2$)[1]، ناوچەی توێژینەوە خۆی کەوتووتە سەرهێڵی پانی (36 – 33 – 35 °)ی باکوور نزیك لە خولگەی قرژاڵ، واتە لە چوارچێوەی ئاووهەوای گەرم و وشك لە هاوین ئەژماردەکرێت، کە ئەمەش سیفاتی ئاووهەوایی زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری خۆیەتی، کە هاوینیان گەرمە و ژمارەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاوی راستەقینە دەگاتە نزیکەی (10) کاتژمێر بەرەوسەر، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لەوەی گەشتیاران ڕووبکەنە ئەو ناوچانەی تیشکی خۆری کەمتری بەردەکەوێت لەوەرزی هاویندا، چونکە خۆی لە خۆیدا پلەکانی گەرما بەرزە و تیشکی ڕۆژی زۆریش پێکەوە دەبنە هۆکاری بێزاربوونی گەشتیار و لە ئەنجامیشدا ناوچەکە دەبێتە ناوچەی ڕاوەدونانی گەشتیاریی، نەوەك ڕاکێشانی گەشتیاریی.

سەبارەت بە ژمارەی ڕۆژانی بەدیارکەوتنی تیشکی خۆر و ڕۆژانی باران بارین و هەور و تەم و تۆز و خۆڵبارین، هەروەك لە خشتەی (1_ 5) ئاماژەی پێدراوە تێکڕای ساڵانەی ڕۆژەکانی بەدیارکەوتنی تیشکی خۆر (262) ڕۆژ بووە لەماوەی ساڵانی (2011_ 2020)، تێکڕای ساڵانەی ژمارەی ئەو ڕۆژانەی تیشکی خۆر بەدەرەوە نەبووە (103) ڕۆژ بووە، (53) ڕۆژ باران بارین، (32) ڕۆژ هەور و تەم، (18) ڕۆژیش تۆز و خۆڵبارین بووە. ئەمەش ڕێژەیەکی باشی بەدەرکەوتنی تیشکی ڕۆژە ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوا و باکوری ئەوروپا کە ژمارەی ڕۆژەکانی بەدەرکەوتنی خۆریان زۆر کەمە. هەرچەندە بەشی هەرەزۆری تێکڕای ڕۆژانی بەدەرکەوتنی خۆر دەکەوێتە مانگەکانی مایس_ئەیلول کە بۆخۆی پلەکانی گەرما لەناوچەی توێژینەوە بەرزە و بوونی تیشکی خۆر هێندەی تر لە پلەکانی گەرمی بەرز دەکاتەوە و کەشێکی گەرمی بێزارکەر دروستدەکات، بەڵام لە ماوەی ئەیلول بۆ مایس بەدەرکەوتنی تیشکی خۆر یارمەتی چالاکی گەشتیاریی دەدات لە ناوچەی توێژینەوە، بەتایبەتی بەشێکی بەرچاوی گەشتیارانی کوردی دانیشتووی وڵاتانی ئەوروپی سود لە کەشی گونجاوی مانگەکانی ئەیلول بۆ مایس وەردەگرن بۆ هاتنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، بەهۆی زۆری ڕۆژەکانی بەدیارکەوتنی تیشکی خۆر لە هەرێم بەراورد بە وڵاتانی ئەوروپی.

خشتەی (1_ 5)

تێکڕای ژمارەی ڕۆژەکانی باران بارین و هەور و تەم و خۆڵبارین لە شاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (2011_ 2020)

| وەرزەکان | بەهار | | | | هاوین | | | | پاییز | | | | زستان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگەکان | ئازار | نیسان | مایس | تێکڕای بەهار | حوزەیران | تەموز | ئاب | تێکڕای هاوین | ئەیلول | ت. یەکەم | ت. دووەم | تێکڕای پاییز | ک. یەکەم | ک. دووەم | شوبات | تێکڕای زستان | تێکڕای ساڵانە |
| باران | 7 | 4 | 1 | 12 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 4 | 8 | 14 | 8 | 10 | 9 | 27 | 53 |
| هەوروتەم | 5 | 3 | 1 | 9 | 1 | 0 | 0 | 1 | 0 | 3 | 5 | 8 | 5 | 6 | 3 | 14 | 32 |
| خۆڵبارین | 1 | 1 | 2 | 4 | 3 | 3 | 4 | 10 | 2 | 1 | 1 | 4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 18 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، فەرمانگەی کەشناسی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2021.

(1) خديجة أحمد حسن أحمد، أثر المناخ على بعض أمراض الانسان في محافظة القاهرة (دراسة في المناخ التطبيقي)، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة عين شمس، كلية البنات، مصر، 2017، ص79.

## خشتەی (1_ 6)

**تێکڕای مانگانە و ساڵانەی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا(تیشکی خۆر، پلەی گەرمی، شێ، با، باران) لە شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (2011_ 2020)**

| وەرزەکان | مانگەکان | تیشکی خۆری ڕاستەقینە | تیشکی خۆری تیۆری* | ت. نزمترین پلەی گەرمی | ت. بەرزترین پلەی گەرمی | تێکڕای پلەی گەرمی | تێکڕای نزمترین شێ | تێکڕای بەرزترین شێ | تێکڕای شێی ڕێژەیی | تێکڕای خێرایی با م/چ | بڕی باران بارین/ ملم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **بەهار** | ئازار | 5:6 | 11:45 | 7.7 | 17.6 | 12.6 | 42.6 | 79.1 | 60.8 | 1.4 | 133 |
| | نیسان | 7:4 | 12:54 | 12 | 23.3 | 17.7 | 37.6 | 74.8 | 56.2 | 1.1 | 85.2 |
| | مایس | 7:8 | 13:52 | 17.7 | 30.2 | 23.5 | 26.5 | 59.9 | 43.2 | 1.2 | 25.8 |
| **تێکڕای بەهار** | | **6:9** | **12:50** | **12.5** | **23.7** | **17.9** | **35.5** | **71.2** | **53.4** | **1.3** | **244** |
| **هاوین** | حوزەیران | 10:1 | 14:21 | 23.5 | 36.9 | 27.4 | 16.9 | 40.6 | 28.7 | 1.5 | 0.84 |
| | تەموز | 10:6 | 14:08 | 26.9 | 40.8 | 33.8 | 15.1 | 36.7 | 25.8 | 1.5 | 0 |
| | ئاب | 10:3 | 13:18 | 26.5 | 40.7 | 33.6 | 15.1 | 37.6 | 26.3 | 1.4 | 0 |
| **تێکڕای هاوین** | | **10:3** | **14:24** | **25.6** | **39.5** | **31.6** | **15.7** | **38.3** | **26.9** | **1.5** | **0.84** |
| **پاییز** | ئەیلول | 9:2 | 12:12 | 13 | 36 | 29 | 17.2 | 44.3 | 30.7 | 1.2 | 1.48 |
| | ت.یەکەم | 7:3 | 11:03 | 16 | 28.6 | 22.3 | 29.2 | 59.7 | 44.4 | 1.1 | 41.8 |
| | ت.دووەم | 5:3 | 10:06 | 9 | 19.1 | 14 | 45.6 | 78.3 | 62 | 1.0 | 112.9 |
| **تێکڕای پاییز** | | **7:2** | **11:07** | **12.6** | **28** | **21.8** | **30.6** | **60.7** | **45.7** | **1.1** | **156.2** |
| **زستان** | ک. یەکەم | 4:8 | 9:38 | 4.5 | 13.8 | 9.2 | 52.1 | 84.4 | 68.3 | 0.7 | 126 |
| | ک. دووەم | 4:7 | 9:53 | 2.6 | 11.4 | 7 | 54.1 | 86.6 | 70.4 | 1.0 | 115.3 |
| | شوبات | 5:4 | 10:41 | 3.9 | 13.5 | 8.7 | 47.5 | 81.6 | 65.5 | 1.2 | 115.8 |
| **تێکڕای زستان** | | **4:9** | **10:17** | **3.7** | **12.9** | **8.3** | **51.2** | **84.2** | **68** | **1.0** | **357.3** |
| **تێکڕای ساڵانە** | | **7:3** | **12:10** | **13.6** | **26** | **19.9** | **33.2** | **63.6** | **48.5** | **1.2** | **758.3** |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، فەرمانگەی کەشناسی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2021.

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

شیراون عمر رشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2006، لا118.

ب. پلەی گەرمی:

ڕەگەزی گەرمی بە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا ئەژمار دەکرێت، پلەکانی گەرما لە تەواوی ناوچەکانی جیهان دا وەك یەك نیە و جیاوازی هەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەر جیاوازی چالاکیەکانی مرۆڤ لە ناوچە جیاوازەکانی سەر ڕووی زەوی و لە وەرزەکانی ساڵدا[1]. پلەی گەرمی کاریگەریی ڕوونی لەسەر حەسانەوە و چالاکیەکانی مرۆڤ هەیە بەتایبەتی چالاکی گەشتیاریی و جوڵەی گەشتیاران لە نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکانی سەرڕووی زەوی، چونکە فاکتەرێکی گرنگە بۆ جوڵەی گەشتیاریی بە هەردوو ئاراستەی ڕاکێشان یان ڕاوەدونانی گەشتیاریی، پلەی گەرمی دادەنرێت بە کاریگەرترین ڕەگەزی ئاووهەوا لەسەر حەسانەوەی مرۆڤ و چالاکیەکانی، پاڵنەری سەرەکیشە بۆ جوڵەی گەشتیاریی، چونکە پلەی گەرمای زۆر بەرز یان زۆر نزم کاریگەریی نەرێنی دروستدەکەن لە سەر لەشی مرۆڤ و بارودۆخی فسیۆلۆجی. هەندێ توێژینەوە دەریانخستووە پلەی گەرمی زۆر بەرز کاریگەریی خراپی لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی هەستیاری پێست و چاویان هەیە، هەروەها پلەی گەرمای زۆر نزم دیسان کاریگەری خراپی هەیە وەك ئەو نەخۆشیانەی پەیوەندی بەدەزگای هەناسەدانەوە هەیە[2]. باشترین و گونجاوترین پلەی گەرمی بۆ حەوانەوە و ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاریی لە نێوان (18 بۆ25) پلەی سەدیدایە، واتە پلەی گەرمی سەرووی (28) پلە و خوارووی (15) پلە ئاستەنگە لە بەردەم چالاکی گەشتیارییدا، ئەمەش لە کەم ناوچەی جیهان بەدرێژایی ساڵ بەردەوام دەبێت تەنها لە ناوچە بەرزەکانی ناوچە خولگەییەکان نەبێت لە بەرزایی (500 بۆ 2000) مەتر، بۆیە بەشێکی زۆری ناوچەکانی جیهان یان خاوەن پلەیەکی گەرمای زۆر نزمن یان زۆر بەرز، بۆیە نابنە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیاریی بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبنە فاکتەری ڕاوەدونانی گەشتیاریی[3]. لەخشتەی (1_7) پلەی گەرمای گونجاو بۆ حەوانەوەی مرۆڤ دەخەینەڕوو.

خشتەی (1_7)

پلەی گەرما و کاریگەری لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ

| پلەی گەرما | کاریگەری لەسەر حەوانەوە |
|---|---|
| **سەروی 28 پلەی سەدی** | زۆر بێزار کەر و نەبوونی حەوانەوە |
| **27–28** | نەبوونی حەوانەوە |
| **25–27** | لە نێوان ناڕەحەت و حەوانەوەدا بەرەرو گەرم |
| **17–25** | حەوانەوە |
| **15–17** | لەنێوان ناڕەحەت وحەوانەوەدا بەرەو سارد |
| **کەمتر لە15 پلەی سەدی** | نەبوونی حەوانەوە |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: شيماء السيد عبدالنبي السيد، أثرالمناخ على السياحة في المدن الساحلية المصرية دراسة في المناخ التطبيقي، أطروحة الدكتوراه (غيرمنشورة)، جامعة الاسكندرية، كلية الاداب، مصر، 2017، ص67.

(1) يوسف عبدالمجيد فايد، جوگرافیای ئاووهەوا و ڕووەك، و.گۆران ئیمامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012، لا 23.

(2) مقداد نعمان حمزه، تأثيرالخصائص المناخية في الاصابة بالأمراض الموسمية في محافظة النجف، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة الكوفة، كلية الآداب، الكوفة، العراق، 2018، ص162.

(3) علي حسن موسى، المناخ والسياحة مع نموذج تطبيقي سورية و مصر، الطبعة الأولى، دارالأنوارللطباعة والنشر، دمشق، 1997، ص24و25.

تێکڕای مانگانەی پلەی گەرمی کە بەکۆکردنەوەی ناوەندەکانی ڕۆژانە دەبێت و ئەنجامەکەشی دابەشدەکرێت بەسەر ڕۆژەکانی مانگەکەدا لەگەڵ تێکڕای نزمترین و بەرزترین پلەی گەرمی ڕۆژانە و مانگانە کاریگەریی زۆری لەسەر پۆلێنکردنی ئاووهەوای گەشتیاریی هەیە[1]، بۆیە ئێمە لێرەدا کۆی تێبینیەکانمان سەبارەت بە پلەکانی گەرما لە شاری سلێمانی وە بەپشت بەستن بە خشتەی (1_6)، بەم شێوەی لای خوارەوەیە دەخەینەڕوو:

1_ تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی لە ماوەی نێوان ساڵانی 2011 بۆ 2020 بۆمانگی کانونی دووەم تۆمار کراوە بە (2.6) پلەی سەدی، و تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی لە هەمان ماوەدا بۆمانگی تەموز تۆمارکراوە بە (40.8) پلەی سەدی.

2_ تێکڕای زۆری پلەی گەرمی ساڵانەی هەمان ماوە بریتیەبووە لە (34) پلەی سەدی و تێکڕای کەمی (7) پلەی سەدی بووە، بەمەش دەردەکەوێت تێکڕای ماوەی گەرمی ساڵانی 2011 بۆ 2020 بریتیە لە (27) پلەی سەدی.

3. لە کەژی گەشتیاریی نیسان بۆ تشرینی یەکەم تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی (20) پلەی سەدی و تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی (34.5) پلەی سەدی و ناوەندی پلەی گەرمیش (27.5) پلەی سەدی بووە، واتە ماوەی گەرمی لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە (14.5) پلەی سەدی.

4. بەشێوەیەکی گشتی کەژی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی حەوانەوەوە لە نێوان مانگەکانی نیسان بۆتشرینی یەکەم کەژێکی گوازراوەیە لە نێوان هەستکردن بە حەوانەوە و ناڕەحەتیدا.

5.لە وەرزی هاوینی ڕاستەقینەدا (مانگەکانی تەموز و ئاب و ئەیلول) تێکڕای پلەکانی گەرما لە ناوچەی توێژینەوە بە ڕۆژدا بەرزن، چونکە کاتژمێرەکانی ناوەڕاستی ڕۆژ واتە نیوەڕۆ تیشکی خۆر بەشێوەیەکی ستونی چڕ دەدات لە ناوچەکە، ئەمەش کاریگەریی هەیە لە سەر بەرزکردنەوەی پلەکانی گەرما، بۆیە لەم کاتەدا کەشێکی گەرمی بێزارکەر دروستدەبێت ئەمەش کاریگەریی دروستدەکات لە لاوازبوونی جوڵەی گەشتیاریی[2]، بەڵام لەشەودا پلەی گەرما دادەبەزێت کەشێکی خۆشی بێ ناڕەحەت بوون بۆگەشتیار دروستدەکات.

6. لە وەرزی زستان تێکڕای پلەکانی گەرمی نزمە بەتایبەتی لە هەردوو مانگی کانونی یەکەم و کانونی دووەم، لە شەودا پلەکانی گەرمی زۆر دادەبەزن و کەژێکی بێزارکەر دروستدەکەن کە گەشتیار هەست بە ناڕەحەتی دەکات، بەڵام هەندێ کات دابەزینی زۆری پلەی گەرما هاوکات دەبێت لەگەڵ دیاردەی بەفر بارین کە کەشێکی گەشتیاریی لەناوچەی توێژینەوە دروستدەکات و بەهەزاران کەس لەناوچەکانی دەوروبەری خۆیەوەوە بۆلای خۆی ڕادەکێشێت.

---

(1) ابراهیم ابراهیم شریف، جوگرافیای کەش، و.ئەحمەد عەلی ئەحمەد و خەلیل کەریم محمەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، 2011، لا120.

(2) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، جوگرافیای کەش و ئاووهەوا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، 2007، لا 57.

ت. شێی ڕێژەیی:

شێی ڕێژەیی بریتیە لە ڕێژەی هەڵمی ئاوی هەوا یان ئەو هەڵمی ئاوەی کە هەوا توانای هەڵگرتنی هەیە لەپلەیەکی گەرمای دیاریکراودا، ئەمەش بە ڕێژەی سەدی ئاماژەی بۆ دەکرێت[1]، شێ سەرچاوەی سەرەکی هەموو جۆرەکانی چڕبوونەوەیە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕێکخستنی گەرمای بەرگەگاز و زەوی دا[2].شێی ڕێژەیی بە ڕەگەزێکی گرنگی ئاووهەوایی ئەژمار دەکرێت لە ڕووی گرنگی گەشتوگوزارەوە چونکە ڕۆڵی کارای هەیە لەسەر چالاکی و حەوانەوەی مرۆڤ. پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان شێی ڕێژەیی و پلەی گەرما، چونکە هەردووکیان پێکەوە کاردەکەنە سەر ئاستی حەوانەوەی مرۆڤ، شێی ڕێژەیی نزم لە وەرزی هاویندا هاندەر و پاڵنەرە بۆ گەشتوگوزار بە پێچەوانەی شێی ڕێژەیی بەرز و پلەی گەرمای بەرز کاریگەریی نەرێنی ڕاستەوخۆ دادەنێت لەسەر چالاکی گەشتیاریی، هەروەها لە وەرزی زستان کە پلەکانی گەرما نزم دەبنەوە شێی ڕێژەیی بەرز یارمەتیدەرە بۆ حەوانەوە، زۆربەی گەشتیاران شێی ڕێژەیی مام ناوەند لەنێوان (40% بۆ 50%) و پلەی گەرمی مام ناوەند (25) پلەی سەدی بەکەشێکی خۆشی گەشتیاریی ئەژمار دەکەن[3].

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (1_6) دەتوانین ئەم تێبینی و سەرنجانە بخەینەڕوو سەبارەت بە پەیوەندی شێ بە ڕەخساندنی دەرفەتی چالاکی گەشتیاریی لە ماوەی نێوان ساڵانی 2011 بۆ 2020:

1_ تێکڕای شێی ڕێژەیی مانگەکانی زستان بەرزن، کە دەگاتە (68%)، کانونی دووەم (70.4%) و کانونی یەکەم (68.3) و شوبات (65.5%)، بە پێچەوانەوە تێکڕای شێی ڕێژەیی مانگەکانی هاوین نزمن، کە دەکاتە (26.9%)، تەموز (25.8%) و ئاب (26.9%) و حوزەیران (28.7%).

2_ تێکڕای نزمترین ڕێژەی شێ لە هەریەکە لە مانگی تەموز و ئاب تۆمارکراوە کە بریتیە لە (15.1%) بۆ هەریەکە لەو دوومانگە، وە تێکڕای بەرزترین ڕێژەی شێ لە مانگی کانونی دووەم تۆمار کراوە کە بریتیە لە (86.6%).

3_ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێ لە وەرزی زستان و نزمبوونەوەی لە وەرزی هاوین (وەرزی گەشتیاریی) هاندەرە بۆ بەردەوامی جوڵە و چالاکی گەشتیاریی بە درێژای ساڵ لە ناوچەی توێژینەوە.

4_ تێکڕای شێی ڕێژەیی مانگەکانی نیسان بۆ ئەیلول کە بە کەژی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێت لە ناوچەی توێژینەوە (35.1%)، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و یارمەتی ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاریی دەدات بێ ناڕەحەت بوون، بەتایبەتی لەسێ مانگی هاوینی ڕاستەقینە (حوزەیران، تەموز، ئاب) کە پلەکانی گەرما بەرزە نزمی شێ فاکتەرە بۆ هەستکردن بە ئاسودەیی.

5_ تێکڕای شێی ڕێژەیی مانگەکانی زستان بەرزە کە دەگاتە (68%) ئەمەش بۆ کەشی ناوچەی توێژینەوە کە پلەکانی گەرما لەزستان دادەبەزن بەخاڵی ئەرێنی دادەنرێت، چونکە شێی بەرز و پلەی گەرمای نزم هۆکارن بۆکەمتر هەستکردن بەسەرما و لە ئەنجامیشدا یارمەتی چالاکی گەشتیاریی دەدەن.

---

(1) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، ئاووهەوای لۆکاڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2010، لا 79.

(2) علي حسن موسى، أساسيات علم المناخ، أعادة طبعة الاولى، دارالفكر، دمشق، سورية، 2004، ص 163.

(3) ميلاد جاسم محى الأعرجي، أثرالمناخ على النشاط السياحي لمحافظة السليمانية، مجلة الأداب، ملحق العدد 129، حزيران 2019، ص360.

ج. با:

با پێناسە دەکرێت بەوەی بریتیە لە جوولەی هەوا بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەسەر ڕووی زەوی[1]، ئەم جولەیەش بەهۆی جیاوازی پەستانەوە ڕوودەدات لە ناوچەی پەستان بەرز بۆ ناوچەی پەستان نزم[2]. با ڕەگەزێکی ئاووهەوایی گرنگە کار دەکاتە سەر چالاکیە گەشتیارییەکان لە دوو ڕووەوە، ئەوانیش خێراییەکەی و ئاراستەکەی، بای گەشتیاریی ئەو بایەیە کە لەشێوەی شنەبایەکی لەسەرخۆی خۆشدا بێت، کە خێراییەکەی زۆر نەبێت، واتە گونجاوترین جۆری با بۆ چالاکی گەشتیاریی جۆری شنەبایە کە خێراییەکەی لە نێوان (0.3_1.5) م/چرکەدایە، یان شنەبای لەسەرخۆ کە خێراییەکەی لە نێوان (1.6_2.3) م/چرکەدایە، هەروەها شنەبای خۆش و ئارام کە مرۆڤ لێی ئەحەوێتەوە لە نێوان (3.4_5.5) م/چرکەدایە[3].

با بە گوێرەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی و خێراییەکەی کاریگەریی دادەنێت لەسەر حەوانەوە و تەندروستی مرۆڤ، هەندێ جار فاکتەری ئارامی و خۆشی و حەوانەوەیە و هەندێ جاریش فاکتەری ناڕەحەتی و بێزارکردن، هەروەها با لە کۆنترۆڵی گەرمای جەستەی مرۆڤ کاریگەریی دادەنێت بۆیە زۆرجار با فاکتەری ئارامی دەرونی یان نەخۆش کەوتنی مرۆڤە، لە ڕۆژانی سەرمادا هەڵکردنی با کەشێکی ساردی بێزارکەر بۆ گەشتیار دروستدەکات، کە پێی دەوترێت کاریگەریی ساردکردنەوەی با، لە وەرزی گەرمادا بەهۆی وشك کردنەوەی تەڕایی جەستە، کە لە ئەنجامی گەرمای زۆرەوە پەیدا دەبێت با دەتوانێت کاریگەریی دروست بکات لەسەر خێرا ساردکردنەوەی جەستە، هەروەها خێرایی با کاریگەریی دادەنێت لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ، هەڵکردنی با بە خێراییەکی زۆر دەبێتە هۆی ڕاوەدونانی گەشتیاریی، لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی هەڵکردنی بای خێرا هۆکارە بۆ گواستنەوەی گەردیلەکانی خۆڵ و لمی بیابانی لەئەنجامدا کەشێکی تۆزاوی دروستدەکات، کە بێزارکەرە بۆ گەشتیار، هەندێ جار با دەبێتە هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشی وەکو بای فۆن لە باشووری ئەوروپا یان بای خوماسین لە باکووری ئەفریقیا و میسر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[4]، هەروەها لە ناوچەی توێژینەوە ڕەشەبا هەڵدەکات، ئەم بایە لە وەرزی زستان و هاوینیش هەڵدەکات لە زستاندا سارد و وشکە و لە هاویندا گەرمە، ئەم جۆرە بایە لە شاری سلێمانی بە درێژای ساڵ زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، و لە ناوچە بەرزاییەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی ئاستەنگ بۆ گەشتیاران دروستدەکات بە تایبەتی لە وەرزی سەرمادا دەبێتە فاکتەری ڕاوەدونانی گەشتیاریی لەو ناوچانە[5].

کاریگەریی ئاراستەی با لەسەر چالاکی گەشتیاریی هاوشانی کاریگەریی خێرایی بایە، چونکە ئاراستەی با ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە ڕاکێشان یان ڕاوەدونانی گەشتیاریی لە ڕۆژ و وەرزەجیاوازەکانی ساڵدا، لە ناوچەی توێژینەوە لە وەرزی زستان ئاراستەی بای باکوور لەگەڵ خۆیدا وشکە سەرما یان کزەبایەکی سارد دەهێنێت ئەمەش لەسەر تەندروستی مرۆڤ کاریگەریی خراپی هەیە، بە پێچەوانەشەوە لە وەرزی گەرمادا ئاراستەی بای باشوور یان باشووری ڕۆژئاوا کاریگەریی هەیە لەسەر

---

(1) صالحة مصطفى عيسى، الجغرافية المناخية، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، 2006، ص77.

(2) يحيى نبهان، الأقاليم المناخية، الطبعة الأولي، دارجليس الزمان للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، 2009، ص6.

(3) محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافیەکانی پلان دانانی گەشتیاریی لە قەزای شارباژێڕ، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2015، لا41.

(4) پت توماس، آب وهواشناسى پزشکى، ت.داریوش یاراحمدى، چاپ اول، انتشارات دانشگاه لرستان، خرم آباد، ایران، 1392، ص109 و110.

(5) هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2014، لا 96.

بەرزکردنەوەی پلەکانی گەرما یان دیاردەی خۆڵبارین وتەپوتۆز لە هەندێ ڕۆژی ساڵدا، ئەمانەش دواجار کاریگەریی نەرێنی دروستدەکەن لەسەر چالاکی گەشتیاریی.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان با و لێکەوتەی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پشت بەستن بە خشتەی (1_6) دەتوانین کۆی سەرنج و تێبینیەکانمان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

1_ تێکڕای ساڵانەی خێرایی با کەمترە لە (2) مەتر/چرکە، واتە (1.2) مەتر/چرکەیە، ئەمەش ڕێگری ناکات لە چالاکی گەشتیاریی.

2_ تێکڕای بەرزترین خێرایی با لە وەرزی هاویندایە، کە دەگاتە (1.5) م/چرکە، ئەمەش کەژێکی خۆش دروستدەکات چونکە لەوەرزی هاوین پلەکانی گەرما لە ناوچەی توێژینەوە بەرزە بۆیە با کاریگەریی دروستدەکات لەسەر دابەزینی پلەکانی گەرما.

3_ بەشێوەیەکی گشتی شاری سلێمانی تووشی دوو جۆر با دەبێتەوە یەکەمیان ڕەشەبایە کە ئەمەش لە چەند ڕۆژێکی ساڵدا دووبارە دەبێتەوە و لە وەرزی سەرمادا کەژێکی ساردی بێزارکەر دروستدەکات بۆ گەشتیار، دووەمیان شنەبایەکی خۆشی لە سەرخۆیە، کە کەژێکی فێنکی خۆش دروستدەکات بەتایبەتی لەوەرزی گەرمادا کە دەبێتە هۆکاری حەوانەوەی گەشتیار.

4_ بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە دووچاری گەردەلولی بەهێز و وێرانکەر و بای توندی هەمیشەیی نابێتەوە بەدەگمەن نەبێت، ئەمەش بەراورد بەچەند ناوچەیەکی دیکەی جیهان بەخاڵی ئەرێنی دادەنرێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار، بەڵام لە چەند ڕۆژێکی ساڵدا بەهۆی کاریگەریی هەڵکردنی بای توند لە بەشی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ناوچەکە، دیاردەی گەردەلولی تەپوتۆزاوی لە بیابانەکانی ناوچەعەرەبیەکانەوە هەڵدەکات و کاریگەریی دروستدەکات لەسەر ناوچەی توێژینەوە و کەژێکی ناڕەحەت بۆ گەشتیار دروستدەکات[1].

د. دابارین:

دابارین بریتیە لە هەموو شێوەکانی تەڕایی (ئاو)، کە لە هەواوە دێنە سەر زەوی و چەندین جۆریان هەیە وەك (باران، تەرزە، بەفر)[2]. چڕبوونەوەش پێناسەدەکرێت بە کرداری گۆڕانی ئاو لە باری گازییەوە بۆ باری شلی، کرداری چڕبوونەوە گرنگی زۆری هەیە بۆ کردارەکانی بەرگەهەوا و بنەمای پێکهاتنی دیاردە جۆراوجۆرەکانن، وەك هەور و تەم و شەونم و زوقم[3]. هەموو دیاردەکانی دابارین و چڕبوونەوە بە نەرێنی ئەژمار دەکرێن لە ڕووی گەشتوگوزار و جوڵەی گەشتیارییەوە جگە لە بەفر. باران و تەرزە ڕێگرن لە چالاکی گەشتیاریی و دەبنەهۆی ناڕەحەتی و نەخۆشی گەشتیار بەتایبەتی لە وەرزی سەرمادا، هەور لە وەرزی زستان دا دەبێتە هۆکاری شاردنەوەی تیشکی خۆر و نزمکردنەوەی پلەکانی گەرما، تەم ڕێگرە لە چالاکی گەشتیاریی، چونکە گرفتی بینین و ئاستەنگی هاتووچۆ دروستدەکات لە ڕێگاوبانەکان، بەڵام بەفر کەشێکی

---

(1) شۆخان محمداحمد، ئاووهەوا وپەیوەندی بەهەندێك لەنەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسەدان(پارێزگای سلێمانی وەك نمونە بۆلێکۆڵینەوە)، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، سلێمانی، 2019، لا34.

(2) علی أحمد غانم، جوگرافیای ئاووهەوا، و.سعید بشیر مستەفا، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەژار موکریانی بۆ بڵاوکردنەوە، هەڵەبجەی شەهید، 2013، لا 166.

(3) علی أحمد غانم، جوگرافیای ئاووهەوا، و.گۆران رشید ئیمامی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشك، سلێمانی، 2009، لا208.

گەشتیاریی دەڕەخسێنێت بۆ ئەوانەی ئارەزووری یاری خلیسکێنەی سەربەفر دەکەن، ئەمەش بە ڕوونی لە ناوچە شاخاوییەکانی سویسرا و نەمسا و ئیتالیا ڕەنگی داوەتەوە، کە ساڵانە دەیان هەزار گەشتیار و وەرزشکار بۆلای خۆی ڕادەکێشێت. هەروەها بەفر فاکتەری راکێشانی گەشتیارە لەو ناوچەشاخاوییانەی نزیك ناوچە گەرمەکانن و دیاردەی بەفربارین تێیدا بەدەگمەن ڕوودەدات، بۆنمونە لوبنان لە وەرزی بارینی بەفردا دەبێتە جەمسەری راکێشانی گەشتیاری ناوچە گەرمە عەرەبیەکان، وەك ناوچەی کەنداوی عەرەبی، ناوچەشاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان لە وەرزی بەفربارین دەبێتە ڕووگەی هەزاران گەشتیاری ناوچەکانی خوارووی عێراق.

سەبارەت بەناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی خشتەی (1_6) لە ماوەی ساڵانی 2011 بۆ 2020 تێکرای بڕی بارانی ساڵانەی بریتی بووە لە (758.5) ملم، کەمترین بڕی باران بارین لە هەردوو مانگی تەموز و ئاب (سفر) ملم بووە، و زۆرترین بڕی باران بارین لە مانگی ئازاردا بووە (133) ملم، هەروەها ژمارەی ئەو ڕۆژانەی تێیدا باران دەبارێت نزیك دەبێتەوە لە (90) ڕۆژ، کە دەکاتە لە (25%)ی ڕۆژەکانی ساڵ. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ژمارەی ڕۆژەکانی هەور و تەم و باران و تەرزە لە وەرزی گەشتیاریی مایس بۆ ئەیلول لە ناوچەی توێژینەوە زۆرکەمە، ئەمەش بەخاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت ئەگەر بەراورد بکرێت بەوناچانەی لە کەژی گەشتیاریی مایس ئەیلول ژمارەی ڕۆژەکانی هەور و باران و تەم و تەرزەیان زۆرە، وەك باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئەوروپا، کەنارئاوەکانی فەڕەنسا و ئیسپانیا و ئیتاليا، یان کەنارئاوەکانی دەریای قەزوین لە باکووری ئێران.

سەبارەت بە بارینی بەفر لە ناوچەی توێژینەوە، تێکرای ساڵانەی ڕۆژەکانی بەفر بارین لەماوەی ساڵانی 2011 بۆ 2020 تەنها (3) ڕۆژە، هەرچەندە ئەستوری و ماوەی مانەوەی کەمە و لە چەند کاتژمێرێك تێپەڕناکات، بەهۆی نزمی ناوچەی توێژینەوە و بەرزی پلەکانی گەرما بەراورد بەناوچە شاخاوییە بەرزەکانی دەوروبەری وەك شاخی ئەزمەڕ وگۆیژە، کە بەرزی هەریەکەیان بەدوای یەکدا (1666) مەتر (1650) مەترە[1]، ئەمەش هۆکارە بۆنزمی پلەکانی گەرما لەسەر لوتکەی ئەم شاخانە و لەئەنجامیشدا ڕۆژەکانی بەفر بارین برێکی زیاتر بەفری لێدەبارێت و بۆ ماوەیەکی زیاتریش بەفری پێوە دەمێنێتەوە، هەڵکەوتەی شاری سلێمانیش بەقەد پاڵی ئەم دووشاخە و نزیکی گەشتن پێی لە ڕۆژانی بەفربارینـدا کەژێکی خۆشی گەشتیاریی بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری تەنانەت بۆ شارەکانی دیکەی هەرێم و ناوەڕاستی عێراق دەڕەخسێنێت، کە ساڵانە هەزاران گەشتیار بەهۆی بەفر بارینەوە ڕوو لەم ناوچەیە دەکەن.

بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (1_8) ساڵی 2015 زۆرترین بڕی بەفر باریوە لەناوچەی توێژینەوە، کە دەکاتە (35) سم، کەمترین بڕیش لە هەردوو ساڵی 2018 و 2020 دا بووە کە بڕەکەی سفر سم تۆمار کراوە، تێکرای ڕۆژەکانی بەفر بارینی ساڵانەش دەکاتە (3) ڕۆژ. ئەمەش بەراورد بە هەندێ ولاَتی دراوسێ وەك تورکیا ڕێژەیەکی کەمترە و بەروارد بەناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشوری عێراق ڕێژەیەکی باشە، چونکە ئەو ناوچانە هەژارن لە رووی بەفر بارینەوە و ئەمەش دەبێتە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیار بە شێوەی بەرچاو بۆ ناوچەی توێژینەوە لە ڕۆژانی بەفربارینـدا.

---

(1) ميهربان نوشيروان فؤاد، محافظة السليمانية دراسة في الجغرافية الاقليمية، أطروحة دكتوراه(غير منشورة)، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، السليمانية، 2014، ص21.

خشتەی (1_8)

بڕی بەفری باریوی ساڵانە (سم) لەگەڵ تێکڕای ساڵانەی ڕۆژەکانی بەفر بارین

| ساڵ | بڕی بەفر (سم) | تێکڕای ساڵانەی ڕۆژەکانی بەفر بارین |
|---|---|---|
| 2011 | 4 | 3 |
| 2012 | 12 | |
| 2013 | 9 | |
| 2014 | 2 | |
| 2015 | 35 | |
| 2016 | 12 | |
| 2017 | 11 | |
| 2018 | 0 | |
| 2019 | 13 | |
| 2020 | 0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، فەرمانگەی کەشناسی سلێمانی، داتای بلاٌونەکراوە،2021 .

### 1. 1. 4. ڕۆڵی ئاووهەوا لە چالاکی گەشتیاریی بەگوێرەی پۆلێنی تێرجنج:

پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئاووهەوا و چالاکی گەشتیاریدا، چونکە ئاووهەوا لە هەر ناوچەیەکدا دەبێتە فاکتەری ڕاکێشان یان وەدەرنانی گەشتیاریی. بەڵام ڕۆڵی ئاووهەوا لە ناوچە جیاوازەکانی سەرڕووی زەوی لە چالاکی گەشتیاریدا وەك یەك نیە، تەنانەت پێکهاتەی فسیۆلۆجی و جۆری هەستیاریی لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین پۆلێنی تێرجنج بۆ ئاووهەوای گەشتیاریی ڕوونبکەینەوە.

گرنگترین ڕەگەزەگانی ئاووهەوا کە مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان تیشکی خۆر و پلەی گەرما و شێ و دابارین و بایە. بۆنمونە بۆ کەشی ئەوروپا بوونی تیشکی خۆر و پلەی گەرمی لەگەڵ شێ و بارانێکی کەم یارمەتیدەرە بۆ چالاکی گەشتیاریی بەپێچەوانەی ناوچەی توێژینەوە، کە دەکەوێتە باکووری عێراق ئاووهەواکەی بەوە ناسراوە کە گەرم و نیمچە وشکە، ئەمەش بوونی تیشکی ڕۆژی بەردەوام و پلەی گەرمی بەرز ئاستەنگە بۆ چالاکی گەشتیاریی لە وەرزی گەرمادا. باران فاکتەری مانەوەی مرۆڤە لە شوێنی داخراو، بۆیە ڕۆژانی باران بارین مرۆڤ زیاتر هەوڵدەدات لەماڵەکانیان بمێننەوە، ئەمەش هۆکاری کەمی چالاکی گەشتیارییە بەتایبەتی لەناوچە شێدار و باراناوییەکان وەك ڕۆژئاوای ئەوروپا، بەڵام فاکتەری باران زیاتر لەوەرزی زستان کاریگەریی دروستدەکات لە سەر چالاکی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە، چونکە هاوینی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی وشکە. با لە ناوچە ساردەکان فاکتەری وەستاندنی جوڵەی گەشتیارییە بەتایبەتی لە وەرزە ساردەکان، بەڵام بۆ ناوچە گەرمەکان با فاکتەری نزمکردنەوەی پلەی گەرمایە و دروستکردنی کەشێکی خۆشە بەتایبەتی

لە وەرزی هاوین لە ناوچە گەرمەکان[1]. ئاووهەوای گەشتیاریی پێناسە دەکرێت بە ئاووهەوایەکی ئاسودەیی نمونەیی لەڕووی پلەی گەرمی و شێ و خێرایی با و ڕەگەزەکانی دیکەی ئاووهەوا، کە مرۆڤ هەست بەحەوانەوە و ئارامی بکات بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامرازێکی گەرم کەرەوە یان فێنك کەرەوە، کە ئەمەش کەشێکی خۆشی بێ گرفت و ئاستەنگ و چەڵەمە بۆ گەشتیار دروستدەکات کە تێیدا بحەوێتەوە و بتوانێت بە ئەوپەڕی وزەوە چالاکیە گەشتیارییەکانی ئەنجام بدات[2].

تێرجنج (terjung) لە ساڵی 1966 پۆلێنێکی ئاووهەوایی داهێنا لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تا ئێستاش پۆلێنی تێرجنج بە یەکێك لە نوێترین و باشترین پۆلێنەکانی ئاووهەوای گەشتیاریی دادەنرێت لەبەر ڕەچاوکردنی کاریگەریی زۆرترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوایی لەسەر حەسانەوەی مرۆڤ[3]. پۆلێنی تێرجنج دادەنرێت بە یەکێك لە پڕبایەخترین پۆلێنەکانی ئاووهەوای گەشتیاریی لە بەر توانای پراکتیزەکردنی ئەم پۆلێنە لە جوگرافیای گەشتوگوزار و تەندروستی لەبەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

1_ توانای دیاریکردنی باشترین ناوچەی گونجاو بۆگەشتوگوزار و حەوانەوە و کات بەسەربردن.

2_ دیاریکردنی باشترین کات لە ڕۆژ و مانگ و ساڵ بۆ حەوانەوە و پشوودان.

3_ یارمەتی دیاریکردن و هەڵبژاردنی جۆری جلوبەرگی گونجاو و جۆری چالاکی گونجاو کە مرۆڤ دەتوانێت لە کاتی گەشتوگوزاردا ئەنجامی بدات.

4_ توانای دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ناوچەی گەشتوگوزاری نوێ و نەناسراو.

5_ توانای دەستنیشانکردنی ناوچەی حەوانەوەی مرۆڤ، گونجاو لە ڕووی تەندروستی، هەروەها دیاریکردنی ئەو ناوچانەی دەتوانن مرۆڤ لە هەندێ نەخۆشی هەستیاری بە ئاووهەوا بپارێزن[4].

لایەنی ئەرێنی ئاماژەی تێرجنج بەکارهێنانی تەواوی ڕەگەزە ئاووهەوایەکانە، وەك پلەی گەرمی، شێ، با و کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی خۆرە، بۆیە پێوەرەکەی لە دوو چوارچێوەی ئاووهەوایی جیاوازدا نمایش کراوە، یەکەمیان بریتیە لە ئاماژەی حەوانەوە و دووەمیش ئاماژەی سارکردنەوەی با، کە لە خوارەوە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەخەینەڕوو:

1_ تێکڕای بەرزترین و نزمترین پلەکانی گەرمی مانگانە.

2_ تێکڕای بەرزترین و نزمترین ڕێژەی شێی مانگانە.

3_ ژمارەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاوی ڕاستەقینە (فعلی) و تیشکی خۆری تیۆری (نظری).

4_ تێکڕای خێرایی مانگانەی با بە مەتر/چرکە[5].

---

(1) سعد ابراهيم حمد، أثرالمناخ على صناعة السياحة في العراق، مجلة أبحاث كلية التربية الأساسية، المجلد(10)، العدد(2)، 2010، ص 446.

(2) نشوان شكري عبدالله، تحديد أيام الراحة (المناخية_ الفسيولوجية) في مدينة دهوك، مجلة التربية والعلم، كلية التربية، جامعة الموصل، المجلد(11)، العدد(4)، 2004، ص1.

(3) أوراس غني عبدالحسين الياسري، استخدام المعايير الراحة المناخية (دراسة تطبيقية على محافظة نينوى)، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة بغداد، كلية التربية للبنات، 2003، ص56.

(4) على حسن موسى، المناخ الحيوي، الطبعة الأولى، نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا، 2002، ص69.

(5) الامام عمر الامام، المناخ وأثره في تحديد الشعور البشري بالراحة في منطقة بحرالأحمر، أطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، جامعة الخرطوم، كلية الآداب، السودان، 2010، ص96.

بۆ ئەژماری ئاماژەی حەوانەوە و کاریگەریی ڕۆژانە و شەوانەی با و دیاریکردنی ئاووهەوای فسیۆلۆجی و هەرێمە ئاووهەواییە فسیۆلۆجیەکان ئەم قۆناغانەی خوارەوە پەیڕەوە دەکەین:

یەکەم/ ئەژمارکردنی ئاماژەی حەوانەوەی (ڕۆژ و شەو) بەپشت بەستن بەهەر دوو ڕەگەزی پلەی گەرمی و شێ بە بەکارهێنانی کلێشەی گەرمای کارا، کە لە لایەن تێرجنج دانراوە، کە ناوەندی ڕۆژانەی بەرزترین پلەکانی گەرمی و شێی نزم بۆ ئاماژەی حەوانەوەی ڕۆژانە، وە ناوەندی ڕۆژانەی نزمی پلەی گەرما و شێی بەرز بۆ ئاماژەی حەوانەوە شەو، بە کۆکردنەوەی ئەنجامی ئاماژەی حەوانەوەی ڕۆژ و ئەنجامی حەوانەوەی شەو حەوانەوەی لێکدراوی شەو و ڕۆژ (ڕۆژانە) دەستدەکەوێت، لەخشتەی (1_9) جۆری حەوانەوەکان دەستنیشانکراوە، لە کاتێکدا لە خشتەی (1_10) هێماکانی ئاماژەی حەوانەوە دەردەخەن.

هێڵکاری (1_1)

هێڵکاری ئاماژەی حەوانەوەی تێرجنج




کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1. نعمان شحادة، انماط المناخ الفسيولوجية في الاردن(دراسة تطبيقية للعلاقة بين المناخ واحاسيس الناس)، مجلة دراسات، المجلد الثاني عشر، العدد الثاني، 1985، ص56.

2. أحمد محمد جبريل ثابت، المناخ وأثره على راحة وصحة الانسان في الضفة الغربية و قطاع غزة_ فلسطين(دراسة في المناخ التطبيقي)، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، الجامعة الاسلامية ، كلية الاداب، غزة، فلسطين، 2011، ص124.

خشتەی (1_9)

هێما و چەمکەکانی ئاماژەی حەوانەوەی تیرجنج

| هێما | هەستکردنی زۆرینەی خەڵك | گروپ | سنوری پلەی سەدی |
|---|---|---|---|
| -6 | ئەوپەڕی ساردی | Ultra cold | ژێر 40- |
| -5 | زۆر زۆر سارد | Extremely cold | 40- بۆ 20- |
| -4 | زۆرسارد | Very cold | 20- بۆ 10- |
| -3 | سارد | Cold | 10- بۆ 1.7+ |
| -2 | سارد بەرەوفێنك | Keen | 1.7 بۆ 15.6 |
| -1 | فێنك | Cool | 15.6 بۆ 17.8 |
| 0 | ئاسودە(خۆش وسازگار) | Moderate | 17.8 بۆ 22.2 |
| +1 | گەرم | Warm | 22.2 بۆ 25.6 |
| +2a | زۆرگەرم | Hot | 23.3 شێی ڕێژەیی سەرو ٪70 |
| +2b | زۆر زۆر گەرم | Very hot | 25.6 بۆ 30.5 |
| +3 | ئەوپەڕی گەرمی | Extremely hot | سەروی 30.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1. مهدی صالحی و خداکرم حاتمی بهمن بیگلو، زیست اقلیم انسانی استان فارس، مجله رشد آموزش جغرافیا، دوره سی ام، شماره 1، پاییز 1394، ص5.

2. میترا گلستانی وهمکاران، سنجش پارامترهای اقلیمی باهدف توسعه بوم گردی (اکوتوریسم) درشهرستان نور، مجله علمی و ترویجی نیوار، شماره 90 و91، پاییز و زمستان 1394، ص58.

3. فائزه هدایتی راد و همکاران، ارزیابی شاخص های زیست اقلیمی مؤثر بر آسایش انسان، مجله علوم وتکنولوژی محیط زیست، دوره هجدهم، ویژەنامه شماره 3، زمستان 1395، ص27.

خشتەی (10_1)

هێماکانی ئاماژەی حەوانەوەی ئاوێتە (شەو و ڕۆژ) بەگوێرەی یاسای تیرجینج*

| هێمای حەوانەوەی لێکدراو | هێمای حەوانەوەی شەو و ڕۆژ | هێمای حەوانەوەی لێکدراو | هێمای حەوانەوەی شەو و ڕۆژ |
|---|---|---|---|
| M1 | 0/0 | EH1 | +3/+2b |
| M2 | 0/-1 | EH2 | +2/+2a |
| M3 | 0/-2 | EH3 | +3/+1 |
| M4 | 0/-3 | EH4 | +3/0 |
| etc… | etc… | EH5 | +3/-1 |
| C1 | -1/-1 | etc… | etc... |
| C2 | -1/-2 | S1 | +2b/+2b |
| C3 | -1/-3 | S2 | +2b/+2a |
| etc… | etc… | S3 | +2b/+1 |
| K1 | -2/-2 | S4 | +2b/0 |
| K2 | -2/-3 | S5 | +2b/-1 |
| K3 | -2/-4 | etc… | etc… |
| etc… | etc… | H1 | +2a/+2a |
| CD1 | -3/-3 | H2 | +2a/+1 |
| CD2 | -3/-4 | H3 | +2a/0 |
| CD3 | -3/-5 | H4 | +2a/-1 |
| etc… | etc… | H5 | +2a/-2 |
| VC1 | -4/-4 | etc… | etc… |
| VC2 | -4/-5 | W1 | +1/+1 |
| etc… | etc… | W2 | +1/0 |
| EC1 | -5/-5 | W3 | +1/-1 |
| etc… | etc… | W4 | +1/-2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

Terjung, W. H, physiology climates of the conterminous united states, op.cit, p 178.

* هێماکانی ناو خشتەکەی سەرەوە ئەم واتایانەی لای خوارەوەیان هەیە:

EC=Extremely Cold K=Keen M=Mild H=Hot EH=Extremely Hot

VC= Very Cold C=Cold W=Warm S=Sultry CD=Cold Moderately

دووەم/ ئەژمارکردنی ئاماژەی با (ڕۆژ و شەو): پلەی گەرمی و خێرایی با دادەنرێن بە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کە ئاماژەی سارکردنەوەی با پشتیان پێدەبەستێت[1]، یەکێکی دیکە لە ئاماژەکانی حەوانەوە و ئاسودەیی مرۆڤ ئاماژەی با و کاریگەریی ساردکرنەوەیەتی، کە لە بنەڕەتدا زانینی قەبارەی پاڵپێوەنانی ووزە بەگوێرەی کیلۆکالۆری لە ماوەی یەك کاتژمێر لە ڕووبەری (1) مەتر چوارگۆشە، لە سەر ڕووی لەش بەبێ ئەنجامدانی چالاکی لەش لە پلەی گەرمی ئاسایی پێست کە (33) پلەی سەدی بێت. کەواتە با لە بنچینەدا کاردەکاتە سەر دابەزینی پلەی گەرمی لەش بەڵام لەنێوان شەو و ڕۆژدا کاریگەرییەکەی جیاوازە، لەبەر هۆکاری بوونی تیشکی خۆر لە ڕۆژدا کاریگەریی ساردکەرەوەی با کەم دەکات بەراورد بەشەو[2].

ئەژمارکردنی ئاماژەی کاریگەریی با لە ڕۆژدا بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەبێت:

1/ بەکارهێنانی هاوکێشەی سبل و بازل (sipple & passel)، بەپشت بەستن بە ناوەندی ڕۆژانەی بەرزترین پلەکانی گەرمی و ناوەندی ڕۆژانەی خێرایی با کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە.

$$K = (10\sqrt{V} + 10.45 - V)(33 - T)$$

K = تێکڕای ساردکردنەوەی با

V = خێرایی با (مەتر/ چرکە)

T = پلەی گەرما (سەدی)

2/ ئەنجامی هەنگاوی یەکەم لێکدانی ژمارەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاوی تیۆری دەکرێت.

3/ ژمارەی کاتژمێرەکانی خۆرهەڵاتنی ڕاستەقینە لێکدانی (200 کیلۆکالۆری م2/کاتژمێرێك) دەکرێت، ئەمەش ئەو بەها ناوەندییە تێرجنج خەملاندوویەتی بۆ کاریگەریی تیشك لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەریی با.

4/ بەهای هەنگاوی (3) لە بەهای هەنگاوی (2) دەردەکرێت.

5/ ئەنجامی هەنگاوی (4) دابەشی ژمارەی کاتژمێرەکانی تیشکی خۆری تیۆری دەکرێت[3].

---

(1) عبدالناصر رشاش علي، المناخ وأثره علي النشاط البشري بمحافظتي دمياط و سوهاج بمصر(دراسة في جغرافية المناخ التطبيقي)، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة طنطا، كلية الاداب، 2005، ص130.

(2) کاظم علی آبادی و عباسعلی داداشی رودباری، ارزیابی تطبیقی اقلیم گردشگری سبزوار، همایش بین المللی علمی راهبردی توسعه گردشگری جمهوری اسلامی ایران، چالشها وچشم اندازها، مشهد، مهرماه 1393، ص7.

(3) بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ. مینا خزائی علی آبادی وهمکاران، ارزیابی شاخص های زیست اقلیمی مؤثر بر آسایش انسان وتأثیر آن درگردشگری(مطالعه موردی شهر نوشهر)، فصلنامه علمی _ پژوهشی سرزمین، سال دوازدهم، شماره 46، تابستان 1394، ص127.

ب. نعمان شحادة، المناخ العملي، مطبعة النور النموذجية، 1983، ص186.

ج. A.A.Musari ,M.A. Ajayi, O.A. Abatan, Discomfort Indices in North_Eastern Nigeria, IOSR Journal of Applied Physics, volume 6, Issue 4, (Jul_Aug .2014), pp 36.

بەڵام لە شەودا لەبەر ئەوەی کاریگەریی تیشکی خۆر نامێنێت، بۆیە تەنها ئەژماری کاریگەریی ساردکردنەوەی با بۆ لەش دەکرێت، ئەویش بە یەکێك لەم دوو ڕێگایە:

1/ بەکارهێنانی هاوکێشەی سبل و بازل بە پشت بەستن بە ناوەندەکانی ڕۆژانەی نزمترین پلەی گەرمی و ناوەندی خێرایی با.

2/ بەکارهێنانی کلێشەی تایبەتی بە پشت بەستن بە ئەژمارکردنی ئاماژەی ڕۆژانە و شەوانەی با و پاش کۆکردنەوەیان ئاماژەی لێکدراوی ڕۆژانەی لێ دەردەهێنرێت[1]، بڕوانە هێڵکاری (1_2).

هێڵکاری (1_2)

هێڵکاری تێرجنج بۆ کاریگەریی ساردکردنەوەی با




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. نعمان شحادة، انماط المناخ الفسيولوجية في الاردن (دراسة تطبيقية للعلاقة بين المناخ واحاسيس الناس)، مصدرسابق، ص58.

2. سلام هاتف احمد الجبوري، علم المناخ التطبيقي، الطبعة الأولى، بدون ذكر مطبعة أو مكان الطبع، 2014، ص146.

(1) نيشان سورين موسس، مقومات صناعة السياحة في محافظة دهوك (تحليل جغرافي)، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، اربيل، 2004، ص97 و98.

خشتەی (1_11)

هێما و ئاماژەی کاریگەری ساردکەرەوەی با و جۆری هەستەکان

| هێما | کاریگەری سارد کەرەوەی با کیلۆکالۆری م2/ کاتژمێر | هەستکردنی زۆربەی خەڵك |
|---|---|---|
| -h | زیاتر لە 1400 | گۆشت و ئەو بەشانەی ڕاستەوخۆ بەرهەوا دەکەون دەیبەستێت |
| -g | 1400 بۆ 1200 | بایەکی تا ئەو پەڕی سارد |
| -f | 1200 بۆ 1000 | بایەکی زۆر سارد |
| -e | 1000 بۆ 800 | بایەکی سارد |
| -d | 800 بۆ 600 | بایەکی زۆر فێنك یان مام ناوندی مەیلەو سارد |
| -c | 600 بۆ 300 | بایەکی فێنك یان کەم سارد |
| -b | 300 بۆ 200 | بایەکی خۆش وگونجاو |
| -a | 200 بۆ 50 | بایەکی کەم کاریگەر |
| N | 50 بۆ 80- | بایەکی نەگەرم ونەسارد |
| A | 80- بۆ 160-* | بایەکی مەیلەو گەرم گەرمای لەش بەرز دەکاتەوە، پێست هەست بەگەرم بوون و وشك بوون دەکات |
| B | 80- بۆ 160-** | بایەکی نەگونجاو، هەستکردن بەگەرما و بێزاری |
| C | زیاتر لە 160-*** | بایەکی بێزارکەر، هەستکردن بەگەرمایەکی زۆر ناڕەحەت و بێزارکەر |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1.حسین محمدی و علی سعیدی، شاخص های زیست اقلیمی مؤثر بر ارزیابی آسایش انسان (مطالعة موردی شهر قم)، مجله محیط شناسی، سال سی وچهارم، شماره 47، پاییز 1387، ص83.

2. .مهدی صالحی و خداکرم حاتمی بهمن بیگلو، منبع قبلی،ص6.

*کاتێك ڕوودەدات پلەی گەرمی لە نێوان (30 بۆ 33) پلەی سەدی دابێت.

**کاتێك ڕوودەدات پلەی گەرمی زیاتر بێت لە (30) پلەی سەدی.

***کاتێك ڕوودەدات پلەی گەرمی زیاتر بێت لە (35.5) پلەی سەدی.

سێیەم/ لەئەنجامی کۆکردنەوەی ئاماژەی حەوانەوەی لێکدراوی ڕۆژانە و ئاماژەی سارکردنەوەی بای لێکدراوی ڕۆژانە، جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی تەواوی مانگەکانی سالْمان بۆ دەردەکەوێت[1].

خشتەی (1_12)

ئاماژەی ئاوێتە (ڕۆژانە)ی کاریگەری با

| ئاماژەی ئاوێتە | ئاماژەی ڕۆژانە | ئاماژەی ئاوێتە | ئاماژەی ڕۆژانە | ئاماژەی ئاوێتە | ئاماژەی ڕۆژانە | ئاماژەی ئاوێتە | ئاماژەی ڕۆژانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C1 | c/-a | A4 | a/-d | -b2 | -b/-c | -d4 | -d/-g |
| C2 | c/-b | N1 | n/-a | -b3 | -b/-d | -e1 | -e/-e |
| C3 | c/-c | N2 | n/-b | -b4 | -b/-e | -e2 | -e/-f |
| B1 | b/-a | N3 | n/-c | -c1 | -c/-c | -e3 | -e/-g |
| B2 | b/-b | N4 | n/-d | -c2 | -c/-d | -e4 | -e/-h |
| B3 | b/-c | -a1 | -a/-a | -c3 | -c/-e | -f1 | -f/-f |
| B4 | b/-d | -a2 | -a/-b | -c4 | -c/-f | -f2 | -f/-g |
| A1 | a/-a | -a3 | -a/-c | -d1 | -d/-d | -f3 | -f/-h |
| A2 | a/-b | -a4 | -a/-d | -d2 | -d/-e | -g1 | -g/-g |
| A3 | a/-c | -b1 | -b/-b | -d3 | -d/-f | -h1 | -h/-h |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1. علی حسن موسی، المناخ والسیاحة، مصدرسابق، ص82.
2. علی حسن موسی، المناخ الحیوي، مصدرسابق، ص71.
3. سلام هاتف احمد الجبوري، مصدرسابق، ص148.

(1) پیمان مظفر صالح قادر، تأثیر المناخ في الراحة الأنسان للنشاط السیاحی في قضاءي کلار و شارباژیر، رساله ماجستیر(غیرمنشورة)، جامعة السلیمانیة، کلیة العلوم الانسانیة، السلیمانیة، 2016، ص52.

خشتەی (13_1)

ئاماژەی حەوانەوە و کاریگەری ساردکەرەوەی با لە شاری سلێمانی بەگوێرەی پۆلێنی تێرجنج

| مانگ | ئاماژەی حەوانەوەلە ڕوژدا | ئاماژەی حەوانەوەلە شەودا | ئاماژەی حەوانەوەی لێکدراو | ئاماژەی سارکردنەوەی با لە ڕۆژدا | ئاماژەی سارکردنەوەی با لە شەودا | ئاماژەی کاریگەری بای لێکدراو | جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **کانونی 1** | -2 | -2 | K1 | -b | -c | -b2 | K1/-b2 |
| **کانونی 2** | -2 | -2 | K1 | -c | -d | -c2 | K1/-c2 |
| **شوبات** | -2 | -2 | K1 | -b | -c | -b2 | K1/-b2 |
| **ئازار** | -1 | -2 | C2 | -b | -c | -b2 | C2/-b2 |
| **نیسان** | 0 | -2 | M3 | -a | -c | -a3 | M3/-a3 |
| **مایس** | +1 | -1 | W3 | n | -c | N3 | W3/n3 |
| **حوزەیران** | +2A | 0 | H3 | c | -b | C2 | H3/c2 |
| **تەموز** | +2A | 0 | H3 | c | -a | C1 | H3/c1 |
| **ئاب** | +2A | 0 | H3 | c | -a | C1 | H3/c1 |
| **ئەیلول** | +2A | -2 | H5 | c | -c | C3 | H5/c3 |
| **تشرینی 1** | +1 | -2 | W4 | n | -c | N3 | W4/n3 |
| **تشرینی 2** | -1 | -2 | C2 | -a | -d | -a4 | C2/-a4 |

کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: خشتەی (1_6)، (1_9)، (1_10)، (1_11)، (1_12).

بەپشت بەستن بەخشتەی سەرەوە دەتوانین کۆی تێبینی و سەرنجەکانمان لە سەر ئاماژەی حەوانەوە و جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی ناوچەی توێژینەوە ڕوونبکەینەوە:

1_ هێمای ئاووهەوای فسیۆلۆجی مانگی کانونی یەکەم لەشاری سلێمانی (K1/-b2): واتە پلەکانی گەرمای ڕۆژانە سارد و هەندێك جار مەیلەوفێنکە، بە ڕۆژدا بایەکی فێنکی هەیە بەلآم بەشەودا بایەکی کەمێك ساردی هەیە، واتە ئاووهەوای فسیۆلۆجی ناوچەی توێژینەوە لە مانگی کانونی یەکەم بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە.

2_ هێمای مانگی کانونی دووەم (K1/-c2): ئاووهەوای فسیۆلۆجی شاری سلێمانی لەمانگی کانونی دووەم بە ڕۆژدا فێنك بەرەوسارد، هەروەها بە ڕۆژدا بایەکی مەیلەوساردی هەیە، بەشەو بایەکی سارد هەیە، کە کاریگەریی دادەنێت لەسەر دابەزینی پلەکانی گەرما، بۆیە شەو و ڕۆژی مانگی کانونی دووەم لە ناوچەی توێژینەوە بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە.

3_ هێمای مانگی شوبات (K1/-b2): واتە لە ڕۆژدا تاڕادەیەك ئاووهەواکەی خۆش و فێنکە بەلآم لە شەودا مام ناوەندی ساردە واتە زیاتر بەلای کەژی سەرمادا دەڕوات، هەروەها لە ڕۆژدا بایەکی خۆشی مام ناوەندی هەیە، بەلآم لەشەودا بایەکی

ساردکەرەوەی هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین کەژی ڕۆژی مانگی شوبات لە ناوچەی توێژینەوە بۆ چالاکی گەشتیاریی دەبێت بە بەکارهێنانی هەندێ جل وبەرگی زستانە، بەڵام کەژی شەوانی مانگی شوبات بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە.

4_ هێمای حەوانەوەی مانگی ئازار (C2/-b2): ئاووهەوای فسیۆلۆجی شاری سلێمانی لە مانگی ئازاردا بە ڕۆژدا فێنکە و بەشەودا فێنك و مەیلەوساردە، لە ڕۆژدا بایەکی فێنکی خۆش هەڵدەکات بەڵام لەشەودا بایەکی مەیلەوسارد هەڵدەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەتاکانی مانگی ئازار لە شەودا کەژی گەشتیاریی نیە، بەپێچەوانەی کۆتاییەکانی مانگی ئازار لە ڕۆژدا بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاوە.

5_ هێمای حەوانەوەی مانگی نیسان (M3/-a3): بەڕۆژ مام ناوەند و خۆش بەشەو کەمێك سارد واتە فێنك دەبێت، با لە ڕۆژدا کاریگەریی بێهیزە، بەڵام لەشەودا لەسەرەتای مانگەکەدا کەمێك بەلای سارد و لەکۆتایی مانگەکە بەلای فێنك دا دەبێت، کەواتە مانگی نیسان لە ناوچەی توێژینەوە کەژێکی خۆشی گەشتیاریی هەیە بەتایبەتی لە ڕۆژدا، لە شەودا تەنها بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی پێویستی بە جل و بەرگێکی تاڕادەیەك گەرم هەیە.

6_ هێمای حەوانەوەی مانگی مایس (W3/n3): ئاووهەوای فسیۆلۆجی مانگی مایس  ڕۆژی گەرم و شەوی فێنك دەبێت، با لە ڕۆژدا نە گەرمە و نە سارد، بەڵام لە شەودا هەندێك مەیلەوفێنکە، ناوچەی توێژینەوە لە مانگی مایسدا کەژێکی گەشتیاریی خۆش و گونجاوی هەیە کە یارمەتی گەشتیار دەدات چالاکیەکانی بە ئاسودەیی ئەنجام بدات.

7_ هێمای حەوانەوەی مانگی حوزەیران (H3/c2): جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی مانگی حوزەیران بریتیە لە ڕۆژی زۆر گەرم و شەوی خۆشە، کاریگەریی با لە ڕۆژدا دەردەکەوێت لەسەر گەشتیار بەهۆی ئەوەی بایەکی گەرم وبێزارکەرە، بەڵام لەشەودا بایەکی خۆشە. واتە دەتوانین بڵێین کەژی ڕۆژ لەمانگی حوزەیران لە ناوچەی توێژینەوە بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە، بەڵام شەوی مانگی حوزەیران کەژێکی حەوانەوەی هەیە.

8_ هێمای حەوانەوەی مانگی تەموز و ئاب (H3/c1): جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی بۆ مانگی تەموز و ئاب بەم شێوەیە، ڕۆژی زۆرگەرم و بێزارکەر بەڵام شەوی خۆش و گونجاو، کاریگەریی با لە ڕۆژدا بایەکی بێزارکەرە، هەستکردن بە گەرمایەکی زۆر ناڕەحەت، بەڵام لە شەودا کاریگەریی با نامێنێت، بۆیە ناوچەی توێژینەوە لە مانگی تەموزدا تەنها شەوی بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاوە.

9_ هێمای حەوانەوەی مانگی ئەیلول (H5/c3): جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی مانگی ئەیلولی ناوچەی توێژینەوە ڕۆژی زۆرگەرم و شەوی فێنك و مەیلەوساردە، کاریگەریی با لە ڕۆژدا بایەکی بێزارکەر، هەستکردن بە گەرمایەکی زۆر ناڕەحەت بەڵام لەشەودا کاریگەریی با ساردکەرەوەیە. بۆیە کەژی گەشتیاریی مانگی ئەیلولی ناوچەی توێژینەوە لە ڕۆژدا بێزارکەرە بەڵام لەشەودا گونجاوە بەهەندێ خۆپارێزی و ڕەچاوکردنی لەبەرکردنی جل وبەرگی نیمچەگەرم.

10_ هێمای حەوانەوەی مانگی تشرینی یەکەم (W4/n3): جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی مانگی تشرینی یەکەمی ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیە، ڕۆژی گەرمە و شەوی سارد و مەیلەو فێنکە، کاریگەریی ساردکەرەوەی با لە ڕۆژدا نە گەرمە و نە سارد، بەڵام لە شەودا کاریگەریی ساردکەرەوەی هەیە، واتە کەژی گەشتیاریی مانگی تشرینی یەکەم لە ڕۆژدا گونجاوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاریی، لە شەودا پێویستی بە لەبەرکردنی جل وبەرگی گەرم هەیە.

11_ هێمای حەوانەوەی مانگی تشرینی دووەم (C2/-a4): جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی بۆ مانگی تشرینی دووەم بریتیە لە ڕۆژی فێنك و شەوی سارد، کاریگەریی ساردکەرەوەی با بە ڕۆژدا کەم کاریگەرە بەلأم بە شەودا فێنك و بەرەو ساردە. واتە کەژی ڕۆژی مانگی تشرینی دووەمی ناوچەی توێژینەوە بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاوە بەلأم کەژی شەوی گونجاو نیە.

خشتەی (1_14)

جۆری ئاووهەوای فسیۆلۆجی و کاریگەریی لە سەرچالاکی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی

| مانگ | هێما | ڕۆژ | شەو |
|---|---|---|---|
| **کانونی یەکەم** | K1/-b2 | گونجاو نیە | گونجاو نیە |
| **کانونی دووەم** | K1/-c2 | گونجاو نیە | گونجاو نیە |
| **شوبات** | K1/-b2 | گونجاوە | گونجاو نیە |
| **ئازار** | C2/-b2 | گونجاوە | گونجاو نیە |
| **نیسان** | M3/-a3 | گونجاوە | گونجاوە |
| **مایس** | W3/n3 | گونجاوە | گونجاوە |
| **حوزەیران** | H3/c2 | گونجاو نیە | گونجاوە |
| **تەموز** | H3/c1 | گونجاو نیە | گونجاوە |
| **ئاب** | H3/c1 | گونجاو نیە | گونجاوە |
| **ئەیلول** | H5/c3 | گونجاو نیە | گونجاوە |
| **تشرینی یەکەم** | W4/n3 | گونجاوە | گونجاوە |
| **تشرینی دووەم** | C2/-a4 | گونجاوە | گونجاو نیە |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (1_9)، (1_10)، (1_11)، (1_12)، (1_13).

لەخشتەی (1_14) دەردەکەوێت لە ناوچەی توێژینەوە کۆی ئەو مانگانەی بەتەواوەتی بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاون (3) مانگە، ئەوانیش مانگەکانی نیسان و مایس و تشرینی یەکەم واتە دوو مانگی کۆتایی وەرزی بەهار و مانگێك لە ناوەڕاستی وەرزی پاییز، کۆی ئەو مانگانەی بەتەواوەتی بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە، دوو مانگی سەرەتای وەرزی زستانە ئەوانیش مانگەکانی کانونی یەکەم و کانونی دووەمە، هەر سێ مانگی شوبات و ئازار و تشرینی دووەم شەوی بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە، بەلأم ڕۆژی ئاماژەکانی حەوانەوەی تێدایە، سەبارەت بە سێ مانگەکەی وەرزی هاوین واتە حوزەیران و تەموز و ئاب و مانگی سەرەتای پاییز واتە ئەیلول بە ڕۆژدا گونجاو نیە بۆ چالاکی گەشتیاریی بەلأم لە شەودا گونجاوە.

## باسی دووەم: چەمك و زاراوەکان، لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزار

هەروەك لای هەمووان ڕوونە لە هەموو توێژینەوەیەکی زانستیدا بیروبۆچوون و ڕای جیاواز هەیە لە دیاریکردن و ناساندنی زاراوە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکەدا، ئەمەش دەخوازێت لەم باسەدا بەوردی چەمك و زاراوەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە ڕوونبکەینەوە بە مەبەستی بەرچاوڕوونی و ئاشنایی خوێنەر بەتەوەری سەرەکی بابەتی توێژینەوەکە.

### 1. 2. 1. چەمك و زاراوەکان

1. 2. 1. 1. جوگرافیای گەشتوگوزار (Tourism Geography):

لەگەڵ ئەوەی هەر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی بەهێز هەبووە لە نێوان جوگرافیا و گەشتوگوزاردا، بەڵام سەرەتاکانی بەکارهێنانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1905[1]، جوگرافیای گەشتوگوزار بە لقێکی نوێی جوگرافیای مرۆیی دادەنرێت، کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی شوێنی دیاردە گەشتیارییەکان و ڕادەی کارلێکردنی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان، جا لە ئاستی هەرێمێکی دیاریکراودا بێت یان تەواوی جیهان[2]، یان پێناسە دەکرێت بەوەی ئەو زانستەیە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە گەشەی جوڵەی گەشتیاریی و فاکتەرە کاریگەرەکانی، وە لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی ناوچەکانی داواکاری و خستنەڕووی گەشتیاریی لە جیهان دا، هەروەها پاڵنەرە جوگرافیە کاریگەرەکانی پشت جوڵەی گەشتیاریی لەسەر ڕووی زەوی[3]، یان بریتیە لە شیکردنەوەی پەیوەندی جوگرافی دوولایەنە لە نێوان ناوچەکانی داواکاری و خستنەڕووی گەشتیاریی و ئەو کاریگەرییە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و کلتوریی و ژینگەییەی گەشتوگوزار لەسەر کۆمەڵگا ناوخۆییەکان دروستیدەکات[4].

هەروەها پێناسەدەکرێت بە لێکەوتە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ڕامیاریی و تەندروستیەکانی گەشتوگوزار لەسەر ناوچەی دەرچوون و ناوچەی پێشوازی گەشتیار، واتە جوگرافیای گەشتوگوزار گرنگی دەدات بەناوچەی دەرچوون و ناوچەی پێشوازی گەشتیاریی و ئەو پەیوەندی و لێکەوتانەی ئەم دووناوچەیە لەسەریەکتر دروستیدەکەن[5].

لە ڕوانگەی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا دەتوانین بڵێین جوگرافیای گەشتوگوزار بریتیە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ناوچەی دەرچوون و پێشوازی گەشتیار و گرنگیدان بە دابەشبوونی جوگرافی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزار، هەروەها لێکۆڵینەوە لە ئاستی کاریگەرییە ئابووریی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتیەکانی جوڵەی گەشتیاریی لەسەر ناوچەی خستنەڕوو و داواکاری گەشتیاریی.

---

(1) عبدالعباس فضيخ الغريري و عايشة بنت الشيخ محمد الخزرجي، الجغرافية السياحية لسلطنة عمان، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2004، ص 27.

(2) فضل أحمد يونس، الجغرافية السياحية، دارالنهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت، بدون ذكرسنة طبع، ص19.

(3) صبحي أحمد الدليمي و صلاح عدنان مجول، جغرافية السياحة، الطبعة الأولى، دارأمجدللنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2020، ص9.

(4) أبراهيم خليل بظاظو، الجغرافية السياحية تطبيقات على الوطن العربي، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2010، ص50.

(5) زينب صادق احمدى، تعريف جغرافياى گردشگرى، فصلنامه علمى دانشجويى نگرش جغرافيايى، چاپ پنجم، بهار 1397، ص10.

1. 2. 1. 2. گەشتوگوزار (Tourism):

گەشتوگوزار بەدیاردەیەکی جیهانیی دادەنرێت، کە توێژەران و پسپۆڕان و دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لە سەرتاسەری جیهان هەوڵی زۆریان داوە پێناسەیەکی هاوبەش و ڕێکخراو بۆئەم چەمکە بدۆزنەوە، بەلأم بەهۆی فرەڕەهەندی بابەتی گەشتوگوزار هەمووان ڕاوبۆچوون و پێناسەی جیاوازیان هەیە بۆ بابەتەکە، لەبەر گرنگی و فرەڕەهەندی چەمکی گەشتوگوزار ئێمە لێرەدا ڕاوبۆچوونی هەندێ پسپۆڕ و دامەزراوەی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەم چەمکە دەخەینەڕوو، پاشان لەژێر ڕۆشنایی ئەوەدا ڕا و سەرنجی خۆمان دەنوسین. لەڕووی زمانەوانیەوە چەمکی گەشتوگوزار (tourism) لە فەرهەنگی فەرەنسیدا لە ووشەی (tour)[1] وەرگیراوە کە هاومانای ووشەی (ساح في الارض) یان (تجول على وجه الارض) دێت لەزمانی عەرەبیدا، کە هەردوو هاومانای وشەی گەشتکردن یان گەڕان دێن لەسەرڕووی زەوی، کە ئەم گەشتە لەماڵەوە دەستپێدەکات و هەرلەوێشەوە کۆتایی پێدێت بەمەبەستی بینین وسەردانیکردنی چەند ناوچەیەکی جیاواز[2].

یەکەم پێناسەی گەشتوگوزار لەساڵی 1905 کراوە لەلایەن زانای ئەڵمانی (فردیلر) کە دەڵێت: (گەشتوگوزار دیاردەیەکی هاوچەرخە کە هەڵقوڵاوە لە پێویستی ڕادەبەدەر بۆ حەوانەوە و پشوودان و ئاڵوگۆڕکردنی هەوا، هەروەها هەڵقوڵاوە لە هەستکردن بە جوانی سروشت و پێویستی مرۆڤ بۆ هەستکردن بەخۆشی و ڕابواردن، ئەمەش لەو ناوچانە دەبێت کە خاوەن سروشتی تایبەتن، دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی پەیوەندی نێوان گەلان کە ئەو پەیوەندی و تێکەلأوییە بەرهەمی گەشەسەندنی بازرگانی و پیشەسازی و هۆکارەکانی گواستنەوەیە)[3].

ماکنتوش و هاوڕێکانی (McIntosh et al) لە ساڵی 1994 پێناسەی گەشتوگوزار دەکەن و دەڵێن: (بریتیە لە کۆمەڵێ دیاردە و پەیوەندی کە بەرهەمی کردار و پەرچەکرداری نێوان گەشتیار و دامەزراوە گەشتیارییەکان و دەوڵەتان و کۆمەڵگای پێشوازی گەشتیارە، بەئامانجی لە خۆگرتن و پێشوازی لە گەشتیاران)، ئەم پێناسەیە چوار ڕەگەزی گرنگ لە گەشتوگوزاردا بەهەند وەردەگرێت ئەوانیش؛ گەشتیار، دامەزراوە و خزمەتگوزارییەگەشتیارییەکان، حکومەت کە ئەرکی ڕیکخستن و چاودێری گەشتیاریی هەیە و دانیشتوانی ناوچەی پێشوازی گەشتیار[4].

فۆن شۆلێرن دەڵێت: ( سەرجەم پەیوەندی دوولایەنەی نێوان ئەو کەسەیە بەشێوەیەکی کاتی لە ناوچەیەکدایە لەگەڵ ئەوانەی بە بەردەامی لە وناوچەیەدا نیشتەجێن)[5]، هەروەها ئەنجومەنی ئابووریی و کۆمەلأیەتی فەرەنسی لەساڵی 1972 پێناسەی گەشتوگوزاردەکات بەوەی (هونەری بەدەمەوەچوونی تێرکردنی داخوازییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤە، ئەویش بە دوورکەوتنەوە لە کەشی ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە)[6].

---

(1) على لوافان، ارائه مدل گردشگرى پايدار فرهنگى درايران، چاپ اول، انتشارات مهكامه، تهران، 1398، ص19.

(2) رەنج حسين أحمد، الأنشطة الترويحية السياحية، الطبعة الأولى، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2017، ص34.

(3) محمد عمر مؤمن، التسويق السياحي، دارالكتب والدراسات العربية، الأسكندرية، 2020، ص79.

(4) حميد الطائي، أصول صناعة السياحة، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، 2001، ص20.

(5) محمدعبدالفتاح أحمد و طايع عبداللطيف طه، الجغرافية السياحية، المكتب الجامعي الحديث، الأسكندرية، 2008_2009، ص73.

(6) حبال سهيلة، مساهمة القطاع السياحى فى الأقتصاد الجزائري، مجلة افاق العلمية، المجلد11، العدد2، السنة2019، ص273.

ئەکادیمیای نێودەوڵەتی بۆ گەشتوگوزار (International Academy of Tourism) بەم شێوەیە پێناسەی گەشتوگوزار دەکات: (هاتووچۆ و جێگۆڕکێ کردن و چالاکی پەیوەندیدارە بەم جوڵەیەوە، لەئەنجامی دوورکەتنەوەی مرۆڤ لە نیشتیمانی سەرەکی خۆی بەمەبەستی پڕکردنەوەی حەز و ئارەزووی حەوانەوە بەدەر لە سود و قازانج)(1).

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (W.T.O) دەڵێت: گەشتوگوزار کۆمەڵێ چالاکیە کە کەسێك یان چەند کەسێك دوور لە ناوچەی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان ئەنجامی دەدەن بەمەبەستی پڕکردنەوەی کاتەکانی بەتاڵی و حەوانەوە، بەلای کەمەوە شەوێك و بەلای زۆرە ساڵێك دەخایەنێت، بەمەرجێك بە مەبەستی ئیش و کار و بەدەستهێنانی پارە نەبێت، وە سودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە مادی و مەعنەوییە گەشتیارییەکان بەشێکن لەم چالاکیانە، وەکو هۆتێل و ڕیستۆرانت و هۆکارەکانی گواستنەوە وهتد..(2). کۆمەڵەی زانستی قاهیرە بەم شێوەیە پێناسەی گەشتوگوزار دەکات: (جوڵەکردن لە نێوان دووناوچە یان دوو وڵات بەمەبەستی داواکاری حەوانەوە، یان زانیاری کۆکردنەوە و دۆزینەوە)(3).

دەتوانین پێناسەی گەشتوگوزار بکەین بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێ چالاکی جۆراوجۆر، کە مرۆڤ دوور لەناوچەی نیشتەجێبوون و مانەوەی هەمیشەیی خۆی ئەنجامی دەدات بەمەبەستی کات بەسەربردن و حەوانەوە و خۆشگوزەرانی و چێژ بینین لەکاتەکانی بەتاڵی، بەمەرجێك مانەوەی لەناوچەی میوان لە (24) کاتژمێر کەمتر نەبێت و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێت و بۆ کار و بەدەستهێنانی داهات نەبێت، وە سودی ئابووریی و کلتوریی و کۆمەڵایەتی بگەیەنێت بەو ناوچەیەی چالاکی گەشتیاریی تێدا ئەنجام دەدرێت.

1. 2. 1. 3. گەشتیار (Tourist):

بۆچوونی جیاواز هەیە لە نێوان پسپۆڕان و شارەزایان سەبارەت بە زاراوەی گەشتیار بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ چەمکەکانی ڕێبوار و سەردانیکەر و گەڕیدە و ئەوانی دیکە، فەرهەنگی ئەمریکی هریتج (Heritage) گەشتیار پێناسەدەکات بەوەی کەسێکە بە مەبەستی چێژ وەرگرتن گەشت دەکات، واتە لە پێناسەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر دوو بنەما، کرداری گەشتکردن و ئامانجەکەی کە چێژ بینینە، فەرهەنگی کامبریج (Cambridge) دەڵێت: گەشتیار کەسێکە لە کاتی پشوو یان دەست بەتاڵی سەردانی ناوچەیەکی دیکە دەکات بە ئامانجی حەوانەوە و سەرگەرمی یان بەهۆی حەزێکی تایبەت بەو ناوچەیە کە پەیوەندی نێوان گەشتیار و ناوچەکە دەردەخات(4). هەروەها فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (Oxford) گەشتیار پێناسەدەکات: (ئەوکەسەیە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی گەشت بەمەبەستی حەوانەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیری و خولیای تایبەتی)(5).

---

(1) عبيدة عبدالسلام حسنات، اثرالتخطيط السياحي على التنمية السياحية من وجهة نظر مدراء مكاتب السياحية، الطبعة الأولى، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2017، ص38.

(2) ميساء داود أسبر، تفعيل دورالسياحة في التنمية الريفية، أطروحة دكتوراه(غير منشورة)، جامعة تشرين، كلية الاقتصاد، جمهورية العربية السورية، 2014، ص3.

(3) محمد عمر مؤمن، التخطيط السياحي، دارالكتب والدراسات العربية، الأسكندرية، 2020، ص64.

(4) جان ترايب، انديشەهای فلسفی در گردشگری، ت.جعفرباپیری، چاپ اول، انتشارات مهكامه، تهران، 1395، ص45.

(5) علاءالدين عبدالعزيز، جغرافية السياحة، مكتبة بستان المعرفة، الأسكندرية، 2011، ص24.

کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشتوگوزار لە ساڵی 1963 پێناسەیەکی گشتگیر بۆ گەشتیار دەکات، کە بریتییە لە هەرکەسێك سەردانی وڵاتێکی تر بکات جیاواز لە شوێنی مانەوەی هەمیشەیی خۆی بۆ هەرمەبەستێك جگە لە کارکردن بە گەشتیار ئەژمار دەکرێت[1]. یان گەشتیار بەهەموو ئەوکەسانە دەوترێت کە وڵاتی خۆیان جێهێشتووە بە مەبەستی چێژ وەرگرتن و حەوانەوە و بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی و پشوو، بە ئاسودەیی لەو وڵاتەی هەڵیبژاردووە، ئەمانە زیاتر بە گەشتیاری دەرەکی ئەژمار دەکرێن[2]. هەروەها ئەکادیمیای نێودەوڵەتی گەشتوگوزار بەم شێوەیە پێناسەی گەشتیار دەکات: (هەرکەسێك گەشت بکات بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی شوێنی مانەوەی هەمیشەیی خۆی بەمەبەستی چێژ وەرگرتن و حەوانەوە بەمەرجێك لە (24) کاتژمێر کەمتر نەبێت بەگەشتیار ئەژمار دەکرێت)[3].

کەواتە گەشتیار هەموو ئەو هێزە مرۆییانەیە، کە ناوچەی ڕاکێشانی گەشتیاریی پێشوازیان لێ دەکات، یان ئەو کەسانە دەگرێتەوە گەشت دەکەن و ناوچەی مانەوەی هەمیشەیی خۆیان بەجێدەهێڵن ئەگەر لە چوارچێوەی سنوری وڵاتی خۆیاندا بێت بە گەشتیاری ناوخۆیی و ئەگەر لە دەرەوەی سنوری وڵاتی خۆیاندا بێت بە گەشتیاری دەرەکیی یان نێودەوڵەتی دادەنرێن، بۆ هەر مەبەستێك بێت وەك چێژ وەرگرتن لە سروشت و حەوانەوە و ئەنجامدانی هەرچالاکیەك بێت بەمەرجێك بۆ ئیش و کار و دەستکەوتنی داهات و پلە و پۆستێکی وەزیفی نەبێت لەو ناوچەیەی ڕووی تێدەکەن، هەروەها ماوەی مانەوەیان لە (24) کاتژمێر کەمتر نەبێت و لە ساڵێکیش تێپەڕ نەکات.

### 1. 2. 1. 4. خستنەڕووی گەشتیاریی (Tourism Supply):

حەز و ئارەزووی مرۆڤ جیاوازە لە بواری گەشتوگوزاردا، چونکە تەواوی فاکتەرە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ڕامیاریی، و تەنانەت پێکهاتەی ڕەگەز و تەمەنی گەشتیاران ڕۆڵی کارا دەگێڕن لە هەڵبژاردنی ڕووگەی گەشتیاریی و تێرکردنی حەزووخولیاکانی گەشتیاران، بۆیە بابەتی خستنەڕووی گەشتیاریی گرنگیەکی زۆری هەیە لە گەشتوگوزاردا. لەم ڕوانگەوە خستنەڕووی گەشتیاریی پێناسەدەکرێت بەوەی سەرجەمی ئەو پێداویستی و خزمەتگوزاری و کەرەستانەن کە پێویستە لە ناوچەیەکدا هەبن بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی گەشتیار، دەکرێت ببێتە پاڵنەر و هاندەری گەشتیار بۆ ڕووکردنە ناوچەیەك یان وڵاتێکی دیاریکراو[4].

خستەڕووی گەشتیاریی هەموو ئەو بنەما سروشتی و مرۆیی و خزمەتگوزاریانە دەگرێتەوە، کە پێویستە لە ناوچەی پێشوازی گەشتیاریدا هەبن. بنەمای سروشتی وەکو چیا و دارستان و ڕووبار و دەریا و دەریاچە و تاڤگە و ئاووهەوای سازگار و خۆش و بەفر و کەناراوی لماوی و دیمەنە سروشتیە دڵڕفێنەکان. بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیی لەساڵی 2002، (35%)ی کۆی گەشتیارانی جیهان بە مەبەستی سەردانیکردنی بنەماسروشتیەکان گەشتیانکردووە.

---

(1) تلي محمد اسلام، دورالسياحة في التنمية المحلية دراسة حالة ولاية غرداية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة قاصدي مرباح، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية، ورقلة، الجزائر، 2014، ص4.

(2) حسن الحسن، السياحة في لبنان ماضيا و حاضرا ومستقبلا، ط1، الداراللبنانية للنشر، بيروت، 1973، ص38.

(3) نائل موسى محمود سرحان، مبادىء السياحة، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2011، ص11.

(4) مصطفى يوسف كافي، اقتصاديات السياحة، الطبعة الأولى، دارالرضا للنشر، دمشق، سوريا، 2008، ص59.

بنەمامرۆییەکانیش وەکودەستکەوتە مێژوویی و شارستانیی و فەرهەنگیەکان و شوێنەوار و بنەما ئاینییەکان و هتد...، هەرچی بنەما خزمەتگوزارییەکانە وەکو هۆکارەکانی گواستنەوەی گونجاو لە ڕێگەوبان و هێڵی شەمەندەفەر و فرۆکەخانەکان و خزمەتگوزاری مانەوە وەکو هۆتێل و موتێل و خانووی گەشتیاریی و ڤێلا و ئاپارتمان و چادرگە و کابینەگەشتیارییەکان، هەروەها ڕیستۆرانت و کافی و قاوەخانە و یانەکان و...هتد[1]. مەبەست لە خستنەڕووی گەشتیاریی هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە ئامانجی گەشتیارە، کە دەوڵەمەندە بە بنەمای سروشتی و مرۆیی و هانی خەڵك دەدات سەردانی بکات[2].

کەواتەدەتوانین بڵێین خستنەڕووی گەشتیاریی تەواوی ئەو بنەما سروشتی و مرۆیی و خزمەتگوزاریە گەشتیارییانە دەگرێتەوە کە لەناوچەیەکدا بوونی هەیە، و دەبێتە هۆکاری هاندانی ڕاکێشانی گەشتوگوزار بۆلای خۆی، واتە کۆی ئەو فاکتەرانەی پاڵنەرن و کاریگەرن لە هاتنی تاك بەتاکی گەشتیاران بۆ ناوچەیەك.

1. 2. 1. 5. داواکاری گەشتیاریی (Tourism Demand):

چەمکی داواکاری لەسەر کالاٌ و شمەك یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو بەمانای ویست و خولیای مرۆڤ دێت بۆ بەدەستهێنانی ئەوکالاٌ وخزمەتگوزارییە بەنرخی گونجاو[3]. پاڵنەرەکانی داواکاری گەشتیاریش جۆراوجۆرن وەکو فاکتەری کۆمەڵایەتی وئابووریی و ڕامیاریی و فەرهەنگیی و کەسێتیی، بەڵام ئەوەی لای هەمووان ڕوونە ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ خۆشگوزەرانی و حەوانەوە سنوری نیە، بۆیە زۆربەی کات مرۆڤ هەڵدەستێت بە داواکاری بۆ پڕکردنەوەی ویست و خولیاکانی، سەرجەم ئەو داواکاریانەی گەشتیار لە ناوچەگەشتیارییەکان ئارەزووی دەکات هەبێت و بەکاتی گونجاو و نرخی گونجاو و ماندوبوونی کەم دەستەبەری بکات بەمەبەستی تێرکردنی حەزوخولیاکانی بەداواکاری گەشتیاریی دادەنرێت.

داواکاری گەشتیاریی پێناسە دەکرێت بەوەی کۆی گشتی ئەوانەی گەشتدەکەن یان حەزوخولیایان هەیە گەشت بکەن بەمەبەستی سودوەرگرتن و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان دوور لە ناوچەی مانەوەی هەمیشەییان[4]. داواکاری گەشتیاریی پەیوەندی بەکۆمەڵێ فاکتەری گۆڕاوی ئابووریی وکۆمەڵایەتی و سروشتی و بابەتی و کەسی ناوچەی داواکاری گەشتیارییەوە هەیە، کە دواجار کاریگەریی دروستدەکەن لەسەر بڕیار و هەڵبژاردنی ناوچەی خستنەڕووی گەشتیاریی لەلایەن خودی گەشتیارانەوە[5]، هەروەها پێناسەدەکرێت بە سەرجەمی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەیەك کە سود دەبینن لە خزمەتگوزاریی و ئاسانکارییە گەشتیارییەکانی ئەو ناوچەیە[6]. داواکاری گەشتیاریی بریتیە لە گۆڕینی

---

(1) حميد عبدالنبي الطائي، أصول صناعة السياحة، الطبعة الثانية، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2006، ص92و93.

(2) رمزي بدر عاني، العوامل المؤثرة في الطلب السياحي في العراق، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة المستنصرية، كلية الادارة والاقتصاد، 1984، ص57.

(3) سحر رعد هاشم المسعودي، تقييم جغرافي لمراكز تسويق المنتجات الزراعية في محافظة كربلاء، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة كربلاء، كلية التربية للعلوم الأنسانية، العراق، 2018، ص28.

(4) أحمد عبدالسميع علام، علم الاقتصاد السياحى، الطبعة الأولى، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشروالتوزيع، الأسكندرية، مصر، 2008، ص167.

(5) آنا محمد آق ار كاكلى و ديگران، مطالعه عوامل مؤثر برتقاضاى گردشگرى داخلى استان گلستان، فصلنامه علمى پژوهشى برنامەريزى توسعه گردشگرى، دوره8، شماره3، پاييز 1398، ص179.

(6) ژيان محمداحمد، واقع العرض والطلب السياحيين في المحافظة السليمانية، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة السليمانية، كلية الأدارة والأقتصاد، السليمانية، 2009، ص25.

ئاراستەی گەشتیاران بۆ کڕینی بەرهەمێکی گەشتیاریی دیاریکراو یان سەردانی ناوچەیەکی گەشتیاریی دیاریکراو، کە بنەماکانی پاڵپشتە بەکۆمەڵێ ڕەگەزی جیاواز و دەرخەری خولیا و توانا و پێداویستیە تایبەتەکانی گەشتیاران بێت[1].

دەتوانین بڵێین داواکاری گەشتیاریی بریتییە لەسەرجەمی داواکارییەکانی گەشتیاران، کە پێویستە لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان بوونیان هەبێت بە مەستی پڕکردنەوە و تێرکردنی حەزوئارەزووی گەشتیاران، کە ئەمەش پشتدەبەستێت بە کۆمەڵێ فاکتەری جوگرافی و ئابووریی و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیی و خزمەتگوزاریی.

1. 2. 1. 6. خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان (Tourism Services):

خزمەتگوزاریی گەشتیاریی بە فاکتەری کاریگەر و بنەڕەتی بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و بنەمای سەرەکی پێشکەشکردن و خستنەڕووی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێت. خزمەتگوزاریی گەشتیاریی سەرجەمی ئەو پێداویستیانەیە کە گەشتیارێك بەدرێژایی گەشتەکەی پێویستی پێیان دەبێت و کارئاسانی تەواو دەکەن بۆ ئەوەی گەشتیار کاتەکانی بەئاسانی و ئاسودەیی بەسەربەرێت، واتە دەتوانین بڵێین خزمەتگوزاریی گەشتیاریی سەرجەمی ئەو شمەك و کالآ و کاروچالاکی و خزمەتگوزاریی و کارئاسانیە جۆراوجۆرانەن گەشتیار پێویستی پێیەتی بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی ئاسودە بەدرێژای گەشتەکەی و مانەوەی لەشوێنی خستنەڕووی گەشتیاریی[2]. لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە تیشك دەخەینە سەر خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان.

1. 2. 1. 7. داهاتی گەشتیاریی (Tourism Income):

داهاتی گەشتیاریی هەموو ئەو داهاتانەیە کە لە ڕێگەی خەرجی گەشتیارانەوە دەستدەکەوێت، هەرچەندە چالاکی گەشتیاریی لە ناوچەیەکدا گەشەبکات ئەوەندەش داهاتی گەشتیاریی زیاد دەکات. داهاتی گەشتیاریی گرنگیەکی گەورەی لە ڕاکێشانی دراوی بیانی دا هەیە و بەسەرچاوەی ڕاکێشانی دراوی بیانی ئەژمار دەکرێت، چی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتە تازەپێگەشتووەکانیشدا. داهاتی گەشتیاریی پێناسەدەکرێت بەوەی سەرجەمی ئەو داهاتەیە وڵاتێك یان کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت یان تاك بەتاکی خەڵکی لە چالاکی گەشتیاریی و خستنەڕووی گەشتیاریی لە وڵاتەکەیاندا دەستیان دەکەوێت، هەر لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی شوێنی مانەوە و خواردن و گواستنەوە[3] وهتد...، بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیی داهاتی گەشتیاریی جیهانی لە ساڵی1950 بریتی بووە لە (2.1) ملیار دۆلاری ئەمریکی، لەساڵی 1970 ئەم ژمارەیە بەرزبووەتەوە بۆ (17.9) ملیار دۆلاری ئەمریکی، ساڵی 1990 بووە بە (268.9) ملیار دۆلار، وە لەساڵی 2019 کۆی داهاتی گەشتیاریی بریتیە بووە لە (1.7) ترلیون دۆلاری ئەمریکی، خشتەی (1_15)، پشکی هەریەکە لەسێ وڵاتە گەورە گەشتیارییەکەی ئەمریکا و ئیسپانیا و فەڕەنسا لە سەرجەمی داهاتی گەشتیاریی جیهانیی بریتیە لە (214) و (74) و (67) ملیار دۆلار لەساڵی 2018، بەگوێرەی خەمڵاندنی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراقی داهاتی گەشتیاریی لە عێراق بۆ ساڵی 2019 نزیك بووەتەوە لە (3) ملیارد دۆلار و لە هەرێمی کوردستان (700) ملیون دۆلار و لە پارێزگای سلێمانی (200) ملیون دۆلار و لە شاری سلێمانیش بە نزیکەیی (150) ملیون دۆلار.

---

(1) بوعزة خديجة، دورالوكالات السياحية في التسويق السياحي دراسة ميدانية لبعض الوكالات السياحية بولاية مستغانم، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة مستغانم، كلية العلوم الانسانية، مستغانم، الجزائر، 2017، ص55.

(2) ماهرعبدالخالق السيسي، مبادئ السياحة، الطبعة الأولى، مجموعة النيل العربية للنشر، القاهرة، مصر، 2001، ص156_158.

(3) عشي صليحة، الآثار التنموية للسياحة دراسة مقارنة بين الجزائر، تونس والمغرب، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة باتنة، كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير، الجزائر، 2005، ص23.

بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری گەشەی داهاتی گەشتیاریی لەو ماوەیەدا بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەی جوڵەی گەشتیاریی لەسەر ئاستی جیهان، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس و هەروەها باشبوونی ئاستی ژیان و زۆربوونی هەلی کار و گەشەپێدانی دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و ئاسانکاری بۆ گەشت و نەمانی کۆت و بەندی گەشتیاریی و هەروەها گەشەسەندنی هۆکارەکانی گواستنەوە لەسەرتاسەری جیهان دا دەگەڕێتەوە. کەواتە داهاتی گەشتیاریی سەرجەمی ئەو داهاتەی دەوڵەتێکی گەشتیارییە لە ڕێگەی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی گەشتوگوزارەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا بەدەستیدەهێنێت.

خشتەی (15_1)

کۆی داهاتی گەشتیاریی لە وڵاتانی جیهان لە ماوەی ساڵانی 1950 بۆ 2019

| ساڵ | سەرجەمی داهات/ ملیار دۆلار | ڕێژەی سەدی گەشە % |
|---|---|---|
| 1950 | 2.1 | – |
| 1970 | 17.9 | 752 |
| 1990 | 268.9 | 1402 |
| 2019 | 1700 | 532 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەwww.unwto.org

شێوەی (2_1)

بەراوردی گەشەی داهاتی گەشتیاریی و ژمارەی گەشتیاران لەسەر ئاستی جیهان لە ماوەی ساڵانی 1950 بۆ 2019




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1. خشتەی (1_ 15).

2. www.unwto.org, 1/6/2021

1. 2. 1. 8. خەرجی گەشتیاریی (Tourism Expenditure):

گومانی تێدا نیە هەر چەندە قەبارەی جوڵەی گەشتیاریی لەسەر ئاستی جیهان گەشە بکات ئەوەندەش ئاستی خەرجی گەشتیاریی زیاد دەکات. هەموو ئەو خەرجیانەی گەشتیاران لە وڵاتی میواندا دەیکەن بەخەرجی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێت، خەرجی گەشتیاریی تێچووی مانەوە، تێچووی کرێی گواستنەوە، خەرجی زیادەی گەشتیاریی وەك کڕینی جل وبەرگ و دیاری و بەخشش، باج و ڕسومات ، تێچووی خواردن و خواردنەوە و هتد.. دەگرێتەوە[1].

خەرجی گەشتیاریی پێناسە دەکرێت؛ سەرجەمی ئەو خەرجیانەی گەشتیارە لە شمەك و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی گەشتیاریی لە ماوەی مانەوەی لە وڵاتی میواندا دەیکات، خەرجی گەشتیاریش دەگۆڕێت لە گەشتیارێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەگوێرەی ئاستی ئابووریی و داهات و ناوچەی دەرچوون و ڕەفتار و کلتوری وڵاتی گەشتیار، و هەروەها باری ئابووریی و ئاستی نرخەکان لە وڵاتی میواندا[2]. بەگوێرەی داتاکانی بەردەست کۆی خەرجیەکانی گەشتیاران لەساڵی 2019 لەسەرتاسەری جیهان دا نزیك بووەتەوە لە (2) ترلیون دۆلاری ئەمریکی، کەپشکی چین (262.1) ملیار دۆلارە و پێش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوتووە، کە پشکی لە کۆی خەرجی گەشتیاریی جیهانی دەگاتە (182.2) ملیار دۆلار، هەرچی ئەڵمانیاشە بەپلەی سێیەم دێت بە بڕی (104.8) ملیار دۆلار، خشتەی (1_16).

خشتەی (1_16)

خەرجی گەشتیاریی چەند وڵاتێك بۆ ساڵی 2019

| ژ | وڵات | بڕی خەرجی/ ملیار دۆلار | ژ | وڵات | بڕی خەرجی/ ملیار دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چین | 262.1 | 6 | ئوستراليا | 43.8 |
| 2 | ئەمریکا | 182.2 | 7 | کەنەدا | 42.2 |
| 3 | ئەڵمانیا | 104.8 | 8 | ئیسپانیا | 36.7 |
| 4 | شانشینی یەکگرتوو | 90.2 | 9 | ئیتالیا | 36.4 |
| 5 | فەرەنسا | 56.2 | 10 | کۆریای باشور | 33.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: www.unwto.org, 2020.

1. 2. 1. 9. ئابووریی گەشتیاریی (Tourism Economy):

گەشتوگوزار کەرتێکی زیندووی گرنگە بۆ وڵاتان، تەنانەت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بووەتە سەرچاوەی داهاتی نەتەوایەتی و کەمکردنەوەی بێکاری بۆ هەر وڵاتێك کە بنەما سروشتی ومرۆییەکانی گەشتوگوزاری تێدا بێت. ئابووریی گەشتیاریی پێناسە دەکرێت بەوەی ئەو زانستەیە یاسا و تیۆرییە ئابوورییەکان بەکاردەهێنێت بۆسود وەرگرتن لە تەواوی بنەما گەشتیارییەکان لە ناوچەیەکدا بە مەبەستی وەرگرتنی زۆرترین کەڵك و چێژ و باشترین بەکارهێنانیان بۆ گەشتیار[3].

(1) غادة صالح حسن، اقتصاديات السياحة، الطبعة الأولى، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الأسكندرية، 2008، ص147و148.

(2) مصطفى يوسف كافي، فلسفة اقتصاد السياحة والسفر، الطبعة الأولى، دارالحامد للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2016، ص92.

(3) مصطفى يوسف كافي، اقتصاديات النقل السياحي، دار رسلان للطباعة والنشروالتوزيع، دمشق، سوريا، 2015، ص53.

هەروەها پێناسە دەکرێت بەپشکی گەشتوگوزار لە ئابووریی جیهانیی، نیشتیمانیی و ناوخۆیی کە سێ کوچکەی داهات، هەناردە و ڕەخساندنی هەلی کار دەگرێتەوە[1]. مەبەست لە ئابووریی گەشتیاریی هەموو ئەوچالاکیە ئابووریانەیە بەشێوەیەك پەیوەندیدارن بە چالاکی گەشتیارییەوە هەر لە گواستنەوە و نیشتەجێبوون و خواردن و خواردنەوە و هتد...

1. 2. 1. 10. گەشتوگوزاری شار (City Tourism):

ئەمڕۆ زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی جیهان واتە (55%) لە شارەکاندا دەژین و پێشبینی دەکرێت ئەم ڕێژەیە تا ساڵی 2050 بگاتە (66%)، بایەخی شارەکان لە ڕووی ڕووگەی گەشتیارییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە[2]. تەنها لە ساڵی 2018 نزیکەی (1403) ملیون کەس لە جیهاندا گەشتیان کردووە، کە لەم ژمارەیە (45%) بەمەبەستی بینینی شارەکان گەشتیان کردووە، واتە تەنها لەو ساڵەدا (300) شاری جیهان بوونەتە ڕووگەی زیاتر لە نیوملیارد گەشتیار لەسەر ئاستی جیهان. شارەکانی پاریس، بەرشلۆنە، مەدرید، ئیستانبوڵ، دوبەی، نیویورك، شانگهای پشکی شێریان لە گەشتوگوزاری شار بەردەکەوێت[3]، هۆکاری سەرەکیش بۆ گەشەکردنی گەشتوگوزاری شار بۆ بوونی دیاردە مێژووی و کلتوری و شارستانی وئابوورییەکانی شارەکان دەگەڕێتەوە، وەك مۆزەخانەکان، سینەماکان، باڵەخانە مێژووییەکان، دیاردە کلتورییەکان، گۆڕەپانی کەسە بەناوبانگەکان، یاریگاوەرزشیەکان، شاری یارییەکان، پارکەکان، ناوەندەکانی کڕین وبازاڕکردن[4].

گەشتوگوزاری شاری دادەنرێت بە لقێکی گەشتوگوزار، کە بریتیە لە سەردانیکردنی شارەکان بۆمەبەستی جۆراوجۆر وەك کات بەسەربردن، سەردانیکردنی دۆستان و ئاشنایان، بەشداری لە بۆنەکان، بینینی دیاردە مێژووی و کلتوری و ئاینیەکانی شارەکان، بەشداریکردن لە بۆنە وەرزشیەکان، بازاڕیکردن، ئامادەبوون لە پێشانگا و ڤستیڤاڵ و شاری یارییەکان، و حەوانەوە لە پارك و باخچە و شوێنەسەرنج ڕاکێش و جیاوازەکانی شار[5]. گەشتوگوزاری شار دادەنرێت بە کارلێکی نێوان گەشتیار، خانەخوێ و بنەما گەشتیارییەکان بەمەبەستی سەردانیکردنی شارەکان، ئەمەش جگە لە لێکەوتەی ئابووریی ئەرێنی بۆ شارەکان وەك ڕەخساندنی هەلی کار و گەشەپێدانی داهاتی شارەکان لە هەمان کاتدا فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی و گەشەکردنی شارەکان.

1. 2. 1. 11. گەشەی ئابووریی (Economic Growth):

تەواوی دەوڵەتانی پێشکەوتوو و تازەگەشەسەندوو هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی ئابووریی خۆیان، لەبەرئەوەی گەشەی ئابووریی ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە لەسەر تەواوی جومگەکانی دیکەی ئابووریی لە ناویشیاندا کەرتی گەشتیاریی، چونکە گەشەی ئابووریی بەمانای زیادبوونی داهات دێت، لە هەر ناوچەیەکیشدا داهاتی تاك زیادیکرد بەمانای خۆشگوزەرانی و داواکاری بۆگەشتکردن و حەوانەوە زیاددەکات، ئەمەش بەمانای گەشەکردنی چالاکی گەشتیاریی و زۆربوونی خواست لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و زۆربوونی خستنەڕووی هەلی کار.

---

(1) ملانی اسمیت و دیگران، مفاهیم کلیدی در مطالعات گردشگری، ت.جعفرباپیری، چاپ دوم، انتشارات مهکامه، تهران، 1396، ص44.

(2) سی مایکل هال و دیگران، گردشگری حمل ونقل عمومی وتحرك پایدار، ت.حسین حاتمی نژاد وهمکاران، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1399، ص242.

(3) مرتضی بذرافشان، درآمدی بر صنعت گردشگری، چاپ هشتم، انتشارات مهکامه، تهران، پاییز 1398، ص26.

(4) بهنام افتخاریان، مقدمه‌ای بر گردشگری موسیقی، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1395، ص36.

(5) ازیتا رجبی، شهرگردشگر، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1397، ص42-44.

چەمکی گەشەی ئابووریی بەمانای زیادەی ناوەندی داهاتی ڕاستەقینەی تاك دێت لە وڵاتێکدا بەراورد بە ساڵانی پێشووتر(1). هەروەها گەشەی ئابووریی پیناسەدەکرێت بە زیادەی بەرهەمی ئابووریی بەگوێرەی تێپەڕبوونی کات کە دەبێتە هۆی زۆربوونی داهاتی گشتی، سەرجەمی بەرهەمی ناوخۆیی و داهاتی تاکەکەس بەپێوەرێکی بنەڕەتی دادەنرێن بۆزانینی ئاستی گەشەی ئابووریی لە ناوچەیەکدا(2).

1. 2. 1. 12. بەبازاڕکردنی گەشتیاریی (Tourism Marketing):

بە بازاڕکردنی گەشتیاریی دادەنرێت بە کۆڵەکەیەکی گرنگی جوگرافیای گەشتوگوزار و ئابووریی گەشتیاریی، بە بازاڕکردنی گەشتیاریی پرۆسەیەکە کە کۆمپانیاکان و خاوەن دامەزراوە گەشتیارییەکان بۆچوون و حەزو و ئارەزووەکانی بەکاربەران و گەشتیاران بەهەند وەردەگرن، پەیوەندییەکی بەهێز و دوو جەمسەرە لەگەڵ گەشتیاراندا دروستدەکەن لە بەرامبەریشدا سود وقازانج لە گەشتیاران وەردەگرن(3).

هەروەها پێناسەدەکرێت بەوەی سیستمێکی تەواوکاری کارگێڕی و هونەرییە کە پێکدێت لە پرۆسەکانی پلان دانان و ڕێکخستن و چاودێری و ئاراستەکردن، مەبەست لێی بە بازاڕکردنی بەرهەم و شمەك و خزمەتگوزارییە گەشتیاریەکانە چی لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان لەسەر ئاستی دەرەکی، لە لایەن دامەزراوە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان بە مەبەستی ڕازیکردن و ڕاکێشانی زۆرترین گەشتیار بۆ لای خۆی(4).

1. 2. 1. 13. وەرزی (کەژی) گەشتیاریی (High Season):

هەموو ناوچە و شار و هەرێم و وڵاتێك ماوەیەکی دیاریکراو یان وەرزێك یان بۆنەیەکی دیاریکراوی تایبەتی هەیە، لەو کاتانەدا گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکات، کە بەوەرزی قەرەباڵغی گەشتیاریی یان بە لوتکەی ڕاکێشانی گەشتیاریی دادەنرێت. بۆیە دەتوانین پێناسەی کەژی گەشتیاریی یان وەرزی قەرەباڵغی گەشتیاریی بکەین بەوەی بریتیە لەو ماوەیەی ساڵ کە زۆرترین گەشتیار ڕوودەکاتە ناوچەیەك کە قەرەباڵغیەکی لە ڕادەبەدەر لەو ناوچەیە دروستدەبێت، پەستان دەکەوێتە سەر تەواوی خزمەتگوزارییەکان وەك هۆتێل و ڕیستۆرانت و شوێنە سەرنج ڕاکێش و گەشتیارییەکان، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری زۆربوونی داواکاری و بەرزبوونەوەی نرخی کالاَ و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان(5).

بۆنمونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە باڵەخانەی تاوەری خەلیفە لەشاری دوبەی، کە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی نوێی زاینی دەبێتە ڕووگەی گەشتیاران، هەروەها لە وەرزی بەجێهێنانی دروشمی حەج شاری مەککە دەبێتە ڕووگەی ملیونان کەس، هەروەها کەنارەکانی دەریای قەزوین لە باکووری ئێران لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی نوێی ئێرانی دەبێتە ڕووگەی سەدان هەزار گەشتیار لە تەواوی ئێرانەوە، سەبارەت بە شاری سلێمانی لە بۆنەکانی نەورۆز و ئاهەنگەکانی سەری ساڵی زاینی و جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان دەبێتە ڕووگەی دەیان هەزار گەشتیار.

---

(1) زيد منير عبوي، الاقتصاد السياحى، الطبعة الأولى، دارالراية للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2008، ص75.

(2) سارة عبدالحميد سليمان، أثرالسياحة على النمو الأقتصادي لبلدان مختارة للمدة(1995_2014)، رسالة ماجستير، جامعة دهوك، كلية الأدارة والأقتصاد، 2016، ص36.

(3) فيليپ كاتلر، بازاريابى گردشگرى و مهمان نوازى، ت.مسعود كيمياسى وديگران، چاپ اول، انتشارات مهكامه، تهران، 1395، ص15.

(4) مجيد ملوك السامرائي، جغرافية السياحة الحديثة واقتصادياتها، الطبعة الثانية، بدون ذكر مطبعة ومكان الطبع، 2020، ص183.

(5) محمدمحمودى ميمند و اميرمقدمى، مديريت نوين توريسم جهانى(شناخت مفاهيم، اصول وبازاريابى توريسم)، چاپ اول، انتشارات مهكامه، تهران، 1390، ص233.

1. 2. 1. 14. ڕووگەی گەشتیاریی (Tourism Destinations):

ڕووگەی گەشتیاریی خاوەنی کۆمەڵێ سیفات و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیەتی کە هانی گەشتیار دەدات ئەو شوێنە هەڵبژێرێت، شوێنی جوگرافی گونجاو، دیمەنی سروشتی دڵڕفێن، ئاووهەوای سازگار و خۆش، کەناری دەریای لماوی و دەریاچە، ڕووبار، کەژوکێوی بەرز، دارستان، بنەمای مێژووی و فەرهەنگی و شوێنەواری سەرنج ڕاکیش، دانیشتوانی میواندۆست، خواردنی کلتوری و خۆش و تایبەت، ئاسانکاری بازاڕکردن و گونجاوی نرخ و کوالێتی باشی کاڵا، کەشێکی ئارام و بێدەنگ، کاری دەستی دەگمەن و ناوازە، ژێرخانی ئابووریی پێشکەوتوو، سەلامەتی، ژینگەی تەندروست، شوێنی مانەوەی تایبەت و گونجاو، ئاسانی وەرگرتنی زانیاری لە لایەن گەشتیار، گرنگی دان بەگەشتیار و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانیان، ئاسانی گەشتن پێی، نەبوونی کۆتوبەندی گەشت، بوونی ژینگەی جیاواز لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری خۆی، پێشنیارکردن بۆئەوانی تر بۆسەردانیکردن ئەمانە هەموو ئەو خەسڵەتانەن کە دەبێت لە ناوچەیەکدا هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە ڕووگەیەکی گەشتیاریی[1]، کەواتە ئەو وڵات و هەرێم و ناوچە و شارانەی بەهۆی بوونی خەسڵەتێکی تایبەتیەوە بۆ گەشتیاران سەرنج ڕاکێش دەبن و گەشتیاران ئارەزوو دەکەن کات و پارەی تێدا خەرج بکەن بە ڕووگەی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێت[2]. وەك دورگەکانی وڵاتی مالدیف، شارەکانی دوبەی و میلان، کەنارئاوەکانی مەیامی لە ئەمریکا و هتد...

1. 2. 1. 15. کاتەکانی بەتاڵی (Leisure Time):

پێناسەی کاتەکانی بەتاڵی بە وردی زەحمەتە، چونکە مانای ئەم دەستەواژەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی هەیە، بەلاّم ئەوەی هەمووان کۆکن لەسەری ئەم چەمکە بەمانای ئازادبوون دێت لە هەموو ئیش و کار و سەرقاڵبوونێك بە ڕۆتینی ژیانەوە، وە ئەنجامدانی چالاکیەك کە ئاسودەیی ڕۆحی، جەستەیی، هزری و دەرونی تێدابێت[3].

کاتەکانی بەتاڵی بریتیە لەو کاتەی مرۆڤ بێدارە (لەخەودا نیە) وە هیچ جۆرە کار وئەرك و وەزیفەیەکی نیە، سەرقاڵی هیچ جۆرە ئیشێك نیە وە دوورە لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، کە بتوانێت ئەو کاتانە بە ویست و حەزی خۆی بۆ سەرگەرمی و حەوانەوە و پشودان بەکاربێنێت[4]، لەم پێناسەیەدا تیشك خراوەتە سەر سێ لایەن ئەوانیش یەکەم؛ خەو لە چوارچێوەی کاتی بەتاڵی ئەژمار ناکرێت، دووەم؛ لەکاتی بەتاڵیدا هیچ جۆرە ئەرك و فەرمانێك بوونی نیە، سێیەم؛ ئازادی هەبێت لە چۆنێتی هەڵبژاردنی پڕکردنەوە یان بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی بێ زۆرلێکردن. هەروەها پێناسە دەکرێت بە حەوانەوە و سەرگەرمی و کاتی خۆشی و چێژ بینین لەو چالاکیانەی کە تاك ئەنجامی دەدات لە کاتی دەست بەتاڵبوونی لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەو پەڕی حەز و ئارەزوو و ویستی خۆی[5]. کەواتە کاتەکانی بەتاڵی لە پاش بەجێگەیاندنی بەرپرسیارێتی ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە و کارکردن و سەرقاڵبوون بە وەزیفەی فەرمی و هەمیشەیی تاکەوە دروستدەبێت، وە مرۆڤ لە پێناو حەوانەوەی دەرونی و هزری و جەستەیی سود لەم کاتانە وەردەگرێت بە پشوودان و حەوانەوە و خۆشگوزەرانی و گەشتکردن.

---

(1) سیداسحاق جلالیان، بررسی عوامل مؤثر بر ارزش ویژه برند درمقصدگردشگری مطالعه موردی شهر مریوان، فصلنامه گردشگری شهری، دوره(5)، شماره(4)، زمستان 1397، ص80.

(2) سعید داغستانی، جاذبه‌های گردشگری، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1391، ص29.

(3) عباس اردکانیان و عباس حسنی، مدیریت وبرنامه‌ریزی اوقات فراغت، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1398، ص65 و66.

(4) محمد تقی رهنمایی، اوقات فراغت وگردشگری، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1392، ص17.

(5) زینب رجبی و امین پیرمحمدزاده، مدیریت مراکز تفریحی، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1398، ص19.

### 1. 2. 1. 16. هێزی کار (Manpower):

هێزی کار هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە تەمەنی کارکردندان و توانای کاریان هەیە، ئارەزووی کارکردنیان هەیە و ڕازین بەو کرێیەی لە بازاڕی کاردا هەیە، دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت لە چالاکیە ئابوورییە جیاوازەکاندا، ئەمەش هەموو ئەوانەی لێدەردەکرێت کە توانای کارکردنیان نیە، منداڵانی خوار تەمەن (15) ساڵ و بەساڵاچوان ئەوانەی لە سەرووی (65) ساڵەوەن ئەگەر بە کردارەکی لە کاردابن لە چوارچێوەی هێزی کار ئەژمار دەکرێن [1]، کەواتە پێناسەی سەرەوە پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت، ئەوەش توانای تاك و حەزو ویستی تاکە کەسی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەنجامدانی کار، هەروەها گەڕان بە دوای کاردا و ڕازیبون بە کرێی کارکردن، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە فاکتەری تەمەن ڕێگەیان پێدەدات، و بە کرداریی لە کەرتێکی ئابوورییدا کار دەکەن، ئەوانەشی توانای کارکردنیان هەیە بەڵام هێشتا دەرفەتی کاریان بۆ نەڕەخساوە و دەگەڕێن بەشوێن کاردا بە دانیشتوان لە تەمەنی کارکردن ئەژمار دەکرێن[2].

### 1. 2. 1. 17. بێکاریی (Unemployment):

بێکاریی دیاردەیەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی مەترسیدارە لە ئەمڕۆدا بەرۆکی زۆر وڵاتی جیهانی گرتووە، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی خێرای دانیشتوان و نەبوونی پلانی ئابووریی بەهێز و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و خراپ بەکارهێنانی دەرامەتە سروشتیی و مرۆییەکان لە وڵاتان دروستدەبێت. بێکاریی پێناسە دەکرێت بەوەی داواکاریی لەسەر کار زیاترە لە خستنەڕووی[3]، بە مانایەکی تر؛ زۆری دەستی کارە لە بەرامبەر کەمی هەلی کاردا، هەروەها ئەو کەسانەی بەهێزی کار ئەژمار دەکرێن، و توانا و حەز و ویستی کارکردنیان هەیە بەڵام بە هۆکارێك لە هۆکارەکان هەلی کاریان بۆ نەڕەخساوە پێیان دەوترێت بێکار[4].

## 1. 2. 2. گەشەی گەشتیاریی و لێکەوتە ئابوورییەکانی لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و هەرێمی کوردستان

گەشەی گەشتیاریی بە سروشتی خۆی زیادبوونی ژمارەی گەشتیار، زۆربوونی داهاتی گەشتیاریی، گەشەسەندنی دامەزراوە و خزمەتگوزارییە گەشتیاریەکان، گەشەکردنی خستنەڕوو وداواکاری گەشتیاریی و زۆربوونی خەرجی گەشتیاران لەسەر ئاستی جیهان دەگرێتەوە. ئەگەر بڕوانینە داتاکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی گەشتوگوزار بۆمان دەردەکەوێت کەرتی گەشتوگوزار لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە هەتاوەکو ئێستا گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە ڕووی ژمارەی گەشتیاری نێودەوڵەتی لە ساڵی 1950 تەنها (25) ملیون گەشتیار تۆمارکراوە لە کاتێکدا ساڵی 2018 گەشتوتە (1403) ملیون و لە 2019 ئەم ژمارەیە بەرزبووەتەوە بۆ (1.5) ملیار گەشتیار، ئەمەش ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لەماوەی (70) ساڵی ڕابردوو، خشتەی (1_17) و شێوەی (1_3).

---

(1) مازن فوزي خضير الركابي، ظاهرة البطالة في مدينة الزبير(دراسة في جغرافيا السكان)، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة البصرة، كلية الآداب، 2019، ص16.

(2) آمنة عبدالحميد صالح المنصوري، تطور توزيع القوى العاملة النسوية على القطاعات الإقتصادية في مدينة بنغازي، رسالة ماجستير(غير منشورة)، الأكاديمية الليبية، قسم الجغرافيا و التنمية الموارد، بنغازي، ليبيا، 2019، ص13.

(3) احمد غروی نخجوانی، بحران بيكاری در اقتصاد ايران، پژوهشنامه اقتصادی، دوره(2)، شماره(3)، پاييز 1381، ص 171.

(4) حارث سيروان عبداللة محمود الجبوري، التباين المكاني لظاهرة البطالة في محافظة كركوك لعام 2019، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة تكريت، كلية التربية للعلوم الإنسانية، 2021، ص7.

خشتەی (17_1)

ژمارەی گەشتیاریی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1950 بۆ 2019

| ساڵ | 1950 | 1960 | 1970 | 1980 | 1990 | 1995 | 2000 | 2005 | 2010 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گەشتیار (ملیون) | 25 | 69 | 166 | 288 | 456 | 534 | 682 | 803 | 995 | 1221 | 1245 | 1340 | 1403 | 1500 |
| گەشە | – | 176 | 141 | 73 | 58 | 17 | 27 | 17 | 23 | 22 | 2 | 7 | 5 | 7 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: www.unwto.org, 2019، بەرواری سەردانی سایت 2021/6/1.

شێوەی (3_1)

ژمارەی گەشتیاری نێودەوڵەتی لەساڵی 1950 بۆ 2019 (ملیون)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی (17_1).

لە ڕووی سەرجەمی داهاتی گەشتیارییەوە لەسەرئاستی جیهان لە (2.1) ملیار دۆلارەوە لەساڵی 1950 گەشەی کردووە بۆ (1700) ملیار دۆلار لە ساڵی 2019، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاریی لە تەواوی جیهاندا، لە بواری گەشەی کەرتی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی ئەگەر هۆتێل بەنمونە وەربگرین بەگوێرەی ئامارەکان (184299) هۆتێلی گەشتیاریی لەساڵی 2018 لە سەرتاسەری جیهان تۆمارکراوە، هەربەگوێرەی هەمان ئامار کۆی ژوورەکانی پێشوازی گەشتیار (16.97) ملیون ژوورە، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی 1950 تەنها (25) ملیون گەشتیار لە جیهاندا تۆمار کراوە[1]. هەروەها بەشداری کەرتی گەشتوگوزار لە ڕەخساندنی هەلی کار پێش پیشەسازی ئۆتۆمبیلیش کەوتووە کە بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیی لەساڵی 2018 کۆی ئەوانەی کاریان دەستکەوتووە لە کەرتی گەشتیاریدا بریتی بووە لە (323) ملیون کەس، واتە بەرێژەی یەك هەلی کار بۆهەر (10) کرێکارلەجیهاندا، بەلاّم لە ساڵی 2020 بەهۆی پەتای جیهانیی کۆروناوە نزیکەی (100) بۆ (120) ملیون هەلی کار لە سەرتاسەری جیهاندا لەدەست چووە[2].

(1) www.unwto.org, unwto tourism data dashboard, 21/February/2021.

(2) سو بیتون، توسعە اجتماع از طریق گردشگری، ت.حسین مختاری هشی و همکاران، چاپ اول، انتشارات مهکامە، تهران، 1398، ص11.

گرنگی ئابووریی گەشتوگوزار تەنها لە گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی کورت ناکرێتەوە، بەڵکو ئامارەکان پێمان دەڵێن گەشتوگوزاری ناوخۆیی شان بەشانی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی لێکەوتەی ئابووریی کاریگەریی هەیە، ئامارەکان دەڵێن گەشتی ناوخۆیی لەنێوان (6 بۆ10) هێندەی گەشتی دەرەکیە، تەنها لەساڵی 1997 سەرجەمی گەشتی ناوخۆیی (3.5) ملیارد گەشت بووە لەبەرانبەر (600) ملیون گەشتی دەرەکی کە دەکاتە نزیکەی (85%) کۆی جوڵەی گەشتیاریی لە جیهاندا(1)، لەسەر ئاستی وڵاتان بۆنمونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی 2004 نزیکەی (990) ملیون گەشتی ناوخۆیی و (60) ملیون گەشتی دەرەکی هەبووە، لەهەمان ساڵدا چین (646) ملیون گەشتی ناوخۆیی، هیند (320) ملیون گەشت، بەرازیل (176) ملیون گەشت و ئەندەنوسیاش بە (107) ملیون گەشت زۆرترین گەشتی ناوخۆییان لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەرکەوتووە، بەڵام لەساڵی 2018 ئەم ژمارانە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە وتەنها چین (1.8) ملیارد گەشتی ناوخۆیی هەبووە کە لەسەر ئاستی جیهان پلەی یەکەمی گرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەکردنی خێرای هۆیەکانی هاتوچۆ لەو وڵاتە(2).

ئەمڕۆ گەشتوگوزار لەپاش پیشەسازی، بیناسازی و خۆراك وەکو چوارەمین پیشەسازیی گەورە وگرنگی جیهانیی ئەژماردەکرێت، ڕۆڵی گەشتوگوزار لە گەشەی ئابووریدا پاڵی بە وڵاتانی جیهانەوە ناوە بە بایەخەوە لەم کەرتە ئابوورییە گرنگە بڕوانن و جێگاوپێگەی تایبەتی لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتانی جیهان دا پەیداکردووە (3).

بەڵام لە ساڵی 2020 کەرتی گەشتوگوزار بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا (covid_19 virus) لە سەرتاسەری جیهان پاشەکشێی گەورەی کرد، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیی ڕێژەی گەشتیاری نێودەوڵەتی لەم ساڵەدا (74%) کەمیکردووە، مانگی تەموزی 2020 بەراورد بەهەمان مانگ لەساڵی 2019 لە (81%) گەشتیار کەمیکردووە، واتە بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوەکە لە نێوان (850) ملیون بۆ (1.100) ملیار گەشتیار کەمیکردووە، ئەمەش دەخەمڵێنرێت بەزیانی مادی (730) ملیارد بۆ (1000) ملیارد دۆلار لە کەرتی ئابووریی جیهانیی، زۆرترین زیانیش بەپلەی یەکەم بە ناوچەی زەریای هێمن و زەریای هیندی و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کەوتووە بە ڕێژەی (79%)، پاشان ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە ڕێژەی (69%)، دواتر کیشوەری ئەوروپا بە ڕێژەی (68%)، هەرچی کیشوەری ئەمریکاشە بە ڕێژەی (65%) (4).

کەرتی گەشتوگوزار لە عێراق دا لەم ساڵانەی کۆتاییدا گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، هەرچەندە لە ئاست پێگەی عێراق دا نیە، چونکە عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی دەوڵەمەندە بە بنەما سروشتی و مرۆیی وشارستانی و ئاینیەکان، ئەگەر دەسەڵاتدارانی عێراق کار لەسەر گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار بکەن دەتوانن وەك دووەم سەرچاوەی داهاتی

(1) ریچارد شارپلی، توسعەگردشگری ومحیط زیست، ت.یاسر رمضان نژاد و علی پورقیومی، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1395، ص44.

(2) ریچارد شارپلی و دیوید تلفر، برنامەریزی توسعه گردشگری درکشورهای درحال توسعه، ت.حمید ضرضام بروجنی و دیگران، چاپ سوم، انتشارات مهکامه، تهران، 1397، ص283.

(3) شهین نرگسی و همکاران، بررسی رابطه بین گردشگری، رشد اقتصادی وتوسعه مالی درایران(1368_1395)، فصلنامه اقتصاد مالی، سال دوازدهم، شماره44، پاییز1397، ص41_43.

(4) www.unwto.org, unwto tourism data dashboard, 21/February/2021.

نیشتیمانیی لە پاش نەوت سود لەم پیشەسازییە پڕبایەخە وەربگیرێت، ئەوەی پەیوەندیدارە بە کەرتی گەشتیارییەوە کۆی ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2019 بریتیی بووە لە (5) ملیون گەشتیار، بەشی هەرەزۆری ئەو گەشتیارانەن کە بەمەبەستی سەردانی مەزارگە ئاینیەکان سەردانی عێراقیان کردووە، زۆربەشی لە گەشتیاری ئێرانی و پاکستانی و بەحرەینی و لوبنانی و ئەو ولاّتانەی دیکە پێکدێن کە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعەی تێدایە. ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاریی، سەرەڕای ئەو هەمووە کارەسات و جەنگ و نائارامی سیاسی و سەربازی و ئەمنیەوە کە وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت[1].

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە پاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لەعێراق کەرتی گەشتیاریی گەشەی باشی بەخۆیەوە بینیوە، لەساڵی 2007 ژمارەی گەشتیار (377397) کەس بووە، بەلاّم لەساڵی 2019 ئەم ژمارەیە بەرزبووەتەوە بۆ (3789983) گەشتیار، واتە نزیکەی دە هێندە ژمارەی گەشتیار زیادیکردووە. هەروەها دامەزراوەخزمەتگوزارییە گەشتارییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە، لەساڵی 2007 تەنها (106) هۆتێلی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بەلاّم لەساڵی 2019 ئەم ژمارەیە بۆ (459) هۆتێل بەرزبووەتەوە[2]. هەموو ئاماژەکان دەڵێن گەشتوگوزار لە ئەمڕۆدا یەکێکە لە پڕبایەخترین کەرتە ئابوورییەکانی جیهان، سەرچاوەیەکی بەهێزی داهاتە و بووە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پێکهاتەی ئابووریی زۆرێك لە دەوڵەتە پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتووەکانی دنیا، گەشتوگوزار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لێکەوتەی ئەرێنی لە پاش خۆی بەجێدەهێڵێت، بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنجە لە تەنیشت لێکەوتە ئەرێنیەکانی گەشتوگوزار کۆمەڵێك لێکەوتەی نەرێنیشی هەیە، کە لە خوارەوەدا ئاماژە بۆگرنگترین لیکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزاردەکەین:

1. 2. 2. 1. لێکەوتەی ئەرێنی

دەتوانین کاریگەرییە ئەرێنیەکانی گەشەی گەشتوگوزار بکەین بەدوو بەشەوە، ئەوانیش کاریگەرییە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆکانن، کە لێرەدا بەوردی ڕوونی دەکەینەوە.

أ/ کاریگەریی ڕاستەوخۆ:

1_ ڕاکێشانی دراوی بیانی: یەکێك لە لێکەوتە ئەرێنیەکانی کەرتی گەشتوگوزار بۆ هەر وڵاتێك ڕاکێشانی دراوی بیانیە، بەتایبەتی ئەو دراوانەی کە بە دراوی کاریگەر لە جیهاندا ئەژماردەکرێن وەك (دۆلار، یۆرۆ، یەن، پاوەنی ئیسترلینی)، هاتنی گەشتیار بۆ هەر وڵاتێك بەمانای زۆربوونی دراوی بیانی دێت لەو وڵاتە، ئەمەش بەچەند ڕێگایەك دەبێت وەك ڕسوماتی مۆڵەتی هاتنە ناوەوە، خەرجی ڕۆژانەی گەشتیار، خواست لەسەر شمەکی بەرهەم هاتووی ناوخۆیی، داهاتی دامەزراوە گەشتیارییەکان وەك هۆتێلەکان و هەروەها داهاتی گواستنەوە و هتد[3]...

(1) مصطفى محمد ابراهيم، القطاع السياحي في العراق، جريدة الصباح، 29/آذار/2021، من هذا الموقع www.alsabaah.iq.

(2) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاری هەرێمی کوردستان ساڵی 2007 بۆ 2019، زانیاری بلاّونەکراوە، 2020.

(3) مصطفى عبدالقادر، دور الاعلان فى التسويق السياحي دراسة مقارنة، الطبعة الأولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروالتوزيع، بيروت، لبنان، 2003، ص143.

لێرەدا ئاماژە بە ئاستی داهاتی گەشتیاریی دەرەکی و بڕی ڕاکێشانی دراوی بیانی بۆ وڵاتە دراوسێکانی عێراق دەکەین، بەگوێرەی ئامارەکان لە ساڵی 2018 تورکیا بڕی (26.616) ملیار دۆلاری ئەمریکی داهاتی گەشتیاریی هەبووە، کە لەسەر ئاستی دراوسێکانی عێراق پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لە پاش ئەو عەرەبستانی سعودی بە (10.129) ملیار، ئەردەن (4.064) ملیار، ئێران (3.483) ملیار، وڵاتی کوێت (498) ملیون دۆلار داهاتی گەشتیاریی هەبووە، کە ئەمەش یەکسانە بە هاتنە ناوەوەی دراوی بیانی بۆ ئەم وڵاتانە، شێوەی (4_1).

شێوەی (4_1)

داهاتی گەشتیاریی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە ساڵی 2018 _ ملیار دۆلار




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : آیدا ابونبی و شبنم فروحی، بررسی مسائل روز اقتصادایران، تهیەشدەدر: معاونت اقتصادی اتاق بازرگانی، صنایع، معادن وکشاورزی ایران، 1398، ص8.

2_ کاریگەریی گەشتوگوزار لەسەر هاوسەنگی تەرازووی پارەدان: هاتنی گەشتیاری بیانی بۆناوخۆی وڵاتێك واتە هاتنی دراوی بیانی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشتنی گەشتیار بۆدەرەوەی وڵاتەکە واتە چوونە دەرەوەی دراوی بیانی بۆ دەرەوە، ئەمەش کاریگەریی دروستدەکات لەسەر هاوسەنگی تەرازوی پارەدان لەو وڵاتانەی کە گەشتیارین[1]. بۆنمونە ڕاکێشانی گەشتیاریی داهاتی گەشتیاریی (خەرجی گەشتیارانی هاتوو)، ئەو پارانەی کەرتی گەشتیاریی دەرەوە ڕەوانەی ناوخۆی دەکات، هەناردەی کەلوپەل و دیاری گەشتیاریی، داهاتی کۆمپانیا نیشتیمانیەکانی گواستنەوە لە گواستنەوەی گەشتیاریی نێودەولەتی، و هەروەها وەبەرهێنانی گەشتیاریی دەرەکی لە ناوخۆ دەگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا دەرچوونی گەشتیاریی هەریەکە لە خەرجی گەشتیاریی (خەرجی گەشتیارانی ڕۆشتوو)، ئەوپارانەی کەرتی گەشتیاریی ناوەوە ڕەوانەی دەرەوەی دەکەن، هاوردەی کەلوپەل و دیاری و پێداویستی گەشتیاریی، داهاتی کۆمپانیا دەرەکیەکان لە گواستنەوەی گەشتیاری ناوخۆیی بۆ دەرەوە، و وەبەرهێنانی گەشتیاریی نیشتیمانی لە دەرەوە دەگرێتەوە[2].

---

(1) مثنى طه الحوري و اسماعيل محمد الدباغ، اقتصاديات السفر والسياحة، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2000، ص125.

(2) جهاد عيسى الشبار، اقتصاديات السياحة والفنادق (تطبيقاتها في المملكة العربية السعودية)، دارجامعة الملك سعودللنشر، الرياض، المملكة العربية السعودية، 2014، ص251.

3_ ڕۆڵی گەشتوگوزار لە دابینکردنی هەلی کار: چالاکی گەشتیاریی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دۆزینەوەی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بەتایبەتی هێزی کار لە وڵاتە گەشتیارییەکاندا، چونکە گەشتوگوزار بەپلەی یەکەم پشت بە دەستی مرۆڤ و بەشداری مرۆڤ دەبەستێت لەتەواوی چالاکیەکانیدا[1]. بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەهەرێمە گەشتیاریەکاندا کراون چالاکی گەشتیاریی لە توانایدا هەیە لە بەرامبەر کردنەوەی هەر ژورێك لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەیی بە ڕێژەی (2.75) هەلی کار بڕەخسێنێت، واتە ئەگەر هۆتێلێکی گەشتیاریی (200) ژووری بکرێتەوە لە توانایدا هەیە (550) هەلی کار بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بڕەخسێنێت[2]. ئەمە لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ (2 _ 2.5) هەلی کار لە هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی بەرەوخوار، بەگوێرەی زانیاریەکانی ئەنجومەنی جیهانیی بۆ گەشتکردن و گەشتوگوزار (WTTC) لە ساڵی 2013 کەرتی گەشتیاریی جیهانیی توانیویەتی هەلی کار بۆ (261) ملیون کەس بڕەخسێنێت، ئەمەش دەکاتە بۆ هەر (11) کرێکار یەك کەس لە کەرتی گەشتیاریی کاردەکات، لە ساڵی 2018 ئەم ژمارەیە گەشەی کردووە بۆ (323) ملیون کەس، واتە بۆ هەر (10) کرێکار یەك کرێکار. هەروەها لەماوەی نێوان ساڵانی 1990 بۆ 1997 کەرتی گەشتوگوزار توانیویەتی لە ماوەی تەنها (25) چرکەدا (10) هەلی کار بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بڕەخسێنێت [3]. ئەمە لە کاتێکدا کەرتی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە توانیویەتی هەلی کار بۆ (17564) کەس بڕەخسێنێت.

4_ ڕۆڵی گەشتوگوزار لە زیادکردنی داهاتی نەتەوایەتی: یەکێکی دیکە لە لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزار زیادکردنی داهاتی نەتەوەییە، ئەوەش بەڕێگەی زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات، جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەی داهاتی نیشتیمانیی، لە ئەنجامیشدا گەشەی ئابووریی خێرا و زیادکردنی داهاتی تاکەکەس. بۆنمونە گەشەی گەشتیاریی دەبێتە هۆکاری جوڵەی پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان، بەگوێرەی توێژینەوەکان گەشتوگوزار هاندەرە بۆبنیادنان و گەشەکردنی دەیان جۆر پیشەسازی و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر وەك هۆتێلەکان، خواردن وخواردنەوە، کانزاکان، ڕاخەرەکان وهتد[4]...

5_ کاریگەریی گەشتوگوزار لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی داهات: ڕۆڵ و کاریگەریی گەشتوگوزار لە بووژانەوەی ئابووریی نیشتیمانیی وڵاتاندا لە دووبارە دابەشکردنەوەی داهات و سەرمایە بەڕوونی دیارە، سەرمایە و داهات بەشێوەیەکی یەکسان لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا دابەشنەبووە، و بەردەوام جەمسەری دەوڵەمەند و چالاکی ئابووریی و جەمسەری هەژار و پشتگوێ خراو لە ناو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بوونی هەیە، ئەمەش هەلێکی باش بۆئەو ناوچانە دەڕەخسێنێت تا سود لە چالاکی گەشتیاریی وەربگرن لە پێناو گەشەپێدانی ناوچەکانیان. باشترین نمونە بۆ ئەم بارودۆخە دورگە پەراوێز و هەژارەکانی ناو زەریای هێمن و هیندی و دەریای کاریبیە، کە بە سروشتی دڵڕفێن و خستنەڕووی بنەما گەشتیارییەکانیان دەتوانن گەشتوگوزار بۆلای خۆیان ئاراستە بکەن، وەکو دورگەکانی فیجی و کوبا و ماکاو و مالدیڤ[5].

(1) محمد حسین ایمانی خوشخو ودیگران، تحلیل أثرات اقتصادی گردشگری ورودی بەشهرستان نور با استفادە از مدل گردش پولی، مجلە گردشگری، سال چهارم، شمارە7، زمستان 1395، ص40.

(2) فؤاد بن غضبان، الجغرافية السياحية، الطبعة العربية، داراليازوري العلمية للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2014، ص119.

(3) ريهام يسرى السيد، أسس صناعة السياحة، الطبعة الأولى، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2020، ص83.

(4) ماهر عبدالعزيزتوفيق، صناعة السياحة، دارالزهران للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2008، ص84.

(5) مصطفى قدمی و محمدغلامیان بابی، اثرات گردشگری(پیامدها، چارچوپ ها و سیاست ها)، چاپ اول، انتشارات مهکامە، تهران، 1393، ص24.

ب/ كاریگەریی ناڕاستەوخۆ:

1_كاریگەریی لەسەر چالاك بوونی جوڵەی بەرهەم هێنان و وەبەرهێنان لە كەرتەكانی تر: گەشەی گەشتوگوزار لە ناوچەیەكدا واتای زۆربوونی ژمارەی گەشتیارە، ئەمەش كاریگەریی دروستدەكات لەسەر داواكاری زۆربەی كالاّ و بەرهەمەكانی تر، وەك بەرهەمی پیشەسازی خۆراك و خواردنەوە و جل وبەرگ و هتد..دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی وەبەرهێنان لە كەرتە ئابوورییەكانی دیكە[1].

2_كاریگەریی چەند ئەوەندەی گەشتیاریی: بیرۆكەی چەند ئەوەندەی گەشتیاریی لەسەر ئەم بنەمایەیە كە (هەموو خەرجیەك داهاتێك زیاد دەكات لە خولی ئابووریی دا)، خەرجی گەشتیاران دەبێتە هۆكاری زۆربوونی داهات كە زنجیرەیەك خەرجی و داهاتی بەردەوامی لێدەكەوێتەوە[2]. بۆنمونە وەرزشكارێكی خلیسكێنەی سەربەفر لە ناوچەیەكی گەشتیاریی پسوڵەیەك بە بەهای (100) دۆلار دەكڕێت، بەشێكی ئەم پارەیەی كە لەلایەن بەڕێوەبەری یانەكەوە وەردەگیرێت وەك كرێی مانگانە دەدرێت بە كارمەندانی یانەكە، كارمەندەكان بەشێكی پارەكە بۆ كڕینی پێداویستە سەرەكیەكانی خۆیان وەك خواردن و خواردنەوە بەكاردەهێنن، خاوەن دوكان و ماركێتەكان بەشێكی داهاتەكەی بۆ كرێی دوكان خەرج دەكات، خاوەن موڵكیش بەشێكی پارەكەی بۆ كاروباری ڕۆژانەی خۆی وەك خزمەتگوزاریی چاككردنەوەی ئۆتومبیل خەرج دەكات، خاوەن پیشەش بەشێك لە داهاتەكەی لە ڕیستۆرانتێك یان یانەیەك خەرج دەكات، خاوەنی یانەكە یان ڕیستۆرانتەكە بەشێكی داهاتەكەیان بۆ كڕینی خواردنەوە یان خۆراكی بنەڕەتی كە لە دەرەوە هاوردە دەكرێت خەرج دەكەن، لێرەدا ئیتر پارەكە لە سووڕی ئابووریی ولاّت دا نامێنێت، ئەوەی سەلمێنراوە ڕێژەی دەستاودەستكردن و خولانەوەی ئەم سامانە لە ولاّتێكەوە بۆ ولاّتێكی دیكە جیاوازە، بۆنمونە لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكان بەهۆی پێشكەووتنیان لە هەموو ئاستەجیاوازەكان، وەك پیشەسازی و كشتوكاڵی ڕێژەی خولانەوەی ئەم سامانە چەند هێندەی ولاّتە تازەپێگەیشتووەكانە، چونكە سەرمایەی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانە بەكەمی دەڕواتە دەرەوە بۆیە هەرلە ناوخۆی ولاّتەكەدا دەستاودەستی پێدەكرێت [3].

3_كاریگەریی لەسەر گەشەی ژێرخانی ئابووریی: بنەمایەكی گرنگی گەشەكردنی گەشتوگوزار لە ناوچەیەكدا بوونی ژێرخانێكی ئابووریی بەهێز و پێشكەوتووە، گەشتیار زیاتر ڕوودەكاتە ئەو ناوچانەی ژێرخانی ئابووریی پێشكەوتوویان هەیە، هەر لە فڕۆكەخانە و ڕێگاوبانی گونجاو و بوونی هۆتێل و ڕیستۆرانتی گونجاو لە ڕووی چەندێتی وچۆنییەتیەوە، بوونی خزمەتگوزارییەكانی كارەبا و ئاوی پاك و بنكەی تەندروستی و هێڵەكانی پەیوەندی لە تەلەفون و ئینتەرنێت و ئاسانی بەدەستهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانە و بەنرخی گونجاو و بەكوالێتی باش[4].

---

(1) احمد علی اسدپور، بررسی رابطە صنعت توریسم بارشداقتصادی، فصلنامە علمی _ پژوهشی جغرافیا(برنامەریزی منطقە ای)، سال هفتم، شمارە3، تابستان 1396، ص289.

(2) محمد الناصرحميداتو و نصرحميداتو، أثرالنشاط السياحي في الجزائر على النمو الاقتصادي، مجلة رؤى اقتصادية، جامعة الشهيد حمه لخضر، الوادي، الجزائر، العدد9، 2015، ص78.

(3) چارلز آر گلدنر و جی آر برنت ریچی، شناخت صنعت گردشگری اصول، رویەها و رویكردها، ت. حمید ضرضام بروجنی و دیگران، چاپ ششم، انتشارات مهكامە، تهران، بهمن 1397، ص347.

(4) Edward Inskeep, Tourism Planning(An Integrated and Sustainable Development Approach), New York, 1991, p 119 & 120.

4_گەشتوگوزار بەراورد بە کەرتە ئابوورییەکانی تر وەك پیشەسازی بە پیشەسازییەکی پاك دادەنرێت، کە کەمترین زیانی بۆ ژینگەی سروشتی هەیە، ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە تێچووی خۆپاراستن و فرێدانی پاشماوەی پیس کەم دەکاتەوە[1].

5_ کاریگەریی لەسەر زیادبوونی جوڵەی چالاکیە ئابوورییەکانی دیکە وەك پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ، زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و یارمەتیدانی باشترکردنی ئاستی ژیان بە هۆی زۆری داواکاری لەسەر بەرهەمەکانیان [2].

6_گەشتوگوزار دەبێتە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەگەڵ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی: گەشتوگوزار بواری فراوان دەڕەخسێنێت بۆ وەبەرهێنان، وەکو بنیادنانی هۆتێل و ڕیستۆرانت و ناوەندی وەرزشی و گوندی گەشتیاریی و ڕێگەوبان و کۆمپانیاکانی گواستنەوە و شاری یاری و هتد.. ئەمەش دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتانەدا [3].

7_گەشتوگوزار دەرامەتێکی زۆر لە ڕێگەی ڕسومات و باج و گومرك کۆدەکاتەوە، چی ئەو ڕسومات و باجەی لە گەشتیار وەردەگیرێت، چی ئەوەی لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان کۆدەکرێتەوە، وەك باجی پێدانی ڤیزە و فڕۆکە و فڕۆکەخانە و هتد...[4].

8_پاڵپشتی بنیادنان و دروستکردنی پرۆژەی بچوك و مام ناوەند وەکو خواردنگەی بچوك و ڕیستۆرانتی مام ناوەند، دوکانی فرۆشتنی کاری دەستی[5].

9_ گەشتوگوزار ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری بە تایبەتی لە ولأتە تازەگەشەسەندووەکان، کۆنگرەی ژۆهانسبۆرگی تایبەت بە پەرەپێدانی بەردەوام لە ساڵی 2002 جەخت لەوە دەکاتەوە گەشتوگوزار ئامراز و ڕێگایەکی گونجاوە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لە نێو ولأتانی پێشوازی گەشتیاریدا. سەنگافورە و مالیزیا و تورکیا و کۆریای باشور و میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو نمونەی ئەو ولأتانەن گەشەی گەشتیاریی ڕۆڵی کارای هەبووە لە دابەزینی ڕێژەی هەژاری[6].

10_ بەرزبوونەوەی بەهای دراوی نیشتیمانی: لە زۆربەی ولأتانی تازە پێگەیشتوو کەمی سەرچاوەی نەختینەی دەرەکی دەبێتە هۆکاری هەلأوسانی بەهای نەختینەیی لەم ولأتانە، گەشتوگوزار دەتوانێت خستنەڕووی دراوی نەختینەیی دەرەکی

---

(1) ابتهال زندی، برنامه ریزی وطراحی پایدار اکوتوریسم، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1394، ص27.

(2) ڕۆژگار حمدأمين شێخانی، الابعاد الاجتماعية والاقتصادية للتنمية السياحية في اقليم كوردستان(دراسة تطبيقية في مدينة اربيل)، الطبعة الثانية، مطبعة الثقافة، اربيل، 2016، ص111و112.

(3) عميش سميرة، دور أستراتيجية الترويج في تكييف وتحسين الطلب السياحي الجزائري مع مستوى الخدمات السياحية المتاحة خلال الفترة 1995_ 2015، أطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، جامعة فرحات عباس، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، الجزائر، 2015، ص142.

(4) زهير بوعكريف، التسويق السياحي ودوره في تفعيل قطاع السياحة، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة منتوري قسنطينية، كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسيير، الجزائر، 2012، ص28.

(5) فؤاد بن غضبان، السياحة البئيية المستدامة بين النظرية والتطبيق، الطبعة الأولى، دارصفاء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2015، ص86و87.

(6) اندرو هولدن، مطالعات گردشگری وعلوم اجتماعی، ت.رضارضوانی پرکند، چاپ اول، انتشارات جهاد دانشگاهی مشهد، مشهد، ایران، 1394، ص140.

لەم وڵاتانە زیادبکات، لە لایەکی دیکەوە ڕێگری کردن لە چوونە دەرەوەی گەشتیاری ناوخۆیی بۆ دەرەوە لە پێناو پاراستنی دراوە نەختیەنەیی بیانی، کە دواجار دەبێتە هۆکاری زیادبوونی بەهای دراوی ناوخۆیی(1).

11_ پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبردن و زیادکردنی ئەزموونی کارگێڕی، ئەمەش بەتێپەڕبوونی کات دەگوازرێتەوە بۆتەواوی بەشە ئابووریی و کارگێڕییەکانی دیکەی وڵات و کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر لێهاتووی و کارامەیی بەڕێوەبەرانی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان(2).

12_ گەشتوگوزار لایەنێکی ستراتیژییە لە گەشەپێدانی ئابووریی: کۆنفرانسی لۆمە (Lome) لە ساڵی 1985 کە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتانی ئەفریقا و زەریای ئارام و دەریای کاریبی ئەنجام درا بەچڕی جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی ستراتیژی کەرتی گەشتوگوزار لە سەر گەشەسەندن و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتان(3).

1. 2. 2. 2. لێکەوتەی نەرێنی

لەگەڵ ئەو هەمووە لێکەوتە ئەرێنی و گرنگانەی کەرتی گەشتوگوزار لە ڕووی ئابوورییەوە بۆدەوڵەتان بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، بەڵام وەکو تەواوی چالاکیە ئابوورییەکانی دیکە بەدوورنیە لە خاڵی لاواز ونەرێنی، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەچەند لێکەوتەیەکی نەرێنی گەشتوگوزار دەکەین لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و تەندروستیەوە، کە زۆر جار شوێنەواری خراپ لەپاش خۆیان بە جێدەهێڵن، بەتایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان یان ئەو وڵاتانەی لە چوارچێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەژمار ناکرێن.

1_داواکاری زۆر لەسەر دەرامەتە سروشتیەکان، لەئەنجامیشدا ماندووبوون و لەناوچونیان(4).

2_ دروستکردنی جۆرێك لە قەرەباڵغی لە وەرزی گەشتیاریی لە ناوچە گەشتیارییەکان بەتایبەتی گرفتی هاتووچۆ(5).

3_هەڵاوسانی ئابووریی لە وەرزی گەشتیاریی، ئەمەش لە ناوچە گەشتیارییەکان دروستدەبێت لەوەرزی گەشتیاریی، کە نرخی کەل وپەل و کاڵا وخزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە(6).

4_گەشەی ئابووریی ناهاوسەنگ، وەك ئەوەی هەرێمێکی گەشتیاریی لە ڕادەبەدەر گەشە دەکات و هەرێمێکی دیکە پەراوێز دەخرێت، واتە پەیدا بوونی جیاوازی چینایەتی لە ناوچە گەشتیارییەکان(7).

5_پەیدا بوونی هەندێ گرفتی کۆمەڵایەتی وەك تاوان، لەشفرۆشی و قومارکردن لە کاتی وەرزی گەشتیاریی دا(8).

---

(1) میثم موسایی، مبانی اقتصاد توریسم، چاپ سوم، انتشارات مهکامه، تهران، پاییز 1398، ص28.

(2) ادوارد اینسکیپ، برنامەریزی گردشگری، ت.محمودحسن پور و سعیدداغستانی، چاپ چهارم، انتشارات مهکامه، تهران، 1398، ص357.

(3) نوربرت فن هوو، اقتصاد مقاصد گردشگری، ت.افسانە شفیعی و مهراد کجوئیان، چاپ دوم، انتشارات مهکامه، تهران، 1397، ص361.

(4) حسین حاتمی نژاد و داود عیوضلو، توسعەگردشگری درایران، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1395، ص97.

(5) روبرت ماكنتوش و آخرون، پانوراما الحياة السياحية، ت.عطية محمد شحاتة، الطبعة الأولى، المجلس الأعلى للثقافة والشركة الدولية للطباعة، القاهرة، 2002، ص48.

(6) نورعبدالرزاق عبدالوهاب، دورالسياحة في تحقيق التنمية الاقتصادية في العراق للمدة(1990 _2015)، مجلة علوم الاقتصادية والأدارية، المجلد 24، العدد 109، 2018، ص429.

(7) امیرهاشمی مقدم، انسان شناسی گردشگری، چاپ دوم، انتشارات مهکامه، تهران، 1399، ص74.

(8) گروه نویسندگان، مدیریت عمومی تأسیسات گردشگری، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1399، ص36.

6_کێشەوگرفتی ژینگەیی بەتایبەتی پیسبوون بەبینین و پیسبوون بە ژاوەژاو لە وەرزی گەشتیاریی، ئەم گرفتە زیاتر لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان یان وڵاتانی جیهانی سێ بەڕوونی هەستی پێدەکرێت[1].

7_ گۆڕینی سروشتی هونەر و فەرهەنگ و کلتور و ئاین بۆ بابەتێکی بازرگانی، و دابەزینی ئاست و کوالێتی ئەم بوارانە لە پێناو سود و قازانجی ئابووری[2].

8_هەستیاری کەرتی گەشتوگوزار بە قەیرانە ئابووریی و سیاسی و سروشتیەکان، وەك نەخۆشی سارس لە ساڵی 2003، قەیرانی دارایی جیهانی لە ساڵی 2009 و پەتای ڤایرۆسی کورونا لە ساڵی 2020[3].

9_ بلاٌوبوونەوەی نەخۆشی بەهۆی گەشتوگوزارەوە لەهەندێ حاڵەتدا، بۆنمونە بلاٌوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کورۆنا لە بەشی ڕۆژهەلاٌتی ئاسیاوە بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان بەهۆی گەشتیارانەوە، کە لە ئەنجامدا بەگوێرەی ئامارەکانی ڕیکخراوی تەندروستی جیهانی تەنها لەساڵی 2020 دا ئەم پەتایە بووەتە هۆکاری گیان لەدەستدانی نزیکەی (2.5) ملیون مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان دا[4].

10_ کاریگەریی نەرێنی لەسەر بوجەی وڵات بەهۆی زیادەڕۆی کردن لەخەرجی دروستکردن و بنیادنان و نوێ کردنەوەی پرۆژەخزمەتگوزارییەکان تاوەکو بتوانێت کێبڕکێی هاوشێوەکانی بکات لە وڵاتانی دیکە لە پێناوی ڕەزامەندی گەشتیاران[5].

11_ گواستنەوەی سەرچاوەکانی تری بەرهەم هێنانی ئابووریی بۆ کەرتی گەشتیاریی، واتە تیشك خستنە سەر کەرتی گەشتوگوزار و پەراوێزخستنی کەرتەکانی تر، ئەوەی جێگەی باسە ئەم گرفتە بەزۆری لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکان یان لەو دورگە گەشتیاریانە دروستدەبێت زیاتر پشتیان بە گەشتوگوزار بەستووە وەکو سەرچاوەی داهاتی نیشتیمانیی[6].

12_ زۆربوونی خەرجیەکانی دانیشتوان و زیادبوونی باج بە تایبەتی لەسەر دەستی کار لە ناوچە گەشتیارییەکان[7].

13_ وەرزی بوونی گەشتوگوزار و جوڵەی گەشتیاریی زۆر جار دەبێتەهۆی بێکاری وداخرانی هۆتێل و ڕیستۆرانت و کافتریا و قاوەخانەکان لەو وەرزانەی کە گەشتیاریی نین[8]، ئەم گرفتە لە ناوچەی هەورامانی پارێزگای هەڵەبجە بە ڕوونی دیارە.

---

(1) مطيع يوسف محمد قيصي، دراسة في جغرافية السياحة في منطقة أريحا والبحر الميت، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة النجاح الوطنية، كلية الاداب، نابلس، فلسطين، 2000، ص135.

(2) سامره عليزاده و همكاران، بررسی نقش گردشگری در اشتغال نظم و امنيت شهرستان تالش، فصلنامه دانش انتظامی گيلان، دوره2، شماره5، بهار 1392،ص 35.

(3) علی حقيقت و همكاران، بررسی رابطه عليت ميان رشد اقتصادی وتوسعه‌گردشگری دركشورهای خاورميانه وشمال آفريقا، فصلنامه سياست های راهبردی وكلان، سال يكم، شماره دوم، تابستان 1392، ص57و58.

(4) www.world health organization.int,2021.

(5) ليلا وثوقی و فضيله خانی، مروری بر مبانی رويكردها ومدلهای برنامه ريزی گردشگری، چاپ دوم، انتشارات مهكامه، تهران، 1396، ص127.

(6) ليلا وثوقی و فضيله خانی، همان منبع، ص127.

(7) معصومه براری و همكاران، بررسی تحليل اثرات اقتصادی گردشگری از ديدگاه شهروندان(مطالعه موردی: شهر بابلسر)، مجله علوم جغرافيايی، شماره24، بهار و تابستان 1395، ص46.

(8) ادريس باباخانزاده و صديقه لطفی، ارزيابی اثرات گردشگری بر روستای قوری قلعه، فصلنامه علمی _ پژوهشی مطالعات مديريت گردشگری، سال هفتم، شماره 20، زمستان 1391، ص94.

14_گۆڕینی دیمەنی دڵڕفێن و جوانی سروشتی بۆ باڵەخانە و دامەزراوەی گەشتیاریی، واتە گەشەکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لەسەر حسابی دارستان و زەوی کشتوکاڵی و ڕووبەری سەوزایی[1].

15_ یەکێکی دیکە لە لێکەوتە نەرێنیەکانی گەشتوگوزار گۆڕینی پیشەی سەرەکی یان وازهێنانی دانیشتوانە لە پیشە ڕەسەن و هەمیشەییەکانی خۆیان، بەگوێرەی توێژینەوەیەك لە ئیسپانیا هەندێ گوند وازیان لەپیشەی کشتوکاڵ هێناوە و گرنگی بەکارکردن دەدەن لە چالاکی پەیوەندیدار بە گەشتوگوزار، یان هەندێ دورگەی ناو زەریای هێمن وازیان لەپیشە ڕەسەنەکانی خۆیان هێناوە کەسەدان ساڵە باوباپیرانیان پێوەی خەریکبوون و بژێوی خۆیان لەسەر دابینکردووە، بەلاَم ئێستا پشتگوێ خراوەو دانیشتوان چاویان لەو پارەیە گەشتیاران لە ناوچەکەیان خەرجی دەکات[2].

16_ پشت بەستنی لەڕادەبەدەر بەکەرتی گەشتوگوزار وەك سەرچاوەی سەرەکی داهات دەرئەنجامی نەرێنی لەسەر ئابووریی دەوڵەتان بە جێدەهێڵێت، بەتایبەتی لە کاتی ڕوودانی کارەساتێکی سروشتی یان پەتایەکی تەندروستی یان قەیرانێکی دارایی یان ناسەقامگیری سیاسی و سەربازی. بۆنمونە  کەرتی ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیانی (1000) ملیار دۆلاری بەرکەوتووە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهۆی ڤایرۆسی کورونا کە پەتایەکی جیهانیە، بەتەنها پشکی گواستنەوەی ئاسمانی لە ئەمریکا زیانی (40) ملیار دۆلاری بەرکەتووە، کە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان (82%) سەرجەمی بەکارهێنەرانی هێڵەکانی گواستنەوەی ئاسمانی لە ئەمریکا گەشتیارانن. هەروەها کەرتی گەشتوگوزاری سوریا لەماوەی نێوان ساڵانی 2011 بۆ 2019 بەهۆی نائارامی و جەنگەوە بە ڕێژەی (94%) زیانی بەرکەوتووە و بەرێژەی (98%) گەشتیاری دەرەکی کەمیکردووە. ساڵی 2004 کارەساتی تسۆنامی کە کارەساتێکی سروشتی وێرانکەر بوو لە زەریای هیندی ڕوویدا بووە هۆی زیانی مادی (400) ملیون دۆلار بە کەرتی گەشتیاریی سریلانکا[3].

---

(1) مهدی قرخلو و همکاران، اثرات زیست محیطی گردشگری بر سواحل شهر رامسر، فصلنامه پژوهشی جغرافیای انسانی، سال اول، شماره سوم، تابستان 1388، ص8.

(2) فاتح حبیبی و سمیرا محمدی، بررسی تأثیر توسعه گردشگری بر شاخص توسعه انسانی، اولین همایش بین المللی برنامەریزی اقتصادی توسعه پایدار و متوازن منطقەای رویکردها و کاربردها، 13 و 14 اردیبهشت ماه، 1396، دانشگاه کردستان، سنندج، ایران.

(3) برنت دبلیو ریچی و کوم کامپیرانون، بحرانهای گردشگری ومدیریت مخاطرات درآسیا واقیانوسیه، ت.بهار بیشمی و حسن عزیزی، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1397، ص207.

## بەشی دووەم: جوڵەی گەشتیاریی، خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی دا

### باسی یەکەم: جوڵەی گەشتیاریی لە ماوەی نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2020 لە شاری سلێمانی

2. 1. 1. ژمارەی گەشتیاران لەسەر ئاستی هەرێم، عێراق، دەرەوە

### باسی دووەم: خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی

2. 2. 1. شوێنی مانەوە(هۆتێل و موتێل و کۆمەڵگای گەشتیاریی و کابینەی گەشتیاریی)

2. 2. 2. ڕیستورانتەکان و خواردنگەکان

2. 2. 3. کافتریا و گازینۆ و یانەکان

2. 2. 4. پارك و باخچە گشتیەکان

2. 2. 5. شاری یاری

2. 2. 6. پەرستگا و مەزارگە

2. 2. 7. شوێنە ڕۆشنبیرییەکان: شوێنە کلتوری و مێژوویی و زانستی و فەرهەنگیەکان

2. 2. 8. پێشانگا نێودەوڵەتیەکان

2. 2. 9. ناوچەبازرگانیەکان (مۆڵەکان)

2. 2. 10. نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان

2. 2. 11. فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

## بەشی دووەم: جوڵەی گەشتیاریی و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی

گەشەکردنی جوڵە و چالاکی گەشتیاریی لە هەر ناوچەیەکدا لە ڕووی ئابوورییەوە لێکەوتەی ئەرێنی بەجێدەهێڵێت، بەتایبەتی لە ڕووی گەشەکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانەوە، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان گەشەی جوڵەی گەشتیاریی و گەشەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، بۆیە ئێمە لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر جوڵە و چالاکی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی لەماوەی نێوان سالآنی 2007 بۆ 2020 و ئاستی بەرەوەپێشچوونی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان.

### باسی یەکەم: جوڵەی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی

جوڵەی گەشتیاریی پێوەرێکی بنچینەییە بۆ زانینی ئاستی بەشداری گەشتوگوزار لە گەشەی ئابووریی هەرناوچەیەك، جا جوڵەکە بەئاراستەی هاتن بێت یان ڕۆشتن. هەروەك لە بەشی پێشوو ئاماژەمان پێدا لە پاش سالی پەنجای سەدەی ڕابردووەوە جیهان بەگشتی جوڵەیەکی گەشتیاریی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، چی لە ڕووی ژمارەی گەشتیاری ناوخۆیی و دەرەکیشەوە، بەهۆی باش بوونی ئاستی گوزەران و بەرزبوونەوەی داهات و پێشکەوتنی ژیان و پێشکەوتنی هۆیەکانی هاتووچۆوە. بابەتێکی سروشتیە، کە ناوچەی توێژینەوەش بەدەرنیە لە گەشەی جوڵە و چالاکی گەشتیاریی بەتایبەتی لە پاش ڕوخاندنی حکومەتی عێراق لە سالی 2003، چونکە دواجار کاریگەری ئەرێنی دانا لەسەر کرانەوەی ناوچەی توێژینەوە بەسەر ناوچەکە و جیهان دا. لێرەدا ئێمە بەپێویستی دەزانین بەپشت بەستن بەخشتەی (2_1) جوڵەی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی ڕوونبکەینەوە بەمەبەستی زانینی ئەو کاریگەریانەی چالاکی گەشتیاریی دروستیکردووە لەسەر لایەنی ئابووریی شارەکە.

1_ ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری (پارێزگای سلێمانی) لە ماوەی نێوان سالآنی 2007 بۆ 2020 دەگاتە نزیکەی (6.669.736) گەشتیار، بەرزترین ژمارەی گەشتیاری هاتوو لەسالی 2019 تۆمارکراوە، کە بریتیە لە (1.140.760) بە ڕێژەی (17.1%) کۆی گەشتیاری هاتوو، نزمترینیش لە سالی 2007 تۆمارکراوە، کە بریتیە لە (77933) گەشتیار بە ڕێژەی (1.1%) کۆی گەشتیاری هاتوو بۆناوچەی توێژینەوە و دەوروبەری، هۆکاری ئەم گەشەکردنە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ باش بوونی باری دارایی لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی، ئاسانکاری لە هۆیەکانی هاتووچۆ، زۆربوونی داواکاری بۆ گەشتکردن لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پێویستی تاکەکان بۆگەشتکردن، کرانەوەی شاری سلێمانی بەڕووی ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەرەوەدا، هەروەها ڕیکلام و گرنگیدان بە ڕاگەیاندنی گەشتیاریی و بلاوبوونەوەی وێنەیەکی باشی شاری سلێمانی لە ڕووی کەش و هەوای سازگار و ئارامیەوە، هەموو ئەمانە پێکەوە بوونەتە فاکتەری بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاری هاتوو لەماوەی نێوان سالآنی 2007 بۆ 2020.

2_ لەسالی 2007، کە سەرەتای وەرگرتنی داتاکانی توێژینەوەکەمانە بەردەوام ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆناوچەی توێژینەوە زیادی کردووە هەتاوەکو سالی 2014 و 2015، لەم دوو ساڵەدا ژمارەی گەشتیار دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، و ڕێژەی گەشەی سالآنە بەدوای یەکدا (25-) و (56-)، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی لەو دوو ساڵەدا نائارامی سەربازی و ئەمنی و سیاسی بالی کێشابوو بەسەرناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دا، کە سەرچاوەی سەرەکی ناردنی گەشتیاربوون بۆ ناوچەی توێژینەوە، لەوانە بوونی جەنگ بەدرێژایی سنوری نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، کە شەڕی لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم هەبوو،

ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی ئەمانە فاکتەری کاریگەر بوون بۆ دابەزینی ڕێژەی گەشتیار لەو دوو ساڵەدا.

خشتەی (2_1)

ژمارەی گەشتیاریی هاتوو بۆشاری سلێمانی و دەوروبەری لەماوەی نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2020

| ژ | ساڵ | ژ. گەشتیاری ناوچەی تویژینەوە و دەوروبەری | ژ. گەشتیاری هەرێمی کوردستان | ڕێژەی سەدی % | ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانە % |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2007 | 77933 | 377397 | 20.6 | – |
| 2 | 2008 | 119416 | 558860 | 21.3 | 53 |
| 3 | 2009 | 131932 | 719345 | 18.3 | 10 |
| 4 | 2010 | 229663 | 1313841 | 17.4 | 74 |
| 5 | 2011 | 314974 | 1702390 | 18.5 | 37 |
| 6 | 2012 | 374276 | 2216993 | 16.8 | 18 |
| 7 | 2013 | 444807 | 2952027 | 15.0 | 18 |
| 8 | 2014 | 333478 | 1529434 | 21.8 | –25 |
| 9 | 2015 | 146498 | 782251 | 18.7 | –56 |
| 10 | 2016 | 728823 | 1603400 | 45.4 | 397 |
| 11 | 2017 | 733358 | 2100210 | 34.9 | 1 |
| 12 | 2018 | 1007296 | 3057642 | 32.9 | 37 |
| 13 | 2019 | 1140760 | 3789983 | 30.0 | 13 |
| 14 | 2020 | 886522 | 2010388 | 44.0 | –22 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، داتای بلاٌونەکراوە، 2021.

2.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی ئاماری بازرگانی وگەشتوگوزار، داتای بلاٌونەکراوە، 2021.

3_ لە ساڵی 2016 وە جارێکی دیکە ژمارەی گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە و دەوروبەری زیادیکردەوە هەتاوەکو ساڵی 2019، کە ژمارەی گەشتیاری هاتوو ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرد بە (1.140.760) گەشتیار، ئەمەش ئەگەر بەراورد بکەین بەکۆی گشتی گەشتیاری هاتوو بۆتەواوی هەرێمی کوردستان لەهەمان ساڵدا، کە خۆی دەدات لە (3789983) گەشتیار دەکاتە ڕێژەی (30%)ی کۆی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان.

4_ ساڵی 2020 بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا لە جیهان و عێراق و ناوچەی توێژینەوە جارێکی دیکە ژمارەی گەشتیار کەمیکردەوە بۆ (886522) گەشتیار، واتە بە ڕێژەی (22%) گەشتیار کەمیکردووە، بەشی هەرەزۆری گەشتیارانی ساڵی 2020 بۆ شاری سلێمانی گەشتیارانی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناو پارێزگای سلێمانین.

5_ لە کۆی سەرجەمی گەشتیارانی هاتوو بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری گەشتیاریی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕێژەی (61%) پێکدەهێنن، پاشان گەشتیاری پارێزگاکانی دیکەی هەرێم ڕێژەی (27%) پێکدەهێنن، دواتر گەشتیاریی بیانی ڕێژەی لە (12%)ی سەرجەمی گەشتیاران پێکدەهێن، ئەمەش ئەو ڕاستیە پشتڕاستدەکاتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری ناوچەکانی ناوەڕاست وباشوری عێراقە، واتە گەشتیاری عەرەب پشکی شێریان لە جوڵەی گەشتیاریی ناوچەی توێژینەوە و دەوروبەری بەردەکەوێت، پاشان گەشتیاری پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەپلەی دووەم دێن، هەرچی گەشتیاری بیانییە بەپلەی سێیەم دێن(1).

6_ بەرزترین ڕێژەی چالاکی گەشتیاریی لەماوەی ساڵانی 2007 بۆ 2019 بەردەوام لە ماوەی وەرزی گەشتیاریی نیسان بۆ ئەیلول دایە جگە لە ساڵی 2020، چونکە بەردەوام وەرزی گەشتیاریی ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی هاوینە هەوارەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی کەشێکی گەشتیاریی خۆش و سازگاریان هەیە، لەو ماوەیەدا بەراورد بە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، لە لایەکی دیکەوە پشووەکانی ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان فاکتەرێکی دیکە بۆ هاندانی گەشتیاریی لە وەرزی گەشتیاریی نیسان بۆ ئەیلول، هەروەها باش بوونی دۆخی دارایی و ئاسانکاری هۆیەکانی هاتوچۆ ئەمانە هەموو پێکەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان پاڵنەرن بۆ زیادبوونی ژمارەی گەشتیار لەوەرزی گەشتیاری دا. بەڵام ساڵی 2020 بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا و ڕێکارەکانی خۆپارێزی و کەرەنتینە و قەدەغەی هاتووچۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی لە مانگەکانی سەرەتای وەرزی گەشتیاری دا کەمترین چالاکی گەشتیاریی تۆمارکراوە بەراورد بەساڵانی پێشووتر.

7_ ئەگەر ساڵی 2019 بەنمونە وەربگرین و بەراوردکاری بکەین لەنێوان ژمارەی گەشتیار لەسەر ئاستی جیهان و لەسەرئاستی ناوچەی توێژینەوە، ئەوا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژمارەی گەشتیار لەسەر ئاستی جیهان لەو ساڵەدا (1.5) ملیار گەشتیار بووە(2)، لە کاتێکدا ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە بریتی بووە لە (1.140.760) گەشتیار لە یەك ساڵدا، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (0.07%)، هەروەها شاری سلێمانی بەراورد بکەین بە شاری پاریس، کە ڕووگەیەکی گەشتیاریی گرنگە لەجیهان دا ئەوا تێبینی دەکەین شاری پاریس لەساڵی 2019 نزیکەی (31) هێندەی شاری سلێمانی گەشتیاریی بۆ ڕۆشتووە بە ژمارەی (35.4) ملیون گەشتیار(3)، ئەمەش ئەو ڕاستیە پشت ڕاستدەکاتەوە کە جیاوازییەکی زۆرهەیە لە نێوان جوڵەی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە و شارە گەشتیارییە جیهانیەکان، بەهۆی جیاوازی ئاستی پێشکەوتنی ئابووریی و خزمەتگوزاریی و کلتوریی و فەرهەنگیی و مێژوویی ئەو شارانە و ناوچەی توێژینەوە.

8_ لە ساڵی 2019 ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان شاری هەولێر و دەوروبەری (پارێزگای هەولێر)، (1.983.391) گەشتیاربووە، کە نزیکەی دوو هێندەی شاری سلێمانی و دەوروبەری بووە لە هەمان ساڵدا(4).

---

(1) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2020.
(2) www.unwto.org, 2019.
(3) www.statista.com, Number of tourist arrivals in Paris, Apr, 27, 2020.
(4) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020.

9_ بەرزترین ڕێژەی گەشەسەندنی ساڵانەی گەشتیار لەنێوان ساڵی 2007 بۆ 2020 دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2016، چونکە لەم ساڵەدا بەراورد بەساڵی پێشووتری واتە ساڵی 2015 بە ڕێژەی (397%) گەشتیار زیادیکردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هاتنی جەنگ و نائارامی لە بەشێك لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەمەش گەشتیارانی باشوور ڕێڕەوێکی پارێزراویان دەستکەوت بۆئەوەی بەئاسانی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، هەروەها بارودۆخی ئەمنی ناوچەکانی هەرێم بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق تاڕادەیەك باشتر بوو، سەرەڕای بەرزی پلەکانی گەرما لە باشوری عێراق پاڵنەرێکی دیکەبوو بۆ ئەوەی گەشتیاران لەوەرزی گەشتیاریی مایس_ئەیلول بەلێشاو ڕووبکەنە ناوچەشاخاوی و هاوینەهەوارەکانی پارێزگاکانی کوردستان و شاری سلێمانی و دەوروبەری.

10_ بەرزترین پشکی هاتنی گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە و دەوروبەری بەراورد بەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2016، کە لەم ساڵەدا لەکۆی (1.603.400) گەشتیاری هەرێم (728.823) گەشتیار سەردانی ناوچەی توێژینەوە و دەوروبەریان کردووە بە ڕێژەی (45.4%)، ئەمەش ئەوە دەردەخات لەو ساڵەدا سلێمانی و دەوروبەری ڕووگەیەکی هەڵبژێراوو پەسەندبووە لە لایەن گەشتیارانەوە، نزمترین پشکی بەرکەوتنی سەرجەمی گەشتیارانی هەرێمیش بۆ ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2013، کە لەم ساڵەدا لە کۆی (2.952.027) گەشتیار تەنها (444.807) گەشتیار سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە بەڕێژەی (15%).

11_ ئەوەی لەشێوەی (2_1) تێبینی دەکرێت سەبارەت بە جوڵەی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە لەماوەی ساڵانی 2007 بۆ 2020 شاری سلێمانی و دەوروبەری تەنها لە دوو ساڵدا ژمارەی گەشتیار (1) ملیون کەسی تێپەڕاندووە ئەوانیش ساڵانی 2018 و 2019 بووە، کە بەدوای یەکدا (1007296) و (1140760) گەشتیاربووە، ئەمە لەکاتێکدا هەرلەو ماوەیەدا ماوەی (10) ساڵ بەردەوام ژمارەی گەشتیار لەهەرێمی کوردستان لە سەرووی (1) ملیون گەشتیارەوە بووە.

12_ هەروەها لە شێوەی (2_1) تێبینی ئەوە دەکرێت ساڵانی 2014 و 2015 و 2020 ڕێژەی هاتنی گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە بەراورد بەساڵانی پێشووتری خۆیان دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینینوە، ساڵی 2013 ژمارەی گەشتیاریی هاتوو بۆناوچەی توێژینەوە (444807) گەشتیار بووە، بەڵام ئەم ژمارەیە لەساڵی 2014 و 2015 بەدوای یەکدا دابەزیووە بۆ (333478) و (146498) گەشتیار، هەروەها ساڵی 2020 بەراورد بە ساڵی پێشووتری ژمارەی گەشتیار لە (1.140.760) کەسەوە دابەزیووە بۆ (886522) گەشتیار، لە ساڵەکانی 2014 و 2015 هۆکاری سیاسی و ئەمنی و ئابووریی کاریگەریی هەبووە لەسەر دابەزینی ژمارەی گەشتیار بەڵام لە ساڵی 2020 هۆکاری تەندروستی.

13. تێکڕای ساڵانەی هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی لە ماوەی چواردەساڵدا واتە لە ساڵی 2007 بۆ ساڵی 2020 بریتیە لە (476409) گەشتیار، لە کاتیکدا تێکڕای ساڵانەی ڕۆشتنی گەشتیار بۆ شاری پاریس لە هەمان ماوەدا بریتیە لە(25) ملیون گەشتیار[1]، ئەمەش ئاستی جیاوازی ئەو دوو شارە دەردەخات لە ڕاکێشانی گەشتیاردا[*].

(1) مايا جريديني، مدينة عالمية تغص 25 مليون سائح سنويا، من هذا الموقع: www.alarabiya.net، نشر في 21 يوليو، 2019، بەرواری سەردانی سایت 2021/9/1.

(*) هۆکاری بەراوردی شاری سلێمانی بە شاری پاریس بۆ زانینی ئاستی جیاوازی پێشوازی گەشتیار لە نێوان ئەم دوو شارەدایە.

شێوەی (2_1)

بەراوردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێم و سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی 2007 _2020




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: خشتەی (2_1).

شێوەی (2_2)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گەشتیار بۆشاری سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی 2007 _2020




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: خشتەی (2_1).

## باسی دووەم: خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی

هەروەك لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە ئاماژەمان پێداوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بە فاکتەری کاریگەر و بنەڕەتی بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و بنەمای سەرەکی پێشکەشکردن و خستنەڕووی گەشتیاریی ئەژماردەکرێن. خزمەتگوزاریی گەشتیاریی سەرجەمی ئەو پێداویستیانەیە، کە گەشتیارێك بە درێژایی گەشتەکەی پێویستی پێیان ئەبێت و کارئاسانی تەواو دەکەن بۆ ئەوەی گەشتیار بە ئاسودەیی کاتەکانی بەسەربەرێت، جا ئەو پێداویستیانە مادی بن یان مەعنەوی.

چەمکی خزمەتگوزاریی گەشتیاری لای کاسبر (Casper) بریتیە لە (سەرجەمی ئامرازە مادیەکان، کە پێویستن بۆ دڵنیابوونی بەشداری خەڵك لە گەشتوگوزار و بەکارهێنانیان وەك ئاسانکاری بۆیان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەگەشتەکانیاندا)[1]، هەرچی خزمەتگوزاری گەشتیارییە بریتیە لەسەرجەمی ئەوانەی دەخرێتەڕوو بۆ گەشتیار لە پاشخانی مرۆیی وەکو داب ونەریت و هونەری میللی، بواری ڕێکخستن و ڕامیاری و یاسایی و کارگێڕی، ئامرازەکانی گواستنەوە و مانەوە و خواردن و حەوانەوە، شوێنەواری مێژوویی، یادەوەرییەکان، شوێنەوار و بۆنەی ئاینی، سەرگەرمی و وەرزش هەموو ئەمانە وەکو کاڵا یان بەرهەمێکی خاوی گەشتیاریی دەتوانرێت سودیان لێ ببینرێت[2]. خزمەتگوزاریی گەشتیاری بریتیە لە سەرجەمی ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی ئاسانکاری و ئاسودەیی بۆ گەشتیار دابین دەکەن، لە کاتی کڕین و بەکارهێنانی ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەدا لە گەشتکردن یان مانەوە لەناوچەی خستنەڕووی گەشتیاریی[3]. هەروەها پێناسەدەکرێت (بەکۆمەڵێ کار و چالاکی کە حەوانەوە و ئاسانکاری بۆ گەشتیار دابین دەکەن لە کاتی کڕین و بەکارهێنانی بەرهەمی گەشتیاریی دا، لە ماوەی گەشتکردن و مانەوە لە ناوچە گەشتیارییەکان دوور لەشوێنی هەمیشەیی خۆیان)[4].

کۆمەڵێ فاکتەری گرنگ ڕۆڵیان هەیە لە سەرکەوتنی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی دا، کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو فاکتەرانە دەکەین[5]:

---

(1) سعدأبراهيم حمد، واقع العرض والطلب السياحي في العراق دراسة تحليلية، مجلة أبحاث كلية التربية الأساسية، المجلد 10، العدد 4، 2011، ص405.

(2) عجاين معمر، التسويق السياحي ودوره في ترقية الخدمات السياحية دراسة حالة ولاية ورقلة، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي، كلية العلوم الأقتصادية والتجارية، الجزائر، 2018، ص27.

(3) مصطفى يوسف كافى و اخرون، مبادئ التسويق السياحي والفندقي، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشروالتوزيع ودارالاعصارالعلمي للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2014، ص58.

(4) قرارية فتيحة، الصناعة السياحية في الدول المغاربية حالة: الجزائر، تونس والمغرب، أطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، جامعة ابوبكربلقايد، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، الجزائر، 2019، ص38.

(5) بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

ا. أكبر فريهخته، مديريت رفتار در گردشگری، چاپ اول انتشارات محقق اردبيلی، اردبيل، ايران، 1397، ص122 و 123.

ب. اريك لوز، ارتقای كيفيت خدمات در گردشگری و مهمان نوازی، ت. حميد ضرضام بروجنی و همكاران، چاپ دوم، انتشارات مهكامه، تهران، 1399، ص39.

1_ ئاستی جیاوازی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی: مەبەست لێی بوونی خزمەتگوزاریەکی دەگمەنی گەشتیارییە کە لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیدا نەبێت، بۆ نمونە یاری خلسکێنەی سەربەفر کە لە وڵاتی میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو هەیە، بەڵام لە وڵاتانی دەوروبەری خۆیدا نیە، پرۆژەی گەشتیاریی شاری یاری چاڤی لاند لە شاری سلێمانی کە پرۆژەیەکی گەشتیاریی ناوازەیە لەسەر ئاستی عێراق، ئەمەش جیاوازی لە جۆری خزمەتگوزاری گەشتیاریی دا دروستکردووە و دەبێتە هۆکاری ڕاکێشانی گەشتیاریی بۆ شارەکە.

2_ بەرزی ئاستی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی: چەندە کوالێتی خزمەتگوزارییەکان بەرز و باشبن ئەوەنە دەبنە هۆکاری ڕاکێشانی گەشتیار، بۆ نمونە خزمەتگوزاریی گواستنەوەی هێڵی فرۆکەوانی قەتەری ئاستی خزمەتگوزارییەکانی زۆر بەرزە و بووەتە هۆکاری ڕاکێشانی گەشتیاران و ڕێبواران بۆلای خۆی، هەروەها بەرزی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی میوانداری لە هۆتێل شاری جوان لە شاری سلێمانی ڕۆڵی هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاریی.

3_ سروشتی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی: هەروەك لە پێشووتر ئاماژەمان پێدا یەکێك لەسیما دیارەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان ئەوەیە ئاسانکاری و ئاسودەیی بۆ گەشتیار فەراهەم بکەن، و چەندە بتوانن ئەم ئەرکە جێبەجێبکەن ئەوەندە ڕۆڵیان دەبێت لەسود گەیاندن بە گەشتیار.

4_ شێوازی پێشکەشکردن و خستنەڕووی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی: گەشتیاران گرنگی دەدەن بە چۆنێتی و چەندێتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوەی زۆرترین سود وچێژی لێ ببینن.

5_ روونی و ناسراوی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی: مەبەست لێی ڕوونی لەشوێن و جۆر و نرخ، چونکە ئەمە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ سەرکەوتنی هەرخزمەتگوزارییەکی گەشتیاریی.

6 _ نرخی گونجاوی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان: خزمەتگوزاریی گەشتیاریی باش بە نرخی گونجاو هەمیشە فاکتەری گەشەی گەشتیارییە لە هەرناوچەیەکدا.

بەشێوەیەکی گشتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان کۆمەڵێ تایبەتمەندیان هەیە، وەك دوو جەمسەری، واتە لایەنێکی مادی بەرجەستەکراوی هەیە لەگەڵ لایەنێکی مەعنەوی بەرجەستەنەکراو، کە هەردوو پێکەوە تەواوکەری یەکترن و دەتوانن خزمەتی گەشتیاران بکەن، بۆ نمونە هۆتێل خزمەتگوزارییەکی گەشتیاریی مادییە و هەستی پێدەکرێت بەڵام ئەو خزمەتگوزارییانەی لە هۆتێلەکەدا پێشکەش دەکرێت خزمەتگوزاری مەعنەوین، و هەتاوەکو گەشتیار سەردانی نەکات ناتوانێت ئەزموونی بکات. هەروەها نالێکچوونی هەیە لەنێوان خزمەتگوزارییە جیاوازەکان، چونکە هەمان خزمەتگوزاریی لەلایەن پێشکەشکەرانەوە یان لەلایەن کڕیارانەوە لە کات و شوێنی جیا بە جیاواز ئەزموون دەکرێن، بۆ نمونە ریستۆرانت ڕووە مادییەکەی ئەوەیە کەدەبینرێت و ڕووبەرێکی جوگرافی داگیرکردووە بەڵام ڕووە مەعنەوییەکەی جۆری ئەو خواردن و خواردنەوانەیە کە لەلایەن شێفە جیاوازەکانەوە ئامادە دەکرێن و لەلایەن میوانە جیاوازەکانەوە ئەزموون دەکرێن، چونکە دەکرێت هەمان خواردن جارێك چێژبەخش و لەبیرنەکراو بێت بەڵام جاری داهاتوو بە پێچەوانەوە بێت، یان گەشتیارێك چێژی لێ ببینێت بەڵام گەشتیارێکی دیکە بەوجۆرە نەبێت. هەروەها خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان ڕاستەوخۆ دەبێت لەلایەن کڕیارانەوە بەکاربهێنرێن چونکە پاشەکەوت ناکرێن، لەلایەکی دیکەشەوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان ناگوازرێنەوە بۆ لای داواکار بەڵکو کڕیاران دەبێت بێنە شوێنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان[1].

---

(1) بهرام رنجبریان و محمد زاهدی، خدمات صنعت گردشگری، چاپ ششم، انتشارات چهارباغ، اصفهان، ایران، 1395، ص12_15.

گرنگترین خزمەتگوزاریی و دامەزراوە گەشتیارییەکان لەشاری سلێمانی دەتوانین پۆلێن بکەین بە هۆتێل و میوانخانە و خانووی گەشتیاریی و کابینەی گەشتیاریی، شاری یاری، ڕیستورانت، کافی و قاوەخانە، پارك و باخچە گشتیەکان، پەرستگا و مەزارگە، شوێنە کلتوری و مێژووییەکان، سینەما و یاریگا و پێشانگا نێو دەوڵەتیەکان (شوێنە ڕۆشنبیرییەکان)، ناوچە بازرگانیەکان (مۆڵەکان) و فرۆکەخانە، ئەمانە هەموو ڕۆڵیان لە ڕاکێشانی گەشتیار هەیە، و کار ئاسانی تەواو دەکەن بۆ گەشتیار بۆئەوەی ئەزموونێکی خۆش و پڕچێژ و دوور لە ناڕەحەتی لەماوەی گەشتەکەیان وەربگرن. ئێمە لەم باسەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدەین ژمارەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان ڕوونبکەینەوە، چونکە دواجار گەشەکردنی ئەم دامەزراوە و خزمەتگوزارییە گەشتیاریانە ڕۆڵیان دەبێت لە ڕاکێشانی زیاتری گەشتیار و لە ئەنجامیشدا لێکەوتەی ئابووریی ئەرێنی دەبێت لەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانی بەئاراستەی کەم کردنەوەی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کار.

**2. 2. 1. شوێنی مانەوە:**

شوێنی مانەوە و پشودانی گەشتیار بایەخێکی زۆری هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاریی دا، لەبەرئەوەی گەشتیار پێش ئەوەی بەشوێن خواردن و خواردنەوە و چالاکیە گەشتیارییەکاندا بگەڕێت بە دوای شوێنی مانەوەی ئارام و ئاسودەدا دەگەڕێت، شوێنی مانەوە هەریەکە لە هۆتێل، ئاپارتمانی ڕاخراو (موتێل)، کابینە و خانووی گەشتیاریی دەگرێتەوە.

هۆتێل دامەزراوەیەکی گەشتیاریی گرنگە بۆ گەشتوگوزار و ئاماژەیەکی سەرەکیە بۆ گەشەکردنی چالاکی گەشتیاریی لە هەرناوچەیەکدا، لەبنەڕەتیشدا دروستبوونی هۆتێل ڕاستەوخۆ ئاماژەیەك بووە بۆ بوونی گەشتیار لە ناوچەیەکدا. هۆتێل پێناسەدەکرێت بەوەی ئەو دامەزراوە خزمەتگوزارییەیە، کە ڕێبواران و گەشتیاران پەنای بۆدەبەن و تێیدا دەمێننەوە بەمەبەستی ئاسودەبوون و پشوودان بۆماوەیەکی دیاریکراو لە بەرامبەر نرخێکی دیاریکراودا، کە کۆمەڵێ خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری تێدا پێشکەش دەکرێت، وەکو دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و نوستن و خواردن و خواردنەوەوهتد(1)..

هۆتێلەکان جۆریان زۆرە و پۆلێنی جیاوازی بۆ دەکرێت، لێرەدا ئاماژە بۆ پۆلێنە جیهانیەکانی هۆتێل(2) دەکەین:

یەکەم: پۆلێنی هۆتێلەکان لە ڕووی جۆریان، کە ئەم جۆرانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

1.هۆتێلی تێپەڕبوون (ترانزێت): زیاتر لە شارە گەورەکان و فرۆکەخانەکاندا هەیە و بەشێوەیەکی کورت خایەن لەلایەن ڕێبواران و گەشتیارانەوە بەکاردەهێنریت، ماوەی مانەوە تێیدا لەچەند کاتژمێرێکەوە تا (72) کاتژمێر دەخایەنێت.

2.هۆتێلی وەرزی: ئەو هۆتێلانەن بە درێژایی وەرزی هاوین یان زستان لەلایەن گەشتیارانەوە بەکاردەهێنرێن.

3.هۆتێلی وەرگرتنی چارەسەر: ئەو هۆتێلانەن بەدرێژایی ساڵ کراوەن و نزیکن لە کانیاوە گەرمەکان و سەرچاوە کانزاییەکان و ئەو ناوچانەی خۆریان زۆرە وەك چارەسەری سروشتی بەکاردەهێنرێن لە لایەن گەشتیارانەوە.

---

(1) سمیرخلیل شمطو، الادارة الفندقیة بین النظریة والتطبیق، الطبعة الاولی، مرکز کربلاء للدراسات والبحوث، بغداد، 2016، ص68.

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانەی لای خوارەوە:

ا. حمید ضرضام بروجنی، برنامەریزی توسعه جهانگردی رویکردی همپیوند وپایدار، چاپ ششم، انتشارات مهکامه، تهران، 1397، ص206.

ب. نائل موسی محمود سرحان، مبادئ ادارة الفنادق، دارغیداء للنشروالتوزیع، عمان، الاردن، 2018، ص33_49.

ت. بوشافة یسین خویرة، دورالترویج في تسویق الخدمات الفندقیة (فندق سیبوس الدولي بعنابة) نموذجا، رسالة ماجستیر(غیرمنشورة)، جامعة عبدالحمید بن بادیس، کلیة العلوم الاجتماعیة، مستغانم، الجزائر، 2017، ص78_80.

4.هۆتێلی وەرزشی: ئەو هۆتێلانەن نزیکن لە یاریگا و دامەزراوە وەرزشیەکانەوە، لە لایەن وەرزشکاران و هاندەرانەوە بەکاردەهێنرێن لەبۆنە و کێبڕکێ وەرزشیەکاندا.

5.هۆتێلی کەمپ و چادرگەسەربازییەکان: ئەم جۆرە هۆتێلانە زیاتر لە دەرەوەی شارەکان و لەکەناری دەریا وشاخەکان و دارستانەکان و ئەو شوێنانەی گەشتیار ڕووی تێدەکات وەك چادرگەی وەرزشە سەرکێشیەکان و سەربازییەکان.

6.هۆتێلی جولاو و گەڕۆك: ئەو هۆتێلانەن لە ناو پاپۆڕ و شەمەندەفەر و فڕۆکە گەشتیارییەکان دروستکراون.

7.هۆتێلی شارەکان: ئەمانەش بەشی هەرە زۆری هۆتێلەکانی جیهانن کەدەکەونە شارەکان و بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن گەشتیارانەوە بەکاردەهێنرێن.

دووەم: پۆلێنی هۆتێلەکان لە ڕووی پلەیان، ئەمانەش ئەم جۆرانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

1. هۆتێلی پلە نایاب.  2. هۆتێلی پلە یەك.  3. هۆتێلی پلە دوو.  4. هۆتێلی پلە سێ.

سێیەم: پۆلێنی هۆتێلەکان لە ڕووی ژمارەی ئەستێرەکانیان، ئەمانیش پێکدێن لەم جۆرانەی لای خوارەوە:

1. هۆتێلی پێنج ئەستێرە.  2. هۆتێلی چوار ئەستێرە.  3. هۆتێلی سێ ئەستێرە.

4. هۆتێلی دوو ئەستێرە.  5. هۆتێلی یەك ئەستێرە.  6. هۆتێلی میللی.

سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانیەوە لە ساڵی (1784) زاینی کاروانسەرا و شوێنی مانەوەی تێدا دامەزراوە[1]. بەگوێرەی ئامار و داتا بەردەستەکان لەساڵی 2020 ژمارەی هۆتێلەکان لەشاری سلێمانی (151) دانە بووە، کە (71) هۆتێلی میللی بە ڕێژەی (47%) و (80) هۆتێلی گەشتیاریی بە ڕێژەی (53%) تۆمارکراوە کەبەم شێوەیە دابەشبووە، (33) هۆتێلی یەك ئەستێرە، (14) هۆتێلی دوو ئەستێرە، (14) هۆتێلی سێ ئەستێرە، (12) هۆتێلی چوار ئەستێرە و (7) هۆتێلی پێنج ئەستێرەیە، زۆرترین ڕێژەی هۆتێل لەشاری سلێمانی هۆتێلی یەك ئەستێرە تۆمار کراوە بە ڕێژەی (21.8%) و کەمترینیش هۆتێلی پێنج ئەستێرە بەڕێژەی (4.6%)، بڕوانە خشتەی (2_2)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی کەرتی گەشتوگوزار لە شارەکەدا، چونکە ئەگەر بەراوردی ساڵی 1991 بکەین بە ساڵی 2020 ژمارەی هۆتێل لەشارەکەدا بە ڕێژەی (738%) زیادی کردووە، چونکە لە ساڵی 1991 تەنها (18) هۆتێل لە شارەکەدا بوونی هەبووە، ژمارەی هۆتێلی پێنج ئەستێرە لە شارەکەدا (1) دانەبووە بەڵام ئێستا ژمارەی هۆتێلی پێنج ئەستێرە گەشتووەتە (7) دانە و بەڕێژەی (600%) زیادیکردووە[2].

ئەگەر بەراوردی شاری سلێمانی بە هەرێمی کوردستان بکەین ئەوا دەبینین لەساڵی 2020 لە کۆی (459) هۆتێل لەهەرێمی کوردستان (151) هۆتێل لەسنوری ناوچەی توێژینەوەدایە بە ڕێژەی (32.8%)، ئەمەش سێ یەکی سەرجەمی هۆتێلەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو هۆتێلی میللی لەم ڕێژەیە دەربکەین کە ژمارەیان (71) هۆتێلە لە ساڵی 2020 ئەوا (80) هۆتێلی گەشتیاریی دەمێنێتەوە بەڕێژەی (17.4%) سەرجەم هۆتێلەکانی هەرێمی کوردستان،

---

(1) محمد امين زكي، تأريخ السليمانية، ت.الملا جميل الملا أحمد الروزبياني، طبع شركة النشروالطباعة العراقية المحدودة، بغداد، 1951، ص95.

(2) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری بازرگانی، داتای بلاَونەکراوە، 2020.

هۆتێلە میللیەکان لە تەنیشت ڕێبواران و گەشتیاران زۆرکات کرێکارانی تێدا دەمێننەوە، لەبەر هۆکاری کەمی کرێی نرخی شەوانی مانەوە تێدا بەهۆی کەمی خزمەتگوزاریی تێیاندا. هەروەها ئەگەر بەراوردی کۆی هۆتێلەکانی شاری سلێمانی بکەین لەساڵی 2020 بەساڵی 2007 دەردەکەوێت، کە ژمارەی هۆتێل لەشاری سلێمانی لەو ماوەیەدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، لەساڵی 2007 ژمارەی هۆتێلەکانی ناوچەی توێژینەوە (37) هۆتێل بووە لە کاتێکدا ژمارەی هۆتێلەکان لەساڵی 2020 بەرزبووەتەوە بۆ (151) هۆتێل واتە گەشەکردنەکە بەڕێژەی (308%) بووە، هەروەها ئەگەر بەراوردی ژمارەی هۆتێلەکانی ناوچەی توێژینەوەی بکەین لەساڵی 2020 بە کۆی هۆتێلەکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2007 ئەوا دیسانەوە ژمارەی هۆتێلەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ژمارەی هۆتێلەکانی هەموو هەرێمی کوردستان زیاتربووە واتە (151) هۆتێل لە بەرامبەر (106) هۆتێل بۆ هەمووکوردستان لە ساڵی 2007، هەروەها ئەگەر بەراوردی ژمارەی هۆتێلەکانی ساڵی 2020 بکەین بە ساڵی 1991 کە تەنها (18) هۆتێل لەشاری سلێمانی دا هەبووە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی گەشەکردنەکە نزیك دەبێتەوەلە (738%)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی بەردەوامی ژمارەی گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە بە بەردەوامی لە نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2019(1).

خشتەی (2_2)

ژمارەی هۆتێلەکانی شاری سلێمانی لەساڵی 2020

| جۆر | میللی* | 1 ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | 5 ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 71 | 33 | 14 | 14 | 12 | 7 | 151 |
| ڕێژە% | 47 | 21.8 | 9.3 | 9.3 | 7.9 | 4.6 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری بازرگانی، داتای بلاٌونەکراوە، 2020.

سەبارەت بەژمارەی ژوورەکانی کارا ئەوانەی ئامادەیی پێشوازی گەشتیاریان هەیە (3050) ژوور تۆمارکراوە لەگەڵ (6355) تەخت لەساڵی 2020، لەبۆنەکاندا وەك جەژنەکان (جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان) یان سەری ساڵی زاینی بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە لە تەواوی ناوچەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە فشارێکی زۆر دەکەوێتە سەر هۆتێلەکان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دروستدەکات هەم لە ڕووی بەرزبوونەوەی نرخی مانەوە، دابەزینی ئاستی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان و دابەزینی ئاستی ئاسودەیی گەشتیار بەهۆی قەرەباڵغی و ژاوەژاوە، بۆیە دروستکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی هۆتێل بە تایبەتی لە ناوچە گەشتیارییەکان ڕۆڵی گرنگی دەبێت بۆ کەمکردنەوەی پەستان لەسەر هۆتێلەکانی ناوسەنتەری شار، ئەمەش بایەخی خۆی دەبێت هەم لە ڕووی کەمکردنەوەی لۆد و قەرەباڵغی سەرشەقامەکانی سەنتەری شار و پەستانی سەر هۆتێلەکان، هەمیش ئاسودەبوون و حەوانەوەی زیاتری گەشتیار چونکە لە ڕووی کات و ووزە و پارەوە لە سود و بەرژەوەندی گەشتیاراندا دەبێت.

---

(1) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاری هەرێمی کوردستان ساڵی 2007 بۆ 2019، زانیاری بلاٌونەکراوە، 2020.

* هۆتێلی میللی بە گەشتیاریی ئەژمار ناکرێت بەلاٌم بەهۆی کاریگەری لەسەر ڕەخساندنی هەلی کار لە شاری سلێمانی ئاماژەمان پێداوە، لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان ڕۆڵی ئەم هۆتێلانە لە ڕەخساندنی هەلی کار ڕووندەکەینەوە.

وێنەی (2_1)

**هۆتێل سلێمانی پالاس**




سەرچاوە: وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە گیراوە لەبەرواری 2021/5/15

وێنەی (2_2)

**هۆتێل شاری جوان**



سەرچاوە: وەرگیراوە لە پێگەی www.iraqdirectory.com، بەرواری سەردانی سایت 2021/8/1.

سەبارەت بە ژمارەی مۆتێل لە شاری سلێمانی بە گوێرەی داتاكانی ساڵی 2020 خۆی دەدات لە (87) موتێل، كە بەم شێوەیە دابەشبوون، چوار ئەستێرە (1) دانە بەرێژەی (1%)، سێ ئەستێرە (15) دانە بە رێژەی (17%)، دوو ئەستێرە (23) دانە بە رێژەی (27%) و یەك ئەستێرەش (48) دانە بە رێژەی (55%)، بڕوانە خشتەی (2_3)، واتە مۆتێلی جۆری یەك ئەستێرە زۆرترین رێژەی مۆتێلەكانی ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنێت، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرزانی نرخی مانەوە لە مۆتێل بە تایبەتی بۆ ئەو خێزانانەی دەرامەتیان كەمترە بەراورد بە هۆتێل، بۆیە بەشێكی زۆری مۆتێلەكانی شاری سلێمانی گرنگی نادەن بە دانانی تایبەتمەندیی لەبەرئەوەی بوونی خزمەتگوزاریی تایبەتی لە ئەنجامدا بەرزی كرێی نرخی مانەوەی لێدەكەوێتەوە، لە لایەكی دیكەشەوە بەشێكی زۆری ئەو مۆتێلانە لە كاتێكدا دروستكراون جوڵەی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی دا لە گەشەكردنێكی خێرادا بووە بۆیە خاوەن مۆتێلەكان زیاتر بیریان لای قازانج و دەستكەوتی مادی كردووەتەوە نەوەك گرنگیدان بەلایەنی جۆری و كوالێتی. ژمارەی مۆتێل لەساڵی 2007 لە تەواوی هەرێمی كوردستان دا بریتی بووە لە (49) مۆتێل لە كاتێكدا ژمارەی مۆتێل تەنها لە ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی 2020 گەشتووەتە (87) مۆتێل ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، كە ناوچەی توێژینەوە گەشەی گەشتیاریی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لەم ساڵانەی دواییدا. هەروەها ئەگەر بەراوردی مۆتێلەكانی ناوچەی توێژینەوە بكەین بە كۆی هەرێمی كوردستان (87) مۆتێل بەرامبەر (262) مۆتێلە ئەمەش دەكاتە رێژەی (33%) سەرجەمی مۆتێلەكانی هەرێمی كوردستان، ئەوەی پەیوەندیدارە بە كۆمەڵگا گەشتیارییەكان لەشاری سلێمانی (13) دانە تۆماركراوە بۆ ساڵی 2020، لە كاتێكدا لە كۆی پارێزگای سلێمانی (38) كۆمەڵگای گەشتیاریی تۆماركراوە و لە تەواوی هەرێمی كوردستانیش (69) كۆمەڵگای گەشتیاریی تۆماركراوە، واتە رێژەی كۆمەڵگا گەشتیارییەكانی ناوچەی توێژینەوە بەراورد بە پارێزگای سلێمانی (34%) و بەراورد بەهەرێمی كوردستان (19%) دەبێت، ژمارەی كابینەكانی ناو كۆمەڵگا گەشتیارییەكان نزیك دەبێتەوە لە(300) كابینەی گەشتیاریی، كە هاوشانی هۆتێلەكان و مۆتێلەكان كاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر جوڵەی گەشتیاریی و گەشەی ئابووریی لەشاری سلێمانی دا [1]، مۆتێلەكان و كۆمەڵگا گەشتیارییەكان هاوشێوەی هۆتێلەكان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەسەر گەشەی كەرتی گەشتوگوزار لە شاری سلێمانی دا، بە تایبەتی وەبەرهێنان و ڕەخساندنی هەلیكار لە شارەكەدا.

خشتەی (2_3)

جۆر و رێژەی مۆتێلەكان لە شاری سلێمانی بە گوێرەی ئاماری ساڵی 2020

| جۆر | 1 ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | كۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 48 | 23 | 15 | 1 | 87 |
| رێژە% | 55 | 27 | 17 | 1 | 100 |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی ئاماری بازرگانی وگەشتوگوزار، زانیاری بلاَونەكراوە، 2021.

(1) حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاری هەرێمی كوردستان ساڵی 2007 بۆ 2019، زانیاری بلاَونەكراوە، 2020.

بەگوێرەی داتاکانی بەردەست هۆتێلەکان هەم لە ڕووی ژمارەوە هەمیش لە ڕووی پێشوازی گەشتیارانەوە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەرلایەنی ئابووریی شاری سلێمانی، و تەنانەت گۆڕینی شێوەی مۆرفۆلۆجی شاری سلێمانی، وەك هۆتێلەکانی سلێمانی پالاس، گراند ملینیۆم، ڕامادا، های کریست، تایتانیك و هتد.. لە پاش ئەو مۆتێلەکان بە پلەی دووەم دێن لە ڕووی کاریگەریی لەسەر لایەنی ئابووریی دانیشتوانی شاری سلێمانی، دواتریش کۆمەڵگا و کابینە گەشتیارییەکان. ئەوەی ڕاستی بێت شوێنی مانەوە و حەوانەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە جوڵە وچالاکی گەشتیاریی لەشاری سلێمانی دا، و بە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی ڕاکێشانی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێن، چونکە خزمەتگوزاریی شوێنی مانەوە کارئاسانی باشی کردووە بۆ حەوانەوەی میوان و گەشتیار لە شارەکەدا. ئەمەش ئاماژەیەکی باشی گەشتیارییە، کە دەتوانرێت لایەنە پەیوەندیدارەکان کەرتی گەشتوگوزار وەك لایەنێکی ئابووریی بەهێز تەماشابکات، بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە و دەستکەوتنی داهات و ڕەخساندنی هەلی کار و بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاریی.

### 2. 2. 2. ڕێستۆرانت و خواردنگەی خێرا:

پاش شوێنی مانەوە، ڕیستۆرانت و خواردەمەنی  بە گرنگترین خزمەتگوزاریی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێن لە شارەکان دا، چونکە مرۆڤ لە پاش حەوانەوە بەردەوام بەدوای خواردن و خواردنەوەی چێژ بەخشدا دەگەڕێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە فسیۆلۆجیەکانی. لەگەڵ ئەوەی پێشکەشکردنی خواردەمەنی و خواردنەوە وەکو خزمەتگوزارییەکی گەشتیاریی دادەنرێن بەڵام وەکو بنەمایەکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیاریش بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو وڵاتێك، ناوچەیەك یان شارێك ناوبانگی تایبەتی لە دروستکردن و پێشکەشکردنی جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکی تایبەت و دەگمەندا هەبوو. لە هەندێ وڵاتی جیهان دا گەشتکردن بەمەبەستی خواردن و ئەزموون کردنی جۆرەخواردنێکی ناوازە و تایبەت، یان بینینی ڕیستۆرانتێکی دەگمەن و تایبەت، یان خواردنی چێشتلێنەرێکی (شێف) بەناوبانگ و بەتوانا وەکو فاکتەری ڕاکێشان یان خستنەڕووی گەشتیاریی دادەنرێن. ڕیستۆرانت و خواردنگە بەو جێگایانە دەوترێن کە  خواردن و خواردنەوە پێشکەشی سەردانیکەران و میوانان و ڕێبواران و گەشتیاران دەکەن، ئەمانیش دەکرێت میللی بن یان گەشتیاریی[1].

ئەنجومەنی نیشتیمانی چێشتخانەکان لە ئەمریکا داتای ساڵی 2007 ی ڕیستۆرانت و خواردنگەکان (خواردنی خێرا)ی بلاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە کۆی داهاتی تەواوی ڕیستۆرانت و خواردنگەکان بریتی بووە لە (537) ملیار دۆلاری ئەمریکی، ژمارەی ڕیستۆرانتەکان و خواردنگەکان لە ئەمریکا (935) هەزار ڕیستۆرانتە، کە توانیویەتی هەلی کار بۆ (12.8) ملیون کەس برەخسێنێت، هەر بەگوێرەی داتاکانی ئەنجومەنەکە لە هەمان ساڵدا لە کۆی (27.3) ملیون گەشتیار لە ئەمریکا (12.6) ملیون گەشتیار کە دەکاتە ڕێژەی (46%) ئامانجی سەرەکی گەشتەکانیان بۆ شارەکانی دیکەی ئەمریکا ئەزموون کردن و چێژ وەرگرتن بووە لە جۆرە خواردنێکی تایبەت، واتە ئامانج و پاڵنەری سەرەکی گەشتەکەیان گەشتوگوزاری خواردن و خواردنەوە بووە[2].

---

(1) فرحناز ابوالحسنی و همکاران، تحلیل نقش دفاتر خدمات مسافرتی و رستورانها درشهر اصفهان با استفاده ازشاخص توسعه گردشگری، فصلنامه فضای گردشگری، سال اول، شماره 1، زمستان 1390، ص88.

(2) چارلز.ار.گلدنر و جی.ار.برنت ریجی، منبع قبلی، ص182_186.

سەبارەت بەناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی داتاکانی بەردەست لەساڵی 2020 ژمارەی ڕیستۆرانتەکان و خواردنگە خێراکان (592) دانە بووە، لەو ژمارەیە (267) دانەی یەك ئەستێرەیە بە ڕێژەی (45%)، دوو ئەستێرە (132) دانە بە ڕێژەی (22%)، سێ ئەستێرە (106) دانە بە ڕێژەی (18%)، چوارئەستێرە (80) دانە بە ڕێژەی (14%)، پێنج ئەستێرەش (7) دانە بە ڕێژەی (1%)، خشتەی (2_4). ئەگەر ژمارەی ڕیستۆرانت و خواردنگەکانی ناوچەی توێژینەوە بەراورد بکەین بەکۆی ڕیستۆرانت و خواردنگەکانی پارێزگای سلێمانی ئەوا (592) دانەیە لە کۆی (700) دانە لە سەرجەمی پارێزگاکە بە ڕێژەی (84%)، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە بەشی هەرەزۆری ڕیستۆرانت و خواردنگەکان دەکەونە شاری سلێمانی، ئەمەش شتێکی سروشتیە چونکە قورسایی دانیشتوانی پارێزگاکە دەکەوێتە ناوچەی توێژینەوە بە (911176) کەس، سەرەڕای هاتنی گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە بەچڕی بە درێژایی ساڵ بەتایبەتی لە بۆنەکاندا. هەروەها ژمارەی ڕیستۆرانت و خواردنگە گەشتیارییەکانی سەرجەمی هەرێمی کوردستان بریتیە لە (1853) دانە لەساڵی 2018، واتە ئەگەر ژمارەی ڕیستۆرانت و خواردنگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەساڵی 2020 بەراورد بکەین بەهەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 ئەوا ڕێژەی (31.9%) کۆی ڕیستۆرانت و خواردنگەکانی دەکەونە ناوچەی توێژینەوە[1].

خشتەی (2_4)

ژمارەی ڕێستۆرانت و خواردنگەی خێرای گەشتیاریی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020

| جۆر | 1 ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | 5 ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 267 | 132 | 106 | 80 | 7 | 592 |
| ڕێژە% | 45 | 22 | 18 | 14 | 1 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، داتای بلاونەکراوە، 2021.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی ئاماری بازرگانی وگەشتوگوزار، زانیاری بلاونەکراوە، 2021.

## 2. 2. 3. کافتریا و گازینۆ و یانەشەوانەکان:

ژمارەی کافتریا و گازینۆ لە شاری سلێمانی (308) دانەیە، کە (2) دانەیان لە جۆری پێنج ئەستێرەیە، (20) دانەیان لە جۆری چوار ئەستێرە و (34) دانەیان سێ ئەستێرە و (50) دانەیان دوو ئەستێرە و ئەوەشی کە دەمێنێتەوە هەمووی لە جۆری (1) ئەستێرەیە. کافتریا و گازینۆکان لە شاری سلێمانی گەشەکردنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە بە جۆرێك لە ساڵی 2010 ژمارەیان (107) دانە بووە بەڵام لە ساڵی 2020 ژمارەیان زیادیکردووە بۆ (308) دانە بە ڕێژەی (188%). سەبارەت بە یانەکانی مەی خواردنەوە ژمارەیان (123) یانەیە، (4) دانەی لە جۆری پێنج ئەستێرە، (4) دانەی لە جۆری چوار ئەستێرە، (16) دانەیان لە جۆری سێ ئەستێرە، (39) دانەیان لە جۆری دوو ئەستێرە و (60)

(1) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاریی هەرێمی کوردستان، زانیاری بلاونەکراوە، 2020.

یانەشیان لە جۆری یەك ئەستێرەیە، خشتەی (2_5). بەشێکی یانەکان خواردن و خواردنەوە پێکەوە پێشکەشی سەردانیکەران دەکەن و بەشەکەی دیکەش تەنها شوێنی مەی خواردنەوەیە. بەشێوەیەکی گشتی کافتریا و گازینۆ و یانەشەوانەکان بوونەتە شوێنێکی سەرەکی بۆ حەوانەوە و پشودان و سەرگەرمی و ڕابواردن و چێژ وەرگرتن بۆ ئەو گەشتیارانەی سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، کە بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی کە لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە (78%) گەشتیاران لە کاتی هاتنیان بۆ شاری سلێمانی سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان، ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە لە سود و بەرژەوەندی کاسبکاران و دانیشتوانی شارەکەدایە، چونکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم شوێنانە بوونە فاکتەری ڕەخساندنی هەلیکار بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستی کار.

خشتەی (2_5)

ژمارەی کافتریا و گازینۆ و یانەشەوانەکان لە شاری سلێمانی لە ساڵی 2020

| جۆر | 1 ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | 5 ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کافتریا و گازینۆ | 202 | 50 | 34 | 20 | 2 | 308 |
| یانەی شەوانە | 60 | 39 | 16 | 4 | 4 | 123 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی، هۆبەی چاودێری تەندروستی وسەلامەتی خۆراك، زانیاری بلآونەکراوە، 2021.

### 2. 2. 4. پارك و باخچە گشتیەکان:

پارك و باخچە گشتیەکان بە خزمەتگوزارییەکی تەواوکاری گەشتوگوزار دادەنرێن لەشارەکاندا، بەجۆرێك هیچ شارێکی جیهان نیە ڕێژەیەکی بەرچاو پارك و باخچە و ڕووبەری سەوزایی تێدا نەبێت بۆ پشوودان و حەوانەوە و گەشتوگوزار. پارك و باخچەکان پێناسەدەکرێن بەوەی ڕووبەرێکی سەوزایین لە ناوشارەکان لە لایەن کەرتی تایبەت یان گشتیەوە دروستکراون و بەڕێوەدەبرێن، دارودرەخت و گوڵ و چیمەن بەشی هەرەزۆری ڕووبەری داگیرکردون، بۆ پشوودان و حەوانەوە و کات بەسەربردن بەکاردەهێنرێن لەلایەن سەردانیکەرانەوە[(1)].

باخچە و پارکەکان لە ناو شارەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر ڕاکێشانی گەشتیاریی هەیە، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە ژینگەیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دیمەنە جوان و سەرنج ڕاکێشانەی لەسەر مرۆڤ دروستیدەکەن، بڕوانە شێوەی (2_3). گەشتوگوزاری پارك و باخچەکان لە ئەمڕۆدا بە کەرتێکی گەشتیاریی ڕوو لە گەشەکردن دادەنرێت لەشارەکاندا کە داواکارییەکی زۆری لە لایەن گەشتیارانەوە لەسەرە. بەگوێرەی توێژینەوەیەك کە لە شاری دوبەی ئەنجام دراوە لەساڵی 2013 ژمارەی سەردانیکەر و گەشتیاری پارك و باخچەگشتیەکان لەوشارەدا لە (2.3) ملیون گەشتیارەوە لە ساڵی 2001 گەشەی کردووە بۆ (7.7) ملیون گەشتیار لە ساڵی 2013، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بوونی داواکاری لەسەر ئەم جۆرە گەشتوگوزارە، سەبارەت بەخەرجی گەشتیاران لە پارك و باخچەگشتیەکان ئەوا بەگوێرەی تایبەتمەندی و هەبوونی ڕیستۆرانت و کافی و شاری یاری و یانە تێیاندا خەرجیەکانی گەشتیارانیش دەگۆڕێت، بۆنمونە بەگوێرەی

---

(1) سفيان بوعناقة، الحدائق العامة في البيئة الحضرية بقسنطينية، رسالة ماجستر(غيرمنشورة)، جامعة منتوري، كلية العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية، قسنطينية، الجزائر، 2010، ص79.

توێژینەوەی (Bowman) کە لەسەر پارك و باخچەکانی کەنەدا ئەنجامی داوە، ئاستی خەرجی گەشتیارانی لە نێوان (28) بۆ (208) دۆلاری ئەمریکی دەستنیشانکردووە بۆ یەك ڕۆژ مانەوە لەو شوێنانە، هەروەها بەگوێرەی هەمان توێژینەوە کۆی خەرجی گەشتیاریی گەشتیارانی پارك و باخچەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ساڵی 2013 بریتی بووە لە (26.5) ملیار دۆلار. هەروەها خزمەتگوزاریی پارك و باخچەکان لە شارەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ڕەخساندنی هەلی کاردا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ نمونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی 2013 پارك و باخچەگشتیەکان هەلی کاری بۆ (240) هەزار کەس ڕەخساندووە، ئەمە جگەلەوەی پارك و باخچەگشتیەکان دەتوانن وەبەرهێنان بۆلای خۆیان ڕابکێشن، کە لەڕووی ئابوورییەوە یارمەتی گەشەی ئابووریی شارەکان دەدات و دەرفەتی کاری زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ دانیشتوانی شارەکان، بۆنمونە لەساڵی 2013 تەنها (10) پارك و باخچەی گشتی لە بەریتانیا توانیوویەتی سەدان پرۆژەی وەبەرهێنان بۆلای خۆی ڕابکێشێت[1].

شێوەی (3_2)

گرنگی ڕووبەری سەوزایی لە شاردا




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: جلال بدلاوي، أسس تصميم و تخطيط المساحات الخضراء وتأثيرها على هيكلة المجال الحضري، رسالة ماجستر(غيرمنشورة)، جامعة محمد بوضياف، كلية الهندسة المعمارية، المسيلة، الجزائر، 2017، ص13.

(1) محمد عنترأبورية، امكانية تطويرسياحة الحدائق والمنتزهات بالتطبيق على الحديقة الدولية العامة بمحافظة المنيا(دراسة حدائق مدينة دبي)، Minia Journal of Tourism and Hospitality Research, vol.1, Issue.2, December.2016, p.5_7.

سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی پارك و باخچەكانی بەگوێرەی ئامارەكانی ساڵی 2020 خۆی دەدات لە (456) پارك و باخچە، كە سەرجەمی ڕووبەری هەموویان دەگاتە (1.705.534) مەتر دووجا، بەڵام گرنگترین ئەو باخچانەی ڕۆڵیان هەیە لە گەشتوگوزار و ڕاكێشانی گەشتیاریی تەنها (7) دانەیە كە گرنگترین و گەورەترینیان ئەمانەن، پاركی هەواری شار لە بەشی باكووری شاری سلێمانی بە گەورەترین پارك دادەنرێت لەناوچەی توێژینەوە كە ڕووبەرەكەی (1050000) م2 لەساڵی 2016 وە بەڕووی گەشتیاراندا كراوەتەوە، بەگوێرەی خەملاّندنەكان ساڵانە نزیكەی (100) هەزار هاوڵاتی و گەشتیاریی دەرەوەی شاری سلێمانی سەردانی دەكەن. جگە لە دارودرەخت و گوڵ و چیمەن چەندین یاری منداڵان و كافتریا و شوێنی پشوودان ونان خواردنی تێدایە، كە كەشێكی حەوانەوە بۆ سەردانیكەران دروستدەكەن، ئەمەجگە لەبوونی شانۆی ڕۆمانی و شوێنی پاسكیل سواری و وەرزش كردن، چەندین حەوزی ئاو و نافورە كە دیمەنێكی جوانیان بەخشیووە بە پاركەكە، هەروەها دەیان كۆشكی گەشتیاریی و كافتریا و خواردنگەی تێدایە، كە سودی ئابووریی بۆ ناوچەی توێژینەوە دەبێت. باخی گشتی بە كۆنترین باخچەی شاری سلێمانی دادەنرێت كە كەوتووەتە شەقامی سالم بەرامبەر هۆتێل سلێمانی پالاس، ئەم باخچەیە جگە لەوەی ڕووبەرێكی سەوزاییە پەیكەری چەند شاعیرێك و هونەرمەندێكی تێدایە، شوێنی یاری منداڵان و چەند حەوزێكی تێدایە، ڕووبەرەكەی (30000)م2 یە، بەهۆی نزیكی لە سەنتەری شاری سلێمانیەوە ڕۆژانە سەدان هاوڵاتی و دەیان گەشتیار سەردانی دەكەن، لە زۆربەی بۆنەكاندا هاوڵاتیانی بیانی نیشتەجێی شاری سلێمانی تێیدا كۆدەبنەوە. پاركی ئازادی لەسەر ڕووبەری (440000) م2 لەساڵی 1994 دروستكراوە، بەدووەمین گەورەترین پارك ئەژمار دەكرێت لە پاش پاركی هەواری شار و نزیكە لەسەنتەری شاری سلێمانیەوە، پاركی ئازادی پاركێكی هەمەلایەنەو بیجگە لەجۆرەها دارودرەخت و گوڵ و گوڵزار، مۆنۆمینتێك، سەكۆی ئازاد، دوو دەریاچەی دەستكرد، مەلەوانگە، شانۆی ڕۆمانی، دووشوێن بۆیاری منالان، شوێنی تایبەت بۆ وەرزشكردن، دوو پاركی ئۆتۆمبیل و چەندین كۆشكی شت فرۆشتن و ڕێستۆرانت لەخۆ دەگرێت. بەهۆی هەڵكەوتەی شوێنەكەی و نزیكی لە سەنتەری شار و كۆبوونەوەی دانیشتوان ڕۆژانە سەدان هاوڵاتی دانیشتووی شاری سلێمانی و دەیان گەشتیاری دەرەوەی شاری سلێمانی سەردانی دەكەن بۆ كات بەسەربردن. باخچەكانی سەرچنار كە دەبێت بەدوو باخچەوە، پاركی ژاڵە و پاركی ئەوین، بەهەردووكیانەوە باخچەكانی سەرچنار پێكدەهێنن كە ڕووبەرەكەی (147595)م2 دەبێت، ناوچەی سەرچنار هەر لەكۆنەوە ناوچەیەكی گەشتیاریی شاری سلێمانی بووە كە بەئاووهەوای فێنك و خۆش و بوونی چەمی ئاو و كانی ناوبانگی هەبووە، دەیان هۆتێل و ڕیستۆرانت و خواردنگە و كافتریا و یانەی تێدایە كە ڕۆژانە جگە لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی سەدان گەشتیار لە دەرەوی شاری سلێمانی ڕووی تێدەكات بەتایبەتی گەشتیاریی عەرەب لەناوچەكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، خشتەی (2_6).

بەشێوەیەكی گشتی هەرچەندە پارك و باخچەكانی شاری سلێمانی لە ئاست جوانی و ڕازاوەیی و خزمەتگوزاریی و كوالێتی وڵاتە پێشكەوتووەكاندا نیە، و ناتوانێت كێبڕكێی پارك و باخچەكانی وڵاتانی پێشكەوتوو بكات و ژمارەی پێوانەیی تۆمار بكات لە ڕاكێشانی گەشتیار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئاوڕێكی جدی لێبدرێتەوە و وەبەرهێنانیان تێدا بكرێت و گرنگی زیاتری پێبدرێت لەڕووی سەوزایی و شاری یاری و هۆتێل و ڕیستۆرانت و كافتریا و ئەنجامدانی چالاكی هونەری و كلتوری ئەوا بەلای كەمەوە دەتوانن لە ئاستی پارێزگاكە و هەرێمی كوردستان و عێراق ساڵانە دەیان هەزار گەشتیار بۆلای خۆیان ڕابكێشن.

خشتەی (2_6)

شوێن  و ڕووبەری چەند پارکێکی سلێمانی

| ژ | ناوی پارک | ڕووبەر م/2 | شوێنی جوگرافی |
|---|---|---|---|
| 1 | پارکی هەواری شار | 1050000 | گەڕەکی هەواری شار |
| 2 | پارکی ئازادی | 440000 | گەڕەکی ئاشتی |
| 3 | باخچەکانی سەرچنار | 147595 | سەرچنار |
| 4 | پارکی مەلیك مەحمود | 177119 | دەباشان |
| 5 | پارکی مەولانا | 132000 | گەڕەکی جولەکەکان |
| 6 | پارکی شاری یاری چاڤی لاند | 95000 | شاری یاری چاڤیلاند |
| 7 | باخی گشتی | 30000 | شەقامی سالم |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بلاْونەکراوە، 2021.

وێنەی (2_3)

باخی گشتی سلێمانی



سەرچاوە: وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە بەرواری 2021/4/11.

وێنەی (2_4)

پارکی ئازادی سلێمانی




سەرچاوە: وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە بەرواری 2021/5/20.

وێنەی (2_5)

شانۆی ڕۆمانی لە پارکی هەواری شار



سەرچاوە: وێنەکە وەرگیراوە لە www.knnc.net، بەرواری سەردان 2021/8/8.

**2. 2. 5. شاری یاری:**

شاری یارییەکان لە شارەکاندا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن لە ڕاکێشانی گەشتیاریدا، ئەگەر بڕوانینە شارە بەناوبانگە گەشتیارییەکانی جیهان ئەوا دەردەکەوێت بەشێکی بەرچاوی گەشتیاران کاتێك سەردانی ئەو شارانە دەکەن بەشێکی چالاکی سەرگەرمی لە شاری یارییەکاندا ئەنجام دەدەن، بەتەنها هەردوو شاری یاری شانشینی جادوگەری لە هاوینەهەواری (Walt Disney world) و (پارچە زەوی سەرکێشیی جیهانی) لەشاری ئۆرلاندۆ لە ویلایەتی فلۆریدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی 2017 توانیویانە بەدوای یەکدا (20.4) و (9.5) ملیون سەردانیکەر و گەشتیار بۆلای خۆیان ڕابکێشن، ئەمەش سودی ئابووریی یەکجار کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەوشارانە[1].

ناوچەی توێژینەوە خاوەن دوو شاری یاری گەورە و کاریگەرە لە ڕووی گەشتیارییەوە، کە ساڵانە بە گوێرەی خەمڵاندنەکان سەدان هەزار هاوڵاتی شاری سلێمانی و گەشتیاری دەرەوەی شاری سلێمانی سەردانی دەکەن، و ڕۆڵیان هەیە لە گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوەدا، شاری یاری سلێمانی کە دەکەوێتە پارکی ئازادی و شوێنێکی سەنتەری هەیە بەگوێرەی ناوچەی توێژینەوەوە و ڕووبەرەکەی (25) دۆنمە، پێکهاتووە لە کۆمەڵێ یاری منداڵان و کافتریا و گازینۆ و خواردنگە، بەهۆی نزیکی لە پارکی ئازادی ڕۆژانە سەدان خێزان سەردانی دەکەن.

وێنەی (2_6)

**شاری یاری سلێمانی**



سەرچاوە: وەرگیراوە لە www.kurdipedia.org، بەرواری سەردان 2021/8/8.

(1) محمد الجاويش، تقرير عن أفضل مدن العاب في العالم، من هذا الموقع، www.aljazeera.net، 2018/10/13، بەرواری سەردانی سایت 2021/4/11.

شاری یاری چاڤی لاند، کە بە گەورەترین پرۆژەی گەشتیاریی دادەنرێت لە ناوچەی توێژینەوە و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 وە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دامەزراوە لە سەر ڕووبەری (330) دۆنم، لەبناری چیای گۆیژە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، پرۆژەکە پێکهاتووە لە (50) جۆر یاری جیاواز، حەوزی مەلەکردن، تلەفریك، ئەکواپارك، مۆزەخانە، سینەما، نافورەی ئاو، ریستۆرانت، هۆتێل، خانو و کابینەی گەشتیاریی، یانەی کۆمەڵایەتی، ڕووبەری سەوزایی و باخچەی ئاژەڵان. بە پرۆژەیەکی گرنگی ئابووریی دادەنرێت بۆ ناوچەی توێژینەوە لە بەرئەوەی بەگوێرەی خەملاندنەکان ساڵانە سەدان هەزار کەس لە هاولاتیانی دانیشتووی شاری سلێمانی و گەشتیاری دەرەوەی شاری سلێمانی سەردانی دەکەن، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە رەخساندنی هەلی کار بۆ سەدان کەس لەناوچەی توێژینەوەدا(*).

وێنەی (2_7)

شاری یاری چاڤی لاند



سەرچاوە: وێنەکە وەرگیراوە لە سایتی فەرمی پرۆژەی چاڤی لاند www.chaviland.org ، بەرواری سەردان 2021/8/8.

### 2. 2. 6. پەرستگا و مەزارگە:

پەرستگا و مەزارگە ئاینیەکان بایەخێکی زۆریان لە جوڵە وچالاکی گەشتیاریدا هەیە بە تایبەت لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتیدا، پەرستگا و مەزارگە پێناسە دەکرێت بە شوێنی پەرستش و کۆبوونەوەی پەیڕەوانی ئاینە جیاوازەکان یان شوێنی ئەسپەردەکردن و گۆڕی پەیامبەران و پیاوچاکان، بوونی ئەم پەرستگا و مەزارگانە لە هەرناوچەیەکدا بە بنەمای خستنەڕووی گەشتیاریی دادەنرێت لەبەر ئەو گرنگیە ڕۆحی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە هەیەتی[1].

---

* ئەم پرۆژەیە لەبەر ئەوەی پرۆژەی کەرتی تایبەتە ئامادە نەبوون زانیاری ورد بدەن لەسەر ژمارەی گەشتیاری ساڵانە و ڕێژەی داهات و ژمارەی کرێکار و فەرمانبەر، ئەو زانیاریانە لە سایتی فەرمی پرۆژەکەوە وەرگیراوە، www.chaviland.org.

(1) نورالهدى حسين على أبوصويلح، تحليل جغرافي للنشاط السياحي والترفيهي وسبل تنميتها في قضائي الزبير وأبي الخصيب(دراسة في جغرافية السياحة)، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة البصرة، كلية الاداب، البصرة، 2018، ص107.

وەك لای خوێنەر ڕوونە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا و شارەمێژووییەکانی جیهان بەهۆی کۆبوونەوە لەدەوری پەرستگایەك دروستکراوە وەکو شاری مەککە و مەدینە لە نیمچەدورگەی عەرەب یان شاری قودس لە فەلەستین، دواتر ئەم شارانە بەهۆی ئەو پەرستگایانەوە گەشەیان کردووە و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی تێدا دروستکراوە و ئەمڕۆکەش بوونەتە ڕووگەی سەدان هەزار گەشتیار بە درێژایی ساڵ. سەردانی مەسیحیەکان بۆبیت لحم لە قودس و ڤاتیکان لە ئەوروپا، سەردانی موسڵمانان بۆ مەککە ومەدینە لە سعودیە، سەردانی پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە بۆ مەزارگەکانی نەجەف و کەربەلا[1]، سەردانی هندۆسەکان بۆ ڕوباری پیرۆز لە فارانسای، سەردانی بوزییەکان بۆ بنارس و پەرستگاکانی بوزا لە ناوچەی تبت لە نیپال و بۆتان و هیند ئەمانە هەمووی بەهۆی بەپیرۆزدانانی ئەو شوێنانەیە لە لایەن پەیڕەوانی ئەو ئاینە جیاوازانەوە، بۆیە لە ئەنجامی بوونی ئەو پەرستگا و مەزارگانەیە گەشتوگوزاری ئاینیش گەشەدەکات و ساڵانە ملیونان کەس گەشتیان بۆدەکەن[2]. تەنها لەساڵی 2007 لە ئێران (5) ملیون گەشتیاری ناوخۆیی سەردانی هەردوو شاری مەشهەد و قومیان کردووە کە بەلای دانیشتوانی شیعە مەزهەبی ئێرانەوە بە دوو ناوچەی پیرۆز دادەنرێن لە ئێران[3]، گەشتوگوزاری ئاینی لە وڵاتانی ئەوروپی ساڵانە (12.4%) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، و لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش (9.5%) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنێت[4].

سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکە لە ناو باکگراوندێکی ئاینی و کلتوری و ڕۆحی ڕۆژهەڵاتیدایە، بۆیە سەردانی پەرستگا و مەزارگە وشوێنە ئاینیەکان بەشێکی دانەبڕاوی چالاکیە گەشتیارییەکانی ناوچەکەیە، بەگوێرەی داتاکانی بەردەست لەناوچەی توێژینەوە (274) مزگەوت، (3) کەنیسە، (25) تەکیە، (6) مەزارگە، (20) حوجرە، (1) حسینیە هەیە[5]، هەریەکە لەمانە بە خزمەتگوزاریی ئاینی ئەژمار دەکرێن کە کارئاسانی بۆ گەشتیار دەکەن لە کاتی هاتنیان بۆناوچەی توێژینەوە، ئەم خزمەتگوزارییانە ڕۆڵیان لە ڕاکێشانی گەشتیاردا جیاوازە بەگوێرەی کاریگەریی ئەم پەرستگا و مەزارگانە لەسەرلایەنی ڕۆحی و دەرونی پەیڕەوانیان، بۆنمونە مزگەوتی گەورەی سلێمانی یان مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ لەسەنتەری شاری سلێمانی ساڵانە دەبنە فاکتەری ڕاکێشانی سەدان گەشتیار لەناوچەکانی دیکەوە، یان تەکیەی کەسنەزانی لە ڕۆژانی یادی مەولود دا دەبێتە هۆکاری ڕاکێشانی سەدان گەشتیار لەشارەکانی دیکەی هەرێم و عێراق و تەنانەت لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی پەرستگا ومەزارگەکانی شاری سلێمانی وەك شارە ئاینیەکانی جیهان نیە ساڵانە بتوانێت ملیونان گەشتیار بۆلای خۆی ڕابکێشێت، هاوشێوەی مەککە و مەدینە و قودس و ڤاتیکان و کەربەلا و نەجەف و مەشهەد و قوم، چونکە شاری سلێمانی بۆخۆی لە بنەڕەتدا شارێکی ئاینی نیە و بنەمای دروست بوونەکەشی بۆ فاکتەرە ئاینیەکان ناگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە بوونی مەزارگە و گۆڕی پیاوچاکان لەم شارەدا هاندەرە بۆ هاتنی ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیار بۆ ئەم شارە.

---

(1) صلاح داود سلمان و عبدالستار عبود كاظم، أثر المراقد الدينية على نمو السياحة الدينية (مدينة بغداد نموذجا)، مجلة العميد، السنة السادسة، المجلد6، العدد22، حزيران 2017، ص157و158.

(2) بهرام رنجبریان و همکاران، رفتار مصرف کننده درگردشگری، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1393، ص49.

(3) نوئل اسکات و جعفرجعفری، گردشگری درجهان اسلامی، ت.مهدی رمضان زادەلسبوئی وهمکاران، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1393، ص165.

(4) محسن حسن، السياحية الدينية في العراق: الواقع والمأمول، مركز البيان للدراسات والتخطيط، 2018، ص4.

(5) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2021.

### 2. 2. 7. ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیری و مێژوویی و کلتورییەکان:

ئەمانەش کتێبخانە و زانکۆ و سینەما و گەلەری هەونەر و هۆڵی شانۆ و شوێنەوارە کۆنەکان و باڵەخانە مێژوویی و یادگارییە کۆنەکان دەگرێتەوە. بینینی شوێنەواری شارستانیەتە کۆنەکان، بەشداربوون لە ڤیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵ و پێشانگا هونەری و فۆلکلۆرییەکان، بینینی دیاردە بەناوبانگەکانی شارەکان وەك پەیکەری ئازادی لە نیویورك و تاوەری خەلیفە لەدوبەی و تاوەری ئیڤڵ لە پاریس و قەڵای هەولێر و ئەهرامەکانی میسر و بورجی بیزا لە ئیتاڵیا. بەگوێرەی ئامارەکانی یونسکۆ (UNESCO) نزیکەی (500) دیاردەی مێژوویی و کلتوری لە (105) وڵاتی جیهان بە دیاردەی مێژوویی و کلتوری و شارستانی ناسراون[1]، هەروەها ئارەزووی بینین و زانیاری کۆکردنەوە لەسەر گەلان و شارەکان و ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی هاتوون بەسەر بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی دانیشتوان، ئەمانە هەمووی پاڵنەرن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاریی بۆلای خۆیان[2].

سەبارەت بەناوچەی توێژینەوە ڕاستە شارێکی نوێیە و مێژووەکەی زۆر کۆن نیە و شوێنەوارە کۆنەکانی لە ئاستی شارە دێرین و بەناوبانگەکانی جیهان دا نیە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە ڕووی ڕۆشنبیریی و کلتوریی و فەرهەنگیەوە خاوەن پاشخانێکی مێژوویی دەوڵەمەندە، هەر بەهۆی ئەم پاشخانە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەوە نازناوی پایتەختی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان دا وەرگرتووە، زۆری ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان وەك کتێبخانە و چالاکی هونەری وەك شانۆ و ئاهەنگی مۆسیقا و ڤستیڤاڵ و نمایشی فلیم و دامەزراوەی کلتوریی و کەلەپوریی ڕۆڵیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە بۆ شارەکە.

زانکۆی سلێمانی، زانکۆی ئەمریکی ، زانکۆی گەشەپێدان، زانکۆی جیهان و کۆمار گرنگترین ئەو ناوەندە مەعریفی و زانستییانەن کە ساڵانە دەیان کۆڕ و کۆڕبەند و سمینار و بەیەکگەیشتنی زانستی ڕێکدەخەن و ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە هاتنی گەشتیار لە شارەکانی دیکەوە بۆ ناوچەی توێژینەوە. کتێبخانەی گشتی سلێمانی لە سەر شاڕێی سالم، مۆزەخانەی سلێمانی و مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی و مۆزەخانی ئەمنە سورەکە گرنگترین مۆزەخانەکانی ناوچەی توێژینەوەن، کە بە بنەمای ڕاکێشانی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێن، هۆڵی شانۆ وەك تەلاری هونەر، هۆڵی ڕۆشنبیری، هۆڵی تەوار و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، سینەماکانی سیتی ستار و هۆڵی سینەمای شاری یاری چاڤی لاند، گەلەرە هونەرییەکان وەك گەلەری زاموا و هونەرە جوانەکان، قاوەخانە کلتورییەکان وەك چایخانەی شەعب لە سەنتەری شاری سلێمانی، باڵەخانەی کەلەپوری بەردەرکی سەرا، قەیسەری نەقیب، هەروەها کەرنەڤاڵ و ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگەکانی تایبەت بەبۆنە ئاینیی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لە کاتە جیاوازەکانی ساڵدا بەتایبەتی لە نەورۆز و سەرەتای ساڵی نوێی زاینی و جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان ئەمانە هەموو پێکەوە بەشێکن لە بنەما تەواوکارییەکانی ڕاکێشانی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە.

---

(1) جمیل نسمیة، السیاحة الثقافیة وتثمین التراث من خلال البرامج التلفزیونیة في الجزائر، رسالة ماجستییر(غیرمنشورة)، جامعة وهران، كلیة العلوم الأجتماعیة، وهران، الجزائر، 2010، ص78.

(2) كواش خالد، أهمیة السیاحة في ظل التحولات الأقتصادیة حالة الجزائر، أطروحة الدكتوراه(غیرمنشورة)، جامعة الجزائر، كلیة العلوم الأقتصادیة وعلوم التسییر، الجزائر، 2004، ص38.

### 2. 2. 8. پێشانگا و کۆڕبەندە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان:

یەکێك لەتایبەتمەندییە سەرەکیەکانی شاری مۆدێرن و پێشکەوتوو لە جیهان دا کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆرە بە درێژایی ساڵ لەو شارەدا بە مەبەستی ڕاکێشانی زۆرترین گەشتیار لە پێناو سود وقازانجی ئابووریی، شارەکانی پاریس و بەرشلونە و نیویۆرك و ئیستەنبوڵ و دوبەی و شانگهای پێشەنگی ئەو شارانەن کە زۆرترین پێشانگا و کۆڕبەندی جۆراوجۆریان تێدا دەکرێتەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (15%) سەرجەمی گەشتەکانی گەشتیاران، کە دەکاتە (135) ملیون گەشت بە مەبەستی بەشداری لە پێشانگا و کۆڕبەند و کۆنفرانسە جیهانیی و نێودەوڵەتیەکانە لە سەرتاسەری جیهان، سالآنە (9000) پێشانگای نێودەوڵەتی گەورە دەکرێتەوە کە (300) ناوچەی جیهان کێبڕکێی کردنەوەی ئەم پێشانگایانە دەکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سالآنە (250) ملیار دۆلار داهاتی ئەم جۆرە پێشانگا و کۆڕبەندانەی دەستدەکەوێت، هەروەها ئەم جۆرە پێشانگایانە هەلی کاری بۆ (1.5) ملیون کەس لە ولآتەکە ڕەخساندووە، کەنەدا سالآنە (32) ملیار دۆلاری لەم پێشانگا و کۆڕبەندانە دەستدەکەوێت و هەلی کاری بۆ نیوملیون کەس ڕەخساندووە، ئوستراليا (17) مليارد دۆلاری سالآنەی لەم چالاکیانە دەستدەکەوێت و (200) هەزار هەلی کاری بەهۆی ئەم پێشانگا و کۆڕبەندانەوە لە ولآتەکە ڕەخساندووە[1]، هۆنگ کۆنگ لە ساڵی 2012 توانی (9) ملیار دۆلار داهاتی دەستبکەوێت لە کردنەوەی پێشانگا، سعودیە سالآنە نزیکەی (3.5) ملیون گەشتیاری تایبەتی بە پێشانگا و کۆڕ و کۆنفرانسی هەیە، تەنها لەساڵی 2017 نزیکەی (8) ملیار دۆلار داهاتی گەشتیاریی پێشانگا و کۆنفرانس و کۆڕبەندی ئابووریی دەستکەوتووە[2].

سەبارەت بەناوچەی توێژینەوە چەندین پێشانگا و چالاکی جۆراوجۆری سالآنەی تێدا دەکرێتەوە، بەلآم ئەوەی زیاتر ڕۆڵی هەیە لەجوڵە و چالاکی گەشتیاریدا پێشانگای کتێب و پێشانگای بەرووبومی کالآی تورکی و ئێرانی و پێشانگای بەرووبوومی خۆراکی بووە، کە تائێستا لە شاری سلێمانی کراوەتەوە. پێشانگای کتێب ماوەی دوو ساڵ لەسەر یەك 2019 و2020 بەدوای یەکدا دەکرێتەوە، دوایین چالاکی پێشانگاکە لە 2020/11/18 بە بەشداری (400) دەزگای چاپ وپەخش لە (17) ولآتی جیهانەوە دەستپێکرد و ماوەی دە ڕۆژی خایاند، بەگوێرەی مەزەندەکان نزیکەی (200) هەزار کەس لە هاولآتی و گەشتیار سەردانی ئەم پێشانگایان کردووە. هەروەها سالآنە چەندین پێشانگای دیکەی بەرهەم و کالآی خۆماڵی و دەرەکی دەکرێنەوە وەك پێشانگای بەرووبومی ئێرانی وتورکی. هەروەها ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ لەشاری سلێمانی بەیەکێك لە ڤیستیڤاڵە سالآنەکان دادەنرێت، بەبەشداری چەندین ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرو شاعر و نووسەری هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراق، ئەمەش بەکۆڕبەندێکی ئەدەبی دادەنرێت، هەروەها ڤیستیڤاڵی خاڵ بۆ قورئان خوێندن سالآنە لە ناوچەی توێژینەوە ئەنجام دەدرێت، چەندین قورئان خوێن و گەشتیار و میوان سەردانی شاری سلێمانی دەکەن.

---

(1) حسين المناعي، سياحة المؤتمرات بين الحلم و الواقع، من هذا الموقع: المركز العربي للاعلام السياحي، www.ac4mt.net، 3اكتوبر 2018، سەردانی سایت 2021/4/1.

(2) صالح الزيد، سياحة المعارض والمؤتمرات: مساهمة واعدة في تنويع الأقتصاد السعودي، جريدة الشرق الأوسط، العدد(14846)، 22 يوليو 2019.

وێنەی (2_8)

پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی




سەرچاوە: وەرگیراوە لە پێگەی www.kurdiu.org، بەرواری سەردانی سایت 2021/9/1.

### 2. 2. 9. ناوچەبازرگانیەکان (مۆڵەکان):

ناوەندە بازرگانیە هاوچەرخەکان (مۆڵەکان) هاوشانی بازاڕە میللی و کلتورییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لە زیندوو ڕاگرتنی سیمای شارستانیی شارەکان، بگرە لە زۆر ڕووەوە مۆڵەکان لە شارە مۆدیرنەکانی ئێستادا بوونەتە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی و گەشتیاریی کە هۆکاری ڕاکێشانی ملیونان گەشتیارن لەسەرتاسەری جیهانەوە، مۆڵەکان پێناسە دەکرێن بەشێوەیەکی پێشکەوتووی بازاڕە فۆلکلۆری و میللیەکان کە بەشێوازی مۆدێرن و پێشکەوتوو بە خزمەتگوزاریی و کارئاسانی تەواوەوە بنیادنراون، مۆڵەکان جگە لەوەی ناوەندێکی گرنگی بازاڕکردنن بە ناوەندێکی خزمەتگوزاریی و سەرگەرمی و حەوانەوە و ڕۆشنبیری و چالاکی گەشتیاریی جۆراوجۆر ئەژمار دەکرێن، مۆڵەکان لە شارەپێشکەوتووەکانی ئەمڕۆدا تەنها ناوەندی کڕین و فرۆشتنی بەرووبوومی خۆراکی نین بەڵکو لە مۆڵە گەورە و پێشکەوتووەکان بچوکترین و گەورەترین پێداویستیە سەرەکی و ناسەرەکیەکانی مرۆڤ دەفرۆشێت، هەر لە خۆراك و جل وبەرگ و مۆبایل و زێڕ و پێداویستی ناوماڵ و کەلوپەلی ئوتۆمبیل و هتد.. بۆیە مۆڵەکان پێش ئەوەی ناوەندێکی بازرگانی بن بە ناوەندێکی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێن. مۆڵەکان و سەنتەرە بازرگانیە جیهانیەکان ڕۆڵی کارایان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاریی، وەك (New South China Mall) کە بەگەورەترین مۆڵ دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان لە وڵاتی چین، یان (Golden Resources Mall) لە شاری پەکینی پایتەختی چین، هەروەها مۆڵی دوبەی (Dubai Mall) لەشاری دوبەی لە وڵاتی ئیمارات، ئەم مۆڵانە جگە لەوەی ناوەندێکی بازاڕکردنن هەروەها بە ڕووگەیەکی سەرگەرمی و کات

بەسەربردن و خۆشگوزەرانی ئەژمار دەکرێن، بەهۆی بوونی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری گەشتیاریی هەر لە هۆتێل و کافتریا و یانە و یاری و سەرگەرمی جۆراوجۆر و ناوەندی ڕۆشنبیری تێیاندا[1].

سەبارەت بەشاری سلێمانی (51) تەلاری بازرگانی و مۆڵی تێدایە، کە هەندێکیان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و ساڵانە هەزاران گەشتیار ڕووی تێدەکات، لە گرنگترینیان دەتوانین ئاماژە بە فامیلی مۆڵ، ماجدی مۆڵ، زارامۆڵ، کاسۆمۆڵ وسیتی سەنتەرمۆڵ بکەین، کە بە گەورەترین مۆڵەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەژماردەکرێن. فامیلی مۆڵ بە گەورەترین سەنتەری بازرگانی و گەشتیاریی شاری سلێمانی دادەنرێت لەسەر ڕووبەری (80) دۆنم زەوی دروستکراوە لە سەر شەقامی (60) مەتری شاری سلێمانی بەگوژمەی سەرمایەی (100) ملیون دۆلاری ئەمریکی لەساڵی 2013، ساڵانە لەنێوان (150 بۆ 200) هەزار هاوڵاتی و گەشتیار سەردانی دەکەن. ماجدی مۆڵ لەسەر ڕووبەری (40) دۆنم زەوی دروستکرواە لە ناوچەی قلیاسان لە سەر شارێی سلێمانی _ کەرکوك، ساڵی 2010 دەستکراوە بەدروستکردنی، ساڵانە لەنێوان (100 بۆ 150) هەزار هاوڵاتی و گەشتیار سەردانی دەکەن. سیتی سەنتەر مۆڵ لەسەر ڕووبەری (24) دۆنم دروستکراوە لەسەر شەقامی (60) مەتری شاری سلێمانی، لەساڵی 2008 مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە، بەگوێرەی خەملاندنەکان ساڵانە نزیکەی (50) هەزار هاوڵاتی و گەشتیار سەردانی دەکەن. هەورەها کاسەمۆڵ لە سەنتەری شاری سلێمانی بەرامبەر مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی دروستکراوە، لە سەدان دوکان و ناوەندی کڕین و فرۆشتن و خزمەتگوزاریی جیاواز پێکدێت، بەهۆی نزیکی لەسەنتەری شاری سلێمانیەوە ساڵانە لەنێوان (100 بۆ 150) هەزار هاوڵاتی و گەشتیار ڕوی تێدەکەن، بڕوانە خشتەی (2_7).

خشتەی (2_7)

ژمارەیەك مۆڵی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی

| ناوی مۆڵ | ساڵی دامەزراندن | بڕی سەرمایە/ دۆلار | ڕووبەر/ دۆنم | گەشتیاری ساڵانە/ هەزار |
|---|---|---|---|---|
| **فامیلی مۆڵ** | 2013 | 100 | 80 | 200–150 |
| **ماجدی مۆڵ** | 2010 | 138 | 40 | 150–100 |
| **کاسۆ مۆڵ** | 2015 | 25 | 5 | 150–100 |
| **سیتی سەنتەر مۆڵ** | 2008 | 40 | 24 | 50 |
| **سیتی ستار مۆڵ** | 2015 | 30 | 20 | 30 |
| **زارا مۆڵ** | 2007 | 10 | 10 | 30 |
| **کۆڵەك مۆڵ** | 2021 | 15 | 10 | 20 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی، هۆبەی ئامار، زانیاری بلاونەکراوە، 2021.

2. ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، ئاماری بازرگانی، زانیاری بلاونەکراوە، 2021.

(1) محمد مهدی عزیزی و رضا اسدی، تحلیلی بر ریخت شناسی مجتمع های تجاری(مطالعة موردی: مجتمع تجاری کوروش)، فصلنامی علمی _ پژوهشی مطالعات شهری، شماره24، پاییز 1396، ص57.

وێنەی (2_9)

فامیلی مۆڵ لە شاری سلێمانی



سەرچاوە: www.familymallsul.com، بەرواری سەردان 2021/7/1.

### 2. 2. 10. نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان:

نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان بە پرۆسەی تەواوکاری خزمەتگوزاریی گەشتیاریی دادەنرێن، کە کار ئاسانی دەکەن بۆ هاتنی گەشتیار بۆ ناوچەیەك، ئەمانەش بریتین لە ئەو لایەنەی هاوکاری و یارمەتی پێشکەش بە گەشتیار دەکەن بۆ رێکخستنی گەشتەکانیان لە رێگەی ئەنجامدانی ئەو کارانەی گەشتیار پێشوەختە پێویستی پێیەتی وەکو ئامادەکاری گەشتەکەی، ئەمەش وەرگرتنی ڤیزە و بلیتی فرۆکە و گرتنی هۆتێل و رێکخستنی گەشتی گەشتیاریی و دیاریکردنی رێبەری گەشتیاریی بۆ ئەو ناوچە یان ئەو وڵاتەی گەشتی بۆ دەکەن[1]. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان ناوەندگیری دەکەن لەنێوان خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی دیکە وەك هۆتێل و ریستۆرانت و هۆکارەکانی گواستنەوە و بەکارهێنەرانیان کە بەگەشتیار دەناسرێن، واتە کاری نوسینگە و کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار ڕیکخستنی گەشتی تاکەکەسی و گروپە چی لە ناوخۆی وڵات یان لە دەرەوە، وەرگرتنی بلیتی گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانی ئاوی و وشکانی و ئاسمانی، گرتنی پێشوەختەی شوێنی مانەوەی گەشتیار، پێشکەشکردنی زانیاری و رێنمایی بۆ گەشتیار لەسەر هەموو لایەنەکانی گەشتەکەی[2].

---

(1) سالم محمد العيد، دور المؤسسات السياحية في ترويج المنتج السياحي بولاية الوادي دراسة حالة(ديوان، فندق، وكالة)، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي، كلية العلوم الأقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، الجزائر، 2019، ص30.

(2) رشيدة عداد، دور مكاتب السياحة والسفر في ترويج الخدمات السياحية في الجزائر، مجلة الأقتصاد الجديد، العدد 6، 2012، ص296_297.

سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە (120) نوسینگە و (90) کۆمپانیای گەشتیاریی تێدایە[1]، کاری سەرەکی ئەم نوسینگە و کۆمپانیانە لە پێشووتردا تەنها ڕەوانەکردنی گەشتیار بووە بۆدەرەوەی ناوچەی توێژینەوە و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کردنەوەی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی لە پاش ساڵی 2005 ڕۆڵی گرنگی بەم نوسینگە و کۆمپانیانە بۆ ڕەوانەکردنی گەشتیار بۆ دەرەوە بەخشیووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ لەم نوسینگە و کۆمپانیانە گەشتی ناوخۆیی ڕێکدەخەن لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان، یان هەندێ کۆمپانیای گەشتیاریی گەشتی چەند ڕۆژە ڕێکدەخەن بۆ گەشتیارانی باشووری عێراق بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی دەرەوەدا یارمەتی ئەم نوسینگە و کۆمپانیانەی داوە چالاکی زیاتر ئەنجامبدەن بەراورد بە ڕابردوو.

### 2. 2. 11. فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی:

گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە بە فاکتەری گەشەی چالاکی گەشتوگوزار ئەژمار دەکرێت لە ناوچەیەکدا، بەڵام لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهانیی گواستنەوەی ئاسمانی بە گرنگترین و کاریگەرترین هۆکاری گواستنەوە دادەنرێت، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان گەشەی چالاکی گەشتیاریی لەسەر ئاستی جیهان لەپاش ساڵی 1950 بۆ گەشەی هۆکارەکانی گواستنەوە بەتایبەتی گواستنەوەی ئاسمانی دادەنرێت، چونکە بە کەمترین کات و ماندووبوونی کەم گەشتیار لەناوچەی خۆیەوە دەگوازێتەوە بۆ ناوچە گەشتیاریە دوورەکان. هەروەها گەشەکردنی خزمەتگوزاریی گواستنەوەی ئاسمانی لە ناوچەیەکدا ئاماژەی گەشەسەندنی کەرتی گەشتیارییە و دەبێتە پاڵنەری هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیە وەکو ڕووگەیەکی گەشتیاریی، بەمەرجێك کرێی گواستنەوە هێندە بەرز نەبێت لە سەرجەمی تێچووی مانەوەی گەشتیار لەناوچەکەدا زیاتر بێت[2]. کەواتە خزمەتگوزاریی گواستنەوەی ئاسمانی بریتیە لەو خزمەتگوزارییەی دامەزراوەکانی تایبەت بە گواستنەوەی ئاسمانی بەهەموو جۆرەکانیەوە پێشکەشی ڕێبواران و گەشتیارانی دەکەن بەمەبەستی کار ئاسانیکردن و پاراستنی کەسەکان و کەل وپەلەکانیان لە کاتی گواستنەوەیان لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە، کە کات و خۆشگوزەرانی و سەلامەتی و جۆری مامەڵەکردن و نرخی گواستنەوە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە خزمەتگوزاریی گواستنەوەی ئاسمانی دا[3].

بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی فڕۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی لەساڵی 2019 نزیکەی (4.5) ملیارد کەس گەشتیان کردووە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانیەوە ئەمەش لە (40%) سەرجەمی گەشتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەکات، هەروەها داهاتی ساڵانەی گواستنەوەی ئاسمانی نزیکەی (200) ملیارد دۆلاری ئەمریکی دەبێت، بەڕەخساندنی هەلی کار بۆ نزیکەی (30) ملیون کەس لەسەرتاسەری جیهان[4]، بەگوێرەی داتاکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

---

(1) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2021.

(2) اصغرنظریان وهمکاران، نقش حمل ونقل هوایی درتوسعه صنعت توریسم با تاکید برفرودگاه بین المللی ارومیه، فصلنامه علمی پژوهشی جغرافیای انسانی، سال دوم، شماره 3، تابستان 1389، ص 26.

(3) حدة ربوح و آخرون، دور خدمات النقل البري والجوي في تنشيط وتنمية الحركة السياحية بولاية ورقلة، المجلة الجزائرية للتنمية الأقتصادية، عدد 6، 2017، ص197_199.

(4) www.icao.org, 2020.

(76%)ی ئەوانەی بە فڕۆکە گەشت دەکەن پێکدێن لە گەشتیاران[1]. لە عێراق (7) فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەیە، ئەوانیش فڕۆکەخانەی بەغداد بە توانای پێشوازی (2.5) ملیون ڕێبواری ساڵانە، فڕۆکەخانەی بەسرە (2) ملیون ڕێبوار، فڕۆکەخانەی نەجەف (3) ملیون ڕێبوار، فڕۆکەخانەی سلێمانی (1.5) ملیون ڕێبوار، فڕۆکەخانەی هەولێر (2) ملیون ڕێبوار، فڕۆکەخانەی موسڵ و کەرکوك هەرکام بەتوانای پێشوازی (500) هەزار ڕێبواری ساڵانە. سەبارەت بە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە ساڵی 2005 کراوەتەوە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەگەشەی چالاکی گەشتیاریی لەناوچەی توێژینەوە، کردنەوەی ئەم فڕۆکەخانەیە لەساڵی 2005 ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە جیهانی دەرەوە و پێشوازیکردن لە گەشتیاران، ئەم فڕۆکەخانەیە کارئاسانیەکی زۆری بۆ گەشتیاران بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپی کردووە، کە ژمارەیەکی کورد لەو وڵاتانە نیشتەجێن و لەڕێگەی ئەم فڕۆکەخانەیەوە دەگەڕێنەوە، جگە لەو بیانیانەی کە ڕوو لە کوردستان دەکەن بە مەبەستی سەردانیکردن و جێبەجێکردنی ئیش و کارەکان و بەشداریکردنیان لەو پێشەنگا نێودەوڵەتیانەی لەشاری سلێمانی دەکرێنەوە، یان ئەو گەشتیارانەی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەکەن[2].

بەگوێرەی داتا بەردەستەکان لەساڵی 2005 واتە ساڵی کردنەوەی فڕۆکەخانەکە (5047) گەشتیار لەڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی هاتوون، لەکاتێکدا ئەم ژمارەیە لەساڵی 2019 بەرزبووەتەوە بۆ (220527) کەس، لەهەمان کاتدا ژمارەی ئەوانەی لەڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە گەشتیان کردووە لە ساڵی 2005 بریتی بووە لە (10251) کەس لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لەساڵی 2019 بەرزبووەتەوە بۆ (254392) کەس. هەروەها کۆی گەشتیاری هاتوو لەماوەی نێوان ساڵانی 2005 بۆ 2020 بریتیە لە (2.222.522) کەس، لەکاتێکدا کۆی گەشتیاری ڕۆشتوو بریتیە لە (2.361.119) کەس، کۆی گشتی ئەوانەی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکەوە گەشتیان کردووە بەهەردوو ئاراستەی هاتن و ڕۆشتن بریتیە لە (4.583.641) کەس. سەبارەت بە زۆرترین ژمارەی گەشتیار لەساڵێکدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2015، کە ژمارەی گەشتیاری هاتوو (287707) کەس و ژمارەی گەشتیاری ڕۆشتوو (286938) کەس بووە، هەروەها کەمترین ژمارەی گەشتیار لەساڵێکدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2005 کە ژمارەی گەشتیاری هاتوو (5047) کەس بووە، هۆکاری ئەمەش بۆ سەرەتای کردنەوەی فڕۆکەخانەکە و کەمی گەشتەکانی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و زۆری ئاستەنگەکانی گەشتکردن بووە بۆ گەشتیاران لە ڕێگەی ئەم فڕۆکەخانەیەوە، لەبەرامبەر (10251) گەشتیاری ڕۆشتوو، هەر بەگوێرەی داتا بەردەستەکان لە هەموو ساڵەکانی وەرگیراو تەنها لە سێ ساڵدا ڕێژەی گەشتیاری هاتوو زیاتر بووە لە ڕێژەی گەشتیاری ڕۆشتوو ئەوانیش ساڵانی 2010 و 2012 و 2015 بووە، هەروەها لە ساڵی 2020 بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورونا لە سەرتاسەری جیهان و ناوچەی توێژینەوە و ڕێکارەکانی خۆپارێزی و قەدەغەی هاتووچۆ وکەرەنتینە لەسەر ئاستی جیهان ژمارەی گەشتیارانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بەراورد بەساڵانی پێش خۆی کەمیکردووە، خشتەی (2_8).

---

(1) تادایوکی هارا، تحلیل کمی درصنعت گردشگری، ت.نیلوفر عباس پور و رسول علی پور، چاپ اول، انتشارات مهکامه، تهران، 1396، ص8.

(2) رنج طاهر عبدالله وآخرون، دورالنقل الجوي في تنمية النشاط السياحي في محافظة السليمانية للمدة (2005_2018) دراسة تحليلية، المجلة العلمية لجامعة جيهان _ السليمانية، المجلد 3، العدد 1، حزيران 2019، ص248.

خشتەی (2_8)

ژمارەی گەشتیاری هاتوو و ڕۆشتوو لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە ماوەی ساڵانی 2005 بۆ 2020

| ساڵ | هاتوو | ڕۆشتوو | هاوسەنگی گەشتیاریی | کۆی هاتوو+ڕۆشتوو |
|---|---|---|---|---|
| 2005 | 5047 | 10251 | -5204 | 15298 |
| 2006 | 48164 | 48326 | -162 | 96490 |
| 2007 | 61656 | 62394 | -738 | 124050 |
| 2008 | 67165 | 73043 | -5878 | 140208 |
| 2009 | 81655 | 81825 | -170 | 163480 |
| 2010 | 91988 | 91211 | +777 | 183199 |
| 2011 | 121274 | 126878 | -5604 | 248152 |
| 2012 | 148197 | 138449 | +9748 | 286646 |
| 2013 | 184481 | 188864 | -4383 | 373345 |
| 2014 | 258029 | 263126 | -5097 | 521155 |
| 2015 | 287707 | 286938 | +769 | 574645 |
| 2016 | 251343 | 274650 | -23307 | 525993 |
| 2017 | 225621 | 259535 | -33914 | 485156 |
| 2018 | 148632 | 161237 | -11526 | 309869 |
| 2019 | 220527 | 254392 | -33865 | 474919 |
| 2020 | 21036 | 40000 | -18964 | 61036 |
| کۆ | 2222522 | 2361119 | -138597 | 4583641 |

سەرچاوە:

1.جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي للاحصاء، مديرية احصاءات النقل والاتصالات، احصاء نشاط النقل الجوي في القطاع الحكومي والعام لسنة 2018، ص6.

2.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، بەشی پلان وئامار، 2020.

3.رنج طاهر عبدالله و آخرون، مصدر سابق، ص250.

شێوەی (2_4)

ژمارەی گەشتیاری هاتوو و ڕۆشتوو لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لەماوەی ساڵانی 2005 بۆ 2020




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (2_8)

وێنەی (2_10)

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی




سەرچاوە: وێنەکە وەرگیراوە لە پێگەی فەرمی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی،www.sulairport.krd، بەرواری سەردان 2021/8/8

بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (2_9) زۆربەی خزمەتگوزارییە گەشتارییەکان لە شاری سلێمانی دا لە ماوەی نێوان ساڵانی 2010 بۆ 2020 گەشەکردنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێك کافتریا و گازینۆ زۆرترین ڕێژەی گەشەیان بەخۆوە بینیوە، ژمارەیان لە (107) دانەوە بووە بە (308) دانە بە ڕێژەی (188%) زیادیکردووە، بەڵام لەماوەی ئەو دەساڵەدا ڕێژەی گەشەی سینەماکان (0%) بووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی کە ڕۆڵی سینەمای کەم کردۆتەوە، سەبارەت بەتەواوی خزمەتگوزارییەکانی دیکە وەك شوێنی مانەوەی گەشتیاران کە هەریەکە لە(هۆتێل، مۆتێل و خانوو و کابینەی گەشتیاریی) دەگرێتەوە بە ڕێژەی (138%) گەشەی کردووە، ئەمەش بەهۆی زۆربوونی ژمارەی گەشتیاران و داواکاری لەسەر شوێنی مانەوە لە شارەکەدا، هەرچی یانەیە بە ڕێژەی (167%) زیادیکردووە، کۆشکی گەشتیاریی بەڕێژەی (121%)، سەیرانگاکان بە ڕێژەی (33%)، ڕیستۆرانت و چێشخانە و خواردنی خێرا (148%) زیادیکردووە، هۆکاری زۆربوونی ژمارەی ڕیستۆرانت و چێشتخانەی میللی و خواردنگەکان بەشێوەیەکی فراوان دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی و حەزوخولیای دانیشتوان بۆ ئەزموون کردنی جۆرەها خواردنی جیاواز، وە هەروەها زۆربوونی ژمارەی گەشتیاری دەرەوەی شاری سلێمانی کە بەردەوام و ڕۆژانە سەردانی شاری سلێمانی دەکەن، و پێویستی بۆخۆراك لە پێویستیە بنەڕەتیەکانی جەستەی مرۆڤە و حەزوخولیای گەشتیاران بۆ ئەزموون کردن و چێژ بینین لە جۆرەها خواردنی جیاواز لە ناوچەی توێژینەوە، لەلایەکی دیکەشەوە داواکاری زۆر لەسەر خواردن، هاندەر وپاڵنەرە بۆ ڕەخساندنی هەلی کار لەشاری سلێمانی، کە بە گوێرەی داتا بەردەستەکان کۆی کەرتی ڕیستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگەی خێرا توانییویەتی هەلیکار بۆ (7390) کەس برەخسێنێت.

خشتەی (2_9)

بەراوردی گەشەی چەند خزمەتگوزارییەکی گەشتیاریی لە نێوان ساڵانی 2010 بۆ 2020 لە شاری سلێمانی

| جۆر | 2010 | 2020 | ڕێژەی سەدی گەشەکردن % |
|---|---|---|---|
| کافتریا و گازینۆ | 107 | 308 | 188 |
| ڕێستۆرانت و خواردنگەی خێرا | 238 | 592 | 149 |
| شوێنی مانەوە | 130 | 309 | 138 |
| سینما | 4 | 4 | 0 |
| یانەی شەوانە | 46 | 123 | 167 |
| شاری یاری | 2 | 4 | 100 |
| کۆشکی گەشتیاریی | 19 | 42 | 121 |
| سەیرانگا | 3 | 4 | 33 |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی، هۆبەی چاودێری تەندروستی وسەلامەتی خۆراك، زانیاری بلاونەکراوە، 2021.

هەروەك لە شێوەی (2_5) ڕوونكراوەتەوە زۆرترین ژمارەی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی تایبەتە بە سێکتەری خواردن، کە ژمارەی تەواوی ڕێستۆرانت و چێشخانە و خواردنگەی خێرا (fast food) بریتیە لە (592) دانە، کەرتی مانەوە کە هەریەکە لە (هۆتێل، مۆتێل، خانووی گەشتیاریی و کابینەی گەشتیاریی) دەگرێتەوە ژمارەی (309) دانەیە، چونکە بەشی هەرەزۆری ئەو گەشتیارانەی ڕوودەکەنە ناوچەی توێژینەوە بە جۆرێك لەجۆرەکان لەماوەی گەشتەکەیاندا ڕوودەکەنە ئەو شوێنانە بۆمانەوە و پشوودان، ئەمەش لە دوای ساڵی 2010 بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە لە ئەنجامی داواکاری زۆر لەسەری، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی گەشتیارەوە، کە زۆرترین بواری وەبەرهێنانیش لەم کەرتەدا کراوە، بە پلەیەکی دواتر کافتریا و گازینۆکان دێن، کە ژمارەیان دەگاتە (308) دانەیە، نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان پێکەوە ژمارەیان (210) دانەیە هاوشانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی دیکە ڕۆڵیان لە گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە، مۆڵەکان ژمارەیان (51) دانەیە لەگەڵ ئەوەی ئەم مۆڵانە لە سەر حیسابی بازرگانی ئەژماردەکرێن بەلاَم ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دانیشتوان، هەریەکە لە سەنتەرەکانی مەساج و پێشانگا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و یاریگاکان و مۆزەخانەکان و شوێنە کلتوریی و مێژووییەکان و سەنتەرەکانی یاری ئەلیکترۆنی و هۆڵەکانی ئاهەنگ گێڕان، ناوەندە زانستی و مەعریفیەکان وەك زانکۆ و کتێبخانەکان هەموو ئەوانە بە پرۆسەی تەواو کاری گەشتیاریی دادەنرێن، کە بەشێوەیەك ڕۆڵیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە. لە نەخشەی (2_1) دابەشبوونی جوگرافی بەشێك لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی بەگوێرەی گەڕەك و شەقامەکانی شارەکە ڕووندەبێتەوە.

شێوەی (2_5)

ژمارەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان لە شاری سلێمانی لە ساڵی 2020




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی کاروباری گەشتیاریی، زانیاری بلاَونەکراوە، 2021.

نەخشەی (2_1)

دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی لەساڵی 2020




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2020.

2. گەشاو فازیڵ فاتح، دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانیەکان لە شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی GIS، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی، 2021، لا143.

3.بەرنامەی Arc Map 10.5 GIS.

# بەشی سێیەم: شیکردنەوەی خەرجی ڕاستەقینەی گەشتیاران و لێکەوتە ئابوورییەکانی

## باسی یەکەم: شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی

3. 1. شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی لەسەر خەرجی ڕاستەقینەی گەشتیاران بە بەرنامەی (spss)

## باسی دووەم: ڕۆڵی گەشەی گەشتیاریی لە گەشەسەندنی پرۆژە گەشتیارییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار لە ناوچەی توێژینەوەدا

3. 2. 1. ڕۆڵی گەشەی گەشتیاریی لەسەر وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزار لە شاری سلێمانی

3. 2. 2. ڕۆڵی گەشتوگوزار لە ڕەخساندنی هەلی کار لە شاری سلێمانی

## بەشی سێیەم: شیکردنەوەی خەرجی ڕاستەقینەی گەشتیاران و لێکەوتە ئابوورییەکانی

لە بەشەکانی پێشووتر تیشك خراوەتە سەر لایەنە جیاوازەکانی توێژینەوەکە وەك لایەنی تیۆری، هەر لە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و چەمك وزاراوە پەیوەندیدارەکان، هەروەها ئاستی گەشەکردنی گەشتیاریی و هەڵسەنگاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لەشاری سلێمانی دا، لەم بەشەی توێژینەوەکە هەوڵدەدەین لێکەوتە ئابوورییەکانی خەرجی گەشتیاران بە شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و ڕۆڵی گەشتوگوزار لەڕەخساندنی هەلی کار و نەهێشتنی بێکاری و بەشداری لە وەبەرهێنانەدا بکەین.

## باسی یەکەم: شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی لە سەر خەرجی ڕاستەقینەی گەشتیاران بە بەرنامەی (spss)

بەگشتی فۆرمی ڕاپرسی دادەنرێت بە ڕەگەزێکی گرنگی توێژینەوەی زانستی بەتایبەتی لەبواری پراکتیکی دا، بۆیە ئێمەش لە توێژینەوەکەماندا پشتمان پێ بەستووە لە پێناو بە دەستهێنانی داتا و زانیاری لە سەرئەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکەمان دابەشکردووە بۆ دوو تەوەری سەرەکی، ئەوانیش پرسیارە تایبەت و کەسیەکان، وەك (شوێنی نیشتەجێبوون، ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، داهات و باری کۆمەڵایەتی) لەگەڵ پرسیارە گشتیەکانی تایبەت بە گەشتوگوزار و چالاکی گەشتیاریی وەك (ماوەی مانەوەی گەشتیار، شوێنی مانەوە، بڕی خەرجی بۆ مانەوە و خواردن و خواردنەوە و سەردانی شاری یاری و چالاکیە گەشتیارییەکانی دیکە، وەرز و بۆنەی دڵخواز بۆ سەردانیکردنی شاری سلێمانی، پاڵنەرەکان و ئاستەنگەکانی هاتن بۆ ناوچەی توێژینەوە، ڕاوبۆچوون و پێشنیاری گەشتیاران لە سەر خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و چەند پرسیارێکی دیکەی پەیوەندیدار بە چالاکی گەشتیارییەوە).

بۆ بەدەستهێنانی وەلامی دروست، سودمان لە ڕاو و بۆچوونی (500) گەشتیار وەرگرتووە ئەوەش بە دابەشکردنی (550) فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی مەیدانی و ئەلیکترۆنی بە پشت بەستن بە بەرنامەی گۆگڵ فۆرم (google form)، بەلام بەهۆی نادروستی و نەگەڕانەوەی (50) فۆرم تەنها کار لەسەر (500) فۆرم کراوە، هۆکاری دەستنیشانکردنی (500) فۆرم دەگەڕێتەوە بۆ ئەژمارکردنی تێکڕای ناوەندی هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی لە ماوەی توێژینەوەکەمان لە ساڵی 2007 بۆ ساڵی 2020، کە لەو ماوەیەدا بە نزیکەیی (6.5) ملیون گەشتیار سەردانی شاری سلێمانیان کردووە، بە تێکڕای ساڵانەی نزیکەی (500) هەزار گەشتیار، پاشان داتا و زانیارییەکان لە ڕێگەی هەردوو بەرنامەی ئێکسل (Excel) و (Spss) شیکردنەوە و هەلسەنگاندنی بۆکراوە. ماوەی ڕاپرسیەکە (5) مانگی خایاندووە لە بەرواری (2021/3/21) بۆ (2021/8/21)، ئەم ماوەیەش بەسەرەتای دەستپێکردنی وەرزی گەشتیاریی دادەنرێت لە ناوچەی توێژینەوە، لە خوارەوە بەوردی کۆی وەلامی بەشداربووانی فۆرمی ڕاپرسیەکە شیکاردەکەین.

**3. 1. شیکارکردنی فۆڕمی ڕاپرسی لە سەر خەرجی ڕاستەقینەی گەشتیاران بە بەرنامەی (spss)**

3. 1. 1. شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران:

هەروەك لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە ئاماژەی پێدراوە، شوێنی جوگرافی گەشتیاران ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت بۆ گەشەی گەشتیاریی لە ناوچەیەکدا، چونکە دووری یان نزیکی ناوچە گەشتیارییەکان دەبنە فاکتەری ڕاکێشان یان وەدەرنانی گەشتیاریی، هەروەها بەگوێرەی دووری ناوچەی دەرچوون، گەشتیار ئامادەکاری زیاتر دەکات بۆ مانەوەی زیاتر لە ناوچە گەشتیارییەکان، پەیوەندی شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیار و ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی کە (500) گەشتیار تێیدا بەشداری کردووە بەم شێوەیە، (84%) ی ئەوانەی ڕوودەکەنە ناوچەی توێژینەوە گەشتیاری دانیشتووی ناوخۆی عێراقن واتە (420) گەشتیار و (16%) گەشتیاری دەرەوەی عێراقن واتە (80) گەشتیار، زۆرترین ڕێژەی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی تایبەتە بە پارێزگای بەغداد، کە دەکاتە (200) گەشتیار بە ڕێژەی (40%) سەرجەمی گەشتیاریی بەشداربوو لە ڕاپرسیەکەدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری  ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، کە خۆی دەدات لە نزیکەی (8) ملیون کەس لە ساڵی 2019[1]، هەروەها بەرزی ئاستی گوزەران و حەزی گەشتکردن لای بەشێکی زۆری دانیشتوانی پارێزگاکە و خراپی کەش و هەوا بەتایبەتی لەوەرزی هاوین دا، فاکتەری بەشداری ڕێژەیەکی زۆری گەشتیاری پارێزگاکەیە، ئەمەش شتێکی سروشتیە کە زۆرترین ڕێژەی گەشتیار تایبەت بێت بەو پارێزگایە، پاشان پارێزگای کەرکوك بە پلەی دووەم دێت بە (30) گەشتیار، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی شاری سلێمانی لە پارێزگاکەوە، پارێزگای دیالە بەپلەی سێیەم دێت بە (20) گەشتیار، پاشان نەینەوا (16) گەشتیار،  دواتر سەلاحەددین بە (10) گەشتیار، ئەنبار (9) گەشتیار،  نەجەف و کەربەلا هەریەکەیان بە (7) گەشتیار، بابل بە (4) گەشتیار و بەسرە بە (2) گەشتیار بە پلەی دواتر دێن لە ناردنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی، هۆکاری کەمی گەشتیاری پارێزگای بەسرە دەگەڕێتەوە بۆ دووری شوێنی جوگرافی ئەم شارە لە شاری سلێمانییەوە. سەبارەت بە شارەکانی هەرێمی کوردستان هەولێر پلەی یەکەمی لە هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی دا هەیە بە (25) گەشتیار بە ڕێژەی (5%)، پاشان کەلار (17) گەشتیار، دواتر هەڵەبجە (13) گەشتیار، پاشان شارەکانی ڕانیە (11) گەشتیار و خانەقین (10) گەشتیار و دهۆك (6) گەشتیار و ڕواندز و سۆران هەریەکەیان (3) گەشتیار و زاخۆ (2) گەشتیار و شارەکانی تریش بە (25) گەشتیار پلەکانی دواتریان گرتووە، هۆکاری زۆری گەشتیاری شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ نزیکی شاری سلێمانی دێت لەو شارانەوە و ئاسانی گەشتن پێی بە ماوەیەکی کەم وسود بینین لە پشووەکانی کۆتایی حەفتە بۆ بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی. ئەوەی تایبەت بێت بە گەشتیاری دەرەکی بۆ ناوچەی توێژینەوە، بەگوێرەی ڕاپرسی وڵاتی ئێران پلەی یەکەمی لە ناردنی گەشتیار هەیە بە (15) گەشتیار بە ڕێژەی (30%)، پاشان تورکیا (7) گەشتیار، پاشان وڵاتی میسر (5) گەشتیار دواتر چەند وڵاتێکی دیکە دێن بۆ ڕێژەی گەشتیاری دەرەکی، وەك لوبنان (4) و سوریا (4) و هیند (3) و ئیمارات (3) و فەلەستین (3) و ئەمریکا (2) و چین (2) و فلیپین (2) و وڵاتانی ئەوروپی بە (30) گەشتیار، هۆکاری ئەوەش  دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ناوچەی توێژینەوە و هاوسنوری لەگەڵ بەشێکی ئەو وڵاتانە وەك ئێران، هەروەها بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڤیستیڤاڵ و چالاکیانەی لەشاری سلێمانی ئەنجام دەدرێت کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گەشتیار، وەك هاتنی گەشتیاری میسر لە کاتی کردنەوەی

(1) جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، بيانات سنة 2019، من هذا الموقع:www.cosit.gov.iq

پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب و ڤیستیڤاڵی خاڵ بۆ قورئان خوێندن، بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەشتیارە کوردانەی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوەن بۆ مەبەستی سەردانی خزم و ئاشنایان دەگەڕێنەوە، خشتەی (3_1).

خشتەی (3_1)

شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاری هاتوو بۆ شاری سلێمانی

| گەشتیاری ناوەڕاست و باشوری عێراق | | | گەشتیاری هەرێمی کوردستان | | | گەشتیاری وڵاتانی دەرەوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | ژمارە | ڕێژە% | شار | ژمارە | ڕێژە% | وڵات | ژمارە | ڕێژە% |
| بەغداد | 200 | 40 | هەولێر | 25 | 5 | ئێران | 15 | 3 |
| کەرکوک | 30 | 6 | کەلار | 17 | 3.4 | تورکیا | 7 | 1.4 |
| دیالە | 20 | 4 | هەڵەبجە | 13 | 2.6 | میسر | 5 | 1 |
| نەینەوا | 16 | 3.2 | ڕانیە | 11 | 2.2 | لوبنان | 4 | 0.8 |
| سەلاحەدین | 10 | 2 | خانەقین | 10 | 2 | سوریا | 4 | 0.8 |
| ئەنبار | 9 | 1.8 | دهۆک | 6 | 1.2 | هیند | 3 | 0.6 |
| نەجەف | 7 | 1.4 | ڕواندز | 3 | 0.6 | ئیمارات | 3 | 0.6 |
| کەربەلا | 7 | 1.4 | سۆران | 3 | 0.6 | فەلەستین | 3 | 0.6 |
| بابل | 4 | 0.8 | زاخۆ | 2 | 0.4 | وڵاتانی ئەوروپا | 30 | 6 |
| بەسرە | 2 | 0.4 | شارەکانی تر | 25 | 5 | وڵاتانی تر | 6 | 1.2 |
| کۆ | 305 | 61 | – | 115 | 23 | – | 80 | 16 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

پەیوەندی بەهای بەڵگەداری لە نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران و خەرجیەکانی ڕۆژانەی گەشتیاراندا هەیە، وەك خەرجی شوێنی مانەوە، خواردەمەنی، بازاڕیکردن، بڕی خەرجی هەرگەشتێك و ڕێژەی دووبارەکردنەوەی گەشت و ماوەی مانەوەی گەشتیار، چونکە بەهای بەڵگەداری (p.value) هەریەکە لەو گۆڕاوانە کەمترە لە (0.05)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە هەتاوەکو شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیار دوورتر بێت ڕێژەی دووبارەکردنەوەی گەشتەکانیان بۆ شاری سلێمانی کەمتر دەبێت، بۆنمونە ئەو گەشتیارانەی لە دەرەوەی عێراقەوە هاتوون بە ڕێژەی (99%) تەنها (1) یان (2) جار سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دووری و ئارەزوو نەکردنی گەشتیار بۆ دووبارە سەردانیکردنەوە، چونکە کاتێك گەشتیاران لە دەرەوەی وڵاتەوە دێن ئەگەر ناوچەکە نەبێتە فاکتەری حەوانەوە و چێژ وەرگرتن بۆیان، ئەوا ئامادە نابن جارێکی تر گەشت بۆ ئەوناوچەیە بکەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا گەشتیاری ناوخۆیی زۆرترین ڕێژەی چەندبارە کردنەوەی گەشتەکانیان هەیە. هەروەها سەبارەت بەماوەی مانەوەی گەشتیار (67.5%)ی گەشتیارانی دەرەکی زیاتر لە (6) ڕۆژ دەمێننەوە بەڵام تەنها (1%)ی گەشتیاری ناوخۆی هەرێم زیاتر لە (6) ڕۆژ دەمێننەوە. ئەوەی پەیوەندیدارە بەخەرجی مانەوە بۆ هەر شەوێك مانەوە لەشاری سلێمانی ڕێژەی (48%)ی بەشداربووانی

دەرەکی زۆرترین بڕی پارەیان بۆ شوێنی مانەوە خەرج کردووە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە گەشتیاری دەرەکی باری دارایی و ئاستی گوزەرانیان بەرزترە، بۆیە لەکاتی هاتنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە داواکارییان بۆ خزمەتگوزاری ئاست بەرز و کوالێتی باش زۆرترە، ئەمەش ئەگەر بەراورد بکرێن بە گەشتیاری ناوخۆیی دووهێندە کاریگەریان لەسەر گەشەی ئابووریی ناوچەکە زۆرتر دەبێت، لەبەرئەوەی لە لایەکەوە خەرجی گەشتیاریان زیاترە و ئەمەش دەبێتە هاندەر و پاڵنەر بۆ گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بە کوالێتی باشتر، لە لایەکی دیکەوە هانی وەبەرهێنەران دەدات بۆ خستنەگەڕی سەرمایەکانیان لە بواری کەرتی گەشتوگوزاردا، چونکە زۆربوونی ژمارەی گەشتیاری دەرەکی بەمانای زۆربوونی داواکاری لەسەر خزمەتگوزاریی گەشتیاریی ئاست بەرز دێت، لە ئەنجامیشدا سودی زیاتری بۆ وەبەرهێنەران و کەرتی گەشتیاریی شارەکە دەبێت، بڕوانە خشتەی (3_ 2).

خشتەی (3_ 2)

پەیوەندی نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیار و دووبارەکردنەوە، ماوەی مانەوە و خەرجی شوێنی مانەوە

| گۆڕاوەکان | | دەرەوەی عێراق | | باشوری عێراق | | هەرێم | | کۆ | بەهای بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | | |
| سەردانیکردنی گەشتیاران ماوەی (5) ساڵ | 1 جار | 69 | 63 | 31 | 28 | 10 | 9 | 110 | 0.002 |
| | 2 جار | 10 | 9 | 81 | 74 | 19 | 17 | 110 | |
| | 3 جار | 1 | 1 | 38 | 54 | 31 | 45 | 70 | |
| | 4 جار | 0 | 0 | 19 | 47.5 | 21 | 52.5 | 40 | |
| | 4جار زیاتر | 0 | 0 | 136 | 80 | 34 | 20 | 170 | |
| کۆ | – | 80 | 16 | 305 | 61 | 115 | 23 | 500 | |
| ماوەی مانەوەی گەشتیاران | 1–3 ڕۆژ | 9 | 6 | 41 | 27 | 100 | 67 | 150 | 0.001 |
| | 4–6 ڕۆژ | 17 | 10 | 139 | 82 | 14 | 8 | 170 | |
| | 6 ڕۆژ زیاتر | 54 | 30 | 125 | 69 | 1 | 1 | 180 | |
| کۆ | – | 80 | 16 | 305 | 61 | 115 | 23 | 500 | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە (دیناری عێراقی) | 25 بۆ 50 هەزار | 4 | 5 | 55 | 69 | 21 | 26 | 80 | 0.000 |
| | 51 بۆ 75 هەزار | 24 | 16 | 116 | 77 | 10 | 7 | 150 | |
| | 76 بۆ 100 هەزار | 13 | 14.5 | 64 | 71 | 13 | 14.5 | 90 | |
| | 101 هەزار زیاتر | 38 | 29 | 54 | 42 | 38 | 29 | 130 | |
| کۆ | – | 79 | 18 | 289 | 64 | 82 | 18 | 450 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

### 3. 1. 2. ژمارەی گەشتیاران بەگوێرەی ڕەگەز:

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_3) و شێوەی (3_1) لەکۆی (500) گەشتیاری بەشدار بوو لە ڕاپرسیدا ژمارەی نێر (302) کەسە بەڕێژەی (60.4%) و ژمارەی مێ (198) کەسە بەڕێژەی (39.6%)، ئەمەش شتێکی سروشتیە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی باکگراوندی ئاینی و کلتوری و نەریتی ڕۆژهەڵاتیان هەیە، کە ڕەگەزی مێ کەمتر سەربەستی هەیە بۆ گەشتکردن و هەروەها کەمتریش دەرفەتی هەیە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، بە هۆی سەرقاڵ بوون بەکاروباری ڕۆژانەی ماڵ و بەخێوکردن و چاودێری کردنی منداڵەوە، هەروەها لەڕووی ئابووریشەوە ڕەگەزی مێ کەمتر بواری کارکردن و بەدەستهێنانی داهاتی سەربەخۆی هەیە، کە دواجار ئەمەش وادەکات لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێت، ئەم فاکتەرانە پێکەوە کاردەکەنە سەر کەمی ڕێژەی ڕەگەزی مێ بەراورد بە ڕەگەزی نێر، بەڵام ئەمە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر یان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆنمونە لەساڵانی پێشووتردا کە کۆمەڵگای کوردی کەمتر کراوە بووە و جیاوازی ئاستی گەشتکردن لای ڕەگەزەی نێر زۆر زیاتربووە بەراورد بەڕەگەزی مێ بەڵام ئێستا ئەم جیاوازییە کەم بووەتەوە، هەروەها لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ئەم جیاوازییە زیاترە بەراورد بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، واتە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ڕەگەزی مێ سەربەستی کەمتری هەیە بۆ گەشتکردن بەراورد بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان.

خشتەی (3_3)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیار بە گوێرەی ڕەگەز

| ڕەگەز | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژ. گەشتیار | 302 | 198 | 500 |
| ڕێژەی سەدی % | 60.4 | 39.6 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_1)

ژمارەی گەشتیار بە گوێرەی ڕەگەز




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_3).

پەیوەندی بەهای بەڵگەداری لە نێوان ڕەگەز و ڕێژەی دووبارە کردنەوەی سەردانیکردنی گەشتیاران، ژمارەی ڕۆژەکانی مانەوە، بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە و هەروەها سەرجەمی خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە هەیە، بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_4) ڕێژەی زۆری ئەوانەی چەند بارە سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە لە ماوەی (5) ساڵی ڕابردوودا لە ڕەگەزی نێر پێکدێت، چونکە ئەم ڕەگەزە سەربەخۆیی ئابووریی و دەرفەتی گەشتکردنی زیاترە لەڕەگەزی مێ، هەروەها ڕەگەزی نێر ژمارەی ڕۆژەکانی مانەوەی زیاترە بەراورد بەڕەگەزی مێ کە بەگوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی لەکۆی (180) گەشتیار کە زیاتر لە (6) ڕۆژ دەمێننەوە (140) گەشتیاری ڕەگەزی نێرە بەڕێژەی (78%) و (40) گەشتیاری مێیە بەڕێژەی (22%)، ئەمەش دیسانەوە بەهۆی کەمتر سەرقاڵبوونی ڕەگەزی نێرە بە کاروباری ڕۆژانەی ماڵ و نەبوونی پابەندی خێزانی بەراورد بە ڕەگەزی مێ. سەبارەت بە بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ هەرگەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە دیسان پەیوەندی بەهای بەڵگەداری کەمترە (0.05)، چونکە زۆربەی ئەوانەی بڕی خەرجی زیاتریان دیاریکردووە لە ڕەگەزی نێرن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە ئەم ڕەگەزە چونکە خاوەن ئابووریی سەربەخۆی خۆیانن بۆیە دەستکراوەترن لە بڕی ئەو پارەیەی خەرجی دەکەن، کە دواجار زۆربوونی ڕێژەی گەشتیاری ڕەگەزی نێر لە قازانجی گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتەوە.

خشتەی ژمارە (3_4)

پەیوەندی نێوان ڕەگەز و دووبارەکردنەوە، ماوەی مانەوە، خەرجی مانەوە و خەرجی گەشتیاریی

| گۆڕاوەکان | | نێر | | مێ | | کۆ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | | |
| سەردانیکردنی گەشتیاران لە ماوەی (5) ساڵ | 1 جار | 42 | 38 | 68 | 62 | 110 | 0.000 |
| | 2 جار | 50 | 45 | 60 | 55 | 110 | |
| | 3 جار | 40 | 57 | 30 | 43 | 70 | |
| | 4 جار | 30 | 75 | 10 | 25 | 40 | |
| | 4جار و زیاتر | 140 | 82 | 30 | 18 | 170 | |
| کۆ | – | 302 | 60.4 | 198 | 39.6 | 500 | |
| ماوەی مانەوەی گەشتیاران | 1–3 ڕۆژ | 72 | 48 | 78 | 52 | 150 | 0.001 |
| | 4–6 ڕۆژ | 90 | 53 | 80 | 47 | 170 | |
| | 6 ڕۆژ زیاتر | 140 | 78 | 40 | 22 | 180 | |
| کۆ | – | 302 | 60.4 | 198 | 39.6 | 500 | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە(دیناری عێراقی) بۆ هەر شەوێك | 25 بۆ 50 هەزار | 23 | 29 | 57 | 71 | 80 | 0.001 |
| | 51 بۆ 75 هەزار | 82 | 55 | 68 | 45 | 150 | |
| | 76 بۆ 100 هەزار | 51 | 57 | 39 | 43 | 90 | |
| | 101هەزار زیاتر | 126 | 97 | 4 | 3 | 130 | |
| کۆ | – | 282 | 63 | 168 | 37 | 450 | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە(دیناری عێراقی) | کەمتر لە 100 هەزار | 21 | 30 | 49 | 70 | 70 | 0.001 |
| | 100 بۆ 200 هەزار | 78 | 56 | 62 | 44 | 140 | |
| | 201 بۆ 400 هەزار | 47 | 67 | 23 | 33 | 70 | |
| | زیاتر لە 400 هەزار | 156 | 71 | 64 | 29 | 220 | |
| کۆ | – | 302 | 60.4 | 198 | 39.6 | 500 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی.

3. 1. 3. ژمارە و ڕێژەی گەشتیار بە گوێرەی تەمەن:

هەروەك لە داتاكانی خشتەی (3_5) و شێوەی (3_2) ئاماژەی پێدراوە، گروپی تەمەنی (15 بۆ 40) ساڵ زۆرترین ژمارەی گەشتیاری ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنن، كە دەكاتە (220) گەشتیار بە ڕێژەی (44%)، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئابووریی و چالاكی جەستەیی و دەرونی ئەم توێژە، چونكە ئەم توێژە خاوەن ئابووریی و داهاتی سەربەخۆن و توانای كاركردنیان هەیە، و خاوەن بڕیاری سەربەخۆن و ئارەزووی چالاكی گەشتیاریان زۆرە بۆیە بابەتێكی سروشتیە ئەم گروپە لەتەمەن زۆرترین گەشتیاری ناوچەی توێژینەوە پێكبهێنێت، پاشان گروپی تەمەنی (41_65) ساڵ پلەی دووەمی وەرگرتووە لە زۆرترین ژمارەی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە بە (165) گەشتیار، كە دەكاتە ڕێژەی (33%)، ئەم گروپەش بەوە ناسراوە لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەن داهاتی سەربەخۆن بەڵام لەڕووی جەستەیی و دەرونیەوە كەمتر ئامادەیی ئەوەیان تێدایە گەشت بكەن، بۆیە تێبینی ئەوە دەكەین جیاوازییەكی زۆر نیە لە نێوان ڕێژەی گروپی تەمەنی (15 بۆ 40) ساڵ لەگەڵ گروپی تەمەنی (41 بۆ 65) ساڵ، وە پێكەوە (77%)ی گەشتیارانی ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنن، دواتر گروپی منداڵ یان خوارووی (15) ساڵ دێت كە ژمارەیان بە گوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی (110) گەشتیارە بە ڕێژەی (22%)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە ئەم گروپە لە ڕووی بڕیاری گەشتكردن و ئابوورییەوە سەربەخۆ نین و لە ڕووی جەستەیی و عەقڵیەوە ناتوانن گەشت بكەن بۆیە وابەستەی خێزانەكانیان، تەنها لە چەند حاڵەتێكی دەگمەندا ئەوانەیان تەمەنیان لە نێوان (13 بۆ 15)ساڵدایە لەگەڵ هاوڕێكانیاندا یان بەشێوەی گروپ یان لە ڕێگەی گەشتی خوێندنگاكانیانەوە گەشت دەكەن. سەبارەت بە گروپی سەروو (65) ساڵ، كەمترین ڕێژەی گەشتیار بۆناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنن كە بریتیە لە (1%)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە كە ئەم گروپە لە سەرتاسەری جیهاندا لە ئاستێكی زۆر كەمدا گەشتدەكەن بە هۆی لاوازی و كەم توانایی جەستەیی و دەرونیەوە، وەكو زوو ماندبوو بوون و بێزابوون لە كەشی نائارام و ژاوەژاو و قەرەباڵغی دا، ئەمە جگە لەوەی ئەم توێژە لە كۆمەڵگای عێراقی بە توێژی خانەنشینان دادەنرێن، كە لەڕووی ئاستی داهاتەوە داهاتیان نزمە، چونكە حكومەتی عێراقی بەهۆی گەندەڵی و نادادپەروەری كۆمەڵایەتیەوە مافی ئەم توێژەی وەك خۆی نەداوە، بۆیە بەشێكی ئەم توێژە كێشەی خراپی باری گوزەرانیان هەیە، هەروەها بەهۆی دواكەوتوویی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی دابینكردنی ئاسانكاری، ئەم توێژە لەكاتی گەشتكردنیان توشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر دەبنەوە، بەتایبەتی لە ڕێگاوبانەكان و خاڵەكانی پشكنین، كە لەهەندێ حاڵەتدا گەشتیاری بەتەمەن چەندین كاتژمێر لە خاڵی پشكنینەكاندا لە چاوەڕوانییدا دەمێنێتەوە، جگە لە فاكتەری نەخۆشی جەستەیی كە بەشێكی ئەم توێژە توانای گەشتكردنیان نیە و لە ماڵەوە لە ژێر چاودێریدان، بۆیە ئەم گروپەی تەمەن لە ناوچەی توێژینەوە كەمترین بەشداریان هەیە لە چالاكی گەشتیاریدا، ئەم ڕێژە كەمەش لەڕووی ئابوورییەوە بەخاڵێكی نەرێنی بۆ ناوچەی توێژینەوە ئەژمار دەكرێت، چونكە ناتوانن ڕۆڵی كارایان هەبێت لە پێشكەوتنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەكان و لە ئەنجامیشدا ڕۆڵی ئەوتۆیان نیە لەگەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی (3_5)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیار بە گوێرەی گروپی تەمەن

| تەمەن | خوارووی 15 ساڵ | 15_40 ساڵ | 41_65 ساڵ | سەرووی 65 ساڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 110 | 220 | 165 | 5 | 500 |
| ڕێژە% | 22 | 44 | 33 | 1 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_2)

ڕێژەی گەشتیار بەگوێرەی گروپی تەمەن




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (3_5)

پەیوەندی نێوان تەمەن و گۆڕاوەکانی وەك بڕی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە، بڕی خەرجی بۆ بازاڕیکردن و سەرجەمی خەرجی بۆ هەرگەشتێك بەگوێرەی بەرنامەی (spss) پەیوەندییەکی بەڵگەدارییە، چونکە بەهای بەڵگەداری کەمترە (0.05)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە زۆرترین ڕێژەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردن لە نێوان تەمەنی (15 بۆ 65) ساڵدایە، سەبارەت بە ماوەی مانەوەی گەشتیار لە کۆی (180) گەشتیار کە سەرووی (6) ڕۆژی هەڵبژاردووە (149) گەشتیار، کە دەکاتە ڕێژەی (83%) تەمەنیان لەنێوان (15 بۆ 65) ساڵدایە، ئەمەش لەڕووی ئابوورییەوە بە خاڵێکی ئەرێنی لێکدەدرێتەوە، چونکە هەتاوەکو ماوەی مانەوەی گەشتیار لەناوچەی توێژینەوە درێژتر بێت، خەرجی گەشتیاریش زۆرتر دەبێت، بەتایبەتی لە ناو ئەو گروپەی تەمەن، کە خاوەن توانای ئابووریی و جەستەیی باشترن، هەروەها زۆرترین بڕی خەرجیش بۆ شوێنی مانەوە لە نێوان گروپی تەمەنی (15 بۆ 65) ساڵدایە، کە لەکۆی (130) گەشتیار کە بۆ هەر شەوێك مانەوە(101) هەزار دینار زیاتر خەرج دەکەن (120) گەشتیار بەڕێژەی (79%) تەمەنیان لە نێوان (15 بۆ 65) ساڵدایە، بڕوانە خشتەی (3_6) و شێوەی (3_3).

خشتەی (3_6)

پەیوەندی نێوان تەمەن و بڕی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە بۆ هەر شەوێك (دیناری عێراقی)

| گۆڕاوەکان | | خواروی 15 | | 15 _40 | | 41 _65 | | سەرووی 65 | | کۆ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە | 25 بۆ 50 هەزار | 24 | 30 | 37 | 46 | 18 | 23 | 1 | 1 | 80 | 0.001 |
| | 51 بۆ 75 هەزار | 38 | 25 | 69 | 46 | 42 | 28 | 1 | 1 | 150 | |
| | 76 بۆ 100 هەزار | 20 | 22 | 34 | 38 | 35 | 39 | 1 | 1 | 90 | |
| | 101 هەزار زیاتر | 9 | 7 | 61 | 47 | 59 | 45 | 1 | 1 | 130 | |
| کۆ | – | 91 | 20 | 201 | 45 | 154 | 34 | 4 | 1 | 450 | – |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_3)

پەیوەندی نێوان تەمەن و بڕی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_6).

### 3. 1. 4. ڕەگەزنامەی گەشتیاران لە ناوچەی توێژینەوە:

لە (88%)ی گەشتیارانی ناوچەی توێژینەوە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقین، کە دەکاتە (440) گەشتیار ئەمە لەکاتێکدا تەنها (12%)ی گەشتیاران هەڵگری ڕەگەزنامەی بیانین کە دەکاتە (60) گەشتیار. هەڵگرانی ڕەگەزنامەی ئێرانی ڕێژەی (25%) کۆی گەشتیارانی دەرەکی پێکدەهێنن بۆناوچەی توێژینەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوسنوری پارێزگای سلێمانی لەگەڵ وڵاتی ئێران، هەروەها نزیکی شاری سلێمانی لەگەڵ وڵاتی ئێران و بوونی چەند دەروازەیەکی سنوری، کە

له ڕێگایانەوە گەشتیارانی ئێرانی بە ئاسانی و بەکاتێکی کەم دەتوانن بێنە ناو هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، سەرەڕای کردنەوەی چەندین پێشانگای ساڵانەی ئێرانی لە سێکتەرە جیاوازەکان، هەروەها بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ شاری سلێمانی و دەوروبەری، لەم ساڵانەی دوایشدا بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی بەرچاوی شوێنکەوتوانی تەریقەتی قادری بۆ تەکیەکانی شاری سلێمانی بەتایبەتی تەکیەی کەسنەزانی ژمارەی گەشتیارانی ئێرانی بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆرتر بووە. لە پاش ئێران هەڵگرانی ڕەگەزنامەی تورکی پلەی دووەمیان لە ژمارەی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە هەیە، کە بریتیە لە (7) گەشتیار بە ڕێژەی (11%)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی کۆمەڵایەتی و بازرگانی ئەو گەشتیارانە بۆ شاری سلێمانی، بۆ نمونە لەو گەشتیارانەی بەشداری فۆڕمی ڕاپرسیەکەیان کردووە پاڵنەری کۆمەڵایەتی و ئابووریی بە هۆکاری سەردانیکردنی شاری سلێمانی دادەنێن. هەرچی وڵاتی میسرە پلەی سێیەمی وەرگرتووە لە ڕێژەی بەشداریکردنی ڕەگەزنامەی بیانی بۆ شاری سلێمانی بە ڕێژەی لە (8%)، هۆکاری هاتنی گەشتیاریی میسری دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەری کلتوری و ئاینی و زانستی و ئابووریی، چونکە بەشێکی ئەو گەشتیارانە سەردانی شاری سلێمانیان کردووە بە مەبەستی بەشداری لە پێشانگای کتێب و بەشداری لە پێشبڕکێی خاڵ بۆ قورئان خوێندن و ئاشنابوون بە کلتوری کوردی، هەرچی ڕەگەزنامەی ئەردەنی و ئیماراتی و فەلەستینی و لوبنانی و هیندی و فیلیپینی و چینی و ئەمریکیشە لە پلەکانی پاشتردێن، خشتەی (3_7).

پەیوەندی نێوان ڕەگەزنامەی گەشتیار و گەشەی ئابووریی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە ڕەگەزنامەی گەشتیار ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە پێشکەوتنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان هەم لەڕووی چۆنیەتیەوە هەمیش لەڕووی چەندییەتیەوە، بۆ نمونە بوونی گەشتیاری وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن ئابووریی بەهێز و داهات بەرز دەبێتە هۆکاری داواکاری لە سەر خزمەتگوزاری گەشتیاریی بە کوالێتی باش و پێشکەوتوو، ئەمەش دەبێتە هۆکاری گەشەسەندنی ئەو خزمەتگوزارییە گەشتیارییانەی لە ڕووی چۆنیەتیەوە پێشکەوتوون، وەك هۆتێل و ریستۆرانتی پێنج ئەستێرەیی، ئەمەش پێویستی بەستافی باش و شارەزا و زۆر هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو خزمەتگوزارییانە، ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە یارمەتی بوژانەوەی ئابووریی شاری سلێمانی دەدات، چونکە لە لایەکەوە بەهۆی بوونی ئەو دامەزراوانەوە، گەشتیاری وڵاتانی پێشکەوتوو ڕووەدەکەنە شاری سلێمانی لە لایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی بەرچاو هەلی کار دەڕەخسێنن بۆ دانیشتوان. بەپێچەوانەوە ڕەگەزنامەی گەشتیاری وڵاتانی هەژار کاریگەریی ئەوتۆ و بەرچاوی لە گەشەکردنی گەشتیاریی و بووژانەوەی کەرتی ئابووریی شاری سلێمانی کەمترە.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی بە پێوەری ئاماری ڕووندەبێتەوە، پەیوەندی لە نێوان ڕەگەزنامەی گەشتیار و ڕێژەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردنی ناوچەی توێژینەوە بەهای بەڵگەداری هەیە، چونکە ڕێژەکە لە( 0.05) کەمترە، واتە گەشتیاری خاوەن ڕەگەزنامەی بیانی ژمارەی دووبارەکردنەوەی گەشتەکەیان لە سێ جار تێپەڕ ناکات، بەگوێرەی بەشداربووانی بیانی، کە (60) گەشتیارن (49) گەشتیار بەرێژەی (82%) تەنها یەکجار سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە، (9) گەشتیار بە ڕێژەی (15%) دووجار سەردانی ناوی توێژینەوەیان کردووە و (2) گەشتیاریش بەرێژەی (3%) سێ جار سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە. هەروەها ڕێژەی هەرە زۆری گەشتیارانی بیانی (6) ڕۆژ

یان زیاتر لە ناوچەی توێژینەوە ماونەتەوە، کە ڕێژەکەیان دەگاتە (93%)، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ گەشەکردنی کەرتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان بە تایبەتی کەرتی هۆتێل و ریستۆرانتەکان، چونکە هاتنی گەشتیاری بیانی و مانەوەیان بۆ زیاتر لە شەش ڕۆژ خەرجی گەشتیاریی بەڕێژەیەکی بەرچاو لەم شوێنانەدا زیاد دەکات.

خشتەی (3_7)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی ڕەگەزنامە

| ولات | ئێران | تورکیا | میسر | فەلەستین | ئەردەن | فلیپین | هیند | چین | ئەمریکا | سوریا | ولاتانی تر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 15 | 7 | 5 | 3 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 18 | 60 |
| ڕێژە% | 25 | 11 | 8 | 5 | 3.3 | 3.3 | 3.3 | 3.3 | 3.3 | 3.3 | 30 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_4)

ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی ڕەگەزنامە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (3_7).

3. 1. 5. پەیوەندی نێوان باری خێزانداری و گەشتیاران:

هەروەك ڕوونە پەیوەندی لە نێوان باری خێزانداری و کاتەکانی بەتاڵی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و باری ئابووریی لە لایەك و گەشتوگوزار لە لایەکی دیکەدا هەیە، چونکە هەموو ئەوانە بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆ دادەنێن لە بڕیاردان بەمەبەستی گەشتکردن. بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_8) و شێوەی (3_5) ڕێژەی لە (58%)ی ئەوانەی گەشتیان کردووە بۆناوچەی توێژینەوە سەڵتن کە دەکاتە (290) گەشتیار، لە بەرامبەر لە (42%)ی خێزاندار کە

دەکاتە (210) گەشتیار، واتە رێژەی سەڵت بەراورد بە رێژەی خێزاندار زیاترە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کاتەکانی بەتاڵی لە لایەن توێژی سەڵتەوە بەراورد بە توێژی خێزاندار، هەروەها توێژی سەڵت زیاتر لە رووی ئابوورییەوە دەرفەتی ئەوەیان هەیە گەشت بکەن و باری دارایی یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاریی بە پێچەوانەی خێزاندار کە لە رووی ئابوورییەوە کەمتر توانای گەشتکردنیان هەیە.

خشتەی (3_8)

ژمارە و رێژەی گەشتیاران بە گوێرەی باری کۆمەڵایەتی

| باری خێزانی | سەڵت | خێزاندار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارە | 290 | 210 | 500 |
| رێژە% | 58 | 42 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی راپرسی

شێوەی (3_5)

ژمارە و رێژەی گەشتیاران بە گوێرەی باری کۆمەڵایەتی




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_8).

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_9) پەیوەندی بەلگەداری لە نێوان باری کۆمەڵایەتی و هەریەکە لە گۆڕاوەکانی رێژەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردن، ژمارەی رۆژانی مانەوە، بڕی خەرجی مانەوە، بڕی خەرجی رۆژانەی خواردن، بڕی خەرجی رۆژانە بۆ کافتریا و یانە و گازینۆ، بڕی خەرجی بۆ بازاڕیکردن و شاری یاری و بڕی خەرجی بۆ هەرگەشتێکی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە هەیە، لەبەرئەوەی بەهای بەلگەداری (p_value) بە گوێرەی شیکاریی بە بەرنامەی (spss) کەمترە لە (0.05)، بۆنمونە پەیوەندی باری کۆمەڵایەتی بە رێژەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردن بەم شێوەیە، (210) گەشتیار کە رێژەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە چوارجار و چوارجار زیاترە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بەرێژەی (86%) ئەوانەن کەسەڵتن و بەرێژەی (14%) ئەوانەن کە خێزاندارن.

## خشتەی (3_9)

## پەیوەندی بەهای بەڵگەداری باری خێزانی بە گۆڕاوەکانی ترەوە

| گۆڕاوەکان | | سەڵت | | خێزاندار | | کۆ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | | |
| سەردانیکردنی گەشتیاران لەماوەی (5) ساڵ | 1 جار | 31 | 28 | 79 | 72 | 110 | 0.001 |
| | 2 جار | 42 | 38 | 68 | 62 | 110 | |
| | 3 جار | 36 | 51 | 34 | 49 | 70 | |
| | 4 جار | 31 | 78 | 9 | 22 | 40 | |
| | 4جار زیاتر | 150 | 88 | 20 | 12 | 170 | |
| کۆ | – | 290 | 58 | 210 | 42 | 500 | |
| ماوەی مانەوەی گەشتیاران | 1–3 ڕۆژ | 68 | 45 | 82 | 55 | 150 | 0.001 |
| | 4–6 ڕۆژ | 101 | 59 | 69 | 41 | 170 | |
| | 6 ڕۆژ زیاتر | 121 | 67 | 59 | 33 | 180 | |
| کۆ | – | 290 | 58 | 210 | 42 | 500 | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە بۆ هەر شەوێك | 25 بۆ 50 هەزار دینار | 31 | 39 | 49 | 61 | 80 | 0.002 |
| | 51 بۆ 75 هەزار دینار | 81 | 54 | 69 | 46 | 150 | |
| | 76 بۆ 100 هەزار دینار | 67 | 74 | 23 | 26 | 90 | |
| | 101 هەزار دینار زیاتر | 92 | 71 | 38 | 29 | 130 | |
| کۆ | – | 271 | 60 | 179 | 40 | 450 | |
| بڕی خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردنی ڕۆژانە | کەمتر لە 20 هەزار دینار | 61 | 47 | 69 | 53 | 130 | 0.000 |
| | 20 بۆ 40 هەزار دینار | 101 | 53 | 89 | 47 | 190 | |
| | 41 بۆ 60 هەزار دینار | 102 | 68 | 48 | 32 | 150 | |
| | زیاتر لە 60 هەزار دینار | 26 | 87 | 4 | 13 | 30 | |
| کۆ | – | 290 | 58 | 210 | 42 | 500 | |
| بڕی خەرجی ڕۆژانە بۆ کافتریا و قاوەخانە و یانەی شەوانە بۆ هەر ڕۆژێك | سەردانی نەکردووە | 21 | 19 | 89 | 81 | 110 | 0.001 |
| | کەمتر لە 10 هەزار دینار | 2 | 10 | 18 | 90 | 20 | |
| | 10 بۆ 20 هەزار دینار | 19 | 27 | 51 | 73 | 70 | |
| | 21 بۆ 30 هەزار دینار | 100 | 90 | 11 | 10 | 111 | |
| | زیاتر لە 30 هەزار دینار | 148 | 78 | 41 | 22 | 189 | |
| کۆ | – | 290 | 58 | 210 | 42 | 500 | |
| بڕی خەرجی بۆ هەر بازار کردنیك | بازاڕی نەکردووە | 83 | 55 | 67 | 45 | 150 | 0.001 |
| | کەمتر لە 100 هەزار دینار | 19 | 32 | 41 | 68 | 60 | |
| | 100 بۆ 300 هەزار دینار | 26 | 52 | 24 | 48 | 50 | |
| | 300 بۆ 500 هەزار دینار | 88 | 80 | 22 | 20 | 110 | |
| | زیاتر لە 500 هەزار دینار | 74 | 57 | 56 | 43 | 130 | |
| کۆ | – | 290 | 58 | 210 | 42 | 500 | |
| خەرجی گەشتیاران لە شاری یاری | سەردانی نەکردووە | 92 | 84 | 18 | 16 | 110 | 0.000 |
| | کەمتر لە 20 هەزار دینار | 39 | 65 | 21 | 35 | 60 | |
| | 20 بۆ 40 هەزار دینار | 49 | 49 | 51 | 51 | 100 | |
| | زیاتر لە 40 هەزار دینار | 110 | 48 | 120 | 52 | 230 | |
| کۆ | – | 290 | 58 | 210 | 42 | 500 | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە | کەمتر لە 100 هەزار دینار | 45 | 64 | 25 | 36 | 70 | 0.002 |
| | 100 بۆ 200 هەزار دینار | 65 | 46 | 75 | 54 | 140 | |
| | 201 بۆ 400 هەزار دینار | 36 | 51 | 34 | 49 | 70 | |
| | زیاتر لە 400 هەزار دینار | 144 | 65 | 76 | 35 | 220 | |
| کۆ | – | 290 | 58 | 210 | 42 | 500 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: فۆڕمی ڕاپرسی

سەبارەت بە ماوەی مانەوە لە (67%) ئەوانەی زیاتر لە شەش ڕۆژ دەمێننەوە سەڵتن و (33%) خێزاندارن، هەروەها تەرخانکردنی زۆرترین ڕێژەی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە تایبەتە بەگروپی سەڵت، واتە زۆربەی ئەوانەی بڕی زیاتر لە (101) هەزار دیناریان زیاتر بۆ هەر شەوێك مانەوە خەرج کردووە سەڵتەکانن بەڕێژەی (71%) و خێزانداریش بەڕێژەی (29%). ئەوەی تایبەت بێت بە خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن دیسانەوە گروپی سەڵت خەرجی ڕۆژانەی خواردنی لە گروپی خێزاندار زیاتر بووە، جارێکی دیکە گروپی سەڵت خەرجیەکانی ڕۆژانەیان زیاتربووە لە سەردانیکردنی کافتریا و گازینۆ و یانەکان، چونکە بەگوێرەی ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی لەکۆی (110) گەشتیار کە سەردانی ئەو شوێنانە ناکەن (89) گەشتیار بەڕێژەی (81%) خێزاندارن، و تەنها (21) گەشتیار بەڕێژەی (19%)ی گروپی سەڵت ئاماژەیان بەوەداوە کە سەردانی ئەو شوێنانە ناکەن. هەرچی پەیوەندیدارە بە بڕی خەرجی بۆ بازاڕکردن و کۆی خەرجی هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە دیسانەوە گروپی سەڵت لە پێشترن لە گروپی خێزاندار، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گروپی سەڵت باری داراییان باشترە و سەربەخۆترن و دەستکراوەترن و کەمتر گرنگی دەدەن بە پاشەکەوت کردنی پارە بەراورد بە خێزاندارەکان.

3. 1. 6. پیشەی گەشتیاران:

پیشەی گەشتیاران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەی ئابووریی ئەو ناوچە گەشتیارییانەی ڕووی تێدەکەن، چونکە بەگوێرەی پیشەکان ئاستی داهاتی گەشتیاران کەم و زیاد دەبێت، بۆیە تاوەکو پیشەی گەشتیاران داهاتی مانگانەی زۆرتر بۆ گەشتیار دابین بکات هێندە کاریگەریی دروستدەکات لە سەر خەرجی زیاتری گەشتیاران و دووبارە کردنەوەی ئەنجامدانی گەشتەکانیان بۆناوچەی توێژینەوە، بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_10) و شێوەی (3_6) زۆرترین ژمارەی گەشتیار فەرمانبەری میریە، کە ژمارەیان (112) گەشتیارە بە ڕێژەی (23%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لە داهاتی جێگیر لای ئەو توێژەی کە بەمووچە خۆری حکومی ناسراون، بۆیە بابەتێکی سروشتیە بەهۆی داهاتی جێگیرەوە حەزوخولیای گەشتکردنیان هەیە، ئەم توێژە بزوێنەری گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوەن، چونکە بەشی هەرەزۆری ئەم توێژە لە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە دێن، کە خاوەن داهاتی سەربەخۆ و جێگیری خۆیانن و زۆربەشیان خاوەنی ئۆتۆمبیلی تایبەت بەخۆیانن، کە کارئاسانی تەواویان بۆدەکات بۆ گەشتکردن، پاشان گروپی کەرتی تایبەت دێت کە ژمارەیان (106) گەشتیارە و ڕێژەیان (21%) کۆی گەشتیارانە، لەم ژمارەیە ڕێژەی (99%) داهاتی مانگانەیان سەرووی (500) هەزار دیناری عێراقیە و (1٪) داهاتی مانگانەی خوارووی ئەو بڕە داهاتەیە، خشتەی (3_10). سەبارەت بە کاسبکاران یان ئەوانەی بە کاری ڕۆژانەوە سەرقاڵن (102) گەشتیار کە دەکاتە ڕێژەی (20%)، هەرچی توێژی خوێندکارانە ژمارەیان (100) گەشتیارە بەڕێژەی (20%)، هۆکاری ئەنجامدانی گەشت لەلایەن خوێندکارانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کاتی بەتاڵی زۆر بەتایبەتی لە پشووەکانی هاوین و نەبوونی بەرپرسیاریەتی خێزانی و ڕۆژانە و حەزکردن بە پشوودان و ئارام کردنەوەی دەرون بۆ ڕزگاربوون لە پەستانی بەردەوام، دواتر توێژی بێکار دێت کە ژمارەیان (80) گەشتیارە بە ڕێژەی (16%)، کەئەم توێژە لەڕووی ئابوورییەوە لاوازن و خاوەن دارایی سەربەخۆ نین و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا لەگەڵ خێزانەکانیان گەشت دەکەن بۆیە ناتوانن ببنە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی (3_10)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەگوێرەی پیشەکانیان

| پیشە | فەرمانبەری حکومی | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | کاسب | خوێندکار | بێکار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 112 | 106 | 102 | 100 | 80 | 500 |
| ڕێژە% | 23 | 21 | 20 | 20 | 16 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەفۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_6)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەگوێرەی پیشەکانیان




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپێشت بەستن بە خشتەی (3_10).

ئەوەی پەیوەندیدارە بە جۆری پیشە و ئاستی داهاتی گەشتیار ئەوا لە خشتەی (3_11) و شێوەی (3_7) ڕووندەبێتەوە، کە ئاستی داهات پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە پیشەی گەشتیارانەوە، فەرمانبەری حکومی بە (112) گەشتیار زۆرترین ژمارەی گەشتیاری ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، لە کۆی فەرمانبەرانی حکومی (99%) داهاتی مانگانەیان سەرووی (500) هەزاردیناری عێراقیە و تەنها لە (1%) خوارووی (500) هەزاری دیناری عێراقیە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە هەتاوەکو داهاتی تاك بەرزتربێت ڕێژەی گەشتیاریش زیاتر دەبێت، سەبارەت بەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن ژمارەیان بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی (106) گەشتیارە کە لەم ژمارەیە ڕێژەی (99%) داهاتی مانگانەیان سەرووی (500) هەزار دیناری عێراقیە و (1%) داهاتی مانگانەی خوارووی ئەو بڕەیە، هەرچی پیشەی کاسبە ژمارەیان (102) گەشتیارە، کە لەم ژمارەیە ڕێژەی (1%) داهاتی خوارووی (500) هەزار دینارە، (26%) داهاتی لەنێوان (501 بۆ 1) ملیون دیناردایە، (48%)ی داهاتی لە نێوان (1.1000 بۆ 2) ملیون دایە و هەرچی ئاستی داهات بەرز واتە سەرووی (2) ملیون دینارە (25%)ی گەشتیارانی پیشەی کاسب پێکدەهێنێت. ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە پیشەی خوێندکاران و ئاستی داهات بەم شێوەیەیە، لە کۆی (100) خوێندکاری بەشداربوو (50%)ی ئاستی داهاتی خوارووی

(250) هەزاردینارە، (32%)ی داهاتی مانگانەی لە نێوان (250 بۆ 500) هەزار دیناردایە، (13%)ی ئاستی داهاتی لە نێوان(501 هەزار بۆ 1 ملیون) دایە، لە (3%)ی لە نێوان (1.1000 بۆ 2) ملیون دایە و هەرچی ئەوانەشە ووتویانە داهاتی مانگانەمان لە (2) ملیون زیاترە (2%)ی پیشەی خوێندکاران پێکدەهێنێت. ئەوەی پەیوەندیدارە بە ئەوانەی بێکارن و ئاستی داهاتی مانگانەیان، زۆرترین گەشتیاری بێکار بۆ ناوچەی توێژینەوە لەوانەن کە ئاستی داهاتیان لە (500) هەزار دیناری عێراقی کەمترە بە ڕێژەی (72.5%).

خشتەی (3_11)

ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی پیشە و داهاتی مانگانە (دیناری عێراقی)

| داهات / پیشە | کەمتر لە 250 هەزار | 250 بۆ 500 هەزار | 501 هەزار بۆ 1 ملیون | 1.1000 بۆ 2 ملیون | سەرووی 2 ملیون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەری حکومی | 0 | 1 | 30 | 44 | 37 | 112 |
| کەرتی تایبەت | 0 | 1 | 26 | 40 | 39 | 106 |
| کاسب | 0 | 1 | 27 | 49 | 25 | 102 |
| خوێندکار | 50 | 32 | 13 | 3 | 2 | 100 |
| بێکار | 23 | 35 | 19 | 2 | 1 | 80 |
| کۆی گشتی | 73 | 70 | 115 | 138 | 104 | 500 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەفۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_7)

ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی پیشە و داهاتی مانگانە




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_11).

3. 1. 7. ئاستی زانستی (خوێندەواری) گەشتیاران:

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_12) و شێوەی (3_8) دەتوانین ئاستی زانستی گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیە شیکار بکەین، زۆرترین ڕێژەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن کە ژمارەیان (148) گەشتیارە بە ڕێژەی (30%)، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبن بە دوو گروپەوە ئەوانەی کاریان دەستکەوتووە و ئەوانەی کە بێکارن، بۆیە ئەوانەی کاری سەربەخۆیان دەستکەوتووە و خاوەن داهاتی خۆیانن دەرفەتی بەردەم گەشتکردنیان زیاترە، بۆیە ڕۆڵیان لە گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە زیاترە، پاشتر خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی دێت، کە ژمارەیان (103) گەشتیارە بە ڕێژەی (21%)، دواتر بێ بڕوانامە و دەرچووانی خوارووی ئامادەیی بەپلەی سێیەم دێن لە ڕووی ژمارەی گەشتیارەوە کە دەگاتە (98) گەشتیار بە ڕێژەی (20%)، هەڵگرانی بڕوانامەی دیبلۆم ژمارەیان (88) گەشتیارە بە ڕێژەی (18%)، هەرچی خاوەن بڕوانامەی ماستەرە بەپلەی دواتر دێت کە ژمارەیان (39) گەشتیارە و ڕێژەی (7%) پێکدەهێنن، سەبارەت بە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا (24) گەشتیارە بە ڕێژەی (4%)، هەرچەندە پەیوەندی ئەوتۆ نیە لە نێوان ئاستی زانستی و بەکارهێنانی جۆرێکی تایبەت لە خزمەتگوزاریی گەشتیاریی لە ناوچەی توێژینەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی بەرزن داواکاریان لە سەر چۆنێتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان زیاترە و ئەو خزمەتگوزارییە گەشتیاریانە بەکاردەهێنن کە لە ڕووی کوالێتییەوە گونجاوترن و ئاسودەیی و حەوانەوەی زیاتر بۆ گەشتیار دابیندەکەن، بۆیە لە کاتی زۆربوونی ژمارەی گەشتیاری خاوەن بڕوانامەی بەرز دەبێت ڕەچاوی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بکرێت لە پێناو ڕاکێشانی زۆرترین گەشتیار بۆی لای خۆیان، لە لایەکی دیکەوە کەمی گەشتیاری خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بۆ ناوچەی توێژینەوە بۆ کەمی ڕێژەی ئەم دوو خاوەن بڕوانامە دێت بەراورد بە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ئەوانی تر لە کۆمەڵگادا.

بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی زۆرترین ڕێژەی سکاڵا و گازندە لە ئاست و کوالێتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان تایبەتە بە خاوەن بڕوانامەی بەرز، لەبەرئەوەی لەکۆی (500) بەشدابوو (175) گەشتیار کە دەکاتە ڕێژەی (35%)ی گەشتیاران، ئاستی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان بە مام ناوەند بەرەو زۆر خراپ پۆلێن دەکەن، لەو ڕێژەیەش زۆرترین ڕێژەی سکاڵا و گازندە و ڕەخنە تایبەتە بە خاوەن بڕوانامە بەرزەکان (خوێندنی باڵا)، کە ژمارەیان (137) گەشتیارە بەڕێژەی (78%)، ئەمەش ئەو ڕاستیە پشتڕاستدەکاتەوە هەڵگرانی بڕوانامەی بەرز (بکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) داواکاریان بۆ خزمەتگوزاریی گەشتیاریی بەکوالێتی بەرز زیاترە لە وانەی هەڵگری بڕوانامەی نزمترن، بڕوانە خشتەی (3_13) و شێوەی (3_9).

خشتەی (3_12)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی هەڵگری بڕوانامە و ئاستی زانستی

| ئاستی زانستی | خارووی ئامادەیی | دەرچووی ئامادەیی | دیبلۆم | بکالۆریۆس | ماستەر | دکتۆرا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 98 | 103 | 88 | 148 | 39 | 24 | 500 |
| ڕێژە% | 20 | 21 | 18 | 30 | 7 | 4 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_8)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی ئاستی زانستی




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_12).

خشتەی (3_13)

پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕەزامەندی لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان

| بڕوانامە / کوالێتی | خواروی ئامادەیی | دەرچووی ئامادەیی | دیبلۆم | بکالوریوس | ماستەر | دکتۆرا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زۆر خراپ | 2 | 5 | 6 | 17 | 8 | 8 | 46 |
| خراپ | 3 | 4 | 5 | 26 | 10 | 7 | 55 |
| مام ناوەند | 4 | 4 | 5 | 36 | 17 | 8 | 74 |
| باش | 49 | 51 | 65 | 41 | 3 | 1 | 210 |
| زۆرباش | 40 | 39 | 7 | 28 | 1 | 0 | 115 |
| کۆی گشتی | 98 | 103 | 88 | 148 | 39 | 24 | 500 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_9)

پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕەزامەندی لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_13).

3. 1. 8. باری ئابووریی و داهاتی مانگانەی گەشتیاران:

بەشێوەیەکی گشتی باری ئابووریی و ئاستی داهاتی مانگانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ئاستی گوزەرانی تاک و خێزان هەیە، چونکە داهاتی مانگانە ڕۆڵی بنچینەیی دەگێڕێت لە پڕکردنەوەی پێداویستیە سەرەکی و لاوەکیەکانی مرۆڤ، بیرکردنەوە لە گەشتکردن و گرنگیدان بە خۆشگوزەرانی و پڕکردنەوەی ئارەزوو و حەزە دەرونی و جەستەییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە بەرز بوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەوە. بۆیە بابەتی داهاتی گەشتیاران بۆ بووژانەوەی کەرتی ئابووریی و لە ناویشیاندا بووژانەوەی کەرتی گەشتوگوزار و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بایەخی خۆی هەیە.

لە زانیارییەکانی خشتەی (3_14) و شێوەی (3_10) ڕووندەبێتەوە زۆرترین گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە ئەوانەن کەداهاتی مانگانەیان لە نێوان (1 بۆ 2) ملیون دینواردایە، ژمارەیان دەگاتە (138) گەشتیار بە ڕێژەی

(28%)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە بەشی زۆری ئەوانەی گەشت دەکەن بۆناوچەی توێژینەوە لە توێژی مام ناوەندی کۆمەڵگان، کە بەشێکی زۆری مووچەخۆری حکومی یان لە کەرتی تایبەت یان خاوەن کارێکی سەربەخۆی خۆیانن و داهاتی مانگانەیان لەنێوان (1 بۆ 2) ملیون دیناردایە، لە پاش ئەم گروپە، گروپی داهات کەمتر دێت کە داهاتیان لە نێوان (500 هەزار بۆ 1 ملیون) دینارداین، ژمارەیان (115) گەشتیارە و ڕێژەیان (23%)، ئەمەش بەنزیکەیی بەشێك لە مووچەخۆرانی حکومی یان ئەوانەی لە کەرتی تایبەت یان ئەوانەی خاوەن ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیانن و مووچە و داهاتی مانگانەیان بەشی گەشتی ناوخۆی عێراق دەکات، بەڵام ناتوانن گەشتی دەرەکی پیٚ ئەنجامبدەن، پاشان ئەو توێژە دێت کە داهاتی مانگانەیان لە (250) هەزار دینار کەمترە و داهاتیان سنورداره و تەنها یەك یان دوو ڕۆژێك لە ناوچەی توێژینەوە دەمێننەوە یان ئەو منداڵ و خوێندکارانەن کە لەگەڵ خێزانەکانیان گەشتدەکەن، ژمارەیان (73) گەشتیارە بەڕێژەی (15%)، لەلایەکی دیکەوە هۆکاری زۆری ئەم توێژە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێك لەوانەی بەشداری ڕاپرسیەکان دەکەن لە کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتیەکاندا نایانەوێت ئاماژە بە داهاتی بەرز بکەن، بۆیە لە زۆر حاڵەتدا لە فۆرمەکاندا ئاماژە بە کەمترین داهات دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە توێژی داهات کەم ناتوانن گەشتی دەرەوەی وڵات بکەن، بۆیە ناوچەی توێژینەوە وەك شوێنێکی گونجاو بۆ سەربردنی پشووەکانیان هەڵدەبژێرن، لە پلەی دواتر ئەو توێژە دێن کە بڕی داهاتیان لە نێوان ( 2 بۆ 4) ملیون دینار دیاریکردووە لە فۆرمی ڕاپرسیدا، ئەمانەش ژمارەیان (72) گەشتیارە بەڕێژەی (14%)، هەرچی ئەوانەیە داهاتیان لە نێوان (250 بۆ 500) هەزار دینارداین لە پلەیەکی پاشتر دێن ژمارەیان (70) گەشتیارە بەڕێژەی (14%)، ئەمانەش دیسانەوە داهاتیان سنورداره و توانای ئەنجامدانی گەشتی دوور و ماوە زۆریان نیە و تەنها یەك یان دوو ڕۆژ دەمێننەوە، و ڕێژەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردنیشیان سنورداره و تەنها لە ساڵێکدا یەکجار دەتوانن گەشت ئەنجامبدەن. سەبارەت بە توێژی داهات بەرز یان ئەوانەی داهاتی مانگانەیان لە (4) ملیون زیاترە ژمارەیان (32) گەشتیارە بەڕێژەی (6%) ، هۆکاری کەمی ئەم توێژە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی ئاستی داهاتیان بەرزە بە زۆری ڕوودەکەنە دەرەوەی وڵات بۆ گەشتوگوزار و حەوانەوە لە لایەکی دیکەشەوە ئەوانەی داهاتیان لە سەرووی (4) ملیون دیناری عێراقیەوە بە دەگمەن ئاماژە بەداهاتی ڕاستەقینەیان دەکەن لە فۆرمی ڕاپرسیدا، بۆیە ئەم توێژە لە گەشتیار ڕێژەیان کەم تۆمار کراوە لە ناوچەی توێژینەوەدا، لە کاتێکدا بوونی ئەم گروپە لەگەشتیار ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە بوژانەوەی کەرتی گەشتیاریی لە شارەکەدا، بەڵام ناوچەی توێژینەوە نەیتوانیەوە لە ئاست پڕکردنەوەی داخوازی و ویستی گەشتیارانی خاوەن داهاتی بەرزدا بێت و ببێتە ڕووگەیەکی گرنگی گەشتیارانی خاوەن داهات بەرز.

خشتەی (3_14)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی داهاتی مانگانە

| داهات / گەشتیار | کەمتر لە 250 هەزار | 250 بۆ 500 هەزار | 501 هەزار بۆ 1 ملیون | 1.1000 بۆ 2 ملیون | 2.1000بۆ 4 ملیون | 4 ملیون زیاتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 73 | 70 | 115 | 138 | 72 | 32 | 500 |
| ڕێژە% | 15 | 14 | 23 | 28 | 14 | 6 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_10)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی داهاتی مانگانە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (3_14)

بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_15) پەیوەندی بەهای بەڵگەداری هەیە لە نێوان داهاتی مانگانەی گەشتیار و هەریەکە لە گۆڕاوەکانی ڕێژەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردنی ناوچەی توێژینەوە، ماوەی مانەوەی گەشتیاران، بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە، بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ بازاڕیکردن و بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك ئەنجامی دەدەن بۆ ناوچەی توێژینەوە، لە بەرئەوەی بە گوێرەی بەرنامەی (spss) بەهای بەڵگەداری هەریەکە لەو گۆڕاوانە بچوکترە لە (0.05)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە هەتاوەکو داهاتی گەشتیار زیاتر بێت خەرجی گەشتیاریش زیاتردەبێت. بەگوێرەی زانیارییەکانی ناو خشتەکە ئەوانەی دووبارەکردنەوەی سەردانیکردنیان زیاترە لە چوار جار (170) گەشتیارە، لەم ژمارەیە (102) گەشتیار بە ڕێژەی (%60) ئەوانەن داهاتیان لە یەك ملیون دیناری عێراقی زیاترە . سەبارەت بە پەیوەندی بڕی داهاتی مانگانە و ماوەی مانەوەی گەشتیاران بەهای پەیوەندی هەیە، چونکە لەکۆی (180) گەشتیار کە (6) ڕۆژ زیاتر دەمێننەوە (129) گەشتیار کە دەکاتە ڕێژەی (%72) ئەو گەشتیارانەن کە داهاتی مانگانەیان لە سەرووی یەك ملیون دینارەوەیە. هەرچی پەیوەندیدارە بە بڕی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە وەك (هۆتێل، مۆتێل، خانووی گەشتیاریی و کابینەی گەشتیاریی)، دیسانەوە پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاستی داهاتی بەرز و بڕی خەرجی زیاتر بۆ شوێنی مانەوە، بۆنمونە لەکۆی (130) گەشتیار کە بڕی (101) هەزار دینار زیاتر بۆ هەرشەوێك مانەوە لەناوچەی توێژینەوە خەرج دەکەن (%100)ی ئەو گەشتیارانەن بڕی داهاتی مانگانەیان لەسەرووی یەك ملیون دینارەوەیە. سەبارەت بە بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ بازاڕکردن و ئاستی داهاتی مانگانە ئەوا دیسانەوە پەیوەندی هەیە لە نێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا، بەگوێرەی زانیارییەکانی ناو خشتەکە لەکۆی (170) گەشتیار کە بڕی زیاتر لە (300) هەزار دینار خەرج دەکەن بۆ هەر

بازاڕکردنێك لەناوچەی توێژینەوە (130) گەشتیار بەڕێژەی (76%) ئەوانەن داهاتیان لە سەرووی یەك ملیون دینارەوەیە.

هەرچی بەهای پەیوەندی نێوان بڕی سەرجەمی خەرجی هەر گەشتێك بۆ شاری سلێمانی و ئاستی داهاتی مانگانە لە خشتەکە ڕوون دەبێتەوە ئەم پەیوەندییە بەجۆرێکە لە کۆی (220) گەشتیار، کە بڕی زیاتر لە (400) هەزار دینار خەرج دەکەن بۆ هەرگەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە (167) گەشتیار بە ڕیژەی (75%) ئەو گەشتیارانەن داهاتی مانگانەیان سەرووی یەك ملیون دینارەوەیە، ئەمەش لێکدەدرێتەوە بەوەی هەتاوەکو ئاستی داهاتی تاك بەرزتر بێت خەرجیەکانی گەشتیاریش زیاتر دەبێت و لێکەوتەی ئابووریی ئەرێنی بۆ ناوچەی توێژینەوە لەپاش خۆی جێدەهێڵێت.

خشتەی (3_15)

پەیوەندی داهاتی مانگانەی گەشتیار بە گۆڕاوەکانی خەرجی گەشتیارییەوە

| گۆڕاوەکان | | کەمتر لە 250 هەزار | | 250 بۆ 500 هەزار | | 501 هەزار بۆ1 ملیون | | 1.1000 بۆ 2 ملیون | | 2.1000 بۆ 4 ملیون | | 4 ملیون زیاتر | | کۆ | بەهای بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | | |
| سەردانیکردنی گەشتیاران | 1 جار | 35 | 32 | 24 | 22 | 19 | 17 | 14 | 13 | 12 | 11 | 6 | 5 | 110 | 0.000 |
| | 2 جار | 28 | 25 | 26 | 24 | 21 | 19 | 16 | 15 | 14 | 13 | 5 | 4 | 110 | |
| | 3 جار | 2 | 3 | 3 | 4 | 20 | 29 | 25 | 36 | 15 | 21 | 5 | 7 | 70 | |
| | 4 جار | 2 | 5 | 2 | 5 | 8 | 20 | 18 | 45 | 7 | 17 | 3 | 8 | 40 | |
| | 4جار زیاتر | 6 | 3 | 15 | 9 | 47 | 28 | 65 | 38 | 24 | 14 | 13 | 8 | 170 | |
| کۆ | – | 73 | 15 | 70 | 14 | 115 | 23 | 138 | 28 | 72 | 14 | 32 | 6 | 500 | |
| ماوەی مانەوەی گەشتیاران | 1–3 ڕۆژ | 50 | 33 | 49 | 33 | 31 | 21 | 14 | 9 | 5 | 3 | 1 | 1 | 150 | 0.001 |
| | 4–6 ڕۆژ | 17 | 10 | 16 | 9 | 44 | 26 | 56 | 33 | 27 | 16 | 10 | 6 | 170 | |
| | 6 ڕۆژ زیاتر | 6 | 3 | 5 | 3 | 40 | 22 | 68 | 38 | 40 | 22 | 21 | 12 | 180 | |
| کۆ | – | 73 | 15 | 70 | 14 | 115 | 23 | 138 | 28 | 72 | 14 | 32 | 6 | 500 | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنیمانەوە (هەزار دینار) | 25 بۆ 50 | 35 | 44 | 33 | 41 | 12 | 15 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 80 | 0.001 |
| | 51 بۆ 75 | 15 | 10 | 17 | 11 | 48 | 32 | 54 | 36 | 16 | 11 | 0 | 0 | 150 | |
| | 76 بۆ 100 | 0 | 0 | 3 | 3 | 50 | 56 | 30 | 33 | 7 | 8 | 0 | 0 | 90 | |
| | 101 زیاتر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 52 | 40 | 47 | 36 | 31 | 24 | 130 | |
| کۆ | – | 50 | 11 | 53 | 12 | 110 | 24 | 136 | 30 | 70 | 16 | 31 | 7 | 450 | |
| بڕی خەرجی بۆ هەر بازار کردنێك (هەزار دینار) | سەردان ناکەم | 43 | 29 | 39 | 26 | 29 | 19 | 19 | 13 | 12 | 8 | 8 | 5 | 150 | 0.001 |
| | کەمتر لە 100 | 21 | 16 | 20 | 15 | 34 | 27 | 35 | 27 | 17 | 13 | 3 | 2 | 130 | |
| | 100 بۆ 300 | 9 | 18 | 11 | 22 | 12 | 24 | 13 | 26 | 3 | 6 | 2 | 4 | 50 | |
| | 300 بۆ 500 | 0 | 0 | 0 | 0 | 35 | 32 | 40 | 36 | 30 | 27 | 5 | 5 | 110 | |
| | زیاتر لە 500 | 0 | 0 | 0 | 0 | 5 | 8 | 31 | 52 | 10 | 17 | 14 | 23 | 60 | |
| کۆ | – | 73 | 15 | 70 | 14 | 115 | 23 | 138 | 28 | 72 | 14 | 32 | 6 | 500 | |
| خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك (هەزار دینار) | کەمتر لە 100 | 45 | 64 | 23 | 33 | 2 | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 70 | 0.000 |
| | 100 بۆ 200 | 21 | 15 | 25 | 18 | 55 | 39 | 19 | 14 | 10 | 7 | 10 | 7 | 140 | |
| | 201 بۆ 400 | 7 | 10 | 12 | 17 | 15 | 21 | 21 | 30 | 8 | 12 | 7 | 10 | 70 | |
| | زیاتر لە 400 | 0 | 0 | 10 | 5 | 43 | 20 | 98 | 44 | 54 | 24 | 15 | 7 | 220 | |
| کۆ | – | 73 | 15 | 70 | 14 | 115 | 23 | 138 | 28 | 72 | 14 | 32 | 6 | 500 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بەفۆڕمی ڕاپرسی

3. 1. 9. ڕێژەی دووبارە بوونەوەی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەی توێژینەوە:

بە گوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_16) لە ماوەی نێوان ساڵانی 2015 بۆ 2020 ڕێژەی (22%) ی ئەو گەشتیارانەی هاتوون بۆ شاری سلێمانی یەك جار سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردووە، کە ژمارەیان (110) گەشتیارە و زۆربەشی لە ڕەگەزی مێیە بەڕێژەی (62%)، چونکە ڕەگەزی مێ کەمتر دەرفەتی دووبارە کردنەوەی گەشتی هەیە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، ئەوانەشی دوو جار سەردانیان کردووە دیسان (110) کەسن بە ڕێژەی (22%)، دیسانەوە لەم گروپەش ڕێژەی ڕەگەزی مێ (55%) بەراورد بە ڕەگەزی نێر کە ڕێژەی (45%)، سەبارەت بەوانەی سێ جار لەو ماوەیەدا سەردانی شاری سلێمانیان کردووە (70) گەشتیارە کە دەکاتە ڕێژەی (14%)، سەبارەت بەوانەی چوار جار سەردانی شاری سلێمانیان کردووە(40) گەشتیارە بە ڕێژەی (8%)، ئەوانەشی کە چوار جار زیاتر سەردانی ناوچەی توێژینەویان کردووە (170) گەشتیارە کە دەکاتە ڕێژەی (34%)، ڕێژەی هەرە زۆری ئەوانەی چوار جار زیاتر سەردانیان کردووە لە ڕەگەزی نێرە بە ڕێژەی (82%) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەگەزی نێر زیاتر دەرفەتی دووبارەکردنەوەی گەشتی هەیە بەراورد بە ڕەگەزی مێ. ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە سودی زۆری دەبێت بۆ ناوچەی توێژینەوە چونکە لەگەڵ دووبارە سەردانیکردندا سەرمایەیەکی زیاتر دەڕژێتە ناو شاری سلێمانی، هەروەها ئاماژەیەکی باشە بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیاریی لەناوچەی توێژینەوە، چونکە هەتاوەکو گەشتیار ژمارەی سەردانەکانی بۆ ناوچەکە دووبارە بکاتەوە بەواتای ڕەزامەندی گەشتیار دێت لە ناوچەکە ئەمەش داهاتی زیاتر بۆ ناوچەکە دەهێنێت.

خشتەی (3_16)

پەیوەندی ڕەگەز بە ڕێژەی دووبارە بوونەوەی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەی توێژینەوە

| دووبارەبوونەوە | 1 جار | | 2 جار | | 3 جار | | 4 جار | | 4 جار زیاتر | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% |
| نێر | 42 | 38 | 50 | 45 | 40 | 57 | 30 | 75 | 140 | 82 | 302 | 60.4 |
| مێ | 68 | 62 | 60 | 55 | 30 | 43 | 10 | 25 | 30 | 18 | 198 | 39.6 |
| کۆ | 110 | 22 | 110 | 22 | 70 | 14 | 40 | 8 | 170 | 34 | 500 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_11)

ڕێژەی دووبارە بوونەوەی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_16).

3. 1. 10. ماوەی مانەوەی گەشتیاران لە ناوچەی توێژینەوە:

ماوەی مانەوەی گەشتیاران لە ناوچەی توێژینەوە بەندە بە بوونی کاتی بەتاڵی و بەرزی ئاستی داهاتی گەشتیار و ڕەزامەندی گەشتیاران لە باشی و گونجاوی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_17) ئەوانەی زیاتر لە (6) ڕۆژ زیاتر دەمێننەوە ژمارەیان (180) گەشتیارە بە ڕێژەی (36%)، ئەمەش بە گوێرەی ئاماژەکانی گەشەی گەشتیاریی خاڵێکی ئەرێنیە، چونکە هەتاوەکو ڕێژەی ئەوانەی زیاتر لە (6) ڕۆژ دەمێننەوە زیاتر بێت دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە کەرتی گەشتوگوزار لەو ناوچەیەدا بەرەو بوژانەوە هەنگاو دەنێت، پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ئەوانەی (6) ڕۆژ زیاتر دەمێننەوە و ڕەگەز و تەمەن و باری دارایی و دووری ناوچە هاتنی گەشتیار، چونکە بەگوێرەی ئاماژەکان لە (78%) ئەوانەی ماوەیەکی زۆرتر دەمێننەوە ڕەگەزی نێرن بەرامبەر لە (22%) ڕەگەزی مێ، هەروەها گروپی تەمەنی (15 بۆ 40) ساڵ زۆرترین ڕێژەی مانەوەیان هەیە لەشاری سلێمانی بە ڕێژەی (47%)، سەبارەت بە شوێنی جوگرافی هاتنی گەشتیار و زیاتر مانەوە پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان گەشتیارانی دەرەوەی عێراق و ژمارەی ڕۆژەکانی مانەوە، لەبەرئەوەی لەکۆی (80) گەشتیاری دەرەکی (54) گەشتیار بە ڕێژەی (68%) زیاتر لە شەش ڕۆژ دەمێننەوە، بەپلەی دووەم شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دێت چونکە لە (41%) گەشتیارانی باشووری عێراق زیاتر لە (6) ڕۆژ دەمێننەوە لە ناوچەی توێژینەوە، بەڵام گەشتیاری شارەکانی هەرێم ئەوانەی ئەو ماوەیە دەمێننەوە تەنها (1%). ئەوەی پەیوەندیدارە بە باری کۆمەڵایەتی و ڕۆژانی مانەوە ئەوا بە گوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی (67%) ئەوانەی لە (6) ڕۆژ زیاتر دەمێننەوە سەڵتن لە بەرامبەردا خێزاندار ڕێژەی (33%) پێکدەهێنێت، چونکە گروپی سەڵت پابەندی خێزانی نیە و ئازادانەتر گەشتدەکات و زیاتر لە ناوچە گەشتیارییەکان دەمێنێتەوە، هەرچی پەیوەندی باری دارایی و ڕۆژانی مانەوەیە بە گوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی زۆرینەوەی ئەوانەی لە (6) ڕۆژ زیاتر دەمێننەوە باری داراییان باشترە و داهاتی مانگانەیان بەرزترە، لە لایەکی دیکەوە گەشەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و باشتر بوونی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان و گەشەی چەندێتی و چۆنێتی خزمەتگوزارییەکانی وەك، هۆتێلەکان، مۆتێلەکان، مۆڵەکان، پارك وباخچە گشتییەکان، شاری یارییەکان، کافتریا و یانەکان وهتد...، ئەمانە هەموو ڕۆڵیان هەیە لەمانەوەی زیاتری گەشتیار و چێژ وەرگرتن و پشوودان و حەوانەوەی زیاتری گەشتیار، لە خشتەکانی (3_2)، (3_4)، (3_9) و (3_15) پەیوەندی ماوەی مانەوەی گەشتیاران بە هەریەکە لەو گۆڕاوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (3_17)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیارن بەگوێرەی ماوەی مانەوەیان

| ماوەی مانەوە | 1 ڕۆژ _ 3 ڕۆژ | 4 ڕۆژ _ 6 ڕۆژ | 6 ڕۆژ زیاتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 150 | 170 | 180 | 500 |
| ڕێژە% | 30 | 34 | 36 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_12)

ماوەی مانەوەی گەشتیاران




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بەخشتەی (3_17).

3. 1. 11. وەرزی پەسەند بەلای گەشتیارانەوە بۆ گەشتکردن:

هەروەك لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە ئاماژەمان پێداوە بە شێوەیەکی گشتی وەرزی بەهار و هاوین لە ناوچەی توێژینەوە و نیوەگۆی باکووری زەوی بە وەرزی گەشتیاریی ئەژمار دەکرێت بە تایبەتی لە نێوان مانگەکانی مایس بۆ ئەیلول، بە گوێرەی داتاکانی خشتەی (3_18) و شێوەی (3_13) زۆرترین ڕێژەی گەشتیار لە وەرزی هاوین تۆمار کراوە، کە ژمارەی گەشتیاران لەم وەرزەدا (203) گەشتیارە بە ڕێژەی (41%) ئەمەش بابەتێکی چاوەڕوان کراوە بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، چونکە ئەمە زیاتر پەیوەندیدارە بە دەستپێکردنی وەرزی پشووی قوتابخانە و زانکۆ وپەیمانگاکانەوە کە بەشێکی گەشتیاران لەم کاتەدا گەشتدەکەن، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە هەیە لەشارەکانی باشووری عێراق، بۆیە بۆ حەوانەوە ڕوودەکەنە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی، چونکە کەش و هەوای کوردستان لە بارترە بۆ حەوانەوە و پشودان، هەروەها وەرزی هاوین سەرەتای دەستپێکردنی وەرزی گەشتیارییە و بەلای زۆرینەی گەشتیارانەوە وەرزی دڵخوازە بۆ سەردانیکردن و گەشتکردن. لە پاش وەرزی هاوین وەرزی بەهار دێت کە پلەی دووەمی وەرگرتووە لە ڕێژەی تۆمارکردنی گەشتیاری هاتوو بە (187) گەشتیار کە دەکاتە ڕێژەی (37%)، بەپلەی سێیەم وەرزی زستان دێت بە تۆمارکردنی (85) گەشتیار بە ڕێژەی (17%) کە بەشێکی زۆری ئەو گەشتیارانەی وەرزی زستانیان وەکو وەرزی سەردانیکردنی شاری سلێمانی هەڵبژاردووە فاکتەری کەش و هەوا هاندەر بووە، چونکە پلەکانی گەرما زۆر دابەزیووە و لە ئەنجامیشدا بووەتە هۆکاری بارینی بەفر و لە ئەنجامیشدا ڕاکێشانی گەشتیار بۆ بینینی دیمەنی ناوەزەی بەفر و یاری خلیسکێنەی سەر بەفر کە کەمتر لە ناوچەکانی دیکە و کاتەکانی دیکە دووبارە دەبێتەوە، هەروەها یادەکانی سەری ساڵی زاینی کە دەکەوێتە ئەم وەرزەوە فاکتەرێکی تری هاتنی گەشتیارە بۆ شارەکە لە وەرزی زستاندا، سەبارەت بە وەرزی پاییز کەمترین ڕێژەی گەشتیار تۆمار کراوە، ژمارەی گەشتیار لەم

وەرزەدا تەنها (25) گەشتیار تۆمارکراوە بە ڕێژەی (5%)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندکاران لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن و زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکان خاوەن منداڵی خوێندکارن لەبەرئەوە لەم وەرزەدا چالاکی گەشتوگوزار کەم دەبێتەوە، ئەمەش چاوەڕوانکراوە و لە زۆربەی ناوچە گەشتیارییەکانی جیهان ئەم دابەزینی ڕێژەی گەشتیارە لە وەرزی پاییزدا هەستپێدەکرێت، ئەمەش تەنها بەوە دەتوانرێت قەرەبووی کەمی گەشتیار بکرێتەوە بەتایبەتی لە بۆنەکان و ڕۆژە پشووەکاندا، فیستیڤاڵ و پێشانگای پاییزە فراوان بکرێت بۆ ئەوەی وەرزی پاییزیش بێ بەش نەبێت لە هاتنی گەشتیار، وەکو ئەوەی لە شاری هەڵەبجە ساڵانە لە وەرزی پاییزدا دوو فیستیڤاڵ و پێشانگای پاییزە دەکرێتەوە، کە ڕۆڵی گرنگی لە ڕاکێشانی دەیان هەزار گەشتیار بۆ شارەکە هەیە، لە کاتێکدا وەرزی پاییز بۆخۆی وەرزی دابەزینی بەرچاوی ڕێژەی گەشتیارە لە تەواوی شارەکانی عێراق دا.

خشتەی (3_18)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی وەرزەکان

| وەرزی | زستان | بەهار | هاوین | پاییز | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 85 | 187 | 203 | 25 | 500 |
| ڕێژە% | 17 | 37 | 41 | 5 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_13)

ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی وەرزەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بەخشتەی (3_18).

3. 1. 12. ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بۆنە جیاوازەکان:

بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_19) و شێوەی (3_14) ڕۆژە جیاوازەکانی ساڵ زۆرترین گەشتیار بۆلای خۆی ڕادەکێشێت بە ڕێژەی (48%)، ئەوەش بەهۆی ئەوەی گەشتیاران بۆنەیەکی دیاریکراویان نیە و بەدرێژایی ڕۆژەکانی ساڵ هەرکات دەرفەتیان هەبێت گەشتدەکەن. بۆنەی نەورۆز پلەی دووەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (20%)، ئەوەش بەهۆی ئەنجامدانی کەرنەڤاڵی نەورۆز لە شاری سلێمانی کە گەشتیارێکی زۆر لە شارەکانی هەرێمەوە ڕوودەکەنە ناوچەی توێژینەوە، دواتر بۆنەی سەری ساڵی زاینی بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (14%)، ئەمەش بەهۆی هاتنی گەشتیارێکی زۆر لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە بۆ شاری سلێمانی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەشەوی سەری ساڵدا، هەریەکە لە بۆنەی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان لە پلەی دواتر دێن لە ڕاکێشانی گەشتیار بە ڕێژەی (10%) و (8%)، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکات بوونی ئەم دوو بۆنەیە لە وەرزی گەشتیاریی مایس_ئەیلولی ماوەی وەرگرتنی داتای گەشتیاریی توێژینەوەکە، کە گەشتیاران بە دەرفەتی دەزانن سود لە پشووەکان وەردەگرن بۆ گەشتکردن و حەوانەوە.

خشتەی (3_19)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بۆنە جیاوازەکان

| بۆنەکان | سەری ساڵی زاینی | نەورۆز | جەژنی قوربان | جەژنی ڕەمەزان | ڕۆژانی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 71 | 100 | 41 | 51 | 237 | 500 |
| ڕێژە% | 14 | 20 | 8 | 10 | 48 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_14)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بۆنە جیاوازەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (3_19)

### 3. 1. 13. شوێنی مانەوەی گەشتیاران:

شوێنی مانەوەی گەشتیاران کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر بووژانەوەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بەتایبەتی هۆتێلەکان، بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_20) هۆتێلەکان زۆرترین ژمارە گەشتیاری تێدا دەمێنێتەوە بە ڕێژەی (30%) کە دەکاتە (150) گەشتیار، لەناو هۆتێلەکانیش هۆتێلی (4) ئەستێرە زۆرترین داواکاری لەسەرە (41) گەشتیار بە ڕێژەی (27%)، پاشان هۆتێلی (3) ئەستێرە دێت بە (37) گەشتیار کە دەکاتە ڕێژەی (25%)ی گەشتیاران، هۆکاری ئەوەی داواکاری لە سەر هۆتێلی (4) ئەستێرە و (3) ئەستێرە زیاترە، چونکە ئەم دووجۆرە لە هۆتێل هەم خاوەنی تایبەتمەندی حەوانەوەن هەمیش نرخیان گونجاوترە بۆمانەوەی گەشتیار بەراورد بە جۆرەکانی دیکەی هۆتێل، دواتر هەریەکە لە هۆتێلەکانی دوو ئەستێرە و یەك ئەستێرە و میللی دین بە ڕێژەی (19%) و (15%) و (10%) بەدوای یەکدا، هۆتێلە میللیەکان بە هۆتێلی گەشتیاریی ئەژمار ناکرێن بەڵام لە هەندێ کاتی ساڵ بەهۆی هاتنی گەشتیاری زۆر و قەرەباڵغی و پەستان لەسەر زۆربەی هۆتێلەکان و گرانبوونی نرخیان، بەشێکی گەشتیاران بە تایبەتی ئەوانەی خاوەن داهاتی نزمن بە ناچاری ئەم هۆتێلانە بەکار دەهێنن، بۆیە داواجار بوونی ئەم هۆتێلانەش یارمەتیدەری گەشەی ئابووری ناوچەی توێژینەوەیە. لە پلەی کۆتایش هۆتێلی پێنج ئەستێرە دێت بە (6) گەشتیار کە دەکاتە ڕێژەی (4%)ی ئەو گەشتیارانەی لە هۆتێلەکان دەمێننەوە، هۆکاری کەمی بەکارهێنانی هۆتێلی پێنج ئەستێرە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی نرخی خزمەتگوزاریی تێیدا، کە بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی بەشی هەرەزۆری ئەوانەی ڕوودەکەنە شاری سلێمانی بۆ گەشتکردن لە چینی مام ناوەندی کۆمەڵگان لە ڕووی داهاتی مانگانە و ناتوانن خزمەتگوزاریی گرانبەها بەکار بهێنن. لە پاش هۆتێلەکان گەشتیاران مۆتێل و خانوی گەشتیاریی پەسەند دەکەن بۆ شوێنی مانەوە، چونکە بە گوێرەی داتاکانی فۆرمی ڕاپرسی هەریەکە لە مۆتێل و خانوی گەشتیاریی پلەی دووەمیان وەرگرتووە لە شوێنی مانەوەی گەشتیاران ئەویش هەریەکەیان بە (130) گەشتیار بەڕێژەی (26%)، هەر بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی (40) گەشتیار بە ڕێژەی (8%) شوێنی حەوانەوە و مانەوەی شەوانەی خۆیان کابینەی گەشتیاریان هەڵبژاردووە، ماڵی ئاشنا وخزم و هاوڕێیش لە (10%)ی شوێنی مانەوە پێکدەهێنێت، کە ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە خزمەت بەکەرتی گەشتوگوزار ناکات، چونکە ئەو ڕێژەیە لە گەشتیار بۆ مانەوەی شەوانەی خۆیان هیچ بڕە پارەیەك خەرج ناکەن بەمەش داواکاری لە سەری شوێنی مانەوەی بازرگانی کەم دەبێتەوە ئەگەر هاتوو ئەم جۆرە لە گەشتیاران ڕێژەیان زۆر بێت، لە ئەنجامیشدا کەرتی مانەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە گەشەکردنێکی سست بەخۆوە دەبینێت. هۆکاری کەمی هەڵبژاردنی هەریەکە لە خانووی گەشتیاریی و کابینەی گەشتیاریی لە لایەن گەشتیارانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم دوو شوێنە لەڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە لەئاستی پێویستدا نین و گەشتیاران زیاتر پێیان باشە ئەو شوێنانە بۆمانەوە هەڵبژێرن هەم لە ڕووی چۆنیەتی وسەلامەتی و هەمیش لەڕووی نرخەوە لەگەڵ ویست و داخوازییەکانیاندا بگونجێت.

پەیوەندی شوێنی مانەوە بەڕەگەزەوە بەم شێوەیە، کە ڕەگەزی مێ ماڵی ئاشنا و هۆتێل و مۆتێل زیاتر بەکاردەهێنن بۆ شوێنی مانەوە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، بە پێچەوانەشەوە ڕەگەزی نێر خانوی گەشتیاریی و کابینەی گەشتیاریی لە ڕەگەزی مێ زیاتر بەکاردەهێنن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەگەزی مێ لە شوێنە گشتی و قەرەباڵغ و فەرمیەکاندا زیاتر هەست بە ئارامی دەکات بەراورد بەو شوێنانەی کەمتر سیفەتی فەرمیان هەیە، پەیوەندی تەمەن بەشوێنی مانەوەوە بەم شێوەیە، کە گروپی تەمەنی خوارووی (15) ساڵ زیاتر لەناو شوێنی مانەوەدا مۆتێل زۆرترین ڕێژەی

بەرکەوتووە ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی بەشێکی خێزانەکان، کە ئەم گروپە لەتەمەنەیان لەگەڵدایە لە مۆتێلەکان دەمێننەوە و نرخیشی بەراورد بەوانی دیکە گونجاوترە، ماڵی ئاشنا لە ناوگروپی تەمەنی خواووی (15) ساڵ و سەرووی (65) زۆرترین داواکاری لەسەربووە، گروپی تەمەنی (41_65) ساڵیش زۆرترین داواکاریان خانووی گەشتیاریی بووە. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شوێنی مانەوە و ئاستی داهاتی مانگانە ئەوانەی داهاتیان بەرزترە خانوی گەشتیاریی و هۆتێل هەڵدەبژێرن بۆ شوێنی مانەوە، بەجۆرێك ئەو گەشتیارانەی داهاتی مانگانەیان چوار ملیون و چوار ملیون زیاترە بە زۆری خانوی گەشتیاریی (ڤێلا) و هۆتێلی (5) ئەستێرەیان دیاریکردووە بۆ شوێنی مانەوە، بەپێچەوانەوە ئەوانەشی کە داهاتیان ئاساییە یان داهاتیان مام ناوەند و نزمە مۆتێل و هۆتێلی (1) ئەستێرە و (2) ئەستێرەیان هەڵبژاردووە.

خشتەی (3_20)

شوێنی مانەوەی گەشتیاران

| شوێنی مانەوە | هۆتێل | مۆتێل | خانووی گەشتیاریی | کابینەی گەشتیاریی | ماڵی ئاشنا | – | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 150 | 130 | 130 | 40 | 50 | – | 500 |
| ڕێژە% | 30 | 26 | 26 | 8 | 10 | – | 100 |
| هۆتێل | میللی | 1ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | 5 ئەستێرە | – |
| ژمارە | 15 | 23 | 28 | 37 | 41 | 6 | 150 |
| ڕێژە% | 10 | 15 | 19 | 25 | 27 | 4 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_15)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی جۆری شوێنی مانەوەیان




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_20)

3. 1. 14. خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە:

بڕی ئەو خەرجیەی گەشتیاران لە ناوچە گەشتیارییەکان بۆ شوێنی مانەوە خەرجی دەکەن کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە گەشەی ئابووریی ئەو ناوچەیە، چونکە بڕی ئەو پارەیەی گەشتیاران خەرجی دەکەن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەچێتە خزمەتی گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە دەتوانین بڕی ئەو پارەی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە خەرجی دەکەن بە گوێرەی خشتەی (3_21) و شێوەی (3_16) شیکردنەوەی بۆ بکەین، بەشی هەرەزۆری گەشتیاران کە ڕێژەیان (64%) و ژمارەیان (320) گەشتیارە بۆ هەر ڕۆژێك مانەوە لە شاری سلێمانی بڕی (100) هەزار دیناری عێراقی کەمتر خەرج دەکەن، ژمارەی ئەوانەی بڕی (100) هەزار دینار زیاتر خەرج دەکەن (130) گەشتیارە بە ڕێژەی (26%)، ژمارەی ئەوانەی هیچ بڕەپارەیك خەرج ناکەن و لەماڵی خزم و دۆست و هاوڕێ دەمێننەوە (50) گەشتیارە بە ڕێژەی (10%).

ئەمەش بڕێکی خەرجی کەمترە ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەندێ شاری گەشتیاریی جیهانیی وەکو دوبەی و ئیستەنبوڵ و پاریس، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو گەشتیارانەی ڕوودەکەنە ناوچەی توێژینەوە لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە، شارەکانی کوردستانی ئێران، شارەکانی کوردستانی تورکیا یان ئەو ناوچانەوە دێن کە بە جیهانیی سێیەم ئەژمار دەکرێن واتە ئاستی داهاتی تاکە کەس لەو ناوچانەدا نزمە، بۆیە ئەو گەشتیارانەی کە دێن بڕێکی کەمتر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان پارە بۆ شوێنی مانەوە خەرج دەکەن، لە کاتێکدا ژمارەی گەشتیاری وڵاتانی دەوڵەمەند و داهات بەرز وەك ئەمریکا و ڕۆژئاوای ئەوروپا و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کەمتر ڕوودەکەنە ناوچەی توێژینەوە لە کاتێکدا ئەم جۆرە گەشتیارانە بە فاکتەری گەشەی ئابووریی ناوچە گەشتیارییەکان ئەژمار دەکرێن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری کێبڕکێ، چونکە ناوچەی توێژینەوە هەتاوەکو ئێستاش نەیتوانیوە کێبڕکێی ناوچە گەشتیارییە گرنگ و پێشکەوتووەکانی جیهان بکات، کە ساڵانە دەبنە ڕووگەی دەیان ملیون گەشتیار، وەك ئیستەنبوڵ، پاریس، دوبەی، بانکۆك، بەرشلۆنە، میلان و چەند شارێکی بەناوبانگی گەشتیاریی دیکە، لەبەر ئەوەی لەڕووی خزمەتگوزاریی و پێشکەوتنی کلتوری و فەرهەنگی و ئابووریی و خۆشگوزەرانی و ئاسانکارییەوە لەئاستی ئەو شارانەدا نیە.

خشتەی (3_21)

ژمارە وڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە

| بڕی خەرجی | 25 بۆ 50 هەزار | 51 بۆ 75 هەزار | 76 بۆ 100 هەزار | 101 هەزار زیاتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 80 | 150 | 90 | 130 | 450 |
| ڕێژە% | 18 | 33 | 20 | 29 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_16)

بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ شوێنی مانەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_21)

بە گوێرەی داتاکانی خشتەی (3_22) پەیوەندی بەڵگەداری هەیە لە نێوان داهاتی مانگانەی گەشتیاران و بڕی خەرجی بۆ شوێنی مانەوە، بە جۆرێك بەهای بەڵگەداری (P-value) بچوکترە (0.05)، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت هەتاوەکو بڕی داهاتی مانگانە بەرزتر بێتەوە خەرجی گەشتیاریش بۆ شوێنی مانەوە زیاتر دەبێت. ئەگەر بڕوانینە داتاکانی خشتەکە دەردەکەوێت ئەوانەی داهاتی مانگانەیان لە (250) هەزار دینار کەمترە بەڕێژەی (50%) بڕی (25 بۆ50) هەزار دیناریان بۆ شوێنی مانەوەی خەرج کردووە، لە کاتێکدا ئەوانەی داهاتیان بەرزبووەتەوە بۆ سەروو دوو ملیون بەڕێژەی (60%) بڕی خەرجی مانەوەیان بۆ هەر شەوێك بەرز بووەتەوە بۆ (101) هەزار دینار زیاتر.

خشتەی (3_22)

پەیوەندی خەرجی گەشتیاران لە شوێنی مانەوە و داهاتی مانگانە (دیناری عێراقی)

| گۆڕاوەکان | کەمتر لە 250 هەزار | | 250 بۆ 500 هەزار | | 501 هەزار بۆ 1 ملیون | | 1.1000 بۆ 2 ملیون | | 2.1000 بۆ 4 ملیون | | 4 ملیون زیاتر | | کۆ | بەهای بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | | |
| 25 بۆ 50 هەزار | 35 | 44 | 33 | 41 | 12 | 15 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 80 | 0.001 |
| 51 بۆ 75 هەزار | 15 | 10 | 17 | 11 | 48 | 32 | 54 | 36 | 16 | 11 | 0 | 0 | 150 | 0.001 |
| 76 بۆ 100 هەزار | 0 | 0 | 3 | 3 | 50 | 56 | 30 | 33 | 7 | 8 | 0 | 0 | 90 | 0.001 |
| 101 هەزار زیاتر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 52 | 40 | 47 | 36 | 31 | 24 | 130 | 0.000 |
| کۆ | 50 | 11 | 53 | 12 | 110 | 24 | 136 | 30 | 70 | 16 | 31 | 7 | 450 | – |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_17)

پەیوەندی خەرجی گەشتیاران بە شوێنی مانەوە و داهاتی مانگانە (دیناری عێراقی)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_22)

3. 1. 15. بڕی خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن:

بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_23) و شێوەی (3_18) بەرزترین بڕی خەرجی ڕۆژانە بۆ خواردن لە ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە (20 بۆ 40) هەزار، کە (190) گەشتیار ئەو بڕەیان هەڵبژاردووە وەکو ناوەندی خەرجی ڕۆژانە بۆ هەر ڕۆژێك مانەوە لە شاری سلێمانی کە دەکاتە ڕێژەی (38%) گەشتیاران، دواتریش ئەوانە دێت کە بڕی (41 بۆ 60) هەزار خەرج دەکەن بە ڕێژەی (30%) گەشتیاران، دواتر ئەوانەی بڕی کەمتر لە (20) هەزار خەرج دەکەن (130) گەشتیارە، بە ڕێژەی (26%)، لە کۆتایشدا ئەوانەی بڕی زیاتر لە (60) هەزار خەرج دەکەن بۆ خواردن (30) گەشتیارە کە دەکاتە ڕێژەی (6%)ی سەرجەمی گەشتیاران. شاری سلێمانی بەوە ناسراوە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لە خواردندا و گەشتیاران بەتایبەتی سەردانی ئەم شارە دەکەن بۆ چێژوەرگرتن لە خواردنی دەیان جۆر خواردنی تایبەت، تەنانەت ژمارەی ڕیستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگەکانی ئەم شارە نزیك دەبێتەوە لە (592) دانە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خواردەمەنی یەکێکە لە داواکارییە سەرەکیەکانی گەشتیاران. پەیوەندی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان بڕی خەرجی ڕۆژانە بۆ خواردن و ڕەگەز، بەشێوەیەك بەهای بەڵگەداری (P-value) بچوکترە (0.05)، بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی (55%) ئەو گەشتیارانەی ڕۆژانە زیاتر لە (20) هەزار دینار بۆ خواردن خەرج دەکەن لە ڕەگەزی نێر و (45%) لە ڕەگەزی مێیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەگەزی نێر بڕی پارەی زیاتر خەرج دەکات بۆ ژەمە خواردنەکانی، خشتەی (3_24). سەبارەت بە گروپی تەمەن و بڕی خەرجی بۆ خواردن پەیوەندییەکە بەم شێوەیە، کە زۆرترین بڕی خەرجی بۆ خواردن گروپی تەمەنی (15 بۆ 65) ساڵ خەرجی دەکات، کە (161) گەشتیار لەم تەمەنە سەرووی (40) هەزار دینار بۆ خواردن

خەرج دەکەن، خشتەی (3_25). بەمەش دیسان پەیوەندی بەهای بەڵگەداری بچوکترە لە (0.05)، جارێکی دیکە پەیوەندی هەیە لە نێوان داهاتی مانگانە و بڕی خەرجی بۆ خواردن، چونکە بەهای بەڵگەداری بچوکترە (0.05)، لە خشتەی (3_26) ڕوندەبێتەوە (79%)ی ئەوانەی داهاتی مانگانەیان لە سەرووی یەك ملیون دینارەوەیە بڕی خەرجی ڕۆژانەیان بۆ خواردن سەرووی (40) هەزار دیناری عێراقیە.

خشتەی (3_23)

بڕی خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن

| بڕی خەرجی ڕۆژانە | 20 هەزار کەمتر | 20 بۆ 40 هەزار | 41 بۆ 60 هەزار | زیاتر لە 60 هەزار | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 130 | 190 | 150 | 30 | 500 |
| ڕێژە% | 26 | 38 | 30 | 6 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_18)

بڕی خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_23)

خشتەی (3_24)

پەیوەندی ڕەگەزی گەشتیار بە خەرجی ڕۆژانەی بۆ خواردن

| گۆڕاوەکان | خەرجی | نێر | | مێ | | کۆ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | | |
| خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن | کەمتر لە 20 هەزار | 99 | 76 | 31 | 24 | 130 | 0.001 |
| | 20 بۆ 40 هەزار | 139 | 73 | 51 | 27 | 190 | |
| | 41 بۆ 60 هەزار | 45 | 30 | 105 | 70 | 150 | |
| | زیاتر لە 60 هەزار | 19 | 63 | 11 | 37 | 30 | |
| کۆ | – | 302 | 60 | 198 | 40 | 500 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

خشتەی (3_25)

پەیوەندی تەمەن بە خەرجی ڕۆژانەی گەشتیار بۆ خواردن

| گۆڕاوەکان | خەرجی | 0_14 ساڵ | | 15_40 | | 41_65 | | سەرووی 65 | | کۆ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | | |
| خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن | کەمتر لە 20 هەزار | 51 | 39 | 26 | 20 | 31 | 24 | 22 | 17 | 130 | 0.002 |
| | 20 بۆ 40 هەزار | 11 | 6 | 88 | 46 | 82 | 43 | 9 | 5 | 190 | |
| | 41 بۆ 60 هەزار | 4 | 3 | 61 | 41 | 75 | 50 | 10 | 7 | 150 | |
| | زیاتر لە 60 هەزار | 0 | 0 | 20 | 66 | 5 | 17 | 5 | 17 | 30 | |
| کۆ | – | 66 | 13 | 195 | 39 | 193 | 39 | 46 | 9 | 500 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

خشتەی (3_26)

پەیوەندی داهاتی مانگانەی گەشتیار بە خەرجی ڕۆژانەی بۆ خواردن

| گۆڕاوەکان | خەرجی | کەمتر لە 250 هەزار | | 250 بۆ 500 هەزار | | 501 هەزار بۆ 1 ملیون | | 1.1 بۆ 2 ملیون | | 2.1 بۆ 4 ملیون | | 4 ملیون زیاتر | | کۆ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | | |
| خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ خواردن | کەمتر لە 20 هەزار | 47 | 36 | 43 | 33 | 31 | 24 | 8 | 6 | 1 | 1 | 0 | 0 | 130 | 0.000 |
| | 20 بۆ 40 هەزار | 23 | 12 | 26 | 14 | 41 | 22 | 70 | 37 | 27 | 14 | 3 | 1 | 190 | |
| | 41 بۆ 60 هەزار | 3 | 2 | 1 | 1 | 41 | 27 | 55 | 36 | 40 | 27 | 10 | 7 | 150 | |
| | زیاتر لە 60 هەزار | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 7 | 5 | 17 | 4 | 13 | 19 | 63 | 30 | |
| کۆ | | 73 | 15 | 70 | 14 | 115 | 23 | 138 | 28 | 72 | 14 | 32 | 6 | 500 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

### 3. 1. 16. خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران بۆ کافتریا و گازینۆ و یانە:

کافتریا و گازینۆ و یانەکان ئەو شوێنانەن گەشتیاران بۆ بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی و چێژ بینین و سەرگەرمی سەردانیان دەکەن، سودێکی ئابووریی زۆریان هەیە و دەبنە فاکتەری ڕەخساندنی هەلی کار لە ناوچە گەشتیارییەکان. بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_27) لە (38%)ی گەشتیاران بڕی خەرجی ڕۆژانەیان بۆ ئەم جێگایانە زیاترە لە (30) هەزار دینار، لە (40%)ی گەشتیاران کەمتر لە (30) هەزاریان بۆ ئەم جێگایانە تەرخان کردووە، هەروەها (22%)ی گەشتیاران لەکاتی گەشتکردنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە سەردانی ئەم شوێنانە ناکەن، واتە هیچ بڕە پارەیەك لەم جێگایانە خەرج ناکەن، ئەمەش پەیوەندیدارە بە حەز و ویستی تاکە کەسیەوە، کە هەندێك لە گەشتیاران ئارەزووی ڕۆشتنە ئەو جێگایانە ناکەن، لە لایەکی دیکەوە بەشێکی گەشتیاران ئارەزووی سەردانیکردنی ئەو شوێنانە دەکەن بەڵام بەهۆی پابەند

نەبوونی ئەو جێگایانە بە پاراستنی تایبەتمەندێتی کەسێتی و پاراستنی بنەما تەندروستی و ژینگەیی و کلتورییەکان، یان ڕەچاونەکردنی داب ونەریتی گشتی بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆپارێزی دەکەن لە سەردانیکردنی ئەو شوێنانە.

خشتەی (3_27)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بڕی خەرجی ڕۆژانە بۆ کافتریا و گازینۆ و یانە

| خەرجی | کەمتر لە 10 هەزار | 10 بۆ 20 هەزار | 21 بۆ 30 هەزار | زیاتر لە 30 هەزار | بەشدار نەبوو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 20 | 70 | 111 | 189 | 110 | 500 |
| ڕێژە% | 4 | 14 | 22 | 38 | 22 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی

3. 1. 17. پەیوەندی گەشتیاران و بازاڕیکردن لە ناوچەی توێژینەوە:

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گەشتیار و بازاڕیکردندا هەیە، لە تەواوی ناوچە گەشتیارییەکانی جیهان بازاڕیکردن پرۆسەیەکی تەواوکاری گەشتیارییە و بەشێکی زۆری ناوچە گەشتیارییەکان داهات و سەرمایەیەکی باشیان لەو ڕێگەیەوە دەستدەکەوێت، بەگوێرەی توێژینەوەیەك کە لە شاری دوبەی لە ساڵی 2019 کراوە، تەنها لە ڕێگەی بازاڕیکردنی گەشتیارانەوە ئەم شارە(13) ملیارد دۆلاری ئەمریکی داهاتی دەستکەوتووە، ئەمەش کاریگەریی گەورەی هەبووە لە گەشەی ئابووریی و بەرزبوونەوەی داهاتی دانیشتوان و ڕەخساندنی هەلی کار لەم شارەدا. بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_28) و شێوەی (3_19)، زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەکەن بازاڕکردن دەکەن، و زۆرینەشی لە بازاڕە میللیەکاندا بازاڕی دەکەن، بە گوێرەی داتاکان (70%)ی گەشتیاران کە دەکاتە (350) گەشتیار لەکاتی هاتنیان بۆ شاری سلێمانی بازاڕی دەکەن، لەم ڕێژەیەش لە (62%) لە بازاڕە میللیەکان بازاڕدەکەن و (38%) لە مۆڵەکان واتە سەنتەرە بازرگانیە مۆدێرنەکان بازاڕدەکەن، هۆکاری هەڵبژاردنی بازاڕە میللیەکان بەلای زۆربەی گەشتیارانەوە بۆ نزیکی ئەو بازاڕانە لە سەنتەری شار و ئاسانی گەشتن پێیان و هەرزانی نرخی شمەك و کاڵا دەگێڕنەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو گەشتیارانەی مۆڵەکانیان هەڵبژاردووە بۆ بازاڕیکردن هۆکارەی دەگێڕنەوە بۆ بوونی ئامرازەکانی حەوانەوە و خۆشگوزەرانی لە زستان و هاوین، مۆڵەکان گەرمای بێزارکەری هاوین و سەرمای زستان کاریگەریی تێناکەت و کەشێکی خۆشی بێ گرفت بۆ گەشتیار دروستدەکات بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانن کاڵاکانیان بکڕن. سەبارەت بەو گەشتیارانەی بازاڕی ناکەن لە شاری سلێمانی دا ژمارەیان (150) گەشتیارە، کە دەکاتە ڕێژەی (30%)ی گەشتیاران، هۆکاری بازاڕی نەکردن بۆ چەند فاکتەرێك دەگێڕنەوە، لەوانە بەشێکی گەشتیاران دەڵێن بۆ حەوانەوە و پشوودان سەردانی شاری سلێمانیان کردووە و دەرفەتی بازاڕیکردنیان نیە، بەشێکی دیکەی گەشتیاران نزمی ئاستی داهات هۆکاری بازاڕی نەکردن دادەنێن، بەشێکی دیکەی گەشتیاران حەز و ئارەزووی بازاڕکردنیان نیە و گرنگی ئەوتۆ نادەن بە بازاڕکردن.

سەبارەت بە پەیوەندی گەشتیاران و بازاڕی کردن بەگوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی دەرکەوتووە (30%)ی گەشتیاران هیچ برە پارەیەك بۆ بازاڕیکردن خەرج ناکەن، (26%) گەشتیاران بڕی کەمتر لە (100) هەزار دینار خەرج دەکەن، لە

(10%)ی گەشتیاران بڕی (100 بۆ 300) هەزار دینار خەرج دەکەن، ئەو گەشتیارانەی سەرووی (500) هەزار دینار خەرج دەکەن ڕێژەیان دەگاتە (12%)، هەرچی ئەوانەشە لەنێوان (300 بۆ 500) هەزار دینار خەرج دەکەن ڕێژەیان دەگاتە (22%). ئەوەی گەشتیاران ئاماژەیان پێداوە زۆربەی ئەوانەی کەمتر لە (300) هەزار دینار خەرج دەکەن ئەو گەشتیارانەن کە لە بازاڕە میللیەکاندا بازاڕی دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو گەشتیارانەی ئاماژەیان پێداوە سەرووی (300) هەزار دینار خەرج دەکەن ئەوانەن کە لە مۆڵەکاندا بازاڕی دەکەن، لێرەدا جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان بازاڕە میللی و مۆڵەکاندا دروست دەبێت، چونکە ڕێژەی ئەوانەی لە بازاڕەمیللیەکاندا بازاڕی دەکەن زیاترە لە ڕێژەی ئەوانەی لە مۆڵەکاندا بازاڕی دەکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو بڕە پارەیەی گەشتیاران لە بازاڕکردنی مۆڵەکان خەرجی دەکەن زیاترە لەو بڕە پارەیەی گەشتیاران لە بازاڕکردن لە بازاڕە میللیەکاندا خەرجی دەکەن.

خشتەی ژمارە (3_28)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە گوێرەی بازاڕیکردن لە شاری سلێمانی

| بازاڕکردن | بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارە | 350 | 150 | 500 |
| ڕێژە% | 70 | 30 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی ژمارە (3_19)

پەیوەندی گەشتیاران و بازاڕی کردن لە شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

3. 1. 18. بەکار هێنانی ئوتۆمبیل لە لایەن گەشتیارانەوە:

بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی (50%)ی ئەوانەی سەردانی شاری سلێمانی دەکەن ئوتۆمبیلی کەسی بەکاردەهێنن، کە بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك بۆ هەرگەشتێك بە ڕێژەی (42%) کەمتر لە (50) هەزار دینار خەرج دەکەن، ئەوانەی بڕی (50 بۆ 100) هەزار دینار خەرج دەکەن ڕێژەکەیان دەگاتە (35%)، ئەوانەی بڕی (101 بۆ 200) هەزار دینار خەرج دەکەن لە (21%) پێکدەهێنن، سەبارەت بەوانەی بڕی زیاتر لە (200) هەزار دینار خەرج دەکەن ڕێژەکەیان دەگاتە (2%)ی گەشتیاران. ئەوەی پەیوەندیدارە بەوانەی ئوتۆمبیلی کرێ یان ئاشنا بەکاردەهێنن ڕێژەکەیان دەگاتە لە (50%)ی کۆی گەشتیاران، ئەمانیش دەبن بە دووبەشەوە ئەوانەی ئوتۆمبیلی کرێ بەکاردەهێنن بۆ هاتووچۆکردن ڕێژەیان دەگاتە (67%)، ئەوانەشی ئۆتۆمبیلی ئاشنا بە کاردەهێنن ڕێژەیان دەگاتە (33%). سەبارەت بەوانەی ئوتۆمبیلی کرێ بەکاردەهێنن کۆی خەرجی ڕۆژانەیان بۆ هاتووچۆکردن لە ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە بڕی کەمتر لە (10) هەزار دینار (40%) و بڕی خەرجی (10 بۆ 20) هەزار دینار بە ڕێژەی (40%)، بڕی خەرجی (21 بۆ 30) هەزار دینار (12%) و بڕی خەرجی (30) هەزار دینار زیاتر (8%)، بڕوانە خشتەی (3_29). لە ڕووی بەکار هێنانی ئوتۆمبیلی کەسی یان کرێ گەشتیاران ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە گەشەی چالاکی ئابووریی لە شاری سلێمانی دا، چونکە هەزاران ئوتۆمبیلی کرێ و دەیان سەنتەری خزمەتگوزاریی ئۆتۆمبیل و سەدان شوێنی شۆردنی ئۆتۆمبیل (غسل) و دەیان بەنزینخانە ڕۆژانە سودمەند دەبن لە هاتنی گەشتیار بۆ شارەکە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل و هەریەکە لە گۆڕاوەکانی ڕەگەز و تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی داهاتی مانگانە بەم شێوەیە شیکردنەوەی بۆ دەکەین، زۆربەی ئەوانەی ئۆتۆمبیلی کەسی بەکاردەهێنن لە ڕەگەزی نێرە بە ڕێژەی (91%) و ڕەگەزی مێ تەنها بە ڕێژەی (9%) ئۆتۆمبیلی کەسی بەکاردەهێنێت. پەیوەندی تەمەن و بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی کەسی بەجۆرێکە لە (97%)ی ئەوانەی تەمەنیان لە (15 بۆ 65) ساڵە ئۆتۆمبیلی کەسی بەکاردەهێنن، تەمەنی سەرووی (65) ساڵ و خوارووی (15) زیاتر لەگەڵ خێزانەکانیان یان ئۆتۆمبیلی هاوڕێ وخزم یان کرێ بەکاردەهێنن. هەروەها داهاتی مانگانە ڕۆڵی هەیە لە جۆری ئەو ئۆتۆمبیلەی بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرێت لەلایەن گەشتیارانەوە، لەبەرئەوەی بەشی هەرە زۆری خاوەن داهاتی مانگانەی بەرز ئۆتۆمبیلی کەسی بەکار دەهێنێت بە پێچەوانەی ئەوانەی داهاتیان مام ماوەند یان نزمە ئۆتۆمبیلی خزم و هاوڕێ و کرێ بەکاردەهێنن. هەرچی پەیوەندیدارە بەشوێنی نیشتەجێبوون و جۆری ئامرازی گواستنەوەوە، ئەوانەی گەشتیاری دەرەکین یان ئۆتۆمبیلی کرێ بەکاردەهێنن یان ئۆتۆمبیلی خزم و هاوڕێ، لەکاتێکدا گەشتیارانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبیل بەکاردەهێنن هەر لە ئۆتۆمبیلی کەسی و کرێ و خزم و هاوڕێ، هەرچی گەشتیاری ناوەی هەرێمی کوردستانە بەشی هەرە زۆری ئۆتۆمبیلی کەسی پاشان هاوڕێ و خزم دواتر کرێ بەکار دەهێنێت. بەکار هێنانی ئۆتۆمبیل لەلایەن گەشتیارانەوە بەخاڵێکی ئەرێنی ئەژمار دەکرێت بۆ گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە، چونکە هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی وەك پاس و تەکسی جوڵەی ڕۆژانەیان دەبێت و بەمەش دەرفەتی کار بۆ هەزاران کەس لەدانیشتوان دەڕەخسێت، بەڵام لە ڕووی ژینگەیی و قەرەباڵغی دروستکردن لەسەر شەقامەکان و زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە بە خاڵی نەرێنی لێکدەدرێتەوە.

خشتەی (3_29)

بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل لە لایەن گەشتیارانەوە لە شاری سلێمانی

| ئۆتۆمبیلی کەسی | بەڵێ | | | | نەخێر | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 250 | | | | 250 | | | | | 500 |
| ڕێژە | %50 | | | | ٪50 | | | | | %100 |
| خەرجی | کەمتر لە 50 هەزار | 50 بۆ 100 هەزار | 101 بۆ 200 هەزار | زیاتر لە 200 هەزار | – | | | | | – |
| ژمارە | 104 | 88 | 54 | 4 | _ | | | | | 250 |
| ڕێژە% | 42 | 35 | 21 | 2 | _ | | | | | %100 |
| ئۆتۆمبیلی تر | _ | | | | ئۆتۆمبیلی کرێ | | | | ئۆتۆمبیلی ئاشنا | 250 |
| ژمارە | _ | | | | 167 | | | | 83 | 250 |
| ڕێژە% | _ | | | | 67 | | | | 33 | %100 |
| خەرجی | – | | | | کەمتر لە 10 هەزار | 10 بۆ 20 هەزار | 21 بۆ 30 هەزار | زیاتر لە 30 هەزار | – | – |
| ژمارە | _ | | | | 66 | 66 | 21 | 14 | _ | 167 |
| ڕێژە% | _ | | | | 40 | 40 | 12 | 8 | _ | %100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی

3. 1. 19. شاری یاری و ڕۆڵی لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە:

شاری یارییەکان لە شارەکاندا فاکتەرێکی سەرەکین بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆلای خۆیان و هۆکاری بووژانەوەی ئابووریی و ڕەخساندنی هەلی کارن بۆ بەشێکی زۆری دانیشتوان، ناوچەی توێژینەوە خاوەنی سێ شاری یاری گەورەیە وەکو شاری یاری چاڤی لاند و شاری یاری سلێمانی و شاری یاری نەورۆز. بە گوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_30) و شێوەی (3_20) لە (88%)ی ئەو گەشتیارانەی ڕوودەکەنە ناوچەی توێژینەوە سەردانی شاری یارییەکان دەکەن، کە ژمارەیان (440) گەشتیارە و (12%) سەردانی شاری یاری ناکەن کە ژمارەیان (60) گەشتیارە.

خشتەی (3_30)

ڕێژەی خەرجی گەشتیاران لە شاری یاری (دیناری عێراقی)

| خەرجی شاری یاری | سەردانی نەکردووە | کەمتر لە 20 هەزار | 20 بۆ 40 هەزار | زیاتر لە 40 هەزار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 60 | 110 | 100 | 230 | 500 |
| ڕێژە% | 12 | 22 | 20 | 46 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_20)

ڕێژەی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ شاری یاری




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_30)

هەروەها لە داتاکانی خشتەی (3_31) ڕووندەبێتەوە بەهای پەیوەندی بەڵگەداری بچوکترە لە(0.05) لەنێوان بڕی داهاتی مانگانەی گەشتیار و خەرجیەکانی گەشتیار لە شاری یاری دا، هەروەکو لە زانیارییەکانی خشتەکەدا ئاماژەی پێدراوە هەتاوەکو بڕی داهاتی مانگانەی گەشتیاران زیاد بکات خەرجی گەشتیاران لە شاری یاری بە ڕێژەیەکە بەرچاو زیاتر دەبێت.

خشتەی (3_31)

پەیوەندی بڕی داهاتی گەشتیار بە خەرجی شاری یاری

| گۆڕاوەکان | | کەمتر لە 250 هەزار | | 250 بۆ 500 هەزار | | 501 هەزار بۆ1 ملیون | | 1.1000 بۆ 2 ملیون | | 2.1000 بۆ 4 ملیون | | 4 ملیون زیاتر | | کۆ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| خەرجی گەشتیاران لە شاری یاری (دیناری عێراقی) | بەشدارنەبوو | 31 | 51 | 16 | 27 | 7 | 12 | 3 | 5 | 2 | 3 | 1 | 2 | 60 | 0.001 |
| | کەمتر لە 20 هەزار | 30 | 27 | 27 | 25 | 42 | 38 | 8 | 7 | 3 | 3 | 0 | 0 | 110 | |
| | 20 بۆ 40 هەزار | 9 | 9 | 20 | 20 | 45 | 45 | 14 | 14 | 10 | 10 | 2 | 2 | 100 | |
| | زیاتر لە 40 هەزار | 3 | 1 | 7 | 3 | 21 | 9 | 113 | 49 | 57 | 25 | 29 | 13 | 230 | |
| کۆ | – | 73 | 15 | 70 | 14 | 115 | 23 | 138 | 28 | 72 | 14 | 32 | 6 | 500 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

3. 1. 20. بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە:

ئاستی کاریگەریی و ڕۆڵی گەشتیاران لەسەر بووژانەوەی ئابووریی لە هەر ناوچەیەکدا بەوە دەپێورێت ئاستی خەرجی گەشتیاران لەو ناوچەیەدا چەندە، ئەمەش پەیوەندیدارە بە جۆری گەشتیار و ئاستی داهاتیان و ئەو ناوچەیەی کە لێوەی هاتوون، بە گوێرەی ئەو داتایانەی لە خشتەی (3_32) هاتووە، کۆی ڕێژەی خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیە، ئەوانەی بڕی کەمتر لە (100) هەزار دینار خەرج دەکەن بۆ هەر گەشتێك ڕێژەیان دەگاتە (14%)، ئەو گەشتیارانەی بڕی (100 بۆ 200) هەزار دینار خەرج دەکەن ڕێژەکەیان لە (28%)، واتە لە (42%)ی سەرجەمی ئەو گەشتیارانەی ڕوودەکەنە ناوچەی توێژینەوە بڕی کەمتر لە (200) هەزار دینار خەرج دەکەن بۆ تەواوی گەشتەکەیان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی زۆری ئەو گەشتیارانەی ڕوودەکەن شاری سلێمانی داهاتی مانگانەیان کەمترە لە (500) هەزار دینار، واتە لە توێژی مام ناوەندی گەشتیارانن بۆیە خەرجی گەشتیاریی بە گوێرەی ئەوەش کەم دەبێت بەراورد بەو ناوچانەی گەشتیاری داهات بەرز ڕووی تێدەکات، سەبارەت بەو گەشتیارانەی بڕی (201 بۆ 400) هەزار دینار خەرج دەکەن ڕێژەکەیان (14%) و ئەوانەشی بڕی زیاتر لە (400) هەزار دینار خەرج دەکەن ڕێژەیان دەگاتە (44%). ئەگەر ناوەندی خەرجی هەر گەشتیارێك وەربگرین بۆ یەك گەشت بۆ شاری سلێمانی ئەوا دەتوانین بڕی داهاتی گەشتیاریی ساڵی 2019 کە زۆرترین گەشتیار ڕووی کردووەتە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیە بخەمڵێنرێت، لەو ساڵەدا (1.140.760) گەشتیار ڕوویان کردۆتە شاری سلێمانی و دەوروبەری، ئەگەر ناوەندی خەرجی هەر گەشتێك (200) هەزار دینار دابنێین ئەوا دەردەکەوێت لەو ساڵەدا بڕی (228.152.000.000) دیناری عێراقی لە لایەن گەشتیارانەوە خەرج کراوە، کە دەکاتە بڕی (152.101.333) ملیون دۆلاری ئەمریکی، ئەمەش ئەگەر بە شارە گەشتیارییە بەناوبانگەکانی جیهان بەراورد بکەین بڕێکی زۆر کەمە، چونکە تەنها شاری پاریس لە هەمان ساڵدا واتە ساڵی

2019 دا بڕی (40) ملیارد دۆلاری ئەمریکی داهاتی گەشتیاریی هەبووە لە خەرجی گەشتیاران. بەڵام ئەو برە داهاتەش بنەمایەکی باشە بۆ گرنگیدانی زیاتر بە گەشتوگوزار و هاندانی وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریی و ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی گەشتیار لە ناوچە جیاوازەکانی دنیاوە، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی بەوە ناسراون ناوچەی پێشکەوتوون و ئاستی داهاتی تاکەکەس بەرزە و خەرجی گەشتیاریی زۆرە و گەشتیارانی بڕێکی زۆر پارە بۆ گەشتوگوزار و خۆشگوزەرانی و حەوانەوە تەرخان دەکەن.

خشتەی (3_32)

بڕی خەرجی گەشتیاران بۆ هەر گەشتێك بۆ ناوچەی توێژینەوە (دیناری عێراقی)

| بڕی خەرجی | کەمتر لە 100 هەزار | 100 بۆ 200 هەزار | 201 بۆ 400 هەزار | زیاتر لە 400 هەزار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 70 | 140 | 70 | 220 | 500 |
| ڕێژە% | 14 | 28 | 14 | 44 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

3. 1. 21. چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت لە لایەن گەشتیارانەوە:

هەموو تاکێك بە گوێرەی حەز و ئارەزوو و تایبەتمەندێتی کەسێتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی وئابووریی گەشت ئەنجام دەدات، هەندێك پێیان خۆشە خێزانی و هەندێکی دیکە لەگەڵ هاوڕێ یان بەتەنیا گەشت بکەن، ئەم جیاوازیەش زۆر جار لە نێوان تەمەنە جیاوازەکان یان ڕەگەزە جیاوازەکان ڕەنگدانەوەی هەیە. بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_33) و شێوەی (3_21) دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژەی چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت بۆ ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە گەشتی خێزانی، کە ڕێژەی (48%) سەرجەمی گەشتیاران کە (240) گەشتیار دەکات ئەم جۆرە گەشتەیان ئەنجام داوە و کەمترین ڕێژەی جۆری گەشتکردن گەشتی بە تاکە، کە تەنها لە (6%)ی گەشتیاران بووە، هەرچی پەیوەندیدارە بەگەشتکردن لەگەڵ هاوڕێ، پلەی دووەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (39%)ی گەشتیاران کە دەکاتە (195) گەشتیار، ئەوانەی گروپی گەشتیاریان هەڵبژاردووە بۆ گەشتکردن (35) گەشتیارن بە ڕێژەی (7%)، ئەوەی جێگەی سەرنجە بەگوێرەی زانیارییەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسی، بەشی هەرەزۆری ئەوانەی بەتاك گەشتیان کردووە لە ڕەگەزی نێرن بەپێچەوانەشەوە بەشی هەرەزۆری ئەوانەی بە خێزانی گەشتیان کردووە لە ڕەگەزی مێیە، هەروەها ئەوانەی بە خێزانی گەشتیان کردووە ئاستی داهاتی مانگانەیان بەرزترە لەوانەی لەگەڵ هاوڕێ یان لەگەڵ گروپ گەشتیان کردووە، هەر سەبارەت بە گەشتی خێزانی ئەوانەی ئەم جۆرە گەشتەیان ئەنجامداوە ماوەی گەشتەکەیان درێژخایەنتر بووە بەراورد بە جۆرەکانی دیکەی گەشت، سەرەڕای ئەوەی ئەوانەی خێزانی گەشتیان ئەنجامداوە بڕێکی زیاتر پارەیان خەرج کردووە بەراورد بەوانەی دیکە.

خشتەی (3_33)

چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت لە لایەن گەشتیارانەوە

| جۆری گەشت | خێزانی | لەگەڵ هاوڕێ | گرووپ | تاك | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 240 | 195 | 35 | 30 | 500 |
| ڕێژە% | 48 | 39 | 7 | 6 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_21)

ڕێژەی و ژمارەی گەشتیاران بە گوێرەی چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_33)

### 3. 1. 22. چالاکی گەشتیاریی پەسەند بەلای گەشتیارانەوە:

حەز و خولیاکانی مرۆڤ جیاوازە و ئەم جیاوازیەشە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە جۆری چالاکی گەشتیارییدا هەیە، بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (3_34) زۆرترین چالاکی گەشتیاریی سەردانی پارك و باخچەگشتییەکانە، کە ژمارەی ئەو گەشتیارانەی گرنگی بەم چالاکیە دەدەن (126) گەشتیارە بە ڕێژەی (25%)، دواتر سەردانیکردنی شاری یاری بە دووەمین گرنگترین چالاکی گەشتیاریی دێت لە لایەن گەشتیارانەوە کە (114) گەشتیار ئەم چالاکیەی هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (23%)، پاشان سەردانی بازاڕەکان و مۆڵەکان و چالاکی بازاڕکردن دێت بە ڕێژەی (20%) کە (100) گەشتیار گرنگی پێدەدەن، سەبارەت بە سەردانی خزم و هاوڕێ و ئاشنا لەپلەی چوارەم دایە بە ڕێژەی (9%)، بەشێکی دیکەی گەشتیاران کە ڕێژەیان (7%) سەردانی کافتریا و گازینۆکان چالاکی گەشتیاریی پەسەندە بەلایانەوە، سەردانی ناوەندە ڕۆشنبیری و ئاینی و مۆزەخانەکان لە پلەیەکی پاشتر دێت بە ڕێژەی (5%)، هەرچی ئەو گەشتیارانەی گرنگی بە سەردانی یاریگا و یانە وەرزشی و پێشانگا بازرگانی و هونەرییەکان دەدەن ڕێژەیان (4%)ی گەشتیارانە و ژمارەیان (20) گەشتیارە،

لە(4%)ی گەشتیارانیش سەردانی یانەکان بە چالاکی دڵخواز لەقەڵەم دەدەن، جۆری چالاکیەکانی دیکەش لە پلەی کۆتاییدایە بە ڕێژەی (3%)ی گەشتیاران.

خشتەی (3_34)

چالاکی گەشتیاریی پەسەند لای گەشتیاران

| ڕێژە% | ژمارە | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 25 | 126 | سەردانی پارك و باخچە گشتییەکان |
| 23 | 114 | سەردانی شاری یاری |
| 20 | 100 | سەردانی بازاڕەکان و بازاڕیکردن |
| 9 | 45 | سەردانی خزم وئاشنا و هاوڕێ |
| 7 | 36 | سەردانی کافتریا و گازینۆ |
| 5 | 26 | سەردانی ناوەندە ڕۆشنبیری و مۆزەخانە و ناوەندە ئاینییەکان |
| 4 | 20 | سەردانی یانەی وەرزشی و یاریگا و پێشانگا بازرگانی و هونەرییەکان |
| 4 | 18 | سەردانی یانەکان |
| 3 | 15 | چالاکی تر |
| 100 | 500 | کۆ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

3. 1. 23. هۆکاری هەڵبژاردنی شاری سلێمانی بۆ گەشتکردن لە لایەن گەشتیارانەوە:

لە زانیارییەکانی خشتەی (3_35) و شێوەی (3_22) ڕووندەبێتەوە (34%) گەشتیاران کە دەکاتە (168) گەشتیار فاکتەری کەش و هەوای خۆش و سازگار بە پاڵنەری هاتنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە ئەژماردەکەن، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیارانەوە هەیە، چونکە ئەو گەشتیارانەی لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دێن هۆکاری کەش و هەوا پاڵنەریانە بۆ گەشتکردن بۆ ناوچە سازگارەکان، بە تایبەتی شاری سلێمانی و دەوروبەری، (134) گەشتیار بە ڕێژەی (27%) سەرجەمی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە پێیان وایە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری باشی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە هۆکارە بۆهاتنیان، دیارە ئەم گروپەش ئەزموونی سەردانیکردنی پێشووتریان هەیە یان بەجۆرێك لە جۆرەکان گوێبیستی ئەم بابەتە بوون بۆیە بووەتە هۆکاری گەشتکردنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە، (26%) گەشتیاران کە دەکاتە (130) گەشتیار هۆکاری کەسی و حەزی تایبەتی بە هۆکاری هاتنیان ئەژماردەکەن، ئەو گەشتیارانەی نزیکی لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بە پاڵنەری سەردانیکردنیان بۆ شاری سلێمانی دادەنێن لە (18%)ی گەشتیاران پێکدەهێنن، (87) گەشتیاریش کە دەکاتە ڕێژەی (17%) هۆکاری ئاسایش و ئارامی و دۆخی جێگیری ئەمنی بە پاڵنەر دەزانن بۆ گەشتکردن بۆ ناوچەکە، (38) گەشتیاریش کەدەکاتە ڕێژەی (8%) هەرزانی نرخی خزمەتگوزارییەکان بە فاکتەری هاتنیان

دەزانن بۆ ناوچەی توێژینەوە، بەشێکی ئەم فاکتەرانە پەیوەندییان بە لایەنی سروشتی شاری سلێمانیەوە هەیە وەك فاکتەری کەش و هەوا و پێگەی جوگرافی شاری سلێمانی، بەلاَم هەندێکی تریان پەیوەندییان بە فاکتەرە مرۆییەکانەوە هەیە وەك دانیشتوان و لایەنی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و گونجاوی نرخی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، ئەمانەش داواجار دەتوانرێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریی شارەکە سودی لێ ببینرێت لە پێناو ڕازی کردنی گەشتیاران و ڕاکێشانی بە لێشاوی گەشتیاران بۆ سنوری ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی (3_35)

هۆکاری هەڵبژاردنی شاری سلێمانی لە لایەن گەشتیارانەوە

| هۆکارەکان | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|
| خۆشی کەش وهەوا | 168 | 34 |
| هەڵسوکەوتی باشی دانیشتوان لەگەڵ گەشتیاران | 134 | 27 |
| هۆکاری کەسێتی | 130 | 26 |
| نزیکی لە شوێنی نیشتەجێبوون | 92 | 18 |
| دۆخی جێگیری ئەمنی | 87 | 17 |
| هەرزانی نرخی خزمەتگوزارییەکان | 38 | 8 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_22)

هۆکاری هەڵبژاردنی شاری سلێمانی لە لایەن گەشتیارانەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (3_35).

### 3. 1. 24. ئاستەنگەکانی بەردەم هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی

لەگەڵ ئەوەی ساڵانە گەشتیارێکی زۆر رووودەکاتە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام هێشتا پشکی شاری سلێمانی لە هاتنی گەشتیار لە ئاستی پێویستدا نیە، بۆیە پێویستی بەوەیە تەواوی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە لابرێن کە رێگرن لە هاتنی بە لێشاوی گەشتیاران بۆ شارەکە. لە پلەی یەکەم کەمی کات ئاستەنگە لە بەردەم گەشتیاراندا بە رێژەی (31%)، دواتر کەمی داهات بە رێژەی (27%)ی گەشتیاران ئەم ئاستەنگەیان دیاریکردووە وەکو هۆکاری نەهاتن یان کەم هاتنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە، دووری شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیار لە ناوچەی توێژینەو وەك کۆسپ دەسنیشان کراوە بە رێژەی (16%)، زۆری بەربەست و رێکارەکانی هاتنە ناوەوە بۆ شاری سلێمانی وەك زۆری خاڵەکانی پشکنین یان رێکارە ئەمنییەکان رۆڵی هەیە لە دووبارە نەکردنەوەی گەشتکردن لە لایەن بەشێکی گەشتیارانەوە کە دەکاتە رێژەی (14%) گەشتیاران، نەبوونی ئۆتۆمبیلی تایبەتی فاکتەری پێنجەمە لە نەهاتنی گەشتیار یان کەم گەشتکردن ئەوەش بە رێژەی (12%)، سەبارەت بەخراپی رێگەوبانەکان (11%) گەشتیاران بە هۆکاری نەهاتن یان کەم هاتنیان بۆ شاری سلێمانی دادەنێن، لە (10%) گەشتیاران پێیان وایە گرانی نرخی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان هۆکارە بۆ ئەوەی گەشتکردن بۆ ناوچەی توێژینەوە دووبارە نەکەنەوە، ئەوەی پەیوەندیدارە بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ڤایرۆس و پەتا لە پلەیەکی دواتر دێت بە رێژەی (7%)، لە پلەی پاشتر نەبوونی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی گونجاو لەمپەرە بە رێژەی (6%)، بەشێکی دیکەی گەشتیاران بە رێژەی (4%) رەچاو نەکردنی ئاداب و بەهای گشتی و دروشمە ئاینیەکان لە ناوچە گەشتیارییەکان بە فاکتەری دووبارە نەکردنەوەی گەشتکردن بۆ ناوچەی توێژینەوە لە قەڵەم دەدەن، نەبوونی شوێنی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و بەساڵاچووانیش لەو ئاستەنگانەیە لە (3%)ی گەشتیاران وەکو هۆکار دەستنیشانیان کردووە، هەرچی پەیوەندیدارە بە رێگری تەمەن دیسان لە (3%)ی گەشتیاران بە لەمپەری دەزانن لە رێگەی گەشتکردن بۆناوچەی توێژینەوە، هەرچی کەمی و خراپی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانیشە لە ناوچەی توێژینەوە رۆڵی هەیە لە دووبارە نەکردنەوەی سەردانیکردنی گەشتیاران بە رێژەی (3%)، لە کۆتایشدا فاکتەری کەش وهەوا بە رێژەی (3%) وەکو ئاستەنگ دیاریکراوە لە بەردەم هاتنی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی، خشتەی (3_36).

ئەوەی شایەنی باسە بەشێکی ئەم کۆسپ و گرفتانە پەیوەندی بە خودی گەشتیاران و بارودۆخی گوزەران و جۆری ژیان و داهاتی گەشتیارانەوە هەیە، بەڵام بەشەکەی دیکە پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان و لایەنی کارگێڕی شاری سلێمانیەوە هەیە، کە بە رەچاوکردن و بەهەند وەرگرتنی گلەیی و گازندە و سکاڵای گەشتیاران دەتوانرێت بەشێکی بەرچاوی ئەو کۆسپ و تەگەرانە لابرێن، کە گرفت بۆ هاتنی بە لێشاوی گەشتیاران بۆ ناوچەی توێژینەوە دروستدەکەن، کە لە پێشنیاری کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا هەندێ لەو چارەسەر و راسپاردانە دەخەینەڕوو، بە مەبەستی کەمکردنەوەی رێگرییەکان و کار ئاسانی کردنی هاتنی گەشتیاران.

خشتەی (3_36)

ئاستەنگەکانی بەردەم هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی

| ئاستەنگەکان | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|
| کەمی کات | 158 | 31 |
| کەمی داهات | 136 | 27 |
| دووری لە شوێنی نیشتەجێبوون | 81 | 16 |
| زۆری بەربەست و ڕێکارەکانی هاتنە ناوەوە بۆ شاری سلێمانی | 71 | 14 |
| نەبوونی ئۆتۆمبێلی تایبەتی | 61 | 12 |
| خراپی ڕێگەوبانەکان | 55 | 11 |
| گرانی نرخی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان | 48 | 10 |
| بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا | 36 | 7 |
| نەبوونی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی و گونجاو | 31 | 6 |
| ڕەچاو نەکردنی ئاداب و بەهای گشتی و دروشمە ئاینییەکان لە ناوچە گەشتیارییەکان | 18 | 4 |
| نەبوونی شوێنی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و بەساڵاچووان | 16 | 3 |
| ئاستەنگی تەمەن | 15 | 3 |
| کەمی و خراپی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان | 14 | 3 |
| فاکتەری کەش و هەوا | 14 | 3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_23)

ئاستەنگەکانی بەردەم هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (3_36).

**باسی دووەم: ڕۆڵی گەشەی گەشتیاریی لەسەر وەبەرهێنانی پرۆژە گەشتیارییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار لە ناوچەی توێژینەوەدا:**

**3. 2. 1. ڕۆڵی گەشەی گەشتیاریی لەسەر وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزار لە شاری سلێمانی:**

هەر وەك لە پێشووتر ئاماژەمان پێداوە کەرتی گەشتوگوزار بایەخێکی زۆری لە تەواوی وڵاتانی جیهان بە تایبەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا هەیە، بەهۆی جۆراوجۆرکردن و زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نیشتیمانیی، سەرەڕای پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووریی و نەهێشتنی بێکاریی، چونکە کەرتی گەشتیاریی هاندەرە بۆ ڕاکێشانی زۆرترین بڕی سەرمایەی ناوخۆیی و دەرەکی بە هۆی زۆری بوارەکانی وەبەرهێنان و خستنەگەڕی سەرمایە هەر لە دروستکردنی هۆتێل و ڕیستۆرانت و پارك و شاری یاری و ڕێگاوبان و فرۆکەخانە و سەنتەری وەرزشی و شاری گەشتیاریی و هتد..[1]

وەبەرهێنانی گەشتیاریی پێناسە دەکرێت بەوەی توانای ئاراستەکراوە بۆ پێکهێنانی سەرمایەی مادی و مرۆیی لە بواری گەشتیاریی، بە مەبەستی چاککردن و زیادکردنی توانای بەرهەم هێنان و ئامادەکردنی کادیری گەشتیاریی بە توانا و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر لەڕێگەی گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی گەشتیاریی وەك هۆتێل و ڕیستۆرانت و کافتریا و شاری یاری و پارك وهتد[2]...

وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە سامانی گەشتیاریی سروشتی و مرۆیی یان لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان سودی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کلتوری و ژینگەیی زۆری دەبێت لە چوارچێوەی ناوچەی توێژینەوەدا. مەبەست لە وەبەرهێنانی گەشتیاریی ئاراستەکردنی سەرمایە و پاشەکەوت کردنە لە دروستکردن و بنیادنانی پرۆژەی گەشتیاریی لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرمایە و پاشەکەوتەوە بۆ کڕین و بەرهەم هێنانی کەرەستە و ئامێر و باڵەخانە، کە بەهۆی وەگەڕخستن و بەکارهێنانی ئەو سەرمایەوە زیادەی توانای وەبەرهێنان ڕوودەدات کە ئەمەش دەبێتە فاکتەری دەستکەوتنی خزمەتگوزاریی زیاتر و باشتر بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگا[3].

بەگوێرەی توێژینەوەکە کەرتی گەشتوگوزار بە کەرتێکی گرنگی ئابووریی دادەنرێت لە شاری سلێمانی دا کە پاڵپشت و یارمەتیدەری کەرتە ئابوورییەکانی دیکە دەبێت بۆ پرۆسەی پەرەپێدان و بووژانەوەی ئابووریی شارەکە، لە ناویشیاندا کرداری وەبەرهێنانی گەشتیاریی بەڕەگەزێکی بنچینەیی و سەرەکی لە ڕەگەزەکانی پەرەپێدانی ئابووریی ئەژمار دەکرێت ئەگەر بێتو بارودۆخێکی گونجاو بڕەخسێت بۆ وەبەرهێنانی تەواوی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە، چونکە ناوچەی توێژینەوە دەوڵەمەندە بە بنەما سروشتی و مرۆییەکان کە ئەگەر هاتوو وەبەرهێنانی زانستی تێدا بکرێت لە ڕووی گەشتیارییەوە دەتوانێت ساڵانە ملیونان گەشتیار بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

---

(1) عبدالكريم ياسين أسود الفارس العزاوي، أثر التفكير الإستراتيجي و الإبداع التنظيمي على عوامل الجذب السياحي في محافظة الديالي، أطروحة الدكتوراه(غير منشورة)، جامعة سانت كليمنتس العالمية، قسم إدارة و اقتصاد، 2013، ص91.

(2) السايح سعيدة، باهي فتحية و حداء مسعودة، دور الاستثمار الأجنبي المباشر في تنمية الأستثمار السياحي دراسة حالة الجزائر الفترة (2006_2016)، رسالة ماجستر(غير منشورة)، جامعة الشهيد لحمه خضر بالوادي، كلية العلوم الأقتصادية و التجارية وعلوم التسيير، الجزائر، 2018، ص9.

(3) يونس على أحمد ولاڤە آراس أبراهيم، تأثير الازمة المالية على النشاط السياحي _ أقليم كردستان كحالة دراسة، المجلة العلمية لجامعة جيهان _ السليمانية، المجلد(4)، العدد(1)، 2020، ص128.

شاری سلێمانی یە کێکە لە ناوچە گرنگەکانی عێراق بۆ کرداری وەبەرهێنانی گەشتیاریی، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بوونی دەیان بنەمای سروشتی ومرۆیی و مێژووی و شارستانی کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی و ئابووریی سود لەو بنەمایانە وەربگیرێت بۆ بووژانەوەی کەرتی ئابووریی شارەکە. سەیرانگای سەرچنار و ئەشکەوتی هەزار مێرد، چیای ئەزمەڕ و گوێژە و بنەما خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان وەك هۆتێل و ڕیستۆرانت و کافی و یانە و مۆزەخانەکان و بەردەرکی سەرا، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین هاوینەهەوار و قەڵای مێژوویی لە نزیك شاری سلێمانی دا، وەك ئەحمەدئاوا و ئاوێسەر و دوکان کە دەتوانرێت وەبەرهێنانی گەورەی تێدا ئەنجام بدرێت کە گەشتیارێکی زۆر بۆلای خۆی ڕابکێشێت لە ئەنجامیشدا گەشتیاران وەك بەشێك لەپرۆسەی تەواوکاری گەشتەکەیان سەردانی شاری سلێمانیش بکەن.

سەبارەت بە ئاستی وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی 2006 بۆ 2020 بە بڕی (1.412.990.473) دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزاردا کراوە، زۆرترین بڕی وەبەرهێنان لە ساڵی 2014 کراوە بە گوژمەی سەرمایەی (590352500) دۆلاری ئەمریکی، کە (71%)ی سەرجەمی بڕی وەبەرهێنان بووە لە تەواوی هەرێمی کوردستان لەوساڵەدا، هەرچی پەیوەندیدارە بە ئاستی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم ئەوا دەردەکەوێت زۆرترین بڕی وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە پارێزگای هەولێر بەتایبەتی لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە، کە دەگاتە نزیکەی (5) ملیار دۆلاری ئەمریکی، هەرچی پارێزگای دهۆکە بڕی (850) ملیون دۆلاری بەمەبەستی وەبەرهێنانی گەشتیاریی تێدا خەرج کراوە. سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەی پرۆژەی گەشتیاریی لە خشتەی (3_37) دەردەکەوێت پارێزگای هەولێر بە (82) پرۆژە، کە دەکاتە (51%)ی کۆی پرۆژە گەشتیارییەکان پێشەنگی وەبەرهێنانی گەشتیاریی گرتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و گرنگیەکی زیاتری پێدەدرێت لەڕووی خزمەتگوزاریی و گەشتیارییەوە، لە لایەکی دیکەشەوە وەبەرهێنەران زیاتر هاندەدرێن ڕوو بکەنە ئەو شارە بۆ وەبەرهێنان بەتایبەتی لەبواری گەشتیاریدا، هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی شاری هەولێر بە پایتەختی گەشتیاریی عەرەبی لە ساڵی 2014 کە ئەمەش وەکو پاڵنەر و هاندەرێك وابوو بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و عێراقی و عەرەبی وەبەرهێنانی گەشتیاریی بکەن لە شاری هەولێر و پارێزگاکە بە گشتی. دواتر پارێزگای دهۆك دێت بە (59) پرۆژەی گەشتیاریی کە دەکاتە (37%)ی کۆی پرۆژە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان لە پاش ساڵی 2006، بوونی چەندین بنەمای سروشتی و مرۆیی و شارستانی و مێژوویی و نزیکی شاری دهۆك لە سنوری تورکیا و نزیکی لە شاری موسڵ کە دووەم قەرەباڵغترین شاری عێراقە لە ڕووی قورسایی دانیشتوان وایکردووە بەشێوەیەکی گشتی پارێزگای دهۆك وبەتایبەتی شاری دهۆك بایەخی تایبەتی خۆی هەبێت لە ڕووی وەبەرهێنانی گەشتیارییەوە. سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کە (20) پرۆژەی گەشتیاریی تێدا ئەنجامدراوە بەڕێژەی (12%)، لەو ژمارەیە وەکو لە خشتەی (3_38) ئاماژەمان پێداوە (14) پرۆژەی گرنگی گەشتیاریی لەشاری سلێمانی کە ناوچەی توێژینەوەی ئێمەیە وەبەرهێنراوە کە دەکاتە (9%) سەرجەمی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. پارێزگای هەڵەبجەش تەنها دوو پرۆژەی گەشتیاریی تێدا وەبەرهێنراوە کە دەکاتە ڕێژەی (1%) کۆی پرۆژەی وەبەرهێنراوی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان لە پاش ساڵی 2006. لەگەڵ ئەوەی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە خاوەنی بنەمای سروشتی و مرۆیی و شارستانی و مێژوویی بەهێزن لە ڕووی گەشتوگوزارەوە بەڵام کەمترین وەبەرهێنانی گەشتیاریی تێدا ئەنجامدراوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە

بۆ گرنگی نەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم ناوچانە لە ڕووی وەبەرهێنانەوە و تیشك خستنە سەر هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك و هاندانی وەبەرهێنەران بۆ وەبەرهێنان لەو دوو پارێزگایە، لەلایەکی دیکەشەوە ململانێی سیاسی و ناکۆکی سیاسی و کارگێڕی و نەبوونی ئیدارەدانێکی شەفاف و تەندروست و بوونی ڕۆتین و گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و بەهەدەردانی ماڵی گشتی وای کردووە کەمترین پرۆژەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی لەم دوو پارێزگایەی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت کە ناوچەی توێژینەوەش بەشێکە لەم ناوچەیە

خشتەی (3_37)

ژمارە و ڕێژە و سەرمایەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی بە گوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2006 بۆ 2020)

| – | سلێمانی و هەڵەبجە* | هەولێر | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پرۆژە | 20 | 82 | 59 | 161 |
| ڕێژە% | 12 | 51 | 37 | 100 |
| کۆی سەرمایە | 1412990473 | 5530887924 | 853646492 | 7797524889 |
| ڕێژە% | 18 | 71 | 11 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی گشتی وەبەرهێنان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2021.

زۆرترین بڕی سەرمایەی وەبەرهێنان لە هۆتێلی پێنج ئەستێرەی شاری جوان کراوە بە گوژمەکەی (400) ملیون دۆلاری ئەمریکی، پاشان شاری یاری چاڤی لاند بە گوژمەی (197) ملیون دۆلار، دواتر پرۆژەی گەشتیاریی داون تاون دێت بە بڕی سەرمایەی (195) ملیون دۆلاری ئەمریکی، دواتر هەردوو پرۆژەی بازرگانی و گەشتیاریی ماجدی مۆڵ و فامیلی مۆڵ دێن بە بڕی سەرمایەی (134) و (100) ملیون دۆلاری ئەمریکی بەدوای یەکدا، هەروەها هەر دوو پرۆژەی هۆتێل ڕامادا بە گوژمەی سەرمایەی (39) ملیون دۆلار و کۆلەك مۆڵ بە بڕی سەرمایەی (15) ملیون دۆلار ، ئەمە لەگەڵ چەندین پرۆژەی وەبەرهێنانی دیکە کە سەرمایەی هەریەکەیان لە نێوان (1 بۆ 5) ملیون دۆلار دایە. زۆرترین بڕی وەبەرهێنان لە شاری سلێمانی دا لە هۆتێل شاری جوان کراوە لە کاتێکدا تەنها توانیوویەتی هەلی کار بۆ (200) کەس بڕەخسێنێت، لە کاتێکدا پرۆژەی شار ی یاری چاڤی لاند نیوەی گوژمەی هۆتێل شاری جوانی بۆ خەرج کراوە واتە (197) ملیون دۆلار بەڵام توانیوویەتی هەلی کار بۆ نزیکەی (500) کەس بڕەخسێنێت، هەروەها پرۆژەی گەشتیاریی شاری یاری چاڤی لاند ڕۆڵی کاریگەریی هەیە لە ڕاکێشانی دەیان هەزار گەشتیاری ساڵانە بۆناوچەی توێژینەوە. هەروەها پرۆژەی بازرگانی و گەشتیاریی فامیلی مۆڵ (100) ملیون دۆلاری تێدا خەرج کراوە لە کاتێکدا توانای ڕەخساندنی هەلی کاری بۆ زیاتر لە (250) کەس هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە مەرج نیە ئەو پرۆژەی بڕی وەبەرهێنانی زیاتری تێدا بکرێت سودی ئابووریی زیاتر بێت بەڵکو هەندێ جار بە بڕێ سەرمایەی کەمتر دەتوانرێت وەبەرهێنانی گەورەتر و ئابووریی تر ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە ڕووبەرەی پرۆژەکانی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی دا بۆمان دەردەکەوێت زۆرترین ڕوبەر شاری یاری

*شاری هەڵەبجە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانی بووە تا ساڵی 2014، بەڵام بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 بەدواوە بە فەرمی وەکو پارێزگا ناسێنراوە.

چاڤی لاند داگیری کردووە، کە دەکاتە نزیکەی (333) دۆنم لە کاتێکدا هۆتێل بەیروت تەنها (1) دۆنم زەوی داگیرکردووە، هۆتێل شاری جوان (116) دۆنمی داگیرکردووە، پاشان فامیلی مۆڵ (80) دۆنم و ماجدی مۆڵ (40) دۆنم، پرۆژەی گەشتیاریی بەهەشتی گەنجان (6) دۆنم و هۆتێل و ڕێستۆرانتی داوا (5) دۆنم، هەریەکە لە هۆتێل ڕامادا و داون تاون (3) دۆنم و کۆڵەك مۆڵ (10) دۆنم. گرنگترین ئەو کۆسپانەی دێنە بەردەم وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی دەتوانین ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین:

1. گرنگترین گرفتی بەردەم وەبەرهێنانی گەشتیاریی لەشاری سلێمانی وەك تەواوی هەرێمی کوردستان ئابووریی شارەکە پشتی بەداهاتی نەوت بەستووە بۆ پارەدارکردنی پرۆژەکان ئەمەش لایەنی دارایی دووچاری هەڵکشان و داکشان کردووە.

2. ڕێژەی مووچەخۆران لەشاری سلێمانی بەهەردوو کەرتی گشتی وتایبەت نزیك دەبێتەوە لە (93%)، ئەمەش بووەتە کۆسپ لەبەردەم گەشەی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان لە ناویشیاندا وەبەرهێنانی گەشتیاریی.

3. نەبوونی نامەرکەزی کارگێڕی و دارایی و ڕامیاری، زۆری ڕۆتین و گەندەڵی لە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ناویشیاندا شاری سلێمانی.

4. نەبوونی سیستمی بانکی پێشکەوتوو کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پرۆسەی پارەدارکردن و وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە شارەکەدا لاواز و سست کردووە.

5. پەیڕەوکردنی سیاسەتی بازاڕی ئازاد و نەبوونی شەفافیەت و لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران، جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی لە شارەکەدا دروست کردووە بووەتە هۆی پەیدا بوونی چینێکی زۆرسەرمایەدار لە سەر حیسابی چینێکی هەژار، ئەمەش چینە سەرمایەدارە مشەخۆرەکەی هانداوە زیاتر لەو بوارانە وەبەرهێنان بکەن کە زۆرترین داهات و دەستکەوتی مادی بۆخۆیان تێدا بێت نەك بۆ دانیشتوانی شارەکە.

6. لە (88%)ی ئەوانەی لە کەرتی گەشتوگوزار کاردەکەن لە ڕەگەزی نێرن و (12%)ی تریش لە ڕەگەزی مێ ، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە توێژی مێ بەشداریان لەپرۆسەی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە شارەکەدا کەمە و ئەمەش دواجار لە زیانی پرۆسەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی دەبێت.

7. یەکێکی دیکە لە لەمپەرەکانی پرۆسەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە شارەکەدا نەبوونی کادیری بە ئەزموون خاوەن لێهاتوویی و پسپۆڕی تایبەت بە گەشتوگوزارە، بەگوێرەی داتا بەردەستەکان تەنها لە (3%)ی ئەوانەی لە کەرتی گەشتوگوزار کاردەکەن خاوەن بڕوانامە یان پسپۆڕی تایبەت بە گەشتوگوزارن ئەمەش کرداری وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە شارەکەدا لاواز کردووە.

8. نەبوونی هوشیاری لای بەشی هەرەزۆری وەبەرهێنەران لە بواری گرنگی کەرتی گەشتوگوزار لەسەر گەشەی ئابووریی.

9. ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە عێراق دا ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر شاری سلێمانی هەیە، چونکە ناوبانگی خراپی عێراق لە ڕووی ئەمنی و سیاسیەوە وادەکات گەشتیاری بیانی بە تایبەتی ئەو گەشتیارانەی لە وڵاتە پێشکەوتوو و پارەدارەکانەوە ڕوونەکەنە شاری سلێمانی ڕێژەیان کەم بێت، بەمەش کەرتی گەشتیاریی بوژانەوەی گەورە بە خۆوە نابینێت ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێ لای وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانیی دروستدەکات بۆ وەبەرهێنان لە شارەکەدا.

خشتەی (3_38)

پرۆژەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (2006_ 2020)

| ژ | ناوی پرۆژە | جۆر | ساڵی دامەزراندن | تێچوو/ ملیون دۆلار | ڕووبەر/ دۆنم | شوێن | هەلی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شاری یاری چاڤی لاند | گەشتیاریی | 2009 | 197 | 332.28 | دەباشان | 500 |
| 2 | هۆتێل شاری جوان | deluxe | 2007 | 400 | 116 | ئابلاغ | 200 |
| 3 | فامیلی مۆڵ | بازرگانی و گەشتیاریی | 2013 | 100 | 80 | شەستی | 250 |
| 4 | ماجدی مۆڵ | بازرگانی و گەشتیاریی | 2010 | 138 | 40 | قلیاسان | 250 |
| 5 | هۆتێل ڕیستۆرانتی داوا | 5 ئەستێرە | 2013 | 12 | 5 | قولەرەیسی | 50 |
| 6 | هۆتێل ڕامادا | 5 ئەستێرە | 2013 | 39 | 3 | شەقامی سالم | 120 |
| 7 | داون تاون | گەشتیای | 2014 | 195 | 3 | سەرچنار | 40 |
| 8 | کۆڵەک مۆڵ | گەشتیاریی | 2021 | 15 | 10 | شەقامی مەولەوی | 100 |
| 9 | بەهەشتی گەنجان | گەشتیاریی | 2018 | 3 | 6 | قولەرەیسی | 40 |
| 10 | هۆتێل بەیروت | 5 ئەستێرە | 2007 | 3 | 1 | سەرچنار | 30 |
| 11 | هۆتێل های کرست | 5 ئەستێرە | 2014 | 3 | 2 | بەکرەجۆ | 156 |
| 12 | تایتانیک | 5 ئەستێرە | 2017 | 4 | 8 | بناری گۆیژە | 100 |
| 13 | ملنیۆم کوردستان | 5 ئەستێرە | 2019 | 4.5 | 7 | مەلیك مەحمود | 78 |
| 14 | ڕێستۆرانت کافتریای پاین هاوس | 5 ئەستێرە | 2016 | 1 | 2 | سەرچنار | 25 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشست بەستن:

1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی گشتی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی پارێزگای سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی کاروباری گەشتیاریی، زانیاری بڵاونەکراوە، 2109.

### 3. 2. 2. ڕۆڵی گەشتوگوزار لە ڕەخساندنی هەلی کار لە شاری سلێمانی

بێکاریی دیاردەیەکی ئابووریی و کۆمەلأیەتی مەترسیدارە لە ئەمرۆدا بەرۆکی زۆر وڵاتی جیهانی گرتووە، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی خێرای دانیشتوان و نەبوونی پلانی ئابووریی بەهێز و نادادپەروەری کۆمەلأیەتی و خراپ بەکارهێنانی دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان لە وڵاتاندا دروست دەبێت. بێکاریی پێناسە دەکرێت بەوەی داواکاری لەسەر کار زیاترە لە خستنەڕووی، بەمانایەکی دیکە زۆری دەستی کار دێت لە بەرامبەر کەمی هەلی کاردا، هەروەها ئەو کەسانەی بەهێزی کار ئەژمار دەکرێن و توانا و حەز و ویستی کارکردنیان هەیە بەلأم بە هۆکارێك لە هۆکارەکان هەلی کاریان بۆ نەڕەخساوە بێکار دەوترێت. هێزی کار هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەتەمەنی کارکردندان و توانای کاریان هەیە و دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت لە چالاکیە ئابوورییە جیاوازەکاندا، ئەمەش هەموو ئەوانەی لێدەردەکرێت کە توانای کارکردنیان نیە وەك منداڵانی خوار تەمەن (15) ساڵ و بەساڵاچووان ئەوانەی لە سەرووی (65) ساڵەوەن، هەروەها کەم ئەندام و بەندکراوان و ژنی ماڵەوە ئەوانەی خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی ماڵەوە تەرخان کردووە لەگەڵ خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن[1]. کەواتە پێناسەی سەرەوە پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت ئەویش توانای تاك و حەزوویستی تاکە کەسی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەنجامدانی کار، ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە فاکتەری تەمەن ڕێگەیان پێدەدات و بەکردارەکی لە کەرتێکی ئابوورییدا کار دەکەن، ئەوانەشی توانای کارکردنیان هەیە بەلأم هێشتا دەرفەتی کاریان بۆ نەڕەخساوە و دەگەڕێن بە شوێن کاردا. سەبارەت بە دەستی کار لە تەواوی خزمەتگوزارییە جیاوازە گەشتیارییەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە (17564) کرێکار، کە دەکاتە لە (3.5%) سەرجەمی دەستی کار لە تەواوی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوە، زۆرترین ژمارەی دەستی کار لە ڕیستۆرانت و خواردنگە گەشتیارییەکاندایە کە دەگاتە (7390) کرێکار. لێرەدا بە پەیوەندی دەستی کار و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان ڕوندەکەینەوە.

3. 2. 2. 1. دەستی کار لە شوێنی مانەوە (هۆتێل و مۆتێل):

سەبارەت بە هۆتێلەکان زۆرترین ژمارەی دەستی کار لە هۆتێلە پێنج ئەستێرەکانە کە دەکاتە (700) کرێکار، لە کاتێکدا ژمارەی هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان لە ناوچەی توێژینەوە تەنها (7) دانە تۆمارکراوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و تایبەتمەندی و خزمەتگوزاریی جیاواز، کە ئەم هۆتێلانە پێشکەشی میوانانی دەکەن لە ڕیستۆرانت و کافی و شوێنی خواردنەوە و شوێنی مەلەوانی و مەساج و هۆڵی وەرزشی و هتد.. ئەمەش پێویستی بەدەستی کرێکاری زۆر هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەشە جیاوازانە. لەپاش هۆتێلی پێنج ئەستێرە هۆتێلە میللیەکان پلەی دووەمیان وەرگرتووە لە ڕەخساندنی هەلی کار کە دەکاتە (355) کرێکار، هۆکاری ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی هۆتێلە میللیەکان دەگەڕێتەوە کە دەگاتە (71) هۆتێللی میللی لەناوچەی توێژینەوە، واتە لە کاتێکدا هۆتێلە میللیەکان لە (47%) ی کۆی هۆتێلەکانە تەنها (20٪)ی کۆی دەرفەتی کاری لە سێکتەری هۆتێلەکان ڕەخساندووە، لە کاتێکدا هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان (4.6%)ی سەرجەم هۆتێلەکانە بەلأم دەرفەتی کاری بۆ (39.4%)ی هاوڵاتیان ڕەخساندووە، خشتەی (3_39).

(1) عباس فضل رسن، تنوع مجالات الاستثمار السياحي في مدينة كربلاء المقدسة و دورها في معالجة البطالة، مجلة أهل البيت، العدد الخامس العشر، ص276.

خشتەی (3_39)

ژمارەی دەستی کار لە هۆتێلەکانی شاری سلێمانی

| جۆر | میللی | 1 ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | 5 ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 71 | 33 | 14 | 14 | 12 | 7 | 151 |
| ڕێژە% | 47 | 21.8 | 9.3 | 9.3 | 7.9 | 4.6 | 100 |
| دەستی کار | 355 | 231 | 140 | 168 | 180 | 700 | 1774 |
| ڕێژە% | 20 | 13 | 7.8 | 9.4 | 10.1 | 39.4 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری بازرگانی، داتای بڵاونەکراوە، 2020.

2. فۆڕمی ڕاپرسی.

مۆتێلەکانیش هاوشانی هۆتێلەکان پاڵپشتی ڕەخساندنی هەلی کارن لە ناوچەی توێژینەوەدا، هەرچەندە مۆتێلەکان بەراورد بە هۆتێلەکان ژمارەیان کەمترە بۆیە توانای ڕەخساندنی هەلی کاریان کەمترە ئەگەر بەراورد بکرێن بە هۆتێلەکان کە (3.1%) هەلی کارە لە بەرامبەر (10.1%) هەلی کار، هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی مۆتێلەکان دەگەڕێتەوە کە (87) مۆتێلە  بەراورد بە ژمارەی هۆتێلەکان کە (151) دانەیە، هەروەها مۆتێلەکان لە ڕووی تایبەتمەندێتی و گەورەییەوە لە ئاست کوالێتی هۆتێلەکاندا نین، سەرەڕای ئەوەی ژمارەی ژورەکانی مۆتێلەکان بەراورد بە هۆتێلەکان کەمترە، لە لایەکی دیکەشەوە مۆتێلەکان پێویستیان بە دەستی کاری کەمتر هەیە بەراورد بە هۆتێلەکان. لە زانیارییەکانی خشتەی (3_40) دەردەکەوێت ژمارەی مۆتێلی یەك ئەستێرە زۆرترین ڕێژەی مۆتێلەکانی داگیرکردووە کە دەکاتە (48) مۆتێل بە ڕێژەی (55%) سەرجەمی مۆتێلەکان کە بە ڕێژەی (43.9%)ی دەرفەتی کاری بۆ کۆی کرێکارانی کەرتی مۆتێلەکان ڕەخساندووە، لە پاشان مۆتێلی دوو ئەستێرە دێت کە ڕێژەی (27%) دەبێت و دەرفەتی کاری بۆ (29.4%) ی کرێکارانی کەرتی مۆتێلەکان ڕەخساندووە، مۆتێلی سێ ئەستێرە (17%) ی کۆی مۆتێلەکانی شاری سلێمانیە و توانیوویەتی (24.7%) کۆی دەرفەتی کار بۆ کرێکارانی کەرتی مۆتێلەکان بڕەخسێنێت.

خشتەی (3_40)

ژمارە و ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی مۆتێلەکانی شاری سلێمانی

| جۆر | 1 ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 48 | 23 | 15 | 1 | 87 |
| ڕێژە% | 55 | 27 | 17 | 1 | 100 |
| دەستی کار | 240 | 161 | 135 | 10 | 546 |
| ڕێژە% | 43.9 | 29.4 | 24.7 | 1.8 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری بازرگانی، داتای بڵاونەکراوە، 2020.

2. فۆڕمی ڕاپرسی.

3. 2. 2. 2. دەستی کار لە ڕێستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگەکان:

هەروەکو لە خشتەی (3_41) ئاماژەی پێدراوە ژمارەی ڕێستۆانت و چێشتخانە و خواردنگە لە شاری سلێمانی دەگاتە (592) دانە، کە ڕێستۆرانتی یەك ئەستێرە (267) دانەیە و توانیویەتی زۆرترین ژمارەی هەلی کار بڕەخسێنێت بە (2540) هەلی کار، دواتر ڕێستۆرانتی چوار ئەستێرە بە ڕەخساندنی (1870) هەلی کار پلەی دووەمی وەرگرتووە، دواتر ڕیستۆرانتی سێ ئەستێرە بە (1382) هەلی کار و دوو ئەستێرە بە (1288) هەلی کار پلەی سێیەم و چوارەمیان وەرگرتووە، هەرچی ڕێستورانتی پێنج ئەستێرەیە بەهۆی کەمی ژمارەی لە ناوچەی توێژینەوە، کە بەگوێرەی داتای ساڵی 2019 تەنها (7) دانە تۆمارکراوە (310) هەلی کاری ڕەخساندووە، کەواتە کۆی سێکتەری ڕیستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگە خێراکان لە ناوچەی توێژینەوە توانییویەتی هەلی کار بۆ (7390) کەس بڕەخسێنێت، کە ئەمەش بەراورد بە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی دیکە ژمارەی زیاترە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێستۆرانت و چێشتخانەکان ژمارەیان زۆرە و لەلایەکی دیکەشەوە بەراورد بە سێکتەرەکانی دیکە پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆری ستافی بەڕێوەبردن و چێشت لێنەر و کرێکار هەیە.

خشتەی (3_41)

ژمارە و ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی جۆری ڕیستۆرانت و خواردنگەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020

| جۆر | 1 ئەستێرە | 2 ئەستێرە | 3 ئەستێرە | 4 ئەستێرە | 5 ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 267 | 132 | 106 | 80 | 7 | 592 |
| ڕێژە% | 45.1 | 22.2 | 17.9 | 13.5 | 1.1 | 100 |
| دەستی کار | 2540 | 1288 | 1382 | 1870 | 310 | 7390 |
| ڕێژە% | 35 | 17 | 19 | 25 | 4 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری بازرگانی، داتای بڵاونەکراوە، 2020.

2. فۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_24)

ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی جۆری ڕێستۆرانتەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (3_41).

3. 2. 2. 3. دەستی کار لە کافتریا و گازینۆ و یانە و سەیرانگا و کۆشکی گەشتیاریی:

سەبارەت بە دەستی کار لە کافتریا و گازینۆ و یانە و سەیرانگا و کۆشکە گەشتیارییەکان، ئەوا بە گوێرەی داتاکانی خشتەی (3_42) دەردەکەوێت (3475) هەلی کاری لەناوچەی توێژینەوەدا ڕەخساندووە، کە بەم شێوەیە دابەشبوون، کافتریاکان (1690) هەلی کار، یانەکان (940) هەلی کار، گازینۆکان (535) هەلی کار، کۆشکە گەشتیارییەکان (210) هەلی کار و سەیرانگاکان (100) هەلی کار، ڕێژەی ئەوانەی کار دەکەن لەم سێکتەرانە (19.7%)ی سەرجەمی ئەوانە دەگرێتەوە کە لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان خەریکی کارکردنن، کافتریا و گازینۆکان ڕێژەی (64%)ی کۆی کرێکاران لەم سێکتەرانەی ئاماژەی پێدراوە پێکدەهێنن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی کافتریا و گازینۆکان کە ژمارەیان (308) دانەیە، بەگوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی (50%)ی ئەوانەی لە کافتریاکان کار دەکەن دانیشتووی ناوچەی توێژینەوەن و (50%)ی دیکەش دانیشتووی دەرەوەی ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی (3_42)

ژمارەی دەستی کار لە کافتریا و گازینۆ و یانە و سەیرانگا و کۆشکە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020

| جۆر | کافتریا و گازینۆ | یانە | سەیرانگا | کۆشکی گەشتیاریی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 308 | 123 | 3 | 42 | 476 |
| دەستی کار | 2225 | 940 | 100 | 210 | 3475 |
| ڕێژە% | 64 | 27 | 3 | 6 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری بازرگانی، داتای بلاْونەکراوە، 2020.
2. فۆڕمی ڕاپرسی.

3. 2. 2. 4. دەستی کار لە شاری یاری و مۆڵ و نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان:

بە گوێرەی داتاکانی خشتەی (3_43) شاری یاری و نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان و مۆڵەکان کە هەم وەکو سێکتەری بازرگانی هەمیش وەك خزمەتگوزاریی گەشتیاریی ڕۆڵیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە، و پێکەوە توانیویانە ببنە هۆکاری ڕەخساندنی هەلی کار بۆ (3900) کەس، لەناو ئەم خزمەتگوزارییانەدا مۆڵەکان پشکی گەورەیان بەردەکەوێت لە ڕەخساندنی هەلی کار بە (2550) کەس. مۆڵەکان لە بەر ئەوەی چەند مۆڵێکی گەورەن و لە سەر ڕووبەرێکی فراوانی زەوی دروستکراون و بڕی سەرمایەی وەبەرهێنانی گەورەیان بۆ تەرخان کراوە وەك (فامیلی مۆڵ، ماجدی مۆڵ، کاسۆ مۆڵ، زارا مۆڵ، سیتی ستار مۆڵ، سیتی سەنتەر مۆڵ، کۆڵەك مۆڵ)، هەروەها زۆربەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان لەم مۆڵانەدا هەیە وەکو خواردن وخواردنەوە و شوێنی یاری کردنی منداڵ و شوێنی پشوودان و بازاڕیکردن و هتد.. بۆیە گەشتیارێکی زۆر ڕوویان تێدەکات بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و لە وەرزی زستان، کە پلەکانی گەرما بۆ چالاکی گەشتیاریی لە دەرەوەی شوێنە داخراوەکان گونجاو نیە، ئەمەش بووەتە فاکتەری ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو هەلی کار بڕەخسێنن. دواتر شاری یارییەکان (600) هەلی کار و لە پاشتریش نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان هەریەکەیان بە (480) و (270) هەلی کار، دواتر هەریەکە لە سەنتەرەکانی لەشجوانیی (ڕەشاقە) و مەساج و هۆڵەکانی

ئاهەنگ گێڕان و هۆڵی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و نوسینگەکانی بەکرێدانی ئۆتۆمبیل، کە وەک خزمەتگوزاریی تەواوکاری گەشتیاریی ئەژمار دەکرێن، توانیوویانە هەلی کار بۆ (479) کەس برەخسێنن، بڕوانە شێوەی (3_25).

خشتەی (3_43)

ژمارەی دەستی کار لە شاری یاری و مۆڵ و نوسینگە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020

| جۆر | شاری یاری | نوسینگەی گەشتیاریی | کۆمپانیای گەشتیاریی | مۆڵ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 3 | 120 | 90 | 51 | 264 |
| دەستی کار | 600 | 480 | 270 | 2550(*) | 3900 |
| ڕێژە% | 15 | 12 | 7 | 65 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری بازرگانی، داتای بلاونەکراوە، 2020.

2. فۆرمی ڕاپرسی.

شێوەی (3_25)

ژمارە و ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان لە ساڵی 2020




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، زانیاری بلاونەکراوەن 2020.

2. فۆرمی ڕاپرسی.

---

(*) ئەو ژمارەیە تەنها کارمەندانی مۆڵەکان دەگرێتەوە، لە فەرمانبەر و پاسەوان (security) و پاککەرەوە و کارگێڕی و هونەری، ئەوانە ناگرێتەوە لە فرۆشگا و کۆشکەکانی ناو مۆڵەکان کاردەکەن.

3. 2. 2. 5. دەستی کار بەگوێرەی ڕەگەزنامە:

ئەوەی پەیوەندیدارە بە ڕەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی کرێکارانی کەرتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە خشتەی (3_44) ڕووندەبێتەوە ڕێژەی (52.3%) کە (9200) دەستی کار دەکات دانیشتووی ناوچەی توێژینەوەن، کە بەرزترین ڕێژەی هەلی کار پێکدەهێنن، دواتر ئەو هاوڵاتیە کوردانەن کە دانیشتووی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانن کە ژمارەیان (3646) کە بە ڕێژەی (20.7%) سەرجەمی کرێکاران، ئەمانەش بە هۆی نەبوونی هەلی کار لە شارەکانی خۆیاندا ڕوویانکردۆتە شاری سلێمانی، لە پلەی سێیەم ئەو هاوڵاتیانەی ناوەڕاست وباشووری عێراقن کە ژمارەیان (1850) کەسە و ڕێژەی (10.5%) پێکدەهێنن، ئەمانەش بەهۆی بارودۆخی ناجێگیری ئەمنی و سیاسی و نەبوونی دەرفەتی کار لەشارەکانی خۆیاندا ڕوویانکردۆتە ناوچەی توێژینەوە بۆ کارکردن و لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکاندا خەریکی کارکردنن، هەرچی کرێکاری وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە وەك هیند و بەنگلادیش و فیلیپین و چین، پلەی چوارەمیان وەرگرتووە کە ژمارەیان (1620) کەسە بە ڕێژەی (9.2%)، ئەمانەش زیاتر لە هۆتێلەکان و یانەکان و ڕیستۆرانتەکان و خزمەتگوزاری مەساج و کافتریاکان خەریکی کارن، ئەم وڵاتانەی ئاماژەمان پێداوە بە هۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان و نەبوونی دەرفەتی کار بۆ ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان بەشێکی بەرچاوی هاوڵاتی ئەو وڵاتانە کۆچ دەکەن بۆ وڵاتانی دیکە بۆ دۆزینەوەی کار تەنانەت بەهۆی هەژاری ئەو وڵاتانەوە و قەرەباڵغی زۆر و دەستی کاری لەڕادەبەدەر ئاستی داهاتی تاکەس نزمە و کرێکارانی ئەو وڵاتانە ئامادەن بە کرێ ی مانگانەی کەمتر لە دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان کار بکەن، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت لە دامەزراوە گەشتیارییەکان کرێکاری وڵاتانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، بەتایبەتی وڵاتانی بەنگلادیش و فیلیپین و هیند و نیپاڵ.

هەرچی دەستی کاری وڵاتانی عەرەبیە وەك لوبنان و ئەردەن و فەلەستین و سوریا ژمارەیان دەگاتە (378) کەس بە ڕێژەی (2.1%)، لە پاشان کوردی ڕۆژئاوا ڕێژەی (1.9%) سەرجەمی دەستی کار پێکدەهێنن کە ژمارەیان (351) کەسە، بەشێکی زۆری ئەوانە بەهۆی قەیرانی سوریاوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و لە سێکتەرە گەشتیارییەکاندا سەرقاڵی کارن، کوردی باکوور و کوردی ڕۆژهەڵات هەریەکەیان ڕێژەی (0.6%) سەرجەمی دەستی کار پێکدەهێنن، ڕەگەزنامەی تورکی (0.3%) دەستی کار پێکدەهێنێت، کە ئەمانە زیاتر کەسانی شارەزا ودەست ڕەنگینن لە بواری گەشتوگوزاردا و زیاتر لە هۆتێلەکان و ڕێستۆرانتەکان و یانەکان کاردەکەن، ڕەگەزنامەی ئێرانیش (0.2%) کۆی دەستی کار پێکدەهێنن، هەرچی وڵاتانی دیکەشە ڕێژەی (0.9%) سەرجەمی دەستی کار لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان لە ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنن.

ئەوەی پەیوەندیدارە بە داهات و کرێی مانگانەی کرێکارانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان، بەگوێرەی جۆری کار و ئاستی بڕوانامە و کارامەیی و ئەزموون ئاستی داهاتیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە شێوەیەکی گشتی و بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە فۆرمی ڕاپرسی دا کۆکراوەتەوە داهاتی مانگانەی (81%)ی ئەوانەی کار دەکەن لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان لە نێوان (500 هەزار بۆ 1 ملیون) دیناری عێراقیدایە، (8%)ی لە نێوان (1 بۆ 2) ملیون دینار دایە، لە (7%)ی لە نێوان (250 بۆ 500 هەزار) دیناردایە، لە (4%) لە سەرووی (2) ملیون دینارەوەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی ئەوانەی داهاتی مانگانەیان لەسەرووی (2) ملیون دینارەوەیە کەمە و لە

خوارووی (4%)، ئەمەش ئەگەر بەراورد بکرێت بەناوچە گەشتیارییە جیهانیەکان ڕێژەیەکی کەمە، لە کاتێکدا زۆرترین ڕێژە لەوانە پێکهاتووە کە داهاتی مانگانەیان لە نیوان (500 هەزار بۆ 1 ملیون) دیناردایە کە دەگاتە (81%) سەرجەمی دەستی کار، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بەشێوەیەکی گشتی ئاستی داهاتی تاکەکەس لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە نزمە و ناگات بە ئاستی ولآتە پێشکەوتووە گەشتیارییەکانی جیهان، چونکە هەتاوەکو ئێستا داهاتی گەشتیاریی لەناوچەی توێژینەوە لە ئاست داهاتی گەشتیاریی شارە گەشتیارییەکانی جیهاندا نیە.

خشتەی (3_44)

ژمارە و ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی ڕەگەزنامەیان

| ڕەگەزنامەی دەستی کار | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|
| هاولآتی کوردی دانیشتووی شاری سلێمانی | 9200 | 52.3 |
| هاولآتی کوردی دانیشتووی شارەکانی دیکەی هەرێم | 3646 | 20.7 |
| هاولآتی ناوەڕاست و باشوری عێراق | 1850 | 10.5 |
| کوردی باکوور | 121 | 0.6 |
| کوردی ڕۆژئاوا | 351 | 1.9 |
| کوردی ڕۆژهەلآت | 120 | 0.6 |
| تورکی | 61 | 0.3 |
| ئێرانی | 52 | 0.2 |
| ولآتانی عەرەبی | 378 | 2.1 |
| ڕۆژهەلآتی ئاسیا | 1620 | 9.2 |
| ولآتانی دیکە | 165 | 0.9 |
| کۆی گشتی | 17564 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (3_26)

ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی ڕەگەزنامە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (3_44).

3. 2. 2. 6. ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و دانیشتوانی چالاک لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان:

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3_45) ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2020 بریتیە لە (911176) کەس، لەم ژمارەیە (592666) کەس بە هێزی کار ئەژمار دەکرێت، واتە لەتەمەنی نێوان (15 بۆ65) ساڵە کە بەتەمەنی کارکردن لەقەڵەم دەدرێت، ڕێژەی بێکاری لە نێوان ئەم توێژەدا لە (12%) تۆمارکراوە بۆهەمان ساڵ، ژمارەی دەستی کاری کەرتی گەشتیاریی (17564) کەسە ئەمەش دەکاتە (2%) کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، هەروەها ڕێژەی (3.5%) سەرجەمی دەستی کار پێکدەهێنێت، کە ئەمەش کەمترە لە پێوەری جیهانی دەستی کاری کەرتی گەشتیاریی بەراورد بە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان کەدەگاتە ڕێژەی (10%)، سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی پسپۆڕیی لە گەشتوگوزار ئەوا ژمارەیان دەگاتە (600) کەس ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (3%)، واتە لەهەر سەد کەس لەکەرتی گەشتیاریی کاردەکەن لەناوچەی توێژینەوە تەنها (3) کەس خاوەن بڕوانامە یان پسپۆڕیی تایبەتن بە گەشتوگوزار و بوارە پەیوەندیدارەکانی گەشتیاریی، لەو ژمارەیەش (24.5%) کە دەکاتە (147) کەس دەستی کاری پسپۆڕی گەشتیاری ناوخۆیی و (75.5%) کە دەکاتە (453) کەس دەستی کاری پسپۆڕیی گەشتیاریی دەرەکییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی نەدانی دامەزراوە زانستییە ناوخۆییەکان بە بەشە پسپۆڕییەکانی گەشتوگوزار لە زانکۆ و پەیمانگاکان، هەروەها گرنگی نەدانی دامەزراوە گەشتیارییەکان بە دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی پسپۆڕیی گەشتیاریی ناوخۆیی، هەر لەبەر ئەمەشە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لە دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان کار دەکەن، یان پسپۆڕیی گەشتیاریی نین، یان دەستی کاری دەرەوەی ناوچەی توێژینەوەن، دواجار ئەمەش لێکەوتەی نەرێنیی دەبێت لە سەر گەشەی کەرتی گەشتیاریی و ڕاکێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی (3_45)

دەستی کار بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و دانیشتوانی چالاک لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان لە ساڵی 2020

| – | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان | 911176 | – |
| ژمارەی دانیشتوان (هێزی کار) | 592666 | 65 |
| دەستی کار لە تەواوی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان | 521544 | 88 |
| دەستی کار لە کەرتی گەشتیاریی | 17564 | 3.5 |
| دەستی کاری کەرتی گەشتیاریی لە کۆی دانیشتوان | 17564 | 2 |
| دەستی کاری پسپۆڕی گەشتیاریی | 600 | 3 |
| دەستی کاری پسپۆڕی گەشتیاری ناوخۆیی | 147 | 24.5 |
| دەستی کاری پسپۆڕی گەشتیاری دەرەکی | 453 | 75.5 |

سەرچاوە: توێژەر بەپشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای خەمڵاندنی دانیشتوان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020.

2. فۆڕمی ڕاپرسی.

# دەرئەنجام

لە پاش نیشاندان و دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی گەشەی گەشتیاریی و شیکارکردنی ڕۆڵی لە بوژانەوەی ئابووریی شاری سلێمانی دا دەتوانین بگەینە کۆمەڵێ دەرئەنجام کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە دەکەین:

1. شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی و دەورەدانی بە زنجیرە چیاکان پێگەیەکی سروشتی ناوازە و دیمەنێکی جوانی بەخشیوە بە شارەکە، هەروەها ئەم پێگە سروشتیەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پلەکانی گەرما لەوەرزی گەشتیاریی مایس_ئەیلول، کە ناوچەکانی خوارووی عێراق پلەی گەرمی تێیدا بێزارکەرە بە گونجاوی بمێنێتەوە بە تایبەتی لە شەودا، ئەمەش یارمەتی چالاکی گەشتیاریی دەدات لە شارەکەدا.

2. هەڵکەوتەی جوگرافی شاری سلێمانی کە شوێنێکی ناوەندی هەیە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و پردی پەیوەندی بەستنەوەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراقە بە وڵاتی ئێران، ساڵانە دەیان هەزار گەشتیاری شارەکانی دیکە لەم شارەوە تێدەپەڕن بۆ وڵاتی ئێران بە پێچەوانەشەوە هەزاران گەشتیاری ئێرانی لە شاری سلێمانیەوە دەڕۆن بۆ ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق.

3. ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بە گوێرەی نوێترین ئاماری بەردەست بۆ ساڵی 2020 بریتییە لە (911176) کەس، وە ڕێژەی بێکاری بۆ هەمان ساڵ (12%) تۆمار کراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ گەشەی خێرای دانیشتوان، هەروەها قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا دەگەڕێتەوە.

4. بەگوێرەی پۆلێنی ئاووهەوایی تێرجنج و پراکتیزەکردنی لە ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت، کۆی ئەو مانگانەی بە تەواوەتی بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاون (3) مانگە، ئەوانیش مانگەکانی نیسان و مایس و تشرینی یەکەم، واتە دوو مانگی کۆتایی وەرزی بەهار و مانگێك لە ناوەڕاستی وەرزی پاییز، کۆی ئەو مانگانەی بەتەواوەتی بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە، دوو مانگی سەرەتای وەرزی زستانە ئەوانیش مانگەکانی کانونی یەکەم و کانونی دووەمە، هەر سێ مانگی شوبات و ئازار و تشرینی دووەم شەوی بۆ چالاکی گەشتیاریی گونجاو نیە، بەڵام ڕۆژی ئامازەکانی حەوانەوەی تێدایە، سەبارەت بە سێ مانگەکەی وەرزی هاوین واتە حوزەیران و تەموز و ئاب و مانگی سەرەتای پاییز واتە ئەیلول بە ڕۆژدا گونجاو نیە بۆ چالاکی گەشتیاریی بەڵام لە شەودا گونجاوە.

5. لە ساڵی 2003 بە دواوە بە هۆی ڕوخانی حکومەتی بەعس، باشبوونی ئاستی داهاتی تاکەکەس لە عێراق و کرانەوەی شاری سلێمانی بە ڕووی گەشتیاراندا بە بەردەوامی ژمارەی گەشتیار لەشاری سلێمانی و دەوروبەری زیادیکردووە، لە (77933) گەشتیارەوە گەشەی کردووە بۆ (1.140.760) گەشتیار لە ساڵی 2019.

6. ساڵی 2020 بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و ناوچەی توێژینەوە، ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، ژمارەی گەشتیار لەم ساڵەدا (886522) تۆمار کراوە، ئەمەش بابەتێکی سروشتیە چونکە لەسەر ئاستی جیهان ژمارەی گەشتیار دابەزیووە، کە بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی ژمارەی گەشتیار لەنێوان (850) ملیون بۆ (1,100) ملیار گەشتیار

کەمیکردووە کە دەکاتە نزیکەی (75%) سەرجەمی گەشتیاران، ئەمە لە کاتێکدا دابەزینی ڕێژەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە لە نێوان لە (20% بۆ 25%) تۆمار کراوە.

7. پرۆژەی گەشتیاریی شاری یاری چاڤی لاند وەك پرۆژەی خزمەتگوزاری گەشتیاریی، لەسەر ئاستی شاری سلێمانی توانیویەتی زۆرترین دەرفەتی کار دەستەبەر بکات بە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ (500) کەس، ئەمە لە کاتێکدا کەرتی خزمەتگوزاریی خواردن کە لە ڕیستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگەکان پێکدێن زۆرترین هەلی کاریان ڕەخساندووە بە (7390) کەس.

8. زۆرترین وەبەرهێنان لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە لە کەرتی مانەوەدا کراوە، بەتەنها هۆتێلی گەشتیاریی شاری جوان بڕی (400) ملیون دۆلاری تێدا خەرج کراوە، لە کاتێکدا دەرفەتی کاری تەنها بۆ (200) کەس ڕەخساندووە، بەڵام ڕۆڵی هەیە لە ڕاکێشان و مانەوەی گەشتیارانی بیانی لە ناوچەی توێژینەوە.

9. زۆرترین ژمارەی گەشتیار سەردانی شاری یاری چاڤی لاندی کردووە لە ساڵی کرانەوەی پرۆژەکەوە کە دەکاتە 2013 تا ساڵی 2020 بە تەنیا (2) ملیون گەشتیاری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە کە دەکاتە (33%)ی کۆی گەشتیاری هاتوو بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری لە ماوەی ساڵانی 2007 بۆ 2020.

10. بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی توێژینەوەکەمان تەنها لەساڵی (2019) کەساڵێکی تایبەت بوو بۆ هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری، و ژمارەیەکی زۆرتر تۆمارکراوە بەراورد بەساڵانی پێشووتر بە (1140760) گەشتیار، بڕی داهاتی گەشتیاریی نزیك بووەتەوە لە (228.152.000.000) دیناری عێراقی کە دەکاتە بڕی (152.101.333) ملیون دۆلاری ئەمریکی.

11. تەواوی بنەما سروشتی و مرۆیی و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە هاندەر و پاڵنەری سەرەکین بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی، ئەم بنەمایانەش بوونەتە فاکتەر و بزوێنەری جوڵە و چالاکی گەشتیاریی، وە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر گەشەی ئابووریی شاری سلێمانی، ئەم کاریگەریەش لەچەند ڕوویەکەوە پۆلێن دەکرێن، وەك ڕاکێشانی گەشتیاریی زیاتر، ڕەخساندنی دەرفەتی کاری زیاتر، خستنەگەڕی وەبەرهێنانی زیاتر لەکەرتی گەشتیاریدا و لە ئەنجامیشدا گەشەی ئابووریی زیاتری لێدەکەوێتەوە.

12. کەرتی خواردنگە و ڕێستۆرانت و چێشخانەکان بووژانەوەی گەورەیان بەخۆوە بینیوە بە هۆی هاتنی گەشتیاری ڕۆژانە و بەردەوام بۆ شاری سلێمانی، چونکە لە لایەك ژمارەیان بەڕێژەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و لە لایەکی دیکەشەوە ئەم کەرتە توانیوویەتی زۆرترین هەلی کار بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بڕەخسێنێت.

13. هەتاوەکو ئێستاش شاری سلێمانی نەیتوانیوە ببێتە ڕووگەی گەشتیارانی بیانی بە ڕێژەیەکی زۆر، هەرچەندە بەگوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی (12%)ی گەشتیارانی هاتوو بۆناوچەی توێژینەوە گەشتیارانی بیانین، بەڵام زیاتر گەشتیارانی وڵاتانی جیهانی سێیەم یان گەشتیاری ئەو وڵاتانەن کە لەسەر حیسابی وڵاتە دەوڵەمەند و پێشکەوتووەکان ئەژمار ناکرێن.

14. کەرتی گەشتیاریی توانیویەتی هەلی کار بۆ (17564) کەس لە ناوچەی توێژینەوە بڕەخسێنێت، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (3.5%) سەرجەمی بەشداری ئەم کەرتە لە ڕەخساندنی هەلی کاردا بەگوێرەی تەواوی کەرتە ئابوورییەکانی دیکە،

ئەمەش کەمترە لە ڕێژەی جیهانیی، چونکە لەسەر ئاستی جیهان کەرتی گەشتیاریی بەراورد بەکەرتە ئابوورییەکانی دیکە توانیویەتی هەلی کار بۆ (1) کەس لە (10) کەس برەخسێنێت، واتە بەڕێژەی (10%).

15. زۆرترین ڕێژەی گەشتیاری هاتوو بۆناوچەی توێژینەوە گەشتیارانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان بە هۆی دۆخی ناجێگیری ئەمنی و سیاسی و نەبوونی خزمەتگوزاریی پێشکەوتوو و جیاوازی گەشتیاریی و نەگونجاوی کەش و هەوا، هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و شاری سلێمانی هەڵدەبژێرن بۆ گەشتوگوزار، بەگوێرەی فۆرمی راپرسی (61%) سەرجەمی گەشتیاران پێکدەهێنن، دواتر گەشتیارانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی (27%) و گەشتیارانی بیانی بە ڕێژەی (12%).

16. گەشتیارانی پارێزگای بەغداد لە سەر ئاستی عێراق لە ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە ، هەرچی گەشتیارانی هەولێرە لەسەر ئاستی هەرێم پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، گەشتیارانی ئێرانیش لەسەر ئاستی گەشتیارانی بیانی پلەی یەکەمیان وەرگرتووە.

17. ڕێژەی دەستی کاری ناوخۆیی گەشتیاریی (52%) و ڕێژەی دەستی کاری گەشتیاریی دەرەکیش (48%)، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ کەرتی گەشتیاریی کە توانیویەتی ڕێژەی بێکاری کەم بکاتەوە لەناوچەی توێژینەوە.

18. بڕی وەبەرهێنان لە پرۆژەی گەشتیاریی لەماوەی ساڵانی 2007 بۆ 2020 سنوری یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی تێپەڕاندووە، هەرچەندە ئەم بڕە بەراورد بە شارە پێشکەوتووەکانی جیهان و ناوچەکە بڕێکی کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەبووە لەڕاکێشانی گەشتیاریی و دۆزینەوەی هەلی کار و گۆڕینی سیمای شاری سلێمانی و لەئەنجامیشدا گەشەی ئابووریی شارەکە.

19.لە ناوچەی توێژینەوە (12%) ئەوانەی بە هێزی کار ئەژمار دەکرێن و تەمەنیان لە نێوان (15 بۆ 65) ساڵدایە بێکارن.

20. ڕەگەزی نێر لە (60%)ی گەشتیاران پێکدەهێنێت، بەراورد بە ڕەگەزی مێ کە ڕێژەکەیان (40%)، ئەمەش لە رووی ئابوورییەوە لە قازانجی ناوچەی توێژینەوەیە، چونکە بە گوێرەی فۆرمی راپرسی ڕەگەزی نێر بەهۆی بوونی دەرفەتی زیاتر و باری دارایی سەربەخۆتر، ڕێژەی دووبارەکردنەوەی گەشتەکانی زیاترە، زیاتریش دەمێنێتەوە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، خەرجی گەشتیاریشی زیاترە.

21. زۆرترین ڕێژەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەی توێژینەوە گروپی تەمەنی (15_65) ساڵە، کە بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی (77%) گەشتیاران لەم گروپەن، ئەمەش ئەو توێژەیە کە بە هێزی کار و توێژی چالاکی ئابووریی دادەنرێن، لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆن، توانای جەستەیی و حەزو خولیای چالاکی گەشتیاریان هەیە.

22. ڕێژەی بەشداری سەڵت لەچالاکی گەشتیاری (58%) بەراورد بە ڕێژەی (42%) خێزاندار، ئەمەش لەزۆربەی ناوچە گەشتیارییەکانی جیهاندا هەستیپێدەکرێت، لەبەرئەوەی ئەم توێژە دەرفەت و کاتی زۆرتریان هەیە بۆ گەشتکردن و پابەندی خێزانیان نیە و لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر پابەندنین بە پاشەکەوت کردنی پارە، بۆیە بەشێکی ئەو داهاتەی بەدەستیدەهێنن لە گەشتکردن خەرجی دەکەن.

23. فەرمانبەری حکومی و ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کاردەکەن و  توێژی کاسب، یان ئەوانەی سەرقاڵی ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیانن (66%) کۆی گەشتیاران پێکدەهێنن، ئەمەش بەهۆی هەبوونی لایەنی دارایی سەربەخۆ کە پاڵنەرە بۆ ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاریی.

24. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس زۆرترین ڕێژەی گەشتیاریان پێکهێناوە، بە ڕێژەی (30%)، ئەمە لە کاتێکدا هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا (ماستەر، دکتۆرا) زۆرترین گلەیی و گازندەیان هەیە لە چەندێتی و چۆنێتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان.

25. زۆرینەی گەشتیارانی هاتوو بۆ شاری سلێمانی ئەوانەن، کە داهاتی مانگانەیان لە نێوان (500 هەزار بۆ 2 ملیون) دیناری عێراقیدایە، کە ڕێژەیان (51%)ی سەرجەمی گەشتیارانە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە زۆرینەی ئەوانەی شاری سلێمانیان هەڵبژاردووە وەکو ڕووگەی گەشتیاری لە توێژی مام ناوەندی کۆمەڵگان.

26. لە (78%)ی گەشتیاران لە یەك جار زیاتر سەردانیکردنی ناوچەی توێژینەوەیان دووبارە کردووەتەو، ئەمەش بە ئاماژەیەکی ئەرێنی و باش دادەنرێت بۆ گەشەی ئابووریی ناوچەکە.

27. زۆرینەی گەشتیاران، کە (70%)ی سەرجەمی گەشتیاران دەکات لە سێ ڕۆژ زیاتر لە ناوچەی توێژینەوە دەمێننەوە، ئەمەش بەمانای خەرجی گەشتیاریی زیاتر و هاتنە ناوەوەی سەرمایەی زیاتر دێت بۆ ناوچەکە.

28. هۆتێل و مۆتێلەکان پێکەوە توانیویانە (56%)ی گەشتیاران بۆلای خۆیان ڕابکێشن، لەناو ئەمەشدا هۆتێل و مۆتێلی سێ ئەستێرە و چوارە ئەستێرە زۆرترین داواکاریان لەسەربووە، ئەمە لەکاتێکدا زۆرترین بڕی خەرجی گەشتیاران لە کەرتی مانەوەدا بووە.

29. بڕی سەرمایەی وەبەرهێنان لە پرۆژەی گەشتیاریی لە ئاست بڕی سەرمایەی وەبەرهێنان لە کەرتە ئابوورییەکانی تر، وەك بازرگانی و نیشتەجێبوون نیە لە شارەکەدا.

# پێشنیار

**بۆ دامەزراوە حکومیەکانی پەیوەندیدار بە گەشتوگوزار:**

1. دارشتنی سیاسەت و یاسای گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، لە پێناو بوژانەوەی کەرتی گەشتیاریی لە ناوچەکەدا، ئەوەش بە دانانی یاسای نوێی وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریی.

2. دارشتنی سیاسەت و پلانی ستراتیجی دور مەودا و درێژخایەن لە لایەن حکومەتەوە، بۆ بە گەشتیاریی کردنی هەرێمی کوردستان، و هەوڵدان بۆ ناساندنی ناوچەکە وەکو ناوچەیەکی گەشتیاریی لە پێناو راکێشانی بە لێشاوی گەشتیاران لە تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی دەوروبەرەوە.

**بۆ حکومەتی خۆجێیی پارێزگای سلێمانی:**

1.گرنگیدان بە بوژانەوەی ژێرخانی ئابووریی شاری سلێمانی، وەك دروستکردنی رێگاوبانی تازە و بەکوالێتی باش و پێشکەوتوو لە پێناو ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی گەشتیاران.

2. دانانی میکانیزم و رێگایەکی گونجاو بۆ ئاسانکاری هاتنە ناوەوەی گەشتیاران لە خاڵەکانی پشکنین و دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ماوەی چاوەروانی گەشتیاران لەو شوێنانە، چونکە گەشتیاران کاتێکی زۆر لە چاوەروانی لەو شوێنانەدا بەسەردەبەن و دەبێتە هۆکاری بێزاربوون و ماندوبوونیان.

3. یەکخستن و رێکخستن و دیاریکردنی نرخی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و نرخی کەل و پەل و کالاْ، لە پێناو رێگری کردنی لە یاری کردن بەنرخ و ئیستیغلال کردنی گەشتیاران، بۆ ئەوەی گەشتیاران هەست بە دڵنیایی بکەن لە کاتی سەردانیکردنی شارەکەدا.

4. کردنەوەی بەردەوامی ڤیستیڤاڵ و پێشانگای نێودەوڵەتی گەورە و گرنگ، لە بواری ئابووریی و کلتوری و فەرهەنگی و هونەری و وەرزشی لە تەواوی وەرزەکانیساڵدا لە پێناو راکێشانی گەشتیاردا.

**بۆ سەرمایەداران و وەبەرهێنەران:**

1. خستنەگەری سەرمایە لەبواری وەبەرهێنانی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی وەك شاری یاری و هۆتێل و ریستۆرانتی ناوازە و دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاریی جیاواز و دەگمەن لە ناوچەکە، وەك هۆڵی خلیسکێنەی سەربەفر کە لە عێراقدا پرۆژەیەکی ناوازەیە و هاوشێوەی نیە و دەبێتە هۆی راکێشانی گەشتیاریی بۆ شاری سلێمانی.

**بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی:**

1. بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی گەشتیاریی لە پێناو گرنگی دان بە گەشتوگوزار و گەشتیار و هەستکردن بە گرنگی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و رۆشنبیری ئەم دیاردەیە.

2. نیشاندان و دەرخستنی وێنەیەکی جوان لەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانی لە هزری گەشتیاردا، ئەمەش بە هاوکاری کردن و یارمەتیدان و رێنمای کردنی گەشتیاران دەبێت.

3. رێزگرتن لە گەشتیار و پاراستنی تایبەتمەندییە کەسێتی و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانیان، پاراستنی بەهای باڵای مرۆڤایەتی و ئاینی و کوردەواری لە هەڵسوکەوت کردن و مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیاردا.

**بۆ گەشتیاران:**

1. پاراستنی ژینگەی شاری سلێمانی و پاراستنی پاکوخاوێنی، و بێزارنەکردنی هاولاّتیان بە ژاوەژاو و ڕێزگرتن لەداب و نەریتی دانیشتوانی شارەکە.

**بۆ خاوەن دامەزراوە گەشتیارییەکان:**

1. دانانی سیستمی بەڕێوەبردن و پێشوازی کردن لە گەشتیار بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ لە کەسانی کارامە و شارەزا و کەسانی خاوەن بڕوانامەی پسۆڕی گەشتوگوزار.

2. پاراستنی نرخ و یاری نەکردن بە نرخ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەکارنەهێنان (استغلال نەکردن)ی گەشتیار بۆ بەرژەوەندی کەسی.

3. سود وەرگرتن لە دەستی کاری ناوخۆیی و دامەزراندنیان لە دامەزراوە گەشتیارییەکاندا، بە تایبەتی سود وەرگرتن لە ئەزموونی دەستی کاری پسپۆڕی گەشتیاریی و ئەوانەی دەرچووی بەشەکانی گەشتوگوزارن لە زانکۆ و پەیمانگاکان.

**بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن:**

1.گرنگی دان بە ڕیکلامی گەشتیاریی و دەرخستنی وێنەیەکی جوانی شاری سلێمانی، دەرخستنی بنەما سروشتی و مرۆیی و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی بە زمانە جیاوازەکان.

2.بلاّوکردنەوەی ڕێبەری گەشتیاریی و نیشاندن و ناساندنی ناوچەگەشتیارییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری.

**بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی:**

1. گرنگی دان بە دانانی هێما و تابلۆی ڕێگەنیشاندان و دیاریکردنی ئاراستە و شوێنی ناوچە گەشتیاریی و شوێنە گرنگ و بەناوبانگە گەشتیارییەکان، بەمەبەستی کارئاسانیکردن بۆ گەشتیاران لە پێناو دۆزینەوەی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی و بەتایبەتی تر ناو شاری سلێمانی.

**بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی:**

1. گرنگی دان بەپاك وخاوێنی شوێنەگەشتیارییەکان، بە دانانی تیمی پاککەرەوەی تایبەت بۆیان بەمەبەستی ڕاگرتنی بەردەوامی پاك و خاوێنی.

2. گرنگیدان بەکردنەوەی پارك و باخچەی ناوازە و دڵگیر، کە پڕ بێت لە گوڵ و گوڵزار و درەختی ناوازە و جوان، باخچەی ئاژەلاّن، شاری یاری پێشکەوتوو و هەمەجۆر، شوێنی وەرزش و ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و شانۆ و هتد.. کە بتوانێت گەشتیار بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

**بۆ لایەنە ئەمنیەکان:**

1. چالاك کردنی هێزێکی ئەمنی (پۆلیسی پاراستنی گەشتیاران)، لە پێناو پاراستنی گەشتیاران لە دەستدرێژی و پاراستنی موڵك و ماڵیان لە حاڵەتی نەخوازراوی دزی و خەڵەتاندن و ڕفاندن و ئیستیغلال کردن، بۆ ئەوەی گەشتیاران هەست بە ئاسودەیی و دڵنیایی تەواو بکەن لە کاتی گەشتەکەیان بۆ شارەکە، و وێنەیەکی جوانی سەلامەتی شارەکە لە ناو گەشتیاراندا بلاّو ببێتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

**ئـ. کتێب:**

1. ئەمین، هاوڕێ یاسین محەمەد، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2014.

2. جەعفەر پوور، ئیبراهیم، ئاووهەوای گۆی زەوی، و.سعید خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، سلێمانی، 2011.

3. سەعید، کامەران تاهیر، قەزای کۆیە لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008.

4. شریف، ابراهیم ابراهیم ، جوگرافیای کەش، و.ئەحمەد عەلی ئەحمەد و خەلیل کەریم محەمەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، 2011.

5. فاید، یوسف عبدالمجید، جوگرافیای ئاووهەوا و ڕووەك، و.گۆران ئیمامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012.

6. غانم، علی أحمد، جوگرافیای ئاووهەوا، و.سعید بشیر مستەفا، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەژار موکریانی بۆ بلاّوکردنەوە، هەڵەبجەی شەهید، 2013.

7. غانم، علی أحمد، جوگرافیای ئاووهەوا، و.گۆران رشید ئیمامی، چاپی یەکەم، بلاّوکراوەی پرۆژەی تیشك، سلێمانی، 2009.

8. نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین، ئاووهەوای لۆکاڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2010.

9. نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین، جوگرافیای کەش و ئاووهەوا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، 2007.

**ب. تێزی دکتۆرا:**

1. أمین، هاوڕێ یاسین محمد، گۆڕانکاری ئاووهەوا و کاریگەری لەسەرژینگەی سلێمانی و دەوروبەری، لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی لەجوگرافیای ژینگە، تێزی دکتۆرا(بلاّونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2012.

2. احمد، شۆخان محمد، ئاووهەوا وپەیوەندی بەهەندێك لەنەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسەدان(پارێزگای سلێمانی وەك نمونە بۆلێکۆڵینەوە)، تێزی دکتۆرا(بلاّونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، سلێمانی، 2019.

3. حەمە، سروە جلال، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(1977 ـ 2012) لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای دانیشتوان، تێزی دکتۆرا(بلاّونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2019.

4. رشید، شیروان عومەر، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار، تێزی دکتۆرا(بلاّونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2011.

**پ. نامەی ماستەر:**

1. حسێن، بەختیار احمد، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2010.

2. حەمە، سروە جلال، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆدابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای شارباژێڕ(1957_2009)، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، سلێمانی، 2012.

3. رشید، شیراون عمر، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی، ، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2006.

4.صالح، چراخان نصرالدین، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2015.

5. فاتح، گەشاو فازیڵ، دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانیەکان لە شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی GIS، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی، 2021.

6. محمد، ئاوێستا خالد، پەیوەندی جیمۆرفۆلۆجیای شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبوونەوە، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، 2009.

7. محمد، محمد وتمان، بنەما جوگرافیەکانی پلان دانانی گەشتیاریی لە قەزای شارباژێڕ، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، 2015.

**پ. گۆڤار:**

1. حسێن، بهزاد حلمی، الموقع الجغرافي وعلاقتها بالجذب السیاحي، گۆڤاری توێژەر، ژمارەی تایبەت بەکۆنفرانسی جوگرافی، 2019.

**ت. بلاوکراوەی حکومی:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، مەزندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەبەکارهێنانی پرۆگرامی دیموگرافی(spectrum)، ساڵی 2020.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی ئاماری بازرگانی وگەشتوگوزار، داتای بلاونەکراوە، 2021.

3. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2021.

4. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، فەرمانگەی کەشناسی سلێمانی، داتای بلاونەکراوە، 2021.

5. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاریی هەرێمی کوردستان ساڵی(2007 بۆ 2019)، 2020.

6. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، داتای بلاونەکراوە، 2021.

7. حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2021.
8. حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2021.
9. حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی، هۆبەی چاودێری تەندروستی وسەلامەتی خۆراك، زانیاری بڵاونەکراوە، 2021.
10. حكومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی، هۆبەی ئامار، زانیاری بڵاونەکراوە، 2021.
11. حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، بەشی پلان وئامار، 2020.
12. ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، ئاماری بازرگانی، زانیاری بڵاونەکراوە، 2021.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان**

**ئـ. کتێب**

1. أحمد، رەنج حسين، الأنشطة الترويحية السياحية، الطبعة الأولى، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2017.
2. أبوعيانة، فتحى محمد، جغرافية السكان أسس و تطبيقات، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر، 1993.
3. أحمد، محمد عبدالفتاح و طه، طايع عبداللطيف، الجغرافية السياحية، المكتب الجامعي الحديث، الأسكندرية، 2008_2009.
4. الراوي، عادل سعيد و السامرائي، قصى عبدالمجيد ، المناخ التطبيقي، دارالحكمة للطباعة والنشر، بغداد، 1990.
5. الجبوري، سلام هاتف احمد، علم المناخ التطبيقي، الطبعة الأولى، بدون ذكر مطبعة أو مكان الطبع، 2014.
6. الغريري، عبدالعباس فضيخ و الخزرجى، عايشة بنت الشيخ محمد، الجغرافية السياحية لسلطنة عمان، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2004.
7. الطائي، حميد، أصول صناعة السياحة، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، 2001.
8. الطائي، حميد عبدالنبي، أصول صناعة السياحة، الطبعة الثانية، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2006.
9. السامرائي، مجيد ملوك، جغرافية السياحة الحديثة واقتصادياتها، الطبعة الثانية، بدون ذكر مطبعة ومكان الطبع، 2020.
10. الشبار، جهاد عيسى، اقتصاديات السياحة والفنادق(وتطبيقاتها في المملكة العربية السعودية)، دارجامعة الملك سعود للنشر، الرياض، المملكة العربية السعودية، 2014.
11. السيد، ريهام يسرى، أسس صناعة السياحة، الطبعة الأولى، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2020.
12. الحوري، مثنى طه والدباغ، اسماعيل محمد، اقتصاديات السفر والسياحة، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2000.
13. السيسي، ماهرعبدالخالق، مبادئ السياحة، الطبعة الأولى، مجموعة النيل العربية للنشر، القاهرة، مصر، 2001.

14. الدليمي، صبحي أحمد و مجول، صلاح عدنان، جغرافية السياحة، الطبعة الأولى، دارأمجدللنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2020.
15. الحسن، حسن، السياحة في لبنان ماضيا و حاضرا ومستقبلا، ط1، الداراللبنانية للنشر، بيروت، 1973.
16. بظاظو، أبراهيم خليل، الجغرافية السياحية تطبيقات على الوطن العربي، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2010.
17. بن غضبان، فؤاد، الجغرافية السياحية، الطبعة العربية، داراليازوري العلمية للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2014.
18. بن غضبان، فؤاد، السياحة البئيية المستدامة بين النظرية والتطبيق، الطبعة الأولى، دارصفاء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2015.
19. توفيق، ماهر عبدالعزيز، صناعة السياحة، دارالزهران للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2008.
20. حمدان، جمال، شخصية مصر دراسة في عبقرية المكان، الجزءالأول، مطبعة دارالهلال، بدون ذكر مكان و سنة الطبع.
21. حسنات، عبيدة عبدالسلام، اثرالتخطيط السياحي على التنمية السياحية من وجهة نظر مدراء مكاتب السياحية، الطبعة الأولى، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2017.
22. حسن، غادة صالح، اقتصاديات السياحة، الطبعة الأولى، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الأسكندرية، 2008.
23. زكى، محمدامين، تأريخ السليمانية، ت.الملا جميل الملا أحمد الروزبيانى، طبع شركة النشروالطباعة العراقية المحدودة، بغداد، 1951.
24. سعيد، ابراهيم احمد، أسس الجغرافية البشرية و الإقتصادية، مديرية الكتب و المطبوعات الجامعية، جامعة حلب، 1997.
25. سرحان، نائل موسى محمود، مبادئ ادارة الفنادق، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الاردن، 2018.
26. سرحان، نائل موسى محمود، مبادىء السياحة، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، 2011.
27. شمطو، سميرخليل، الادارة الفندقية بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، مركز كربلاء للدراسات والبحوث، بغداد، 2016.
28. شحادة، نعمان، المناخ العملي، مطبعة النور النموذجية، 1983.
29. شێخانى، رۆژگار حمدأمين، الابعاد الاجتماعية والاقتصادية للتنمية السياحية في اقليم كوردستان(دراسة تطبيقية في مدينة اربيل)، الطبعة الثانية، مطبعة الثقافة، اربيل، 2016.
